# شێکار


گۆڤارێکی وەرزیی هزرییە
پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەریدەکات
ساڵی شەشەم – ژمارە (٢٣)

خاوەنی ئیمتیاز
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان



سەرنووسەر
مەهاباد قەرەداغی
mahabad07@gmail.com
07504451932

دیزایینی بەرگ و ناوەوە
هێمن خدر
07504073710



پێگەی ئەلیکترۆنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
www.afrat.org

# پێرست


سەروتار........................................ سەرنووسەر.....................٥
دەوڵەتی عەلمانی.................................... حەمەسەعید حسن..............٩
ئەمریکاناسی....................................... کارۆخ خۆشناو.................٢٣
ئەمریکا و ئێران و داهاتووی عێراق.................... پەیرەو ئەنوەر.................. ٤٥
جینۆساید. ڕامان لە وێنانەکراو............... یایر ئاورۆن.................... و. مەهاباد قەرەداغی........... ٥٣
پەروەردە و داهێنان................................ د. فازڵ جاف.................. ٩٣
توانا فیکریەکان.. وابەستەی کلتور لە رۆژهەڵاتی ناوەراستی گۆی زەویدا....... هێرش شکاک..............١٠٣
ئەحلام مەنسور ژنە یاخیەکە لەسیستمی کۆمەڵایەتی.................. سمکۆ محەمەد..............١٢١
باباتاهیری یارسان.................................. فەهمی کاکەیی.................. ١٣١
بزاڤی شانۆ لە کەرکووکی حەفتاکاندا................... د. فازڵ جاف.................. ١٧١
ناوچەی گەرمیان و خانەقین لە هاوکێشە سەربازییەکانی.................. ئەحمەد باوەڕ.................. ١٩١
وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان.................... رەزا شوان.................. ٢٠٩
دیدارێک لەبارەی کاروانی مێژووی پەروەردە لە کەلار.................. سازدانی: سەباح عەلی جاف.. ٢١٩

سەرنووسەر

ژمارەی (٢٣)ی گۆڤاری شیکار، کە ژمارەی وەرزی هاوینی ساڵی ٢٠١٨ یە، دەخەینە بەر دەستی خوێنەرانی هێژای گۆڤارەکەمان. لەم ژمارەیەدا بیبلۆگرافیای شەش ساڵی گۆڤاری شیکاریش بڵاو دەکەینەوە، بۆ ئەوەی لە گەڕان بەدوای بابەت و نوسەرەکاندا، ئاسانکاری بۆ قوتابیانی خوێندنی باڵا دروست بکەین، چوون ئەوان سوودمەند و خوازیاری گۆڤارەکەن.

خۆشحاڵین سەرەڕای قەیرانی توندی ئابووری، بەسەر دۆخەدا زاڵ بووین و کارێکی وامان کرد گۆڤاری شیکار بەردەوام بێت. بەردەوامبوونی نووسەرانی گۆڤاری شیکار لە ناردنی باشترین بابەتەکانی خۆیان، سەرەڕای نەبوونی پاداشت بەهۆی قەیرانەوە، شایانی سوپاسکردن و ستایشە. زیاتر لە دە ژمارەیە بەهۆی قەیرانەوە وەک سەرنووسەر بە تەنیا هەموو کارەکانی گۆڤارەکە ڕادەپەڕێنم و نووسەرەکانیش بە بێ بەرامبەر تیا دەنووسن، پێم خۆش بوو لەم سەروتارەدا بۆ مێژوو ستایشی هەڵوێستیان بکەم. هەموو قەیرانێکیش کۆتاییەکی هەیە، پێدەچێ سەرەتای ئەو کۆتاییە دەرکەوتبێت و هیوادارین کۆتایی ئەو سەرەتایەش زوو بێت.

لەم ژمارەیەشدا هاوڕێیانی نووسەری ناودار و هێژا بەشدارن لەگەڵمان، کە هەندێکیان بەشداریکی کارای زۆربەی ژمارەکانی شیکارن. حەمەسەعید حەسەن باسێکی قووڵ و وردی دەربارەی دەوڵەتی عەلمانی هەیە، د. فازڵ جاف مێژووی شانۆی کەرکووکی ساڵانی حەفتاکانی نووسیووە، جگە لە بابەتێکی پەروەردەی پڕ بایەخ کە پەیوەندی نێوان پەروەردە و داهێنان شی دەکاتەوە. مامۆستا ئەحمەد باوەڕ ئەم جارەش بە بابەتێکی مێژوویی لەبارەی گەرمیانەوە بەشدارە، کاک ڕەزا شوان نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان باسی لە دیاردەی سەرنجڕاکێشی وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان، کردووە. بۆ دووەم جارە دوو نووسەری هێژا لە گۆڤاری شیکاردا بەشدارن بە بابەتی زۆر بەپێز، کاروخ خۆشناو بە باسی ئەمریکاناسی و پەیڕەو ئەنوەر بە باسی ئەمریکا

و ئێران و داهاتووی عێراق. هێرش شکاک لە زۆر ژمارەی تریشدا بەشدار بووە و ئەمجارەش سەبارەت بە کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بابەتێکی قووڵی نووسیووە. بۆ یەکەم جاریشە کاک فەهمی کاکەیی بەشدار دەبێت لە گۆڤارەکە و سەبارەت بە بابەتاهیری هەمەدانی لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کردووە. خۆشم وەک سەرنووسەر وێڕای ئامادەکردنی بیبلۆگرافیای شەش ساڵی گۆڤاری شیکار، لێکۆڵینەوەیەکی وەرگێردراو لە زمانی ئینگلیزییەوە سەبارەت بە جینۆساید و چۆنێتی لێکۆڵینەوە لە جینۆساید، پێشکەش بە خوێنەرانی هێژا دەکەم.

بەهیوای خوێندنەوەیەکی پڕ لە چێژی داهێنان بۆ هەموو خوێنەرە هێژاکانی گۆڤاری شیکار. بە نیازی دیدار لە ژمارەی داهاتوودا.



# دەوڵەتی عەلمانی

حەمەسەعید حەسەن

عەلمانیبوون سیستەمێکی سیاسییە، بە گژ دیندا ناچێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بە گوێرەی یاسا ئازادیی دینداری بە یەکسانی بۆ هەمووان، بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام دینن، دابین دەکات. دەوڵەتی دینی، نە دەخوازێت و نە دەتوانێت، ئازادی و یەکسانی دابین بکات، بەڵام دەوڵەتی عەلمانی لە هەمان دوورییەوە سەرنجی هەموو ئایینەکان دەدات و ڕێز لە هەموو ئایینێک دەگرێت، بەبێ ئەوەی هیچ کامیان وەک دینی دەوڵەت بناسێنێت. عەلمانیبوون دژی دین نییە، دژی بە سیاسیکردنی دینە، دژی سەپاندنی دینە و دژی بە دینیکردنی دەوڵەتە.

بۆچی ئیسلامی سیاسی، عەلمانیبوون وەک بێدینی لێک دەداتەوە؟ لەبەر ئەوە نییە کە عەلمانییەکان بێ دینن، لەبەر ئەوەیە عەلمانییەکان دژی بازرگانیکردنن بە ئایینەوە، دژی ئەوەن دین بۆ مەرامی سیاسی وەگەڕ بخرێت. ئەوە عەلمانییەکان نیین، دین دەشێوینن، ئەوە ئیسلامییەکانن بەراوەژوو سوود لە دین دەبینن و دینی خۆڕسکی خەڵک کە میانڕۆیە، بەرەو توندڕۆیی دەبەن. عەلمانیبوون بریتییە لەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری، لەبن هەژموونی کەنیسە دەربهێنرێت و بدرێتە دەست خەڵک. عەلمانیبوون بە مانای دونیایی، هاوزەمانی و حوکمی خەڵک دێت، ئاخر کەنیسە بە ناوی خوا و ئەو دونیاوە حوکمی دەکرد. دونیا وەک چۆن خاڵیی نییە لە دین، هەر وایش بریتی نییە لە دین، عەلمانیبوون هەقی ئەو دونیای نییە، یاسا بۆ ئەم دونیا دادەڕێژێت، بە ڕەچاوکردنی ڕێزگرتن لە ئایین و باوەڕە جیاوازەکان.

عەلمانیبوون و دیموکراتی دوو ڕووی هەمان دراون، بۆیە لە سیستەمی عەلمانیدا مافی هەموو هاووەڵاتییەک، بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام ئایینە، پارێزراوە. سیستەمێک مافی هاووەڵاتی تێدا پارێزراو بێت، ناچارە عەلمانی بێت، ئاخر ئەوە تەنیا عەلمانیبوونە، مافی یەکسان بۆ هەمووان فەراهەم دەکات. عەلمانیبوون نە لایەنگرتنی دینێکە، نە دژایەتیکردنی هیچ دینێک، بە هەمان چاو سەرنجی هەموو دینەکان دەدات. عەلمانیبوون

لە نێوان دینداری و لادینیدا، بێلایەنە، هاووەڵاتی لە دەوڵەتی عەلمانیدا، ئازادە لەوەی دیندارە، یان لادین. (فمن شاء فلیؤمن، ومن شاء فلیکفر. سوورەتی کەهف، ئایەتی ٢٩) دەستووری سیستەمی عەلمانی نە پشت بە دینێک دەبەستێت، نە دژی هیچ دینێک دەوەستێتەوە. خوێندن لە سیستەمی عەلمانیدا، بێلایەنانە و بە هەمان بایەخەوە ئایینەکان بەسەر دەکاتەوە.

ئەگەر عەلمانی بین، کەسێکی نێونەتەوەییمان لێ دەردەچێت، کەسێک دونیا بە وەڵاتی خۆی بزانێت، کەسێکی گەردوونی، کەسێک بەبێ گوێدانە پاشخانی دینی، ناسنامەی نەتەوەیی، یان ڕەنگی پێست، بە هەمان ڕێزەوە سەرنجی هەموو ئینسانێک بدات. لە سیستەمی عەلمانیدا، هەمووان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، ئاخر یاسا بۆ هاووەڵاتی دادەڕێژرێت، ئیدی ئەو هاووەڵاتییە، دیندار بێت، یان لادین، جوولەکە بێت، یان گاور، شیعە بێت، یان سوننە، نێر بێت، یان مێ.

سیستەمی عەلمانی نە فەزڵی دینێک دەدات بەسەر دینێکی دیکەدا، نە بە چاوی سووک سەرنجی شوێنکەوتووانی هیچ دینێک دەدات. لە ڕوانگەی عەلمانییەکانەوە دیندار و بێدین یەکسانن و وەک یەک هێژان، ئاخر ئایین مەسەلەیەکی تایبەتی و کەسەکییە، پێوەندیی بە ویژدانی تاکەکانەوە هەیە. لە سیستەمی عەلمانیدا، یەکسانی هەر لە بەردەم یاسادا ڕەچاو ناکرێت، بەڵکوو یەکسانی کولتوور و مۆراڵیشە. عەلمانییەکان دژی بەبەردبوونی باوەڕ و دژی توندڕۆیی ئایینی و دژی نایەکسانی و هەڵاوێردنن. لە هیچ ئایینێکدا ژن و پیاو یەکسان نین، سیستەمی عەلمانی ژنی لەو ستەمە ڕزگار کردووە. سیستەمی عەلمانی هەڕەشەیە بۆ سەر ئیسلامی سیاسی، کە دەقی پیرۆز لە پێناوی دەستکەوتی سیاسیدا وەگەڕ دەخات. عەلمانیبوون دژی ئیسلام نییە، دژی دەوڵەتی دینییە کە خەونی ئیسلامییەکانە. لە سایەی سیستەمی عەلمانیدا، ئیسلام ئازادە، بەڵام ئەوە ڕێگەپێدراو نییە، حیزبێک پرۆژەیەکی سیاسی، بە پشتبەستن بە شەریعەت بەڕێوە ببات.

کە لە ئەورووپا دین لە دەوڵەت جوێ کرایەوە، کەنیسەیەک دانەخرا، ئیدی ڤیکتۆر هۆگۆ (١٨٠٢- ١٨٨٥) گوتەنی: (دین لە ماڵی خۆی و دەوڵەت لە ماڵی خۆی،) ڕەچاو کرا. لە سایەی دەوڵەتی عەلمانیدا، هاووەڵاتییان وەک ماف و ئەرک یەکسانن، ئایین

مەسەلەیەکی کەسەکییە، یاسا دەیپارێزێت، کەسیش مافی ئەوەی نییە دینی خۆی لە ڕێی ترساندن و کافراندن و هەڕەشەی کوشتنەوە، بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت. عەلمانیبوون دونیاییەکی بەرینە جێی هەمووانی تێدا دەبێتەوە و شکۆی هەمووانی تێدا پارێزراوە.

دەوڵەت دوو جۆر نییە، دەوڵەتی باوەڕدار و دەوڵەتی بێباوەڕ، ئەوە هاووەڵاتییانن هەیانە باوەڕدارە و هەیانە باوەڕی بە هیچ دینێک نییە. دەوڵەت مافی ئەوەی نییە لەبارەی باوەڕەوە لێپرسینەوە لە هاووەڵاتییان بکات، ئەوە ئیشی ئاسمانە. حیزبی ئیسلامی هەوڵی بۆ ئەوەیە، حوکمەکانی شەریعەت جێبەجێ بکات، بەڵام چونکە هەر یەکێک لەو حوکمانە چەندان لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بۆیە چۆنییەتی جێبەجێکردنی شەریعەت، ڕەچاوکردنی یەکێکە لەو لێکدانەوانە، کە هیچ مەرج نییە دروست بێت، ئاخر هەر لێکدانەوەیەک بۆچوونی کەسێکە، کە دەشێت بکەوێتە هەڵەوە، چونکە کەس لە هەڵە بەدوور نییە. کەس مافی ئەوەی نییە، بە پشتبەستن بە حوکمەکانی ئیسلام فەرمانڕەوایی بکات، ئاخر تەنیا پەیامهێن (کە نێردراوی ئاسمان بوو،) ئەو مافەی هەبوو. ناکرێت گوتاری سیاسی، پشتی بە پەیامی پیرۆز قایم بێت، چونکە دەسەڵات پێویستە نوێنەری هەڵبژێردراوی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بێت، نەک خۆی بە نوێنەری خوا بزانێت.

عەلمانیبوون ئەوە نییە بێیت وەک ئەتاتورک (١٨٨١ - ١٩٣٨) حەرفی (عەرەبی) بگۆڕیت بە لاتینی، ئەوە نییە کوفر بکەیت، یان هەر لەبەر ئەوەی چەپ، یان مۆدێرنیت، ئیدی خۆت بە عەلمانی بزانیت. ئەوەیش پارادۆکسە، دەستوور بە (ئیسلام دینی فەرمیی دەوڵەتە) دەست پێ بکات و زۆرینەی بەندەکانی کۆپیی دەستووری فەرەنسایی بن. ئیسلام دینە، دەوڵەت نییە، ئیسلام پەیامێکی ڕووحییە، نەک سیاسی.

ئیسلامییەکان سوننە بن یان شیعە، هەوڵیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی دینییە و ناکۆکییەکانیان لەسەر دەسەڵاتە، نە زادەی لێکدانەوەی جیاوازە بۆ دەق، نە پێوەندیی بە شێوازی فەرمانڕەواییەوە هەیە. دەوڵەتی دینی لەبەر ڕۆشنایی شەریعەتدا دەستوور دەنووسێتەوە، دەستوورێک دژی تاک و ئازادییە کەسەکییەکانە و هیچ لەگەڵ هاووەڵاتیبوون و مافەکانی مرۆڤدا کۆی ناکاتەوە، بە پێچەوانەی دەوڵەتی عەلمانییەوە کە بە یاسا هەم ماف و ئازادییەکانی تاک دیاری دەکرێن و هەم ئەرکەکانیشی. لە

دەوڵەتی دینیدا، نە باسێک لە تاک هەیە، نە لە ئازادییەکانی، ئاخر تاک تێیدا لە بازنەی شەریعەتدا زیندانی دەکرێت. لە دەوڵەتی دینیدا ئازادیی تەفکیر نییە، ئازادیی تەکفیر هەیە، هەر تاکێک سنووری فیکری فەرمیی بەزاند، وەک کافر سەرنج دەدرێت.

لای شیعە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی وەها لە نێوان دین و دەوڵەتدا هەیە، کە لە هیچ سیستەمێکی تیۆکراتی دیکەدا نییە، ئاخر شیعە هەر بەوە قایل نەبووە، دین و دەوڵەت پێکەوە گرێ بدات، بەڵکوو دەوڵەتی کردووە بە یەکێک لە پایەکانی دین. ڕێبەری دەوڵەت لای شیعە، ئیمامێکە قەت ناکەوێتە هەڵەوە، هەموو دەسەڵاتێکی هەیە و ڕاستەوخۆ بە ناوی خواوە دەپەیڤێت. مەترسیی گەورەی دەوڵەتی دینی لەوەدایە، لێکدانەوەی تێکستی پیرۆزیشی قۆرخ کردووە کە بەو هۆیەوە سواری سەری ئازادی بووە. جان جاک ڕۆسۆ (١٧١٢- ١٧٧٨) گوتوویەتی: (کەنیسە ستەمکارترین شێوازی حوکمی پێشکەشی دونیا کرد.)

لە دەوڵەتی دینیدا لێ ناگەڕێن تاک بیر بکاتەوە، ئاخر دەوڵەت لەبری تاک بیر دەکاتەوە، تاک نە شکۆی پارێزراوە، نە هیچ مافێکی دابین کراوە و نە هیچ ئازادییەکی هەیە، ئاخر دەوڵەتی دینی هێشتا ملکەچی ڕێساکانی سەردەمی کۆیلایەتییە. دەوڵەتی دینی، بە پشتبەستن بە شەریعەت، ژنانی ئێزدی بە دیل دەگرێت و وەک کۆیلەی سێکسی مامەڵەیان پێوە دەکات. لە دەوڵەتی دیندا وێڕای دووانەی کۆیلە و ئازاد، کار بە دووانەی نێر و مێ، موسوڵمان و ناموسوڵمانیش دەکرێت، نێر باڵاترە لە مێ و موسوڵمان هێژاترە لە ناموسوڵمان.

لە دەوڵەتی عەلمانیدا، هاووەڵاتیبوون دەکەوێتە سەنتەرەوە، هاووەڵاتییان ماف و ئازادییان هەیە و لەبەردەم یاسادا یەکسانن، بەڵام لە دەوڵەتی دینیدا، هاووەڵاتی بوونی نییە، ڕەعیەت هەیە، کۆمەڵ لە دوو کاتەگۆری پێک دێت، عەوام و خەواس، خەواس بە ناوی ئاسمانەوە حوکمی عەوام دەکات، ئاخر پاشا، خەلیفە، سوڵتان یان میر، خۆیان بە سێبەری خوا دەزانن لەسەر زەوی و دژایەتیکردنیان کوفرە و دەکەوێتە خانەی دژایەتیکردنی خواوە.

عەلمانیبوون سیستەمێکی جێگیر و نەگۆڕ نییە، خۆی لەگەڵ هەموو هەلومەرجێکدا دەگونجێنێت، بزاڤێکی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ واقیع و کاروباری دونیا خەریکە، هەقی بەسەر غەیب و لایەنە ڕووحییەکانەوە نییە. عەلمانیبوون کە دەسەڵات لە دین و پاشا لە پەرستگە، جیا دەکاتەوە، بەوە شکۆی زەوتکراو بۆ تاک دەگەڕێنێتەوە. سپینۆزا (١٦٣٢ – ١٦٧٧) گوتوویەتی: (دەوڵەت بەردەوام لە گۆڕاندایە و پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە، بە پێچەوانەی شەریعەتەوە کە ملکەچی یاسای گۆڕان نییە، بۆیە پێویستە دەستوور بە کۆمەکی یاساکانی دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی بنووسرێتەوە، نەک لەبەر تیشکی شەریعەتدا.)

سێیەمین سەرۆکی ئەمریکا، تۆماس جیفەرسۆن (١٧٤٣ – ١٨٢٨) دەڵێت: (زۆرەملێ لە ئاییندا ستەمکارییە، پێویستە ئازادیی ویژدان و بیروباوەڕ بۆ خەڵک دابین بکەین.) عەلمانیبوون ئەوەیە، دەوڵەت ناسنامەیەکی دینی نابێت و هیچ مەرج نییە جومگە گرنگەکانی دەسەڵات، بە دەست ئەوانەوە بن کە سەر بە دینی زۆرینەن. عەلمانیبوون نە ئایدۆلۆجیاییە، نە باوەڕ، شێوازی فەرمانڕەواییە، شێوازێک کە دین ناکاتە سەرچاوەی دارشتنی یاسا و دەستوور. عەلمانیبوون دژی دین نییە، ئێستایش لە فەرەنسا، زۆر لە پشووەکان بۆنەی دینین و هێشتا خوێندن لە قوتابخانەی دینیدا، بە پارەی باجدەر بەڕێوە دەچێت.

دەوڵەتی عەلمانی دژی تیۆکراتییە کە دەسەڵات تێیدا لەبن هەژموونی توێژێک لە پیاوانی ئاییندایە، پیاوانێک کە فەرمانڕەوایی بە مافێکی خودایی خۆیان دەزانن و بە پاساوی داکۆکیکردن لە ویستی خوا، ویستی خۆیان بەسەر هەموو جومگەیەکی دەوڵەتدا دەسەپێنن و لێ ناگەڕێن یاساگەلێکی گونجاو لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا دابڕێژرێن. عەلمانیبوون ئەوەیە، دین مافی ئەوەی نییە، دەست وەربداتە ژیانی تایبەتی هاووڵاتییانەوە و ئازادییەکانی تاک بەرتەسک بکاتەوە. سیستەمی عەلمانی وەک چۆن دین لە دەوڵەت جیا دەکاتەوە، ڕێ بە فیکری چەقبەستوویش نادات، درزە بکاتە نێو دەوڵەتەوە. سیستەمی عەلمانی پشت بە ئەزموونی دەوڵەمەندی گەلان و بە زانست دەبەستێت، نەک بە نەریت و بە غەیب.

هەر ئەم یان ئەو کاهین خەو بە خواوە نابینن، (جۆرج بوش)یش کە پەلاماری عێراقی دا، گوتی: خوام لە خەونمدا دیتوە و داوای لێ کردووم، هێرش بکەمە سەر عێراق. بۆچی میری حیزبی ئیسلامی و سەرۆک هاوخەونن؟ چونکە دەسەڵاتی دینی و بەرژەوەندی، یەک گیانن لە دوو جەستەدا. ئەنارشیستە دێرینەکان: پروودۆن (١٨٠٩- ١٨٦٥) و باکونین (١٨١٤- ١٨٧٦) دەیانگوت: (دەوڵەت و دین و موڵکی تایبەتی، ستەم بەرهەم دەهێنن، تا خۆمان لەبن هەژموونی ئەو سێکۆچکەیە قوتار نەکەین، نە دیموکراتی سەروەر دەبێت، نە دادپەروەری.) سیکولاریزم ئایین نییە، تا ئایینێکی دیکە ڕەت بکاتەوە، یان بکەوێتە شەڕەوە لەگەڵیدا، سیکولاریزم دژی بە سیاسیکردنی دینە کە لە باشترین دۆخیدا ئیخوان بەرهەم دەهێنێت، ئیخوانێک کە دایکی شەرعیی هەموو بزووتنەوە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانە.

*

درێوترین تیرۆر و تاوان و جینۆساید بە ناوی دینەوە کراون، بە ناوی دینەوە مۆزە و شوێنەوار و کەلەپووری مرۆڤایەتی تێک دراون. تا دین لە سیاسەت جوێ نەکرێتەوە، تاوانی گەورە هەر درێژەی دەبێت، ئاخر دین و سیاسەت پێکەوە، قاعیدە و تالیبان و داعش بەرهەم دەهێنن. سیکولاریزم کرۆکێکی ئینساندۆستانەی هەیە، ئیشی ئەوە نییە، دین بسڕێتەوە، ئاخر بەگژدا چوونەوەی دین، لەگەڵ دیموکراتیدا نایەتەوە. سیکولاریزم کولتوورێکی گەردوونییە، ئینسانێک بەرهەم دەهێنێت، ڕێز لە بەهاکانی ئەوی دی و لە جیاوازییەکان بگرێت. دین یەکێکە لە پێکهاتە ڕووحی و دەروونییەکانی تاک، سیکولاریزم خوێندنەوەی تایبەتی بۆی هەیە، بەڵام نیازی ئەوەی نییە ڕیشەکێشی بکات.

عەلمانیبوونی و ئیلحاد شتێک نیین، دوو شتی تەواو جیاوازن، لە سایەی سیستەمی عەلمانیدا، ئازادین دەچین بۆ پەرستگە یان نا. لە فەرەنسادا کە دەوڵەتێکی عەلمانییە، لە ٢٠٠٨دا ٢٢٦٠ مزگەوت هەبووە. جیاوازیی سەرەکیی نێوان دەوڵەتی دینی و عەلمانی ئەوەیە، یەکەمیان تەنیا ڕێز لە دینی زاڵ دەگرێت و دینەکانی دیکە سەرکوت دەکات، بەڵام لە دووەمیاندا هەموو دینەکان هەمان ڕێز و بایەخیان هەیە. دەوڵەتی عەلمانی، دەوڵەتێکی ئیلحادی نییە، ئاخر لە دەوڵەتی ئیلحادیدا هەموو دینێک قەدەغەیە، بەڵام لە دەوڵەتی عەلمانیدا هەموو دینێک ئازادە. لە دەوڵەتی عەلمانیدا، هاووڵاتی بە چاوپۆشین لەوەی سەر بەکام ئایین، یان ئایینزایە، هەمان ڕێز و هەمان مافی هەیە. لای

عەلمانییەکان، ئیسلام کێشە نییە، حیزبی ئیسلامی کێشەیە، ئیسلام کە وەک بەشێک لە کولتووری لێ هاتووە، سەرچاوەی تیرۆر نییە، ئەوە حیزبی توندڕۆی ئیسلامییە کە سەرچاوەی تیرۆرە. ئەوە ڕەچاوکردنی سیاسەتی کافراندنی ئەوانی دیکەیە، ئەم یان ئەو دین وەک سەرچاوەی تیرۆر پیشان دەدات، نەک عەلمانییەکان. لە ئەورووپا لەمێژە شەڕی نێوان ڕۆشنگەران و تاریکبیران، لە قازانجی بەرەی یەکەم کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام لە گەلێک وەڵاتی دونیای ئیسلامدا، هێشتا دین لەژێر چەپۆکی حیزبی ئیسلامیدایە.

عەلمانیبوون ئەوەیە، وەک چۆن پێڕەوی هەر دینێک بکەیت، ئازاد و ڕێزلێگیراویت، هەر وایش ئازاد و ڕێزلێگیراویت، ئەگەر پێڕەوی هیچ دینێکیش نەکەیت. کانت (١٧٢٤- ١٨٠٤) گوتوویەتی: (دینێک جاڕی شەڕ لەگەڵ عەقڵدا بدات، بە تێپەڕینی کات، ناتوانێت خۆی لە بەردەم عەقڵدا ڕابگرێت.) ئیسلامییەکان چونکە وەک دوژمنی عەقڵ خۆیان بە دونیا ناساندووە، لەسەر ئاستی ئەورووپا و ئەمریکا، دوژمنێکی زۆریان بۆ موسوڵمانان پەیدا کردووە و مەترسیی ئەوە لە ئارادایە، لە ڕوانگەی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکەوە، موسوڵمانبوون وەک تۆمەتی لێ بێت. ئەوە ئەرکی ڕۆشنفیکرانە، لێ نەگەڕێن (عەق) یدە بەسەر (عەق)ڵدا زاڵ ببێت. بۆچی ئیبن ڕوشدیان (١١٢٦- ١١٩٨) کافراند و کتێبخانەکەیان سووتاند؟ چونکە دەیویست بۆ لێکدانەوەی دەق، عەقڵ بەگەڕ بخەین، نەک پشت بە نەقڵ ببەستین و شتی کۆن کاوێژ بکەینەوە.

جۆن لۆک (١٦٣٢- ١٧٠٤) دەیگوت: (دین بۆ ئەوە دانەهاتووە، سرووتەکانی جێبەجێ بکەین، یان بە هۆیەوە دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرین، یان بە ناوییەوە هانا بۆ ستەم ببەین، بۆ ئەوە داهاتووە، ژیانی ئینسان ڕێک بخات و جوانتری بکات.) دین مافی ئەوەی نییە بەسەر عەقڵ و ویژدانمانەوە چاودێر بێت و مافە سەرەتاییەکانمان لێ زەوت بکات. عەلمانیبوون بەها بۆ ئینسان دەگەڕێنێتەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، ئەوە ئینسان خۆیەتی، خۆی ڕزگار دەکات، نەک ئەم یان ئەو ئایین. ڤۆلتێر (١٦٩٤- ١٧٧٨) دەڵێت: (چونکە دەمارگیری زادەی هەمەجیبوونە، بۆیە کەس مافی ئەوەی نییە دەمارگیر بێت. پڵنگی برسی بۆیە نێچیرەکەی لەتوپەت دەکات بۆ ئەوەی بیخوات، بەڵام ئینسانی دەمارگیر، بە حوکمی ئەم یان ئەو دەق، نەیارەکەی سەردەبڕێت!)

هەیە هیچ شک نابات پێشکەشی مرۆڤایەتیی بکات، غەیری هەندێک دەقی دینی، کە ئینسان بۆ کوشتوبڕ و خوێنڕشتن هان دەدەن. (ئەگەر نەهاتە سەر دینی تۆ، یان سەرانەی نەدا، بیکوژە!) بۆچی ئەو بێتە سەر دینی من؟ بۆچی سەرانەی لێ بسەنم؟ بۆچی بیکوژم؟ ئەوە چۆن یاسایەکە، ئەو مافانە بە من ڕەوا دەبینێت؟ بۆ ئەوەی سنوور بۆ کوشتوبڕ دابنرێت، بۆ ئەوەی بەر بە لافاوی خوێن بگیرێت، بۆ ئەوەی ڕێزگرتن لە جیاوازی، جێی دەمارگیری بگرێتەوە، سیکورلاریزم سەری هەڵدا، کە نەک هەر دژایەتیکردنی ئایین نییە، بەڵکوو لە بەهایەکی دینییەوە کە (لێبوردەیی)یە، دەستی پێ کرد.

بەڵام لێبوردەیی چارەسەر نییە، عەقڵ چارەسەرە، عەقڵ هێژاترە لە دەق، ئاخر ئەوە عەقڵە ئینسان لە زیندانی لاهووت ئازاد دەکات. ئینسان ئەگەر ئازاد نەبێت، ئینسانبوونی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە ئامانج، ئینسانی ئازادە. هەموو شتێک پێویستە لە خزمەتی ئینساندا بێت و هیچ شتێک لەسەروو ئینسانەوە نەبێت، ئاخر ئینسان تا ئازاد و ڕێزلێگیراو نەبێت، لە دەست دەمارگیری و وەهم ڕزگاری نابێت. ئەگەر ئەوانەی بازرگانی بە دینەوە دەکەن، لێ بگەڕێن، بێباوەڕ و باوەڕدار، دەتوانن بە ئاشتەوایی پێکەوە بژین.

لە زووەوە گوتراوە: دین هی خوایە، بەڵام وەتەن هی هەمووانە. مەبەست ئەوەیە، ئایین شتێکە تایبەت بەم یان بەو تاک، شتێکە لە نێوان تاک و خوادا، بەڵام سیاسەت گشتییە، تایبەت نییە بەم یان بەو هاووەڵاتی. لە دەوڵەتی تیۆکراتیدا، سەرۆک هەر فەرماندەی سیاسی نییە، باوکی ڕووحیشە، ئەمەیش بە قەدیسکردنی سیاسەتمەدارە. کە (مەسیح) یش گوتوویەتی: بەشی قەیسەر بۆ قەیسەر و بەشی خوایش بۆ خوا، هاوزەمان بەگژ دەمارگیریدا چووەتەوە و تەکەزی لەسەر ئەوەیش کردووە کە قەیسەر نوێنەری خوا نییە لەسەر زەوی.

کە موحەممەد عەبدە (١٨٤٩ - ١٩٠٥) گوتی: با خەلیفە فەرمانڕەوایەکی مەدەنی بێت، لەوە بە دواوە لە میسر، لەبری دەوڵەتی دینی، دەوڵەتی مەدەنی، بوو بە یەکێک لە خواستەکانی میللەت. ساتیع ئەلحوسرەی (١٨٧٩ - ١٩٦٩) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی عورووبە، دەڵێت: (تەنیا خەڵکی نیمچە دوورگەی عەرەب، سەر بە عورووبە نیین، هەر کەسێک لە وەڵاتێکی عەرەبیدا بژی، سەر بە عورووبەیە. هەر کەسێک

بە عەرەبی بپەیڤێت، بە چاوپۆشین لەوەی موسوڵمانە یان نا، سەر بە عورووبەیە.) چونکە دامەزراندنی سیستەمی عەلمانی، لە سەربەخۆیی دوورەدەستترە، بۆیە بۆ کورد و تورکمان و کریستیان، وا باشترە چی زووترە خۆیان لەبن هەژموونی دەوڵەتی عەرەب ڕزگار بکەن. کوردستان تا لەبن هەژموونی عێراقدا بێت، کە دەوڵەتێکی تیۆکراتی شیعە مەزهەبە، نابێتە خاوەنی سیستەمێکی عەلمانی.

لە ئەورووپا لە سەدەی هەژدەیەم بەدواوە، شێوازێکی نوێی فەرمانڕەوایی هاتە ئاراوە، شێوازێکی نادینی، کە نوێنەرایەتیی خوای نەدەکرد و فەرمانڕەوا خۆی بە سێبەری خوا نەدەزانی، سیستەمی عەلمانی بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. نە عەلمانی، مولحیدە و نە عەلمانیبوون، ئیلحاد، لە سەرهەڵدانییەوە تا هەنووکە، سیکولاریزم دژی دین نەبووە و ئازادیی بیر و باوەڕی بۆ هەموو هاووەڵاتییان بە یەکسانی دابین کردووە. لە سایەی سیکولاریزمدا، نە دین دەست وەردەداتە سیاسەت، نە سیاسەت سواری سەری دین دەبێت. گەوهەری سیکولاریزم ئەوەیە کە جیاوازی لە نێوان فەزای گشتی و فەزای تایبەتیدا دەکات، هەر ئەمەیشە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت. دەوڵەتی عەلمانی ڕەنگدانەوەی خواستی ئازادی خەڵکە، بە تۆپزی بەسەریاندا نەسپێندراوە. فەزای گشتی، گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە کە هاووەڵاتییانی خۆویستانە پێکەوە گرێ داوە. فەزای تایبەتی، ژیانی ڕووحی تاکەکانە کە دەسەڵات مافی ئەوەی نییە، دەستی تێ وەربدات. ئەوە ئەتککردنی فەزای تایبەتییە کە واعیزێک جۆری خۆراک و پۆشاک، بۆ هاووەڵاتییان دیاری بکات، یان لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل بۆ ژن بە تابوو لە قەڵەم دەدات.

سەپاندنی دەسەڵات بە ناوی دین و دابونەریتەوە و بە میراتی مانەوەی دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ، مۆدێلی حوکمی سەدەکانی ناوەڕاست بوون، لە سایەی سیستەمی عەلمانیدا، ئەوە هاووەڵاتییانن متمانە بە دەسەڵات دەبەخشن، یان لێی وەردەگرنەوە. ئەوە نسکۆی سیستەمی عەلمانییە، ئەگەر دەسەڵات شەرعیبوونی خۆی لە کوودەتا یان شۆڕشەوە وەرگرتبێت، یان بەهۆی جاڕدانی باری نائاساییەوە، درێژە بە حوکم بدات. لە دەوڵەتی عەلمانیدا دەستاودەستکردنی دەسەڵات، ئاشتییانە ڕوو دەدات، ئینسان سەرکوت ناکرێت و زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە لە ئارادا نییە. سپینۆزا (١٦٣٢- ١٦٧٧) گوتوویەتی: (مەبەست لە ڕۆنانی دەوڵەت، بە کۆیلەکردن و ئامێراندنی هاووەڵاتییان نییە، بەڵکوو ئازادکردنی وزە شاراوەکانیانە و هاندانیانە بۆ ئەوەی بە ئازادی بیروڕای

خۆیان دەرببڕن.) مەترسیی گەورەی دەوڵەتی ستەمکار، کوشتنی تاکی ناڕازی نییە، بەڵکوو بە مێگەلکردن و مل پێ کەچکردنی خەڵکە. لە دەوڵەتی عەلمانیدا عەقڵێکی ڕەخنەگرانە سەروەرە کە بەردەوام کۆمەڵ بەرەو پێشەوە دەبات.

دەمارگیریی دینی کە دوژمنە سەرسەختەکەی سیکولاریزمە، ئیش لەسەر شێواندنی ویژدان و دەروون دەکات. هەر دەوڵەتێک دین بکات بە ئایدۆلۆجیا و شەرعیبوونی خۆی لە دینەوە وەربگرێت، خۆی بە پیرۆز و نەیارانی بە دژەدین لە قەڵەم دەدات. دەوڵەتی وا فەزای گشتی بە دینی دەکات، ئیدی هەر لە حیزب و سەندیکاوە، تا زانکۆ و شانۆ. دەوڵەتی عەلمانی بە کۆمەکی کاوێژکردنەوەی کەلەپوور و وەڵامە دێرینەکان دانامەزرێت، لەڕێی ورووژاندنی پرسیاری نوێ و داهێنانەوە دێتە ئاراوە. سیکولاریزم، مامەڵەکردنێکی واقعییە لەگەڵ ئینسان و کاروبارە دونیاییەکاندا، مامەڵەکردنێکی بەدەر لە هەژموونی دین، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، دینداری دەمارگیر، بڕوای بەوە نییە، شتێک هەبێت نەکەوێتە ژێر چەتری لێکدانەوەی خۆیەوە بۆ دین.

کە وەڵاتێکی وەک یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، ئازادیی لەبەردەم ئەم یان ئەو دیندا بەرتەسک دەکردەوە، لە عەلمانیبوونییەوە نەبوو، لە سۆنگەی ئەوەوەبوو، ئەوسا لەوێ یەک گوتار زاڵبوو، یەک کولتوور سەروەربوو، پەرستنی یەک کەسیش باوبوو. جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، بەردی بناغەی دامەزراندنی سیستەمی عەلمانییە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی وەڵاتانەوە. لە سایەی سیستەمی عەلمانیدا ڕێز لە هەموو دینێک دەگیرێت و کەس ناچار ناکرێت بچێتە سەر دینێکی دیکە، بەڵام دەوڵەتی دینی، ئەو شێوازی ژیانە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت کە بانگاشەی بۆ دەکات و ڕێ لە هەموو دەنگێکی جیاواز دەگرێت، تەنانەت ئەگەر دەنگێکی ڕیفۆرمخوازی سەر بە دینی فەرمییش بێت. عەلمانیبوون جاڕدانی جەنگ نییە لە دژی دین، قەبووڵکردنی ئەوی دیکەیە، سەر بە هەر ئایین و کولتوورێک بێت. عەلمانیبوون دیالۆگێکی هەمە لایەنەیە، لە گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە، بە مەبەستی شکاندنی ئەو تابووانەی جەهل بەرهەمی هێناون و عەقڵی خەڵکانێکی زۆریان سڕ کردووە.

دەقی پیرۆز سیستەمێکی دیاری نەکردووە تا دەوڵەت پابەندی بێت، بەڵکوو موسوڵمانانی سەرپشک کردووە، ئەو سیستەمە ڕەچاو بکەن کە لەگەڵ هەلومەرجیاندا دەگونجێت. گرنگ ئەوەیە سیستەمەکە دادپەروەر بێت، ئازادی و یەکسانی لەبەر چاو بگرێت، نە سیاسەت بکات بە دین و نە دین بکات بە سیاسەت. دەوڵەتی عەلمانی شەرعیبوونی خۆی لە پیاوانی ئایینەوە وەرناگرێت، لەڕێی هەڵبژاردنەوە لە هاووەڵاتییانی وەردەگرێت. لە سیستەمی عەلمانیدا، نە دەوڵەت دەست وەردەداتە کاروباری ئایینەوە، نە ئایین دەست لە بینی دەوڵەت گیر دەکات.

سیستەمی عەلمانی نە گوێڕایەڵی ئەو جیهادیستانە دەبێت کە لە دەستی عەدالەت هەڵاتوون، نە ملکەچی ئەو ئیسلامیستانەی لە پەرلەمانەوە بەگژ نیشتماندا دەچنەوە و نە ڕێز لەو واعیزانە دەگرێت کە مزگەوتیان وەکوو کارگەی بەرهەمهێنانی داعش لێ کردووە. ناکرێت خۆمان بە عەلمانی بزانین و لافی دیموکراتی لێ بدەین، کەچی گوتاری ئایینێک بەسەر فەزای گشتیدا زاڵ بێت. دەوڵەتی دینی بۆیە لەسەر ئاستی دونیا شکستی هێناوە، چونکە ڕێز لە بەها ئینسانییەکان ناگرێت.

*

## سەرچاوەکان


(١) علي مبروك، العلمانية ذات جوهر إنساني، الملحق الثقافي لجريدة الإتحاد ١٠ أب ٢٠١٧ أبوظبي.

(٢) د. ألفة يوسف، الدولن الدينية خارج العصر، الملحق الثقافي لجريدة الإتحاد ١٠ أب ٢٠١٧ أبوظبي.

(٣) حنا عبود، الخروج على الأيدولوجيا، الملحق الثقافي لجريدة الإتحاد١٠ أب ٢٠١٧ أبوظبي.

(٤) أحمد فرحات، حركة تحرير من عمى التعصب الديني، الملحق الثقافي لجريدة الإتحاد١٠ أب ٢٠١٧ أبوظبي.

(٥) أم الزين بنشيخة المسكيني، كانت ونقد التعصب، الملحق الثقافي لجريدة الإتحاد ١٠ أب ٢٠١٧ أبوظبي.

(٦) هاشم صالح، هذه هي العلمانية، الملحق الثقافي لجريدة الإتحاد ١٠ أب ٢٠١٧ أبوظبي.

(٧) الفاهم محمد، الفكر العلماني، الملحق الثقافي لجريدة الإتحاد ١٠ أب ٢٠١٧ أبوظبي.

(٨) محمود عبدالله، صحافة تنويرية، الملحق الثقافي لجريدة الإتحاد ١٧ أب ٢٠١٧ أبوظبي.

(٩) أمين مسعود، الظلمة والدياجير، الملحق الثقافي لجريدة الإتحاد ١٧ أب ٢٠١٧ أبوظبي.



# «ئەمەریکاناسی»

کارۆخ خۆشناو

ئەم زنجیرە وتارە سەبارەت بە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە لە دیدگای جیاواز و بە ڕوانگەیەکی ئەکادیمی هەوڵدەدەم بە کورتی و پوختی تیشک بخەمە سەر ئەم بابەتانە:

١- مێژووی ئەمەریکا
٢- جوگرافیای ئەمەریکا
٣- دەستور و سیستەمی حوکمڕانی ئەمەریکا
٤- بنەما سەرەکیەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمەریکا
٥- ئابووری ئەمەریکا
٦- کلتوری ئەمەریکا
٧- جیهان لە ڕوانگەی ئەمەریکا
٨- کورد لە ڕوانگەی ئەمەریکا

**١- مێژووی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا:**

باسکردنی مێژووی شارستانیەتێکی نوێی و زلهێزترین وڵاتی دونیا قسەی زۆر هەڵدەگرێ، لە ڕابردوودا خەڵکێکی زۆر لەسەر ئەم بەبەتەیان نوسیووە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە بە دیاریکراوی لە ساڵی (١٨١٩) «هامیر پۆرگشتال»ی نەمساوی لە یەکەمین کەسەکان بوو کە لە ڤیەننا بناغەی پڕۆژەیەکی دانا بەناوی «ئەمەریکاناسی» و دواتریش لە سەدەی بیستەم ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و کەسانی ئەکادیمی سەدان لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا، ئەم هەوڵانە تاکو ئەمڕۆش بەردەوامن بۆ شارەزابوونی زیاتر دەربارەی شارستانیەتێکی نوێ لە کیشوەری ئەمەریکای باکور، منیش بە پێویستم زانی بە کورتی چەند زانیاریەک سەبارەت بە «ئەمەریکاناسی» بخەمە بەر دیدی هاوڕێیانم.

**دەتوانین میژووی ئەمەریکا پۆلین بکەین بۆ چەند قۆناغێک:**

**١- قۆناغی پێش سەربەخۆیی:**

بە گوێرەی هەندێ بەڵگەنامەی متمانەپێکراو ژیانی سەرەتایی لە ئەمەریکای باکوردا دەگەڕێتەوە بۆ (١٢٠٠٠) ساڵ پێش زاین، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بیست و دوو هەزار ساڵ لە دوای چاخی سەهۆڵبەندانەوە مرۆڤ هەوڵی دۆزینەوەی زەوی نوێی داوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە ئێستا بە کیشوەری ئەمەریکا ناسراوە.

دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمەریکا، پێیان وایە کە (١٢٠٠) تا (١٤٠٠) ساڵ پێش ئەمە لە کیشوەری ئاسیاوە هاتوونەتە ئەم وڵاتە نوێیەوە. لە ڕاستیشدا نیشانەی شارستانییەتێکی کۆن لە قەراغ ڕووباری میسیسیپی کە (درێژترین ڕووباری ئەمەریکایە) دۆزراوەتەوە کە پیشەیان کشتوکاڵ بووە. ئەوروپییەکان ژمارەیەکی یەکجار زۆر هیندیە سورەکانیان کوشتن و ژمارەیەکی تریشیان بە هۆی ئەو نەخۆشیانەوە لەناو چوون کە لەگەڵ هاتنی ئەوروپییەکان گواسترابونەوە ئەمەریکا.

لە کۆتایی سەدەی پانزەهەم و سەرەتای سەدەی شانزەهەم دەستپێکی شەپۆلە مەزنەکانی کۆچی ئەوروپییەکان بوو.

لە ساڵی (١٤٩٢) دا کریستۆفەر کۆلۆمبس گەشتیاری ناودار، کاتێ لە ژێر فەرمانی پاشای ئیسپانیادا بوو، گەیشتەدوورگەکانی کاڕائیب و لەوێدا بۆ یەکەم جار ئەوڕووپییەکان چاویان کەوت بە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو وڵاتە. بە هۆی ئەوەی کە مەبەست لەو گەشتە، گەیشتن بە وڵاتی هیند بوو، کاتێ گەیشتنە ئەو وڵاتە بە هیندیان دەزانی و دانیشتوەکانی بە هیندی ناسران. دوای ئەوە هەر یەک لە وڵاتانی دیکە بە سوپایەکەوە لە گۆشەیەکی ئەو وڵاتە دادەبەزین و پارچەیەکیان دەکرد بە بەشی وڵاتی خۆیان؛ وەک بەڕیتانیا و ئیسپانیا و هۆڵەندا و فەڕەنسا.

ئەم خاکەی ئەمرۆ ناوی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە ڕابردوودا خاکی نەتەوەیەک بووە کە ناویان (Sioux Indian) یاخود هندیە سورەکان. ئەمریکا داگیر کرابوو لەلایەن (ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا، ئیمپراتۆریەتی فەرەنسی، هۆلەندا، دانیمارک، ئیتاڵیا، پۆلەندا، بەلجیکا، ئیسپانیا، پرتوگال.....) وە بەشێکی کەم بۆ ڕەش پێستەکان و هندەسوورەکان مابوویەوە.

لە ساڵی (١٧٣٢) ئەم وڵاتە بریتی بوو لە سێزدە کۆڵۆنی کە موستەعمەرەی بەریتانیای گەورە بوون. هەر یەکێکیان یاسا و هەڵبژاردنی تایبەت بە خۆیان هەبوو بەڵام لە کۆتاییدا هەموو یاساکان لەژێر حوکمی بەڕیتانیادا بوون.

٢- قۆناغی سەربەخۆیی:
خەڵکی ئەمەریکا لە ٤ی تەموزی ساڵی (١٧٧٦) زایینی سەربەخۆیی ڕاگەیاند و ئامادە نەبوون هیچی تر لە ژێر دەستەڵاتی بەڕیتای گەورەدا بمێننەوە بەڵکو کۆمارێکی دەستووری فیدراڵییان دروستکرد، ئەوکات ئەمەریکا تەنها لە (١٣) ولایەت پێکهاتبوو، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:
(پێنسلڤانیا، نیویورک، نیوجێرسی، ڤیرجینیا، ماساچوست، میریلاند، ڕودئایلاند، کنتکت، کارۆلینای باکور، کارۆلینای باشور،دلاوێر، نیوهامشر، جۆرجیا)
بەریتانیا دژی سەربەخۆیی ئەمەریکا وەستایەوە و شەڕ دەستی پێکرد، پاش ماوەیەک لە ڕووی هێزەوە بەڕیتانیا زۆر ناوچەی ستراتیژی لە دەست نەمابوو و توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی نەمابوو، وە هەروەها بەریتانیا دەیزانی کە کۆتایی دێ. لە ساڵی (١٧٧٨) بەڕیتانیا هێزی دۆزەخ ی دەریای (مارشاڵ)ی داوا کرد کە نیۆرک بگرێتەوە،بەلام مارشاڵ تەنها توانی لە دووری چەند میلێکەوە تۆپ بارانی نیۆرک کات. هەر لەم جەنگانەدا بەریتانیا ٢ ملیۆن هندی سووری جینۆساید کرد هەر لەو ساڵەدا فەرەنساش جەنگی ڕاگەیاند دژی بەریتانیا. لە ساڵی (١٧٨١) بەڕیتانیا ٤٥ هەزار سەربازی هێزی تایبەتی لەلایەن جەنەڕاڵ جۆرج واشنتۆنەوە بە دیل گیران لە ساڵی (١٧٨٣) بەریتانیا پەیمانی ئاشتی مۆر کرد و دانی نا بە سەربەخۆیی ئەمەریکا.
دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی باوکانی دامەزرێنەر بەسەرۆکایەتی جۆرج واشنتن توانیان کۆنگرەیەک ببەستن لە شاری فیلادیلفیا لە ساڵی (١٧٨٧) بەمەبەستی نوسینەوەی دەستورێک بۆ وڵاتە تازە لەدایک بووەکەیان، دوای ساڵێک توانیان دەستورێکی ٧ مادەیی بنوسنەوە و پەسندی بکەن کە بووە بنەمایەکی گرنگ بۆ بنیاتنانی زلهێزترین وڵاتی جیهان.

٣- قۆناغی شەڕی ناوخۆ:
لە کلتوری هەندێک لە ویلایەتەکانی باشووردا ڕاگرتنی بەندە یاخود عەبد باو بوو؛ بەڵام لە ویلایەتەکانی باکووردا وانەبوو. بۆیە کاتێک ئەبراهام لینکۆڵن نوێنەری زۆربەی ویلایەتەکانی باکوور و نوێنەری کۆمارییەکان، لە ساڵی ١٨٦٠دا بووە سەرۆک کۆمار، بانگەوازی لابردنی ئەو یاسا و کولتورەیدا و هەموو بەندەکانی بە پێی یاسا ئازاد ژمارد. ئەوە بووە هۆی ئاڵۆزی نێوان ویلایەتەکانی باکوور و باشوور. لە ساڵی ١٨٦١ئاگری شەڕی ناوخۆی ئەمریکا سازبوو کە تێیدا نزیکەی ٦٢٠هەزار کەس کووژران بۆیە بە

خوێنینترین شەڕی مێژووی ئەم وڵاتە دەناسرێت. لە ئاکامدا باکوورییەکان سەرکەوتن و بەندەداری (عبودیەت) بە پێی یاسا نەما. ئەو ئافریقا-ئەمریکائیانەش کە بە پێی یاسا ئیتر بەندە نەبوون، بوونە خاوەن مافی شارومەندی و مافی دەنگدان.

### ٤- قۆناغی بونیاتنان و خۆپارێزی

ئەم قۆناغەم ناو ناوە بە قۆناغی بونیاتنان و خۆپارێزی چونکە خەڵکی ئەمەریکا لە دوای شەڕی ناوخۆ هەوڵیاندا وولاتەکەیان بە شێوەیەکی تۆکمە بونیات بنێن و بپارێزن لە هێرشی دەرەکی، ئەم قۆناغە تا سەرەتای سەدەی بیستەم درێژەی هەبوو.

### ٥- قۆناغی دەرکەوتنی ئەمەریکا وەک وولاتێکی زلهێز

لە شەڕی جیهانی یەکەمدا و لە ساڵی ١٩١٤ ئەمریکا بێلایەن بوو، لەشەڕی جیهانیی دووەم، ئەمریکا دیسان بێلایەن بوو بەڵام پاش داگیرکرانی پۆلەند لە لایەن نازییەکانەوە، ئەمریکا بە ناردنی پێداویستییەکانی شەڕ بو هێزەکانی هاوپەیمانی و دواتر، کە ژاپۆن هێرشی کردە سەر دورگەی هاربێردی ئەمریکا، بە فەرمی بووە ئەندامی هاوپەیمانان و تێکەڵ بە شەڕ بوو. ئەمریکا یەکەم وڵاتبوو کە دەستی گەیشتە چەکی ناوەکی و بۆ یەکەم جار لەسەر هیرۆشیمای ژاپۆندا تاقی کردەوە. شەڕەکە بە کۆڵدانی ژاپۆن کۆتایی هات.

ئاکامی شەر ئەگەرچی بردنەوە بوو لە ئەورووپادا، بەڵام ئەمریکا دوورترین وڵات لە گەرمەی شەڕ بوو بۆیە بێ ئەوەی تووشی خاپووری و تێکچوونی ئابووری بێت بە درێژەی شەڕ گەشەی ئابووری هەبوو. بە شێوەیەک کە پاش شەڕی جیهانی دووهەم، ئەمریکا بووە زلهێزی ئابووری دونیا.

### ٦- قۆناغی شەڕی سارد و ململانێی ناوخۆ

پاش شەڕی جیهانی دووەم و لە درێژەی ئەوەی بە شەڕی ساردی دەناسن، ئەمریکا و سۆڤیەت کێبەرکێیان بوو بۆ گرتنی نازناوی زلهێزترینی جیهان؛ ئەگەرچی لەم شەڕەدا بەرنگاری چەکی تێدا نەبوو. ئەمریکا لەگەڵ کۆریای باکوورو چین لە ساڵی ١٩٥٠ تاکوو ١٩٥٣ بە شەڕهات کە بە شەڕی کۆریا دەناسرێت. لە ناوخۆشدا بەرەنگاری بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان دەبوونەوە.

له ساڵی ١٩٦١دا سۆڤیەت یەکەمین کەشتی ئاسمانی بە بنیادەمەوە نارد بۆ بۆشایی ئاسمان و ئەمە بە جۆرێک نیشانەیەکی پیشکەوتنی سۆڤیەت بوو و هەروەها جێگەی مەترسی بۆ ئەمریکا لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیای ئەو کەشتییە بۆ بۆردومانی ئەمریکاش دەکرا کەڵکی لێوەربگیرێت. کێبەرکێی ناوەکی دوو زلهێز لەم سەردەمەدا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی. ئەمەریکا لە ناوخۆ بەرنگاری بزووتنەوە نەتەوەپرستەکان و هەروەها بزووتنەوەی مافخواز بە سەرکردایەتی مارتین لوسەر کینگ دەبووەوە.
جۆن ئێف کێنێدی سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٣داتیرۆرکرا. کاتێ ڕیچارد نیکسۆن بووە سەرۆک کۆمار، ئەمریکا دەستی بە شەڕێک کرد لە باشووری ئاسیا دا، لە ڤیەتنام کە سەرکەوتنێکی نەبوو. پاش ڕیسواییەکەی واتێرگەیت، نیکسۆن یەکەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا بوو کە دەستی لە کار کێشاوە.
هاتنەسەرکاری جیمی کارتێر هاوکات بوو لەگەڵ بەدیلگیرانی دیپلۆماتەکانی ئەمریکا لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران لە لایەن چەکدارانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.
بە لەیەکجودابوونەوەی کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت، شەڕی سارد کۆتایی هات.

## ٧- قۆناغی بوون بە زلهێزترین وڵاتی جیهان (سوپەر پاوەر)

دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و بلۆکی سۆڤیەت، ئەمەریکا خەونی بوون زلهێزترین وڵات (سوپەر پاوەر)ی هاتەدی.
لە کاتی دەسەڵاتداریی جۆرج بووش (باوک)، ئەمریکا لەشەڕی کەنداودا بەشداریکرد. ساڵی ١٩٩٨ کلینتۆن، سەرۆک کۆمار، توشی ڕیسواییەکی سێکسی بوو بەڵام لە دەسەڵات مایەوە. ساڵی ٢٠٠٠ پاش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، کەدادگای باڵای ئەمریکا ڕای کۆاتایی سەبارەت بە ئاکامەکەی دەربڕی، جۆرج بووش (کوڕ) بووە سەرۆک کۆمار.
گرووپی ئەلقاعیدە لە ١١ی ٩ی ساڵی ٢٠٠١، زنجیرەیەک پەلاماری تیرۆریستی لە شارەکانی نیویۆرک وواشینگتۆن ئەنجام دا کە نزیکەی ٣٠٠٠ کوژراوی لێکەوتەوە. ئەمریکا بە هاوکاری ناتۆ هێرشی کردە سەرئەفغانستان و تاڵیبان، دەوڵەتی ئەوکاتی ئەفغانستان و پاڵپشتی فەرمیی ئەلقاعیدەی سەرەوخوارکرد. لە ساڵی٢٠٠٣دا و هەر لە کاتی بووشی کوڕدا بە هاوکاری زۆرێک لە وڵاتانی دیکەی دونیا هێرشی کردە سەر ئەم وڵاتە و دەسەڵاتی ڕژێمی سەدامی ڕووخاند.
ساڵی ٢٠٠٨ ئۆباما وەک یەکەم ڕەش پێست بووە سەرۆکی ژمارە ٤٤ی ئەمەریکا و لەسەردەمی ئەودا و لە ساڵی ٢٠١١ بەپێی ڕێکەوتێنک لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەمەریکا

هێزەکانی خۆی کشاندەوە کە بووە هۆی دروستبوونی بۆشاییەکی ئەمنی گەورە و سەرهەڵدانی داعش و کۆشتارێکی زۆر و وێرانبوونی ناوچە سونیەکانی عێراقی لێکەوتەوە.
لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٦ی ئەمەریکادا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بزنسمانی گەورە دۆناڵد ترامپ توانی ببێتە سەرۆکی ژمارە ٤٥ی ئەمەریکا و لە سەردەمی ترەمپدا جیهان چاوەڕێی شەڕ و ناسەقامگیری زیاتری لێدەکرت!!!

## ٢- جوگرافیای ئەمەریکا:

هەڵکەوتەی جوگرافی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆر نایاب و سەرنجڕاکێشە، یەکەمجار کە ئەمەریکام بینی پێش هەموو شتێک شروشت و ژینگە پاکەکەی سەرنجی ڕاکێشام، چونکە مرۆڤ درەنگ دەستی گەیشتووە بە کیشوەری ئەمەریکا هەست دەکرێت کە زۆربەی سروشتەکەی وەک خۆیەتی و بەدەستی مرۆڤ پیس نەبووە.
گەورەترین دارستان لە ئەمەریکا دەکەوێتە ولایەتی پێنسلڤانیا (ئەو ولایەتەی ماستەرم تێیدا خوێند)، بەهۆی گەورەیی دارستانەکە تاکو ئێستا مرۆڤ نەیتوانیوە بە پیادە ئەم سەر و ئەو سەری دارستانەکە بکات، ئەمەریکا هەر چوار وەرزی ساڵی هەیە بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە بریتیە لە بوونی هەر چوار وەرزەکە لە یەک کاتدا، بۆ نمونە لە زستاندا کەشی نیورک (کە دەکەوێتە سەر ئۆقیانۆسی ئەتلەسی لە ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکا) زۆر سار د و بەفراویە، بەڵام ئەگەر هەر لەوکاتەدا و لە زستاندا بچیتە کالیفۆڕنیا (کە دەکەوێتە سەر ئۆقیانۆسی پاسیفیک لە ڕۆژئاوای ئەمەریکا) ئەوا کەشێکی گەرم و فێنک و مامناوەندی هەیە.
زەوی و پێگەی ئەمەریکا لە ڕوی جوگرافیەوە تایبەتمەند و دەوڵەمەندە، بە جۆرێک ئەگەر پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و....هتد لەگەڵ جیهانی دەرەوە بپچڕێنێت بەرووبوم و بەرهەمە ناوخۆییەکان بەزیادەوە بەشی خەڵکی ئەمەریکا دەکەن، چونکە زەویەکی پڕ بەپیت و بەرەکەتی هەیە و بۆ چاندنی هەموو جۆرە بەرهەمێک دەگونجێت، بەگوێرەی دواین داتا «حاڵی حازر و لە ئێستادا» ئەمەریکا زۆر لە کاڵا و بەرهەمە ناوخۆییەکان هاوردەی دەرەوە دەکەن.
ئەمەریکا بەشێوەیەک هەڵکەوتووە کە هەندێ جار ڕوو بە ڕووی کارەسای سروشتی گەورە دەبێتەوە، وەک زریان و لافاو و.....هتد، بەڵام ئەوەی ئەمەریکا جیا دەکاتەوە لە وڵاتانی تر، ئامادەباشی بە ئاگایی ئەمەرێکایە بۆ هەر ڕووداوێکی سروشتی وەک زریانی تۆڕنادۆ و ساندرا و...هتد.

ڕووبەری ئەمەریکا (٩،٨٢٦،٩٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، پاش ڕووسیا و کەنەدا سێهەمین وڵاتی گەورەی جیهانە. پێکهاتووە لە (٥٠) ولایەت کە (٤٨) یان پێکەوە لکاون وئەلەسکا و هاوایی لەوانی دیکە دابڕاون. بەشێک لە زنجیرە شاخەکانی ڕاکی لە لای ڕۆژئاواوە دێتە نێو ئەم وڵاتە، روباری میسیسیپی درێژترین ڕووباری باکووری ئەمەریکایە.

ئەمەریکا لە باکوورەوە لکاوە بە کەنەداوەو لە سەر سنووری باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکا و کەنەدا تاڤگەی (نیاگارا) هەڵکەوتوۆە کە ناودارترین تاڤگەی جیهانە. لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ئاتلانتیک و لە ڕۆژئاواوە دەگات بە ئەقیانووسی پاسیفیک. لە باشوورەوە دەگاتە کەنداوی مەکسیک.

**٣- دەستور و سیستەمی حوکمڕانی ئەمەریکا:**

باوکانی دامەزرێنەر (Founding Fathers) بریتی بوون لە کۆمەڵێک سەرکردەی سیاسی کە ڕاگەیەندراوی سەربەخۆی ئەمەریکایان واژۆ کرد و بەشداریان کرد لە جەنگی سەربەخۆی ئەمەریکا و دەستوری ئەمەریکا یان نوسیەوە، بە گوێرەی مێژوونوس (ریچارد ب. مۆریس) ئەم (٧) سەرکردەیەی خوارەوە وەک باوکانی دامەزرێنەری ئەمەریکا دەناسێنێت:

(جۆرج واشێنگتن، جۆن ئادامز، بنیامین فرانکلین، جۆن جەی، ئەلێکسەندەر هامیلتۆن، تۆماس جێفرسۆن، جێمس مادیسۆن)

باوکانی دامەزرێنەر لە چواری تەموزی ساڵی (١٧٧٦) سەربەخۆیی ئەمەریکایان ڕاگەیاند و دەقی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایەن (تۆماس جیفرسن) لە ڤێرجینا نوسرابۆوە، ئەم ڕاگەیاندنە بەبێ ڕەزامەندی بەڕیتانیا بوو، بۆیە بەڕیتانیا بە هێز بەرەنگاری ویستی سەربەخۆیی ئەمەریکا بویەوە، تاکو ساڵی (١٧٨٣) دوای شەڕێکی (٨) ساڵە شانشینی بەڕیتانیا دانی نا بە سەربەخۆیی ئەمەریکا، جۆرج واشنتن کە سەرۆکایەتی هێزی سەربەخۆیی ئەمەریکای دەکرد، دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی گەڕایەوە ماڵی خۆی لە ڤێرجینا و ئەمانەتی سەرۆکایەتی ئەمەریکای سپاردە کۆمەڵێک لەهاوڕێکانی، بەهۆی ئەو ڕێز و پێگەیەی جۆرج واشنتن هەیبوو دوای چوار ساڵ هاوڕێکانی چونە دوای و داوایان لێکرد سەرۆکایەتی کۆنگرەی نوسینەوەی دەستور بگرێتە ئەستۆ، ئەم کۆنگریە لە ساڵی (١٧٨٧) لە شاری فیلادلفیای ولایەتی پێنسلڤانیا بەسترا (ولایەتی پێنسلڤانیا بە ولایەتی دایک ناسراوە چونکە شاری فیلادیلفا یەکەم پایتەخت بوو بەر لە دروستکردنی

واشنتن).
لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی هەر (١٣) ولایەتی ئەمەریکا ئامادەبوون (کە ئەوکات ئەمەریکا تەنها ١٣ ولایەت بوو) دوای ساڵێک لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە دەستوری ئەمەریکا لە دایک بوو (کە بە کۆنترین دەستوری کارپێکراو دادەنرێت چونکە ٢٣٠ ساڵە بەردەوام کاری پێ دەکرێت).
لێرەدا گرنگە بەسەرهاتێکی هەست بزوێنی (بنیامین فرانکلین) باس بکەین کە یەکێک بووە لە باوکانی دامەزرێنەر و ئەوکات تەمەنی (٨٣) ساڵ بووە و نەیتوانیوە بە پێیەکانی بڕوات، بۆیە ڕۆژانە لەسەر کورسی هێناویانە بۆ کۆنگرە، ئەو لە یاداشتەکانی خۆی بەم شێوەیە باس لە کۆنگرەی نوسینەوەی دەستور دەکات و دەڵێت:
لە ماوەی ساڵێکدا ڕۆژانە دەچوومە کۆنگرە و لە دەرگای هۆڵی کۆنگرەوە دەمڕوانیە تابلۆیەک کە لەسەرەوەی هۆڵەکە و لەسەر سەری جۆرج واشنتن هەڵواسرا بوو، لە ناو تابلۆکەدا زەردەپەڕی ڕۆژ هەڵاتن یاخود ڕۆژ ئاوابوون کێشرا بوو، لە ماوەی ئەم ساڵەدا بەردەوام چاوێکم لەسەر ئەم تابلۆیە بوو، چونکە کاتێک کێشمەکێش و گفتوگۆ گەرم دەبوو لە نێوان ئەندامانی کۆنگرە ترسم هەبوو کەنەتوانین بگەین بە ڕێکەوتن لەسەر دەستور، بۆیە دەمگۆت ئەمە تابلۆی ڕۆژئاوا بوونە و شەوێکی ڕەش چاوەڕێی ئەمەریکا دەکات، بەڵام لە دوا ڕۆژەکانی کۆنگرە کاتێک گەیشتین بەرێکەوتن و هەموو ئەندامەکان واژوویان کرد لەسەر دەستوری ئەمەریکا، ئەو کات گوتم ئەم تابلۆیە ئاماژەیە بە زەردەپەڕی ڕۆژهەڵاتن و بەهۆی ئەم دەستوورەوە ڕۆژێکی ڕوناک و پڕشنگدار چاوەڕێی ئەمەریکا دەکات.
دەستوری ئەمەریکا لە (٧) مادە پێکهاتووە، کە تێیدا سنوری دەستەڵاتەکانی (یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری) دیاری کراوە، ئەم دەستورە لە ماوەی ساڵێکدا (١٨٧٨) لە کۆنگرەی فیلادلفیا وەک ڕەشنوس نوسراوەتەوە و ماوەی ساڵێکی تریشی پێچووە (١٧٨٨) تاکو بڵاوکراوەتەوە بەسەر دانیشتوانی هەر سێزدەولایەتەکە دابەشکراوە، سەرەنجام لە ساڵی (١٧٨٩) چووە بواری جێبەجی کردنەوە، ئەم دەستورە بە شێوەیەک نوسراوەتەوە کە لەگەڵ هەموو سەردەمەکان خۆی بگونجێنێت و دەکرێ بە گوێرەی پێویست هەموار بکرێتەوە و گۆڕانکاری تێدا بکرێت، لە ساڵی (١٧٨٩) تاکو ئێستا (٢٧) جار هەموار کراوەتەوە.
بەهۆی ئەم دەستورەوە حکومەتی ئەمەریکا بە کۆنترین حکوومەتی فیدراڵ لەقەڵەم دەدرێت، چونکە حکومەتێکی دەستورییە کە لەسەر بنەماکانی دیموکراسی بنیات نراوە

و ئەرک و ماف و ئازادی تاک و مافی کەمینەکانیش لەلایەن دەستور و یاساوە پارێزراوە.
حکوومەت بە پێی دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە دایکی هەموو یاساکان و چەتری هەموو ڕێساکانی وڵاتەکەیە، لەسەر بنەمای جودایی و هاوسەنگی (check and balance)ی هێز و دەستەڵاتەکانی [یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری] دامەزراوە.
لە سیستەمی فیدڕاڵی ئەمریکیدا، حکومەت بە سێ بەشی: (ناوچەیی، فیدڕاڵی، ویلایەتەکان) دابەشکراوە. بەشی ناوچەیی وەک شارەوانی ئەو ناوچە ئەرکەکانی خزمەتگوزاری لەئەستۆیە.
بەشی فیدڕاڵی خۆی لە سێ دەسەڵاتدا دەبینێتەوە:
یاسادانان: پێکهاتووە لە ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەرەکان و ئەم ئەرکانەیان لەئەستۆدایە: پەسندکردنی یاسای فیدڕاڵی، ڕاگەیاندنی شەڕ، چاودێری بەشەکانی دیکەی حکوومەت و لێپرسینەوە کە لە ئاکامی ئەمەدا دەتوانن کەسانێک لە حکوومەت لابەرن.
جێبەجێکردن: سەرۆک کۆمار، سکرتێری گشتیی هەموو هێزە نیزامییەکانە، دەتوانێ پەسندکراوەکانی کۆنگرێس (پێش ئەوەی ببن بە یاسا) هەڵوەشێنێتەوە. هەروەها دەتوانێ وەزیرەکانی کابینە هەڵبژێرێت (پێویستی بە پەسندکردن لە لایەن ئەنجومەنی پیران هەیە)
دادوەریی: دادگای باڵا و دادگاکانی فیدڕاڵی کە سەرۆکەکانی لەلایەن سەرۆک کۆمار و بە پەسەندی سینات (ئەنجومەنی پیران) دادەنرێن، چاودێری یاسا و چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەکەن.
ئەنجومەنی نوێنەران (٤٣٥) نوێنەری هەیە کە مافی دەنگدانیان هەیە و هەریەک نوێنەرایەتی ویلایەتی خۆیان بۆ ماوەی (٢) ساڵ دەکەن. ژمارەی نوێنەرانی هەر ویلایەتەک بە پێی ژمارەی دانیشتوانی ئەو ویلایەتە دادەنرێت کە هەر دەساڵ جارێک ژمارەی دانیشتوان مەزندە دەکرێت. بۆ نموونە هەندێک ویلایەتی کەمینە ژمارەی نوێنەرەکانیان کەمن و ولایەتی گەورەش ژمارەی نوێنەرەکانیان زۆرن بۆ نمونە ویلایەتی کالیفۆرنیا (٥٣) نوێنەری هەیە.
سەنات یان ئەنجومەنی پیران (١٠٠) نوێنەری هەیە واتە هەر ویلایەتەک ٢ نوێنەری هەیە. سەناتۆرەکان بۆ ماوەی لانی زۆر ٦ ساڵ هەڵدەبژێردرێن ئەگەرچی هەموو دوو ساڵ جارێک یەک لەسەر سێی کورسییەکان دوبارە هەڵبژاردنی بۆ دەکرێت. وادەی خزمەتی سەرۆک کۆمار ٤ ساڵە و دەتوانێ دوو خۆل خۆی هەڵبژێرێت و ببێت بەسەرۆک.

سەرۆک کۆمار بە ڕای ڕاستەوخۆی خەڵک پەسند ناکرێ بەڵکو خەڵک ئەنجومەنێک هەڵدەبژێرن (ئیلیکتۆڕاڵ کۆلیج) کە ژمارەیان (٥٣٨) ئەندامە [ئەم ژمارەیە هاتووە لە کۆی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران (٤٣٥) لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی پیران (١٠٠) لەگەڵ (٣) نوێنەری واشنتنی پایتەخت] ئەم ئەنجومەنە سەرۆک هەڵدەبژێرن، بەجۆرێک هەر کاندیدێکی سەرۆکایەتی دەنگی (نیوە+١)ی ئەم ئەنجومەنە بەدەست بهێنێت دەبێتە سەرۆکی ئەمەریکا. ئەندامەکانی دادگای باڵای فیدراڵی ئەمریکاش پێک هاتوون لە (٩) ئەندام کە تاکو مردن وەک دادوەر لە پۆستەکانیاندا دەمێننەوە.

شایانی باسە زۆربەی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکان خاوەنی سیستەمێکی دوو حیزبی بووە. ئەو دوو حیزبە ئەمانەن:

پارتی دیموکڕات کە ساڵی (١٨٢٤) دامەزراوە و پارتی کۆماری کە لە ساڵی (١٨٥٤) دامەزراوە. لە هەلبژاردنەکانیشدا، نوێنەرانی ئەو دوو حیزبە وەک نوێنەرانی سەرەکیی جەماور لە قەڵەم دەدرێن. تەنها لە ساڵی ١٩١٢دا بوو کە (ثیۆدۆر ڕوزوێڵت) بووە سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لەکاتێکدا کە ئەندامی هیچ یەک لەم دوو حیزبە سەرەکییە نەبوو. جگە لەم دوو حیزبە گەورەیە، حیزبی تریش هەن وەک پارتی سەوز و پارتی ئازادیخوازەکان.

لە کولتوری سیاسی ئەمریکادا، کۆماریخوازەکان زیاتر بەخۆپارێز (لایەنی ڕاست) دەناسرێن و دیموکراتەکان بەلیبەڕاڵ (لایەنی چەپ) بەناوبانگن. ویلایەتەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و کەناری ڕۆژئاوا بە پشتیوانی دیموکڕات و ویلایەتەکانی باشوور و زۆربەی ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا بە پشتیوانی کۆمارخوازەکانن دادەنرێن (ئەم شێوازەش جار جار دەگۆڕێت).

لە ئەمەریکادا تاکو ئێستا (٤٥) کەسایەتی بونەتە سەرۆک کۆمار کە دوانیان کوڕ و باوکن (ئەوانیش جۆرج دەبلیوو بوش و جۆرج بۆشن) کە هەردووکیان کاندیدای پارتی کۆماریەکان بوون. لەنێوان ئەو (٤٥) سەرۆکە تەنیا یەکێکیان ڕەش پێست بوو، ئەویش سەرۆکی پێشوو (باراک ئۆباما) بوو کە کاندیدای پارتی دیموکرات بوو لە ساڵی (٢٠٠٨) هەڵبژێردرا و بوو بە (٤٤)ـەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا.

## ٤- بنەما سەرەکیەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمەریکا:

بە زمانێکی سادە دەتوانین بڵێین: بنەما سەرەکیەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمەریکا بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی ئەمەریکا و فەراهەمکردنی

خۆشترین ژیان بۆ هاوڵاتیانی ئەمەریکا.
ئەم تێڕوانینەی سەرەوە فەلسەفەی کارکردنی هەردوو پارتە سەرەکیەکەی ئەمەریکایە (کۆماریەکان و دیموکراتەکان) بەڵام هەریەکەیان بە میکانیزم و شێوازی تایبەت بە خۆیان هەوڵی پاراستن و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی ئەمەریکا دەدەن.

**لێرەدا دەتوانین بەکورتی سیاسەتی ئەمەریکا پۆلێن بکەین بۆ:**

**١- سیاسەتی ناوخۆی ئەمەریکا:**

دەوانین بڵێین سیاسەتی ناوخۆی ئەمەریکا چڕ بۆتەوە بۆ بەدیهێنانی (خەونی ئەمەریکی American dream)، لە خوارەوە بەکورتی باس لە چەمکی (خەونی ئەمەریکی American dream) دەکەین:
کاتی خۆی بەهۆی کەشتیەوە زۆرێک لە پەنابەران کاتێک کۆچیان دەکرد بۆ ئەمەریکا یەکەم شت کە دەیانبینی (پەیکەری ئازادی) بوو، هەر بۆیە ئەم پەیکەرە بووە ڕەمزی ژیانێکی ئازاد و نوێ و شکۆمەند، ئێستاش بە نیشانەی خەونی ئەمەریکی ناسراوە.
خەونی ئەمەریکی (American dream) هەستێکی نەتەوەیی گەلی ئەمەریکایە، کە چەند بیرۆکەیەک دەگرێتەوە لەوانە ئازادی لە دەرفەت و هەلی کار و سەرکەوتنی دارایی و هەستکردن بە یەکسانی لە ئەرک و مافدا، (جەیمس تروسلۆو ئادامز) لە ساڵی (١٩٣١) پێناسەی کردوە بە توانای فەراهەم هێنانی ژیانێکی باشتر و دەوڵەمەندتر و بەختیارتر، ئەم خەونە لە دێری دووەمی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکا ئاماژەپێکراوە: (هەموو پیاوان بە یەکسانی دروستکراون) وە هەروەها: دروستکاریان هەندێ مافی نەگوازراوی پێ بەخشیون لەوانە ژیان و ئازادی و هەوڵی بەدەستهێنانی بەختەوەری، بۆیە حکومەتی ئەمەریکا لەسەر بنەمای ئەم قسەیەی ئەبراهام لینکوڵن کاردەکات کە دەڵێت:
«Government of the people, by the people, for the people, shall not perish from the Earth.» - Abraham Lincoln
مانا قوڵەکەی ئەم قسەیە ئەوەیە کە «حکومەتێک هی خەڵک بێت و لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا بێت و لە پێناو خزمەتکردنی خەڵک کار بکات، لەناو ناچێت لە سەر زەوی» بۆیە حکومەت لەدیدگای کۆمەڵگای ئەمەریکیدا بەچاوی دەزگایەک یاخود ئامرازێک بۆ

خزمەتکردنی گۆمەڵگا سەیر دەکرێت، حکومەتیش بە ئەرکی خۆی دەزانی کە هەموو هەوڵێک بخاتە گەڕ لە پێناو خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی ئەمریکا.

**٢- سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا:**

سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بناتنراوە بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەمەریکا نە دۆستی بەردەوام و نە دوژمنی بەردەوامی هەیە، بەڵکو بەرژەوەندی بەردەوامی هەیە، پێموایە دۆناڵد ترەمپ ڕاشکاوترین سەرۆکی ئەمەریکایە، چونکە هەر لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە هێڵە گشتیەکانی سیاسەتی ئەمەریکای بە ڕوونی ڕاگەیاند و گوتی «America is First» واتا ئەمەریکا یەکەمە و بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە پێش هەموو شتێکەوەیە، لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین بنەما سەرەکیەکەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووری و سەربازیەکانی خەڵکی ئەمەریکا.

بەهۆی پێگەکەیەوە ئەمریکا وەک زلهێزترین وڵاتی جیهان دەناسرێت و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دۆخی ئابووری و سیاسی و سەربازی هەموو دونیا، چونکە ئەمەریکا ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە بارەگا سەرەکیەکەی لە شاری نیویۆرکە، هەروەها ئەمەریکا ئەندامی (G٨ و NATO و G٢٠) پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە لەگەڵ بەریتانیا و ئیسڕائیل و پەیوەندییەکی قایمی هەیە لەگەڵ کەنەدا، ئۆستralia، نیوزیلاند، فیلیپین، ژاپۆن، کۆریای باشوور هەروەها چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوڕوپی وەک فەڕانسا و ئەڵمانیا. هەروا هاوکاری و هەماهەنگی تەواوی ئەندامانی ناتۆ دەکات لە هەوڵەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایشی وڵاتەکانیان.

لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازیشەوە ئەمریکا زلهێزترین وڵاتە، بۆیە بە پۆلیسی جیهان لەقەڵەم دەدرێت و لەسەرانسەری دونیادا نزیکەی (٨٦٥) پێگەی سەربازی هەیە و هەندێک جار بە «ئیمپراتووری پێگەکان» ناوی دەبەن.

**٥- ئابووری ئەمەریکا:**

سێکتەری «ئابووری» ئەمەریکا سەنتەری هەموو کار و کاردانەوەکانی ئەمەریکایە، بە مانایەکی تر سیاسەت و ستراتیژیەتی هەموو سێکتەرەکانی ئەمەریکا (بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتەوە) لە خزمەت بەرژەوەندی سێکتەری ئابوری ئەمەریکا دایە.

ئەمەریکا خاوەنی سیستەمێکی زەبەلاحی ئابووری کەپیتەڵیزم و سەرمایەداریە کە بە سەرچاوەی سرووشتی فراوان و ژێرخانی بەهێز و بەرهەم هێنەر دەوڵەمەندکراوە، بە پێی لێژنەی نێودەوڵەتی دراو، مەوادی خامی ئەمەریکا دەخەملێنرێت بە (١٥.١) تریلیون، واتە خاوەنی لە سەدا (٢٢٪)ی هەموو مەوادی خامی دونیایە. ئەم ژمارەیە بە پێی ژمارەی دانیشتوان، بە پلەی (٩) دێت لە ئاستی دونیادا بۆ داهاتی ناپوختی ناوەکی (مەوادی خام)

یەکێک لەو دیاردە ناشیرنانەی لە زۆربەی شارەکانی ئەمەریکا بەرچاوم دەکەوت، خەڵکی بێ ماڵ (Homeless) بوو، سەرەتا پرسیارێکم لا گەلاڵە بوو:

چۆن دەبێت نزیکەی (٨) ملیون هاوڵاتی ئەمەریکا (کە خاوەن زلهێزترین ئابووری جیهانە) لەسەر شەقام بخەون و بێ ماڵ و حاڵ بن؟!؟

دواتر بۆم دیارکەوت کە ئەو خەڵکانەی لەسەر شەقام دەخەون خەڵکێکن کار ناکەن و تەمبەڵن و دۆڕاو و ئالودەبووی مادە هۆشبەرەکانن، سیستەمی ئابووری ئەمەریکاش بەشێوەیەک ڕێکخراوە کە دەبێت هەموو کەسێک کار بکات بۆ ئەوەی بەشکۆمەندی بژیێت، بە جۆرێک کە تاکەکانی کۆمەڵگای ئەمەریکی ڕۆژانە کاتژمێر (٨)ی بەیانی لە سەر کارن تاکو (٤)ی ئێوارە، ئەمەش فەلسەفەی مانەوەی ئابووری ئەمەریکایە لە لوتکەدا.

(دۆلار) دراوی ئەمریکایە و سەرەکیترین دراوی سەرانسەری جیهانە، لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆی، کاتێک بڕیاریاندا دۆلار لە سکە بدەن، پێشنیاریان بۆ (جۆرج واشنتن) کرد کە وێنەکەی بخرێتە سەر دراوی (١٠٠$) دولاری تاکو بەهۆی بەهێزی کەسایەتیەکەیەوە دولار بەهێزتر بێت، سەرەتا (جۆرج واشنتن) ڕازی نەبوو کە وێنەکەی بخرێتە سەر دۆلار بەڵام دوای فشارێکی زۆر ڕازی بوو، گوتی ڕازیم بەڵام بە مەرجێک «دەبێ وێنەکەم بخرێتە سەر تاک ١$ دۆلاری نەک سەد ١٠٠$ دۆلار، چونکە هەمووکەسێک دەتوانێت تاک دۆلارێکی دەست کەوێت بەڵام لەوانەیە هەمووکەسێک نەتوانێت سەد (١٠٠$) دۆلاری دەست بکەوێت» بۆیە وێنەی (جۆرج واشنتن) لەسەر تاک دۆلار کێشرا!!!

ئەمەریکا ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ئەنجام دەدات، بۆیە پلەی یەکەمی گرتووە لە هاوردەکردنی کەلوپەل بۆ ناوخۆ و لە هەناردنیشدا پلەی دووەمی هەیە.

**ئەم وولاَتانەی خوارەوە گەورەترین هاوکاری بازرگانی و ئابووریی ئەمریکان:**
**کەنەدا، چین، مەکسیک، ژاپۆن و ئەڵمانیا، وولاَتانی کەنداوی عەرەبی.**
ئەمەریکا لە هەموو شتێک زیاتر (نەوت) هاوردە دەکات و لەهەموو شتێک زیاتر (ئۆتۆمبیل) هەناردە دەکات، ولاَتی چینیش گەورەترین (قەرزراگری) ئەمریکایە.
ئەمەریکا پێشەنگی وولاَتانی دونیایە لە ڕووی (IT) ئای تی و ئەلیکترۆنیات و پیشەسازی و کشتوکاڵ و مادده کیمایییەکان هەروەها ئەمریکا سێهەمین بەرهەم هێنەری نەوتە لە دونیادا و هاوکات گەورەترین هاوردەکەری نەوتیشە، پلەی یەکەمی هەیە لە بەرهەم هێنانی کارەبا و وزەی ناوەکی و هەروەها گازی سروشتی، شلە، سولفور، فۆسفات و خوێ، لە هەمان کاتدا ئەمریکا گەورەترین بەرهەم هێنەری کۆکا کۆلا و مەکدۆناڵدە، کە دوو ناسراوترین نیشانەکانی دونیان.
ژمارەی کرێکارانی ئەمەریکا لە ساڵی (٢٠١٧)دا زیاتر لە (١٦٠) ملیون کرێکار بوون، ئەمەریکا یەکێکە لەو ولاَتانەی کە زۆرترین ژمارەی کرێکاری هەیە، هەروەها گەورەترین خزمەتگوزاری (سەلامەتی کۆمەڵگایی) هەیە.

**٦- کلتوری ئەمەریکا:**
لەسەرەتای دەستپێکی خوێندنم، یەکەم پرسیارم لە پرۆفیسۆرەکەم بریتی بوو لە چۆنیەتی پێکهاتەی کلتوری ئەمەریکا؟
ئەویش وەڵامی دامەوە و گوتی:
«شێوازی پێکهاتەی کلتوری ئەمەریکا وەک زەلاَتەیەکی کۆکتێل وایە کە پڕ بێت لە هەموو جۆرە سەوزە و میوەیەک!!!»
یەکەمجار کە پێت دەخەیە سەر خاکی ئەمەریکا، هەست دەکەیت لە ناو (مۆزەخانەیەکی گەورە و زەبەلاح)دایت، بە جۆرێک سەرت سوڕ دەمێنێ لەو هەموو جۆرە نەتەوە و ڕەنگ و زمان و ئایین و نەریت و بۆنە و خواردن و جلوبەرگ و......هتد، بە کورتی هەست بە جیهانێکی جیاواز دەکەی لەڕووی هەمەڕەنگی لە پێکهاتەی کلتوری ئەم ولاَتە، چونکە هەر لە سەرتای دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکاوە خەڵک لە هەر چوار لای دونیاوە بەرەو ئەمەریکا کۆچیان کردووە و کلتورەکەشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە و تا ئەمڕۆش پاراستویانە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمەریکا دەوڵەمەندترین ولاَتی فرەکەلتوریە لەسەر ئاستی جیهان.

ئەمەریکا لەڕووی کەلتوریەوە لە سەر بنەمای «دایڤێرستی و جیاوازی و هەمەڕەنگی» دروستبووە، بەجۆرێک هەموو کەلتورێک ڕێزلێگیراوە لە ژێر چەتری یاسا و دەستوری ئەمەریکا، ئەو گەڕەکی من تێیدا دەژیام پڕ بوون لە خەڵکی جیاواز لە ڕووی ئاین و کەلتور و زمان، دراوسێکانمان پێکهاتبوون لە مەسیحی (کاثۆلیک و پرۆستانت و ئەرثۆدوکس) و موسوڵمان (سونە و شیعە) و یەهودی و بوزی و عەرەب و کورد و ئەوروپی و ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاوایی، بەلام هەمووما لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی ڕێزمان لە جیاوازیەکانی یەکتر دەگرت و هەروەها بەرامبەر یاساش یەکسان بووین، ئەوەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەهێزی ئەمەریکا.

ئەم جیاوازیەی سەرەوە وزە و هێزێکی کاریگەری بە ئەمەریکا بەخشیوە، هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە ئەمەریکا هەوڵی کێشکردنی عەقڵی جۆراوجۆری داوە، واتە پڕۆسەی (کسب العقول)ی کردووە، بەجۆرێک عەقڵە زیرەکەکانی دونیای بەرەو خۆی کێش کردوون و زەمینەی داهێنانی بۆ ساز کردوون، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی مانەوەی ئەمەریکایە لە لوتکەدا!!!

ئەمەریکا تەنها لە ڕوی سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە یەکەمی جیهان نیە، بەڵکو لە ڕوی هونەری و ئەدەبیشەوە لە لوتکە دایە، زۆربەمان سەرەتای ئاشنایەتیمان لەگەڵ ئەمەریکا بەهۆی ئەفلامەکانی هۆلیوودەوە بووە.

دروشمی ئەمەریکا بریتیە لە «In God We Trust» «بەخودا متمانە دەکەین، کە لەسەر دۆلاریش نوسراوە، ئالای ئەمەریکا پێکهاتوە لە کۆمەڵێک هێڵی تەریبی سپی و سور لەگەڵ (٥٠) ئەستێرەی ڕەنگ شین، گەورەترین شار و ناوەندی بازرگانیش شاری نیویۆرکە.

**بەگوێرەی دواین داتا ڕێژەی پێکهاتەی گرووپە ڕەگەزییەکانی ئەمەریکا بەم شێوەی خوارەوەیە:**

**ئەوروپیە-ئەمریکیەکان (سپی) ٧٢.٤٪**

**ئەفریقە-ئەمریکیەکان (رەش) ١٢.٦٪**

**ئاسیایە-ئەمریکیەکان (ئاسیای) ٤.٨٪**

**ئەمریکیە هیندیەکان و رەسەنەکانی ئالاسکا ٠.٩٪**

**هاوایە رەسەنەکان ٠.٢٪**

**ئەوانی تر ٦.٢٪**

## ٧- جیهان لە ڕوانگەی ئەمەریکا:

ئەمەریکا ئەرکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئیدارەی هەموو دونیا بدات، بە واتایەکی تر جیهان لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە شەمەندەفەرێکە لە (١٩٣) فارغۆن پێکهاتووە، بۆ هەمیشە خۆی دەیەوێت شۆفێری ئەم شەمەندەفەرە بێت و بەرەو ئاقاری بەرژەوەندیەکانی خۆی ئاراستەی بکات، بەڵام بەشێک لە فارغۆنەکان لە سەر سکە و ڕێڕەوی ئەمەریکا ناڕۆن، بەڵکو ئاراستە و ڕێڕەوی جیاواز هەڵدەبژێرن، چونکە وێستگە و بەرژەوەندیەکانیان جاوازە.

بەرژەوەندەیەکان بەگشتی و «بەرژەوەندیە ئابوریەکان» بەتایبەتی، ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەکەن، بەرژەوەندیەکانیش بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێن، بۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەتی ئەمەریکا بەردەوام لە گۆڕاندایە چونکە ئەمەریکا بە یەک شێواز سیاسەت ناکات، بەڵکو بەپێی (کات و شوێن) و بە شێوازی جیاواز و بە پێودانگی (بەرژەوەندیەکان)ی سیاسەتی دەرەوە ڕەنگ ڕێژ دەکات.

بە کورتی جیهان لە ڕوانگەی ئەمەریکا:

لەلایەک کارگەیەکە بۆ بەرهەم هێنانی کەلو پەل و بازاڕێکیشە بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاکانی، لەلایەکی تریش جیهان تاقیگەیەکە بۆ تێستکردن یان حەقلێکە بۆ تەجروبەکانی ئەمەریکا!!!

خزمەتکردنی سێکتەری ئابووری لە ئەمەریکادا سەنتەری سیاسەت و ستراتیژیەتی هەموو سێکتەرەکانی تری ئەمەریکایە «بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتەوە!!!»

بە واتایەکی تر خزمەتکردنی سێکتەری «ئابووری» و هێشتنەوەی لە لوتکەدا سەنتەری سیاسەتکردنی هەموو سەرۆکەکان بووە، ئەم خاڵە جەوهەریە لە سەردەمی سەرۆکی ئێستادا زۆر بە ڕوونی دیار کەوت و زەق بوویەوە، وەک بینیمان لە یەکەم وتاری دەستبەکاربوونیدا دۆناڵد ترەمپ گوتی:

«دەمانەوێت بەهیزترین ئابووری جیهانمان هەبێت و پەرە بە پێوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتانی جیهان بدەین. چیتر ئەمریکا لەو چەقبەستووییەدا نامێنێتەوە و دەبێت پێکەوە جارێکی تر چارەنووسی وڵات دیاری بکەین. دەمەوێت بە جیهان بڵێم بەرژەوەندی ئەمریکا لە پیش هەموو شتێکە و دەمانەوێت خاڵە هاوبەش و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانمان لە گەڵ جیهان بدۆزینەوە»

**٨- کورد لە ڕوانگەی ئەمەریکا:**

**«ڕاستیەکی تاڵ»**

مێژوو پێمان دەڵێ: بە درێژایی سەدەی بیستەم (نەتەوەی کورد) یەکەم نەتەوە بووە لەسەر ئاستی جیهان وەک ئامراز و داردەستی هێزە ناوچەیی و جیهانیەکان بەکارهاتووە. بەریتانیا لە یاداشتنامەیەکیدا لە ساڵی ١٩١٩-١٩٢٠ بۆ (کۆمەڵەی گەلان/عصبە الامم) ڕایان بەرامبەر بە کورد ئاوا بوو:

(کورد لە عێراقدا، هیچ جۆرە یەکێتییەکی ڕامیاریان نییە، کە ئەمەش پێویستە بۆ بەدیهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ. ڕێکخراو و هەڵویستیان لەسەر پایەی خێڵ دامەزراوە، نە داب و نەریتی خۆبەڕێوەبردنیان هەیە، نە داب و نەریتی دامەزراوەی خۆبەڕێوەبەر، شێوەی ژیانیان سەرەتاییە و زۆربەیان نەخوێندەوار و جاهیلن، گومان لە گشت جۆرە دەسەڵاتێک دەکەن و بێ دسپلین و بێهەستی بەرپرسیارەتین)

کورد لە ڕوانگەی ئەمەریکادا وەک ئامرازێکی لۆکاڵی و هێزێکی ئازا ناسراون، میللەتێکن دەکەونە سنوری چوار وولاتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (تورکیا-ئێران-عێراق-سوریا) ئەم ڕوانگەیەش پێمان دەڵێ کە دۆزی کورد لەلایەن ئەمەریکاوە وەک کێشەیەکی ناوخۆیی چوار وولاتە داگیرکەرەکەی کوردستان سەیر دەکرێت.

کوردستان لەلایەک پێگەیەکی جیوپۆڵەتیکی ستراتیژی هەیە «وەک دڵی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وایە» و لەلایەکی تریش ژێرخان و سەرخانی زۆر دەوڵەمەندە، بۆیە هەمیشە بووتە جێگای چاوتێبڕینی وولاتانی دوور و نزیک (وڵاتانی داگیرکەری تورک و عەڕەب و فارس+ زلهێزەکان)

**دەتوانین کورد لە ڕوانگەی ئەمەریکادا بۆ شەش قۆناغ دابەش بکەین:**

**١- قوناغی یەکەم دوای شەڕی جیهانی یەکەم:**

دوای جەنگی جیهانی یەکەم (وودرۆ ویڵسن)ی سەرۆکی ئەمەریکا ڕاگەیەندراوێکی بەناوبانگی دەرکرد کە لە خاڵی (١٢)دا باسی لە مافی گەلانی نەتەوەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی دەکرد، بەڵام دڕندەیی کەمالیستەکان و چاوچنۆکی و پلانی (سایکس-پیکۆ) ی بەڕیتانیا و فەڕەنسا و پشتگوێخستنی مافی گەلان لەلایەن ئەمەریکاوە خەونی سەربەخۆیی کوردی لەوکاتەدا لەبار برد.

**٢- قۆناغی دووەم (١٩٧٢-١٩٧٥) سەردەمی نیكسۆن و كیسنجەر:**

بەهۆی هاوپەیمانی ئەوكاتی نێوان عێراق و سوڤیەت، ئەمەریكا لە ڕێگای شای ئێرانەوە بەنهێنی و بۆ ماوەیەكی كورت پشتگێری شۆڕشی كوردیان كرد، بەڵام دوای گەیشتن بە ئامانجەكانیان و لە ساڵی (١٩٧٥) شای ئێران ڕێكەوتنی جەزائیری لەگەڵ ڕژێمی سەدام مۆر كرد و پشتیان لە كورد كرد.

**٣- قۆناغی سێهەم (قۆناغی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١):**

دوای شەڕی كەنداو جۆرج بۆشی (باوك) لە وتارێكدا كورد و شیعەی هاندا بۆ ئەوەی ڕاپەڕن دژی ڕژێمی سەدام، بەڵام لە ترسی هەژموونی ئێران بەسەر ڕاپەڕینی شیعە لە باشوور ئەمەریكا ڕێگای بە ڕژێمی سەدام دا كە ڕاپەڕینی شیعە سەركوت بكات و دوو ملیۆن كوردیش ئاوارە بكات بۆ سەر سنورەكانی ئێران و توركیا، ئەم كارەی سەدام ئەنجومەنی ئاسایشی ناچار كرد لە ڕێكەوتی (٥/٤/١٩٩١) بڕیاری (٦٨٨) دەربكات كە بەهۆی ئەم بڕیارە خەڵكی سڤیلی هەرێمی كوردستان پارێزرا لە دەست ڕژێمی سەدام، لەم قۆناغەدا ئەمەریكا تەنها لە ڕووی مرۆڤدۆستیەوە گرنگی بە كوردی باشور دەدا و پێی دەگوتن (كوردە باشەكان)، بێ گوێدانە كوردی پارچەكانی تری كوردستان (باكور، ڕۆژ هەڵات، ڕۆژئاوا)

**٤- قۆناغی چوارەم (٢٠٠٣) جۆرج بۆشی (كوڕ):**

دوای یازدەی سێپتەمبەر بۆشی كوڕ بڕیاریدا ڕژێمی سەدام بڕوخێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش كوردی عیڕاقی وەك فاكتەرێكی بەهێز لەقەڵەمدا بۆ ڕوخاندن و دوبارە بونیاتنانەوەی عێڕاق، لەم قۆناغەشدا كورد هەمیشە گوێڕایەڵی ئەمەریكا بووە و بەهۆیەوە هەندێك ماف و دەستكەوتی (تاڕادەیەك باش)ی لە دەستوری نوێی عێڕاقدا دەستكەوتووە، ئەگەرچی بەشێكی زۆری ئەو بەند و بڕگانەی پەیوەندی بە مافی كوردەوە هەبوون تەنها وەك (حبر علی الورق!) مانەوە و جێ بەجێ نەكران.

**٥- قۆناغی پێنجەم (٢٠١٤) قۆناغی شەڕی داعش:**

دوای سەرهەڵدانی داعش لە ناوچە سونیەكان و دروستبوونی هەڕەشەی جدی لەسەر بەرژەوەندیەكانی ئەمەریكا، ئەمەریكا كوردی وەك پرۆكسی و ئامراز و كارەكتەرێكی بەهێز بەكارهێنا بۆ تێكشكاندنی ئوستورەی داعش، كورد لەم جەنگەدا نزیكەی (٢)

هەزار شەهید و (١٠) هەزار بریندارى بەخشی، لەم قۆناغەدا قارەمانیەتی پێشمەرگە و کورد بووە جێگای سەرنجی هەموو جیهان.

**٦- قۆناغی شەشەم (٢٠١٧) ڕیفراندۆم:**

سەرکەوتنی کورد بەرامبەر داعش لەلایەک و گەیشتن بە بنبەست لەگەڵ حکومەتی بەغدا لەلایەکی تر، کوردی هاندا کە ئەم هەلە بە دەرفەت بزانێ بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی و جیابونەوە لە عێراق، بەڵام ئەم جارەش ئەمەریکا پشتگیری لە کورد نەکرد و ناڕەزایەتی دەربڕی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، دوای گشتپرسیش کە (٩٢.٧٪) خەڵکی کوردستان دەنگیاندا بە جیابوونەوە لە عێراق، ئەمەریکا گڵۆپی سەوزی بۆ عێراق هەڵکرد تاکو لە ڕێگای گەلە کۆمەیەکی ناوخۆیی و ناوچەییدا نیوەی خاکی کوردستان داگیر بکەن.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین چەندە فاکتەرە دەرەکیەکان هۆکاربوون بۆ بەدێنەهاتنی خەونی دەوڵەتی کوردی، دوو ئەوەندەش فاکتەرەناوخۆیەکان هۆکاربوون!!!

فاکتەرە ناوخۆیەکانی وەک (دواکەوتوویی و خۆش باوەڕی و داردەستەبوون و کورت بینی و پەرتەوازەی و خیانەت و نەبونی ئەجێندایەکی ستراتیژی نیشتیمانی و جیۆپۆلەتیکی کوردستان) لەگەڵ فاکتەرە دەرەکیەکانی وەک (چاوچنۆکی و دڕندەیی هێزە ناوچەیی و داگیرکەرەکان و بێدەنگی ئەمەریکا و زلهێزەکانی تر بەهۆی یەکانگیرنەبوونی هاوکێشە و بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ دۆزی کورد) ئەو کۆمەڵە فاکتەرە بوون کە بە درێژایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، خەونی گەیشتن بە دەوڵەتی کوردستانیان لەبار برد!!!

**سەرچاوەکان:**

١- مێژووی سیاسی و ئابووری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زنجیرەی ١٨، بەرگی یەکەم و دووەم، دکتۆر فەزڵوڵڵا قوڕەیشی.

٢- State & Local politics, Instution and Reform, Donovan/Mooney/ Smith

٣- فرحان زیادە و ابراهیم، تاریخ الشعب الامریکی.

٤- www.usinfo.state.gov

٥- www.theamericanpresidency.gov

کاک Zryan Baran

٦- پەرتووکی (کوردستان، ئەو وڵاتەی کە نییە)، نووسینی ئینگمار کارلسۆن و وەرگێڕانی ئەنداز حەویزی.




# ئەمەریکا و ئێران و داهاتووی عێراق

پەیڕەو ئەنوەر/توێژەر

## لەبڕی پێشەکی:

## (هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی)

ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لە هاوینی ٢٠١٥دا لەنێوان وڵاتانی پێنج کۆ یەک و ئێران واژووکرا. دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/٨ کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا ڕاگەیاند و هێمای بەوەکرد کە پێویستە هەڵسوکەوتە پیسەکانی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕابگیرێت و توندترین سزاش بەسەر ئێراندا دەسەپێنن و سزاکە ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە کە دەستییان تێکەڵکردووە لەگەڵ ئێران و یارمەتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی دەدەن. هاوکات ئاماژەی بەوەشکرد کە ڕێککەوتننامەکە نەیتوانی ببێتەهۆی سنوردارکردنی چالاکییەکانی ئێران بەڵکو بووە هۆی دروستبوونی ئاڵۆزی و پەشێوی زیاتری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە و پشتیوانی لە ڕێکخراو و هێزە تیرۆریستییەکان. بەشێک لەسزاکان بانکی ناوەندی ئێران و بانکی بیلادی ئیسلامی کە بارەگاکەی لە عیراقە و چەند کەسایەتی و دامەزراوەیەکی تر دەگرێتەوە.

## ئێران دوای ڕێککەوتننامەکە

بۆچوونێک هەیە پێی وایە ئێران چەندی فشاری دەرەکی و نێودەوڵەتی بکەوێتەسەر بەتایبەت ئەگەر فشارەکە لەلایەن ئەمەریکاوە بێت ئێران زیاتر دێتەدەرەوەی خۆی و قەیران و ئاڵۆزییەکان هەناردەی جوگرافیای دەرەوەی خۆی دەکات بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە ئێران بە ناوچەی هەژموون و ستراتیژی خۆی دادەنێت و لەچوارچێوەی پرۆژەی هیلالی شیعیدان (عیراق، لوبنان، سوریا و بەشێکی یەمەن) بەمەش پێدەچێت ئێران بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ململانێیە لەگەڵ ئەمەریکا زیاتر عیراق وەک ڕووبەر و دەوڵەت هەڵبژێرێت لەبەر کۆمەڵێک هۆکار بەتایبەت:

یەکەم: ئەمەریکا هێشتا ئامادەیی هەیە لە عیراق و بە قوڵایی ستراتیژی خۆی دەزانێت لەناوچەکە و نایەوێت عیراق بەتەواوی ببێت بە مەعسکەرێکی ڕووسی-ئێرانی. ئێرانیش بەهۆی هەژموون و هێزە پاشکۆ و هاوبەش و سەرمایە مەزهەبی و مێژوویی و جوگرافیاکەیەوە دەیەوێت ڕووبەڕووی ئەمەریکا ببێتەوە و ململانێکانی لەگەڵدا بەڕێوەببات بەتایبەت لە ئێستادا قۆناغی دوای هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتێکی تازەیە لە عیراق و ئێران هەوڵدەدات پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و حکومڕانی ئاڵۆزبکات و ئەمەریکا ماندوو و بێ ڕۆڵ بکات.

دووەم: لەڕێگەی عیراقەوە باشتر بگات بە سوریا و لەوێشەوە لەڕێگەی بلۆکی ڕووسیا-سوریاوە فشار بۆسەر ئەمەریکا دروستبکەن و کۆریدەرێکی جیۆپۆلەتیکیش بدۆزنەوە تا ئێران لەڕووی جیۆسیاسی و جیۆستراتیژییەوە نەخنکێت و بەردەوام بێت لەبەڕێوەبردنی ململانێکان چونکە ئێران (عیراق، سوریا و لوبنان) بە ئەلقەیەکی گرنگی نێو ئەو کۆریدەرە جیۆئابووری و سیاسییەی خۆی دادەنێت لەکاتی قەیران و فشاری دەرەکی بۆسەری پەنای بۆدەبات و بەکاریدێنێت.

لەدوای سەپاندنی سزاکانیش لەلایەن ئەمەریکاوە (حەسەن ڕۆحانی) سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند: »ئەگەر ئەمەریکا سزای قورس بسەپێنێت دەبێت بەشێوەیەک پەشیمان ببنەوە کە هەرگیز لەمێژوودا ڕوووینەدابێت و بەرەنگاری بڕیارەکانی ترەمپ دەبینەوە.«

## داهاتووی عیراق و ڕۆڵی ئێران

لەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکەی ١٢ی ئایاری ٢٠١٨ی عیراق کە هاوپەیمانی سائیروون بەسەرکردایەتی سەدر ٥٤ کورسی بەدەستهێناوە و هاوپەیمانی فەتح بەسەرکردایەتی هادی عامری ٤٧ کورسی بەدەستهێناوە و هاوپەیمانی نەسر بەسەرکردایەتی عەبادی ٤٢ کورسی بەدەستهێناوە و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی ئاڵۆزکردووە. قاسم سولەیمانی بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەغدا دەکات و هەوڵدەدات هەرچۆنێک بێت لەنێوان هادی عامری و عەبادی و بەشێک لە پێکهاتەکانی تر حکومەتێک پێکبهێنرێت و سەدر لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دووربخەنەوە بەڵام

ئەمە تەنها هەوڵێکە دەکرێت کۆمەڵێک سیناریۆی جیاواز هەبن بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عیراق و ڕۆڵی ئێران لەو حکومەتە:

**سیناریۆی یەکەم:**

**(دروستبوونی حکومەتێکی نزیک لە ئێران)**

یەکێک لە بژاردە بەهێزەکان دروستبوونی حکومەتێکە کە بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵ و هەژموونی ئێراندابێت و ئێرانیش لەڕێگەی قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران هەوڵەکانی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ یەکخستنی لیستی مالیکی و فەتح و عەبادی و دواتریش بەشێک لە پارتەکانی ناو هاوپەیمانییەکانی تر بێنە ناو ئەو قەوارە گەورەیە و حکومەتێک دروست بکەن بەبێ سەدرییەکان. کێشەی ئەمجارەی ئێران لەعیراق سوننە و کوردەکان نین لە پێکهێنانی حکومەتێکی تازەدا بەڵکو کێشەکە لەنێوان خودی نێو ماڵی شیعەدایە. تائێستا عەبادی ئەم سیناریۆیەی ڕەتکردۆتەوە و ڕایگەیاندووە کە ناچێتە ناو هیچ هاوپەیمانیەتێکی مەزهەبی شیعی یا سوننیەوە.

**سیناریۆی دووەم:**

**(دروستبوونی حکومەتێکی نزیک لە ئەمەریکا)**

ئەمەریکا خوازیاربوو لیستەکەی عەبادی زۆرینەبێت و عەبادی خۆشی دەستپێشخەری پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتەکە بکات و زۆرینەی لایەنەکان بەشداری پێ بکات. عەبادی بەهۆی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئێران و سعودیە و نەچوونەژێرباری ئێران بەتەواوی و سەرکەوتنی بەسەر داعش و پاراستنی یەک پارچەیی خاکی عیراق و چەند هۆکارێکی تر ئەمەریکا مەبەستێتی بۆ چوار ساڵی داهاتووش بیهێڵێتەوە و دەرفەتی حکومڕانی پێ ببەخشێتەوە. بەتایبەت ئەمەریکا واهەست دەکات لەڕێگەی عەبادییەوە دەتوانێت جۆرێک ڕێگری لەهەژموونی ئێران لە عیراق و جۆرێک لە سەقامگیری لە عیراقدا دروستبکات بەڵام ئەم سیناریۆیە لاوازە چونکە هەم عەبادی زۆرینە نییە و هەمیش ئێران ڕێگەی پێناداتەوە بەتەنها ڕابەرایەتی پرۆسەی حکومڕانی داهاتووی عیراق بکات.

**سیناریۆی سێیەم:**

**(دروستبوونی حکومەتێکی تەکنۆکرات و دوور لە ئێران)**

لیستی سائیروون کە سەدرییەکان و شیوعیەکان لەخۆدەگرێت براوەی ئەم هەڵبژاردنەن و زۆرینەن. مەرجەکانی سەدر بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ گێڕانەوەی بڕیاری سیاسی بۆ عیراقییەکان و دوورخستنەوەی هەژموونی تارانە لە عیراق و بەرەنگاربوونەوەی مەسەلەی گەندەڵییە. ئەمەریکاش وای دەبینێت کە بردنەوەی سەدر لە هەڵبژاردنەکان سزادانی ئێران و شکستپێهێنانی ئێرانە چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی موقتەدا سەدر لە مەرجەعە ئاینییەکانی تر لێدوانە توندەکانێتی دژ بە خودی ئەمەریکا و ئێران. سەدر وەک کاراکتەرێکی دژ بە ویلایەتی فەقیهە و وەک پرۆژەیەکی نیشتیمانی خۆی دەردەخات و زیاتر تیشک دەخاتە سەر عیراقیبوون بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا نەیتوانیوە متمانەی سوننەکان بەدەستبهێنێت تا بتوانێت بەبێ حسابکردن بۆ ئێران و ئەمەریکا حکومەتی داهاتوو پێکبهێنێت چونکە سەدر دەیەوێت سیاسەتێکی هاوسەنگ لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی پەیڕەوبکات و عیراق بەتەواوی لە پاشکۆیەتی و هەژموونی ئێران و ڕزگاربکات.

**بەشداری کورد لە بەغدا**

**(هەڕەشە و دەرفەتەکان)**

پرۆسەی سیاسی لە عیراق پرۆسەیەکی فرە ڕەهەند و گشتگیرە و دەبێت لەڕێگەی هاوپەیمانی و بەشدارییپێکردنی زۆرینەی لایەن و پێکهاتە و هێزەکانەوە بەرێوەبچێت. یەکێک لەو پێکهاتە سەرەکیانە بەشداری کوردە و بەمەش لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقەوە کورد ئەمجارە چەندین هەڕەشە و دەرفەتی لەبەردەمدایە لە مەسەلەی بەشداریکردنی لەحکومەتی داهاتووی عیراقدا.

**هەڕەشەکان**

**یەکەم:**

ئەگەر کورد نەتوانێت یەک گوتار و یەک هەڵوێست و یەک دەنگ بێت و بە پەرتەوازەیی و هەریەکە بەجیا بچێتە بەغدا و هەریەکە بکەوێتە ژێر کاریگەری هێزێکی جیاوازی بەغداوە و پێکهێنانی حکومەتیش زۆر بخایەنێت و وڵاتانی هەرێمی و ناوچەکە دەستوەردانی زیاتر بکەن و هیچ گرەنتییەک نەبێت بۆ جێبەجێکردنی داواکانی کورد لە عیراق.

**دووەم:**

حکومەتێکی زۆرینە بەسەرکردایەتی لایەنێکی شیعی پێکبهێنرێت و حەشدی شەعبی وەک هێزێکی میلیشیا بەکاربهێنێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەموو جومگەکانی حکومڕانی و داهات و سامانی سروشتی لەعیراق و سەپاندنی مەرج و سزای زیاتر بەسەر هەرێمی کوردستان.

**دەرفەتەکان**

**یەکەم:**

یەکێک لە دەرفەتەکان بۆ کورد هاوسەنگکردنەوەی هێز و گەڕانەوەی پێگەی سیاسی و دبلۆماسی هەرێمی کوردستانە لەڕێگەی بەشداریکردنی لە حکومەتی داهاتووی عیراقەوە بەڵام بەو مەرجەی کورد لە بەغدا یەکگرتوو و یەک بەرنامەبێت و یەک داخوازی سیاسی و ئابووری و سەربازی هەبێت و پێداگری لەسەر ئەوەبکات کە ڕۆڵێکی ڕاستەقینەی پێ بدرێت لە نێو جومگە جیاوازەکانی حکومڕانی لە بەغدادا.

**دووەم:**

بەهۆی پەرتبوون و دابەشبوونی ئەمجارەی شیعەکان دروستبوونی حکومەتێکی بەهێز و سەنتراڵ زەحمەت و سەخت بووە چونکە بەهێزی شیعەکان و پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز لە بەغدا دەبێتە مایەی لاوازبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان و سەپاندنی مەرجی زیاتر لەولاوەش بەهۆی دابەشبوونی شیعەکانەوە ئەمەریکا دووبارە پەنا بۆ کورد دەباتەوە بۆ بەشدارییپێکردنی لە بەغدا و لەلایەکی ترەوەش بەهۆی هاتنی چەند کاراکتەرێکی

ئەمەریکی دژە ئێرانی بۆ ناو سەنتەری دروستکردنی بڕیار لە ئەمەریکا بەتایبەت پۆمپیۆ و جۆن بۆڵتۆن وادەکات کورد ڕۆڵێکی سیاسی پێ بدرێتەوە.

**دوا سەرنج:**

لەدوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران و سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ئەو وڵاتەدا ئێران هەڕەشەی وەڵامدانەوە و پەرچەکرداری لەناوچەکە کردووە. پێدەچێت کاردانەوەی ئێران لەو ناوچە و وڵاتانەبێت کە ئەمەریکا بە ناوچەی هەژموون و مەعسکەری خۆی دەزانێت بەتایبەت عیراق. ئێران هەوڵدەدات لەڕێگەی عیراق و سوریا و لوبنانەوە هێز و بەها سیاسییەکان لەگەڵ ئەمەریکادا دابەشبکاتەوە و بەڕێوەببات. عیراق لەداهاتوودا دەبێت بە قوڵایی ستراتیژی ململانێی نێوان ئەم دوو هێزە و هەریەکەیان هەوڵدەدات حکومەت و دامەزراوەی سیاسی و کۆی پرۆسەی سیاسی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و ڕێگە بە هەژموون و خۆسەپاندنی دونیابینی و بەرنامەی سیاسی و جیۆسیاسی یەکترنەدەن. لەئێستادا عیراق لە قۆناغی دوای هەڵبژاردندایە Post-election stage و پێگە و قەبارەی هێزە سیاسییەکان گۆڕاون و هەریەک لە ئەمەریکا و ئێرانیش لەهەوڵی ئەوەدان حکومەتێکی تازە بەبەشداری کورد پێکبهێنرێت کە هیچ مەترسییەکی بۆ پێگەی ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی ئەواندا نەبێت و بەشداری کوردیش لە حکومەتی داهاتووی عیراق چەندین هەڕەشە و دەرفەت Challenges & Opportunity لەخۆدەگرێت و قۆناغێکی جیاواز و تازەدەبێت بۆ کورد لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە.




# ڕامانەکان لە وێنانەکراو
# ڕووە تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوە لە جینۆساید

**یایر ئاورۆن**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە**

**مەهاباد قەرەداغی**

## جینۆساید: دیاردەکە و پێناسەکەی

(لە یادمە: دوێنێ، یان جاویدانەی لەمەوپێش ڕوویدا. کوڕێکی گەنجی جولەکە

مەملەکەتی شەوی دۆزییەوە. نیگەرانی ئەوم لەبیرە، خەمی ئەوم لەبیرە. هەموو شتێک ئاوا زۆر بەخێرایی ڕوویدا. کەمپەکان، ڕاگواستنەوەکان، ئۆتۆمبیلە سەرداپۆشراوەکانی ڕانەمەڕەکان. قەسابخانە گڕگرتووەکان، کە مێژووی گەلی ئێمە و دوارۆژمانی تێدا کرا بە قوربانی...

ئێستاش کوڕەکە دەگەڕێتەوە لام: «پێم بڵێ»، دەپرسێت. «چیت لە دوارۆژی من کرد؟ چیت لە ژیانی خۆت کرد؟»

منیش پێی دەڵێم کە من هەوڵم دا. هەوڵم دا یادگام بە زیندوویەتی بهێڵمەوە، هەوڵمدا من دژ بەوانە بجەنگم کە لەیادی دەکەن. چونکە ئەگەر ئێمە لەیادی بکەین، ئێمە گوناهبارین، ئێمە بەشداری تاوانین.)

**ئیلی ویسڵ،**
**براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی**
**ساڵی ١٩٨٦**

## جینۆساید وەک رواڵەتی مێژووی مرۆڤ

وەک دیاردەی مرۆڤ، جینۆساید بەشێکە، هەڵبەتە بەشە چەپێندراوەکەی بوونی مرۆڤە، شتێکە کە دەبێ ئێمە لە یادمان بێت و لە بارەیەوە فێر بینن. دۆزینەوەی بابەتی جینۆساید، پرسیاری بنچینەیی دێنێتە ئاراوە سەبارەت بە دۆخی مرۆڤ، کە تیایدا مرۆڤ دەتوانێت دڕندایەتی بنوێنێت، هەر ئەویشە دەتوانێت دەستکەوتی مرۆڤانەی باڵایشی هەبێت، رۆحگەرا بێت، دەستکەوتی کولتووری هەبێت. تا قووڵتر ڕۆ بچینە نێو بابەتی

جینۆسایدەوە، ڕوونتر ئەو دوو ڕووەی دۆخی مرۆڤمان لەسەر شێوە بنچینەییەکەی خۆی، بۆ دەردەکەوێت.
هەرچەندە نمونەکانی کۆمەڵکوژیی (کە ئێمە لە خوارەوە دەیبینین، کە مەرج نییە هەردەم جینۆساید بن)، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جێگەیان گرتووە، سەدەی بیستەم گەواهیدەری ژمارەیەکی زۆرترە لە جینۆساید، زیاتر لە هەر سەدەیەکی پێشووتر. لە ئەنجامدا، هەندێک کەس وەک لەمرۆڤایەتیخستنی ژیان لە ماوەی سەدەی بیستەمدا، تۆماریان کرد- وەک کولتووری ریشەکێشکردن یان کولتووری مەرگ- ناوزەدیان کرد. ئەو ساتە جینۆسایدئامێزانە، دەبێ ببەسترێنەوە بە توانای ئێمە بۆ بەکارهێنانی چەک بۆ وێرانکاری و کۆمەلکوژی، کە پرسیاریش سەبارەت بە دوارۆژی کۆمەڵی مرۆڤایەتی دێنێتە گۆڕێ.

لە پەرتووکی شامپانزی سێیەم: گەشەکردن و دوارۆژی مرۆڤی ئاژەڵ، جەیرد دیامۆند، پرۆفیسۆری دەروونناسی لە قوتابخانەی ئۆکلا، کە قوتابخانەی دەرمانسازییە، جەوهەری جینۆساید وەک دیاردەیەکی مرۆڤ لە گۆشەنیگایەکی سەرنجراکێشەوە، دەدۆزێتەوە.[١] کتێبەکە بەڵگەنامەی ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆبیۆلۆژی سەبارەت بە هەندێ ستاندارد دەهێنێتەوە، کە بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەن دەربارەی گەشەسەندن. سۆسیۆبایۆلۆژی هەوڵ دەدات لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ تێبگات، جەخت دەکاتەوە کە وەک چۆن سیفەتە فیزیکییەکان، ئاوایش هەندێک لە ڕەفتارەکانی تاک ڕوودەدەن بۆ ئەوەی وەچەی زیاتر بێننە بوون، کە بە دڵنیاییەوە هەندێ لە ڕەفتارەکانیان بۆماوەن. بە پێچەوانەشەوە، بناغە ئەنترۆپۆلۆژییەکان ڕەفتاری تاکەکان دەگەڕێننەوە سەر کولتوور، کە لەناو فاکتۆرەکانی سۆسیۆئیکۆنۆمی، سایکۆلۆژیا، مێژوو دا ڕەگی داکوتاوە.
دیامۆند زانیاریمان سەبارەت بە دوو جۆر شامپانز دەداتێ: شامپانزی ئاسایی (هۆمۆ ترۆگلۆدیت)ەکان و شامپانزی وردیلە (هۆمۆ ساپێنس)ەکان، کە ٩٨٪ جینەکانیان لەگەڵ ئەو دوو جۆرەی تری شامپانزدا هاوبەشن کە بۆ ئێمە ناسراون. ئەمە چ پەیوەندی بە جینۆسایدەوە هەیە؟ بە پێی دیامۆند، هەندێ سیفەتی دەگمەن لە ئێمەدا هەیە وەکو جۆر، کە لە جۆرەکانی تری بوونەوەردا نییە، وامان لێ دەکات سەرکەوتوو بین و

---

١- Jared Diamond, The Third Chimpanzee: The Evolution and Future of the Human Animal (New Yourk: Harper Perennial, ١٩٩٢).
بۆ ڕاپرسییەکەی دیامۆند لەبارەی جینۆسایدەوە، بڕوانە بەشی تایبەتی ١٦ "لە ڕەش و سپیدا"".

توانای هەندێ کارمان هەبێت بوونەوەرەکانی تر توانای کردنیان نییە- لەبارەی توانای خۆڕیشەکێشکردنەوە. شامپانزەکانیش، وەکو مرۆڤ، سیفەتی ئێکسۆفۆبیا (تۆقین لە بێگانە)یان تێدایە. مرۆڤ ئەم سیفەتەی بە پلەیەکی سەرسوڕهێنەر تێدا بەڵگەدار کراوە بە پێی ئەو پەیوەستییەی کە لە نێوان تەکنەلۆژیای نوێ کە لە لایەن کولتووری مرۆڤەوە داهێنراوە و جینەکانی ئێمە، کە وەکو شامپانزەکان لە باوباپیرانمانەوە پێمان بەخشراوە. لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی، غەریزەی ئێمە بۆ کوشتن لە بنچینەی بەهای کولتووری، یاسایی و رەوشتییەوە سەرچاوەی گرتووە. دایامۆند جەخت دەکاتەوە ئەوە دەسەڵاتی خۆمانە کە هەڕەشەیە بۆ سەر بوونی خۆمان.

دایامۆند دەرکەوتنی دیاردەی جینۆساید دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر کۆمەڵی مرۆڤ و شیکاری بۆ ئەو خووە دەگمەنەی دەکات کە لە سەدەی بیستەمدا ڕوویدا. دەپرسێت؛ بۆچی کەم لەو دۆخانە سەرنجی ڕاکێشا؟ لە هەوڵیدا بۆ شیکردنەوەی ئەوەی بۆچی مرۆڤ دەکوژێ و لە هەمان کاتدا نکۆڵیشی لێدەکات، کە وای کردووە، دایامۆند سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ مەیلی مرۆڤ بۆ دابەشکردنی جیهان بۆ «ئێمە» و «ئەوان». ئەم میکانیزمە وا دەکات ئەو کەسەی کە دەکوژێت هەست بکات یەکێک لە»ئەوان»ی کوشتووە، وەک لەوەی کەسێکی لە «ئێمە» کوشتبێت.

دایامۆند وەڵامێکی ڕوون دەداتەوە بەو پرسیارەی کە چۆن ئەنجامدەرانی جینۆسایدە مۆدێرنەکان سەرکەوتوو بوون لە هاوئاهەنگکردنی هاودژەکان لەگەڵ کردەوەکانیان و کۆدە گەردوونییەکانی رەوشت: »ئەوان دووبارە پۆلێنیان کردەوە بۆ سێ جۆری پاساوهێنانەوە، هەر هەموویان جۆری جیاوازی تێمای سایکۆلۆژی ساکار بوون: »سەرزەنیشتکردنی قوربانی»[٢]. ئەم سێ جۆرە لە پاساودانەوە بریتین لە بەرگری لەخۆکردن؛ سەر بە ئایین یان نەژادی»گونجاو»، یاخوود دنیابینی سیاسی»گونجاو» و بەراوردکردنی قوربانی بە ئاژەڵەوە، هەیە.

دایامۆند هەوڵیش دەدات نەبزوتنی بەشەکەی دیکەی خەڵک ڕوون بکاتەوە، دەڵێت زۆرینەی خەڵک بایەخ نادەن بەو نادادپەروەرییەی بەرامبەر بە کەسانی تر، یان بەرامبەر کەسانێ

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢٩٨

کە پەیوەندییان پێیانەوە نییە، ئەنجام دەدرێن. ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی بێگومانە، بەڵام هەموو ڕوونکردنەوەکە نییە. ئەو پێی وایە بەشەکەی دیکە، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە «هەستی سڕبووە»، یاخوود بیرۆکەکە ئەوەیە کاتێ کە مرۆڤەکان دەکەونە نێو دۆخی توندوتیژی و ئازاری لەڕادەبەدەرەوە ‹ئەوانی تر، یان تەنانەت خۆشیان› دەچنە دۆخی سڕبوونەوە. ئەم داینامیکە لە ئەنجامی ڕاپرسی دەستەیەک لە قوربانییەکاندا دەرکەوت کە ڕووبەڕووی ئازار و توندوتیژی جۆراوجۆر بووبوونەوە، ئەوانە هەستیان بە گوناهێکی زۆر دەکرد لەوەی خۆیان ڕزگاربوونە. یەکێکی تر لە دەرکەوتە لەڕادەبەدەرەکان بریتییە لە شکستی کاردانەوەی بەشەکەی تری خەڵک. «ڕێک وەک سڕکردنی ژانێکی فیزیکی بەهێز،» دایامۆند ڕوونی دەکاتەوە، «ئاوا لە ژانی دەروونی»ش دەکرێت: ڕێگایەکی تر نییە بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە تا بە عاقڵی بمێنیتەوە.... سەدان هەزار ئەمریکایی کە لە ڤێتنام ئازاریان چێشت، تووشی ئەم سڕبوونە هاتن.»[٣]
ئەم کاردانەوەیە سیفەتی ئەنجامدەران و وەچەکانی جینۆسایدیشە، کە بە ڕوونی خۆیان بە بەرپرسیار نازانن بەرامبەر بە کردەوەکانی باوباپیرانیان. زۆرینە هەستبەگوناهێکی هاوبەشیان هەیە، هەندێکیان دەست دەکەن بە نووسینەوەی مێژووی ژیانی خۆیان بەو نیازەی لەو ئازارانە دەرباز بن کە لە ڕابردوویانەوە هەڵقوڵاوە.

## ئاڵنگارییەکانی پێناسەکردنی جینۆساید

ئەوەی ئەمڕۆ باوە تێڕوانینی گشتی هەیە سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان زمانی ڕۆژانە و زمانی زانستی. زمانی ڕۆژانە پێویستی بە دەستەواژەی ورد نییە بۆ پێناسەکردنەکان، چونکە جگە لە زانیاریی، بۆ گواستنەوەی هاوهەستی و ڕاوبۆچوون و هەڵوێستییش بەکاربراوە. زمانی زانست لە لایەکەوە زانیاری و پرنسیپەکانی زانست و دۆزینەوەکان لێک جیادەکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە ناوەڕۆکە مەزەندەکراوەکان، کە ئەمانەش پێناسە و دەستەواژەی زانستی وردی پێویستە. جیاکردنەوەی زمانی ڕۆژانە و گوتاری زانستی هەندێ جار قورسیشە، بەهۆی گەشەسەندن و فراوانبوونی بوارەکانی پەروەردە و هێزی ماسمیدیا و زانست، کە ئەمانەش پێکەوە وادەکەن هاتوچۆیەک لە نێوانی زمانی ڕۆژانە و گوتاری زانستی، ڕووبدات. کە ئەمەش ڕوودەدات، دەستەواژە و پرنسیپە زانستییەکان موتوربە دەبن لەگەڵ مانا ڕامیارییەکەی و بەکارهێنانە ڕۆژانەکانیان و مانا

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٩.

بنەڕەتییەکانیان، ئەمەش وا دەکات کە پەیوەندییەکانیان کەمتر ورد بێت. دەستەواژەی «جینۆساید» نمونەیەکی وێنەیی بزواوی ئەم مانایە بەردەست دەخات.
وشەی جینۆسای لە دوو وشەی لاتینی هەڵهێنجراوە: جێنۆس، وشەی گریکی کۆنە بۆ نەژاد، یان نەتەوە، یان خێڵ؛ ساید، وشەیەکی لاتینە بە مانای کوشتن. دەستەواژەکە یەکەمجار لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم، لە لایەن یاساناسێکی جوو، ڕافائیل لێمکین (١٩٠١-١٩٥٩) بەکار هێنرا. مانای دەستەواژەی جینۆساید بە بایەخێکی زۆرەوە لە ناوەندە سیاسییەکاندا بەکار برا و بە خێراییەکی زۆر بڵاوبووە و بە فراوانی بەکارهێنرا. لە ئەنجامدا، نەک تەنها بە مانا بنەڕەتییەکەی خۆی، بەڵکو بۆ زۆر دۆخ و پرۆسەی دژوار و خراپ و وێرانکارانە و کوشتنی فیزیکی، وەک لەناوبردنی کۆهۆشی نەتەوەیی، زمان، کولتوور، ئازادی تاکەکەسی و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری؛ چاودێریکردنی رێژەی لەدایکبوون، و لە هەندێ دۆخدا تەنانەت لێکۆڵینەوە لە هەندێ جۆری داودەرمان، بەکار هێنرا. تەنانەت دەستەواژەکە لە چوارچیوەی» جینۆسایدی دەروونی»یش ئاماژەی پێدرا و بەکار هێندرا. هەندێکیش بە مەبەستەوە، مانای دەستەواژەی جینۆساید دەساختێنن، لە کاتێکدا کەسانی تر، لەنێویاندا سیاسەتوانەکان، تۆمەتبارن بەوەی کە بێرێزانە و هەڕەمەکی بەکاری دەبەن، وەک ئەمەی کە لە خوارەوە دەیبینین.

دەستەواژەی «هۆلۆکۆست» بەهەمان رێڕەودا بردرا. ئەگەرچی دەستەواژەکە بەو مەبەستە بەکاربردرا ریشەکێشکردنی جولەکەکان و گەلانی تر لە لایەن رژێمی نازییەوە بگەیەنێ، کە لە پێش و کاتی جەنگی جیهانی دووەم ئەنجام درا، (ئێمە دەبینین، پرسی ئەوەی ئایا دەستەواژەکە گروپ و گەلانی دیکەی ریشەکێشکراو لە لایەن رژێمی نازییەوە کە بوونە قوربانی، ڕووماڵ دەکات، تا رۆژی ئەمڕۆش گفتوگۆ و مشتومڕ هەڵگرە)، وشەی هۆلۆکۆستیش ئەمڕۆ بەکارهێنانێکی بەرفراوانی هەیە لە چوارچیوەی دیکەی جیاواز لە ناواخن و ماناکەی خۆی، کە وا دەکات لە بایەخی رووداوە مێژووییەکان کەم بکاتەوە، لە نێو شتەکانی تردا، دەستەواژەی «جینۆساید» و»هۆلۆکۆست»، بایەخی هەستوسۆزئامێزی زیاتری هەیە.

هەروەها ڕووداوە جینۆسایدئامێزەکان بە ڕوونی بارگاوین بە مانا هەستوسۆزییەکانەوە و ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی فرەیان لێ دەکەوێتەوە. بەکارهێنانە زانستییەکەی دەستەواژەکە، داوامان لێدەکات ئەو سۆزوهەست و ڕاوبۆچوونانەش بە جیا ڕەچاو بکەین. زۆر ڕووداوی

کێشەئامێزی وەکو جەنگ، ئافات و پەتا، برسێتی، کۆکوشتن و کارەساتە سروشتیەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا روویان داوە و جێگەیان گرتووە، ئەگەر هەموویان لە ژێر یەک دەستەواژەدا پۆلێن بکەین، نەک تەنها رێگە لە تێگەیشتنمان و پێشگیری بۆ دەستەواژەکە دەکرێت، بەڵکو هەر بە تەواوی رێ لە بەکارهێنانیان دەگرێت.

سەرەڕای گرنگی لێکۆڵینەوە لە بابەتی جینۆساید، تاوان و دڕندایەتی دۆخی مرۆڤ لە مێژووی مرۆڤدا زۆر کەم بووەتە بابەتی توێژینەوەی ناوەندەکانی زانکۆ و پلانی پەروەردەییان. لێکۆڵەڕانی بواری مێژوو، هەروەها نووسەرانی کتێبەکانی مێژووی قوتابخانەکان، وەک پێویست بایەخیان نەداوەتە ئەو کوشتارە ترسناکانەی کە لە ڕابردوودا ئەنجام دراون، لە جێگەی ئەوە زیاتر ئەو ڕووداوە پۆزەتیڤانەیان باس کردووە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویان داوە و پەیوەندیدار بوون بە سەرکەوتنی دادپەروەرییەوە. بۆ نموونە؛ کتێبە مێژووییەکانی دواناوەندی و زانکۆکان، شاری ئەسینا وەکو شارێکی زەنگین ناو دەبەن، بە بێ ئەوەی ئاماژە بدەن بەوەی کە لە ئەسینای کۆن رەنگە جینۆساید ئەنجام درابێت. سوپای ئەسینا لە ساڵی ٤١٦ی پێش زایین کوشتاری ئەنجام داوە لەسەر پیاوەکانی میلۆس، کە دوورگەیەکی دەریای ئەیجین بوو[٤]. بە هەمان شێوە سەبارەت بە بەزاندنی کارتاجەکان لە لایەن ڕۆمانەکانەوە، زانیارییەکی باو هەیە[٥]. هەروەها کۆرینس،[٦] چارەنووسی تا ئێستا نەزانراوی دانیشتوانی هەردوو شارەکە. بە شێوەیەکی گشتی، نووسەری کتێبەکانی مێژوو، بە دەگمەن گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە وێرانکردنی شارەکانیان چی گەیاندووە بە نیسبەت هاوشارییەکانەوە. بەم شێوەیە، ئەو مردنە سەخت و نائاساییانەی ملیۆنان مرۆڤ ئێمەی دڕدۆنگ کردووە و

٤- میلۆس دوورگەیەکی داگیرکراو بوو لە لایەن شاری سپارتا. بە پێی مێژوونووسی کۆنی گریک تیوسیدادیس، لە لایەن سوپای ئەسیناوە، لە ساڵی ٤١٦ی پێش زایین، هەموو پیاوەکانی میلۆس کوژراون، چونکە رەتیان کردووەتەوە بچنە پاڵ سوپای ئەسینا و جەنگ دژی سپارتا و پێلۆپێنسیانە هاوپەیمانەکانیان بکەن. ژن و منداڵەکانیان بەکۆیلەکراون و دوورگەکەش لە لایەن ئەسینياییەکانەوە داگیرکراوە و تیا نیشتەجێ بوون.
٥- کارتاج شارێکی بەهێز و دەوڵەمەندی فینیقییەکان بوو لە باکووری ئەفریقیا، لە جێگەی ئێستای توونسدا، لە نێوان سەدەکانی ٢ و ٦ ی پێش زایین. لە ئەنجامی چەندین جاری بەزین لە چەندین شەڕدا کە ناوی پوونیک (وشەیەکی رۆمانی بەکاربراوە بۆ فینیقییەکان)، جەنگەکان لە ساڵی ٢٠١ی پێش انیین شارەکە لە بناغەوە هەڵوەشایەوە و هەموو دانیشتووانەکەی ڕووبەرووی مردن و برسێتی بوونەوە. هانیباڵ، سەرلەشکری سوپای کارتاج لە کاتی جەنگی دووەم و سێیەمی پوونیکدا، بەوە ناسرا کە لە رێگایدا بەرەو ڕۆما، چیاکانی ئەلپی بە فیلسواری بڕیوە. ئەم شارە دواتر سەد ساڵ لە لایەن رۆمانەکانەوە نیشتەنی بووە.
٦- کۆرینس شارێکی گریکییە، دەکەوێتە رۆژئاوای ئەسیناوە بە دووری ٧٨ کیلۆمەتر، شارەکە لە سەدەی شەشەمی پێش زایيندا گەیشتە ترۆپکی گەشەی خۆی. لە ساڵی ١٤٦ی پێش زایین، دوای داگیرکارییەکی ماوەدرێژ، سوپای رۆمانەکان هەموو پیاوەکانی کوشت و ژن و منداڵەکانیان بەکۆیلەکردن. دواتر شارەکەیان وێران کرد و لەگەڵ زەویدا تەختیان کرد.

ویژدانی نەهەژاندووین. ئەو دۆخەش ناگۆڕێت هەتا مێژوونووسەکان و پەروەردەکاران کۆششێکی هۆشیارانە نەکەن بۆ تیشک خستنە سەر هەموو رووەکانی ئەو ڕووداوانە.

لە میانەی فەرامۆشکردنی ئەو مەسەلانە، لای کەم هەتا ئێستا، زۆرینەی کۆمەڵە زانستییەکان بەئاشکرا نکۆڵی دەکەن لە بوونی و خۆ لادەدەن لە لێکۆڵینەوە لە بارەیانەوە، هەندێ کات بە ئەنقەست و هەندێک جاریش نا. زۆر هێز یەکیان گرتۆتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو دۆخە، بەو ڕاستیانەشەوە کە سەرکەوتووەکان مێژووی کردارەکانی خۆیان نووسیوەتەوە، لە کاتێکدا چارەنووسی دۆڕاوەکان بە شێوەیەکی سروشتی بەشێک بووە لەشکستەکانیان. دەستەواژەی مافی مرۆڤیش لە کۆمەڵەکانی رۆژئاوا تا ڕێژەیەکی زۆر نوێیە. بێگومان، تەنانەت ئەمڕۆش، جەخت لەوە دەکرێتەوە هاوڵاتیان پابەند بکرێن بە دەوڵەتەوە، نەک بە مافەکانیانەوە.

مەیلی نکۆڵیکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە کوشتن و وێرانکاری، رۆڵێکی مێژوویی گرنگیشی بینی لە هێنانەکایەوەی نەریتێکی فەلسەفی کە وای بۆ دەچێت مرۆ لە سروشت و بۆماوەوە باشە[7]، ئەمەش بەشداری کرد لە هاتنەکایەوەی ناشیونالیزم و دەرکەوتە هەرە توندڕەوانەکەی. بۆ زۆرینەی مرۆڤ، دەستەواژەی ناشیونالیزم — کە خۆی لە خۆیدا دەکرێ هانی بێڕێزیکردن بە چارەنووسی کەسانی تر و کۆمەڵکوژی ئەندامانی گروپی نەژادی، ئایینی، نەتەوەی تر- بدات، لێکۆڵینەوەی فراوانی لەسەر کرا و پرسگەلی ئەخلاقی هێنایە گۆڕێ. بە پێی لێکۆڵەری ناشیونالیزم ئێرنست گێلنەر:

دەشێ ئەوە وا بێت کە.. مەیلی ریزپەڕکردنی یەکێک لە جێی یەکێکی تر یان دۆخێکی تایبەتی کەسێک، خاڵی سەرەکی لاوازیی مرۆڤ بێت کە هەموو خاڵەکانی تری لێوە سەرچاوە دەگرێت؛ کە هەستی نەتەوایەتی و هەستەکانی تریشی پێوە تووش دەبێت، ئەوەی کە ئیتالییەکان لە سەردەمی مۆسۆلینی پێیان دەگووت رۆحی نەتەوایەتی. هەروەها دەشێ کاریگەرییە سیاسییەکان هەستی نەتەوایەتی لاواز بکاتەوە ئەگەر بێتو

---

٧- ئۆگەستین، زانای تیۆلۆژی سەدەی چواری پێش زایین، ئەوەی دەربڕیوە کە تەنانەت مرۆڤ بە شەیتانیی لەدایک دەبێت، پەروەردە و کولتوور یارمەتییان دەدا بۆ تێپەڕاندنی ئەو سروشتە خراپییە و هەوڵدان بۆ ئەوەی باش ببنەوە. هەروەها بابەت فەلسەفی و ئایینی چیندین ساڵ ئەم پرسەیان وروژاند، تەنها لە سەدەی هەژدەدا لە سەردەمی رۆشنگەریدا و نووسینەکانی نووسەری فەرەنسی ژان ژاک رۆسۆ بە تایبەتی، ئینجا باس لەوە کرا کە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا و بە بۆماوە باشە و خۆی خزاندە نێو کولتووری رۆژئاوا شانبەشانی توێژینەوەکانی ئۆگەستین. بە پێی ئەو تێگەیشتنە نوێیە، کولتوور و پەروەردە هۆکاری گەندەڵکردنن و مرۆ بەرەو خراپی دەبەن. لە میانەی سەدەی هەژدەدە، هەردوو تێڕوانین شانبەشانی یەکتر لە کۆمەڵی رۆژئاوادا لە ئارادا بوون و یەک خزمەتی ئەویتریانی دەکرد.

٨- Ernest Gellner, Nations and Nationalism, ٢nd ed. (Malden, MA: Blackwell, ٢٠٠٦), p. ٢.

خەڵکە نەتەوەییەکان هەستیار بن بەرامبەر بەو هەڵانەی کە نەتەوەکەیان دەیانکات، هەر وەکو بەرامبەر ئەوانەی کە دژ بە نەتەوەکەیان هەڵە ئەنجام دەدەن.[٨]
لەبەر ئەوە دەبێت ئاگاداری پەیوەندی نێوان چڕیی ناسنامەی نەتەوایەتی و مەیل و دەرکەوتە توندڕەوەکەی هەندێ جاری بین، کە لە لایەکەوە لە میانەی سەدەی هەژدەیەمدا دەرکەوت و، لە لایەکی ترەوە نموونەگەلی جینۆساید کە لە سەدەی بیستەمدا ئەنجام دران.

.............

لای کەم لە ئاستی بڕیاربەدەستان، خەڵکانێک کار بۆ چارەسەری ئەنجامدانی جینۆساید ناکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا لەبەر هۆی سادیستی یاخوود لەسەر بنچینەی ئارەزووی خراپەکاری، ڕوو دەدات. پاساوێکی ترسناک کە ئەنجامدەرانی جینۆساید هەیانە گوایە نەیاندەتوانی ئەوە ئەنجام نەدەن لەبەر بەرژەوەندی گشتی. ئایا دەتوانین لەوە تێبگەین گیلنەر مەبەستی چییە لە دەستەواژەی ڕۆحی نەتەوەیی، کە لە چوارچێوەی بیری فاشیزمی ئیتالیایی نراوە، کە تاکەکەس بەرەو هەستی توندڕەوی پاڵپێوەدەنێ بە پاساوی بەرژەوەندی گشتی گروپەکەیان، کە دەبێتە هۆی ئازاردان و بێبایەخکردنی ئەوانی تر؟

..................

هۆلۆکۆست بە بێ هیچ گومانێک ترسناکترین کارەساتی سەدەی بیستەم بوو، کۆمەڵی مرۆڤایەتی تا ڕادەی کۆتایی، تاساند، یان لای کەم ئەو نکۆڵیکردنە گشتگرەی لاواز کردەوە سەبارەت بە تاوانەکانی خۆیان. دووری نێوان ئەو نمونە باڵایەی مرۆڤ وەک لە سروشتەوە باشهەڵکەوتوو، لەگەڵ ئەو واقیعە بێزارکەرەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەوەندە گەورە بووە کە نکۆڵی لێ ناکرێت. ئەگەر سالانی پێشوو فەرمانڕەوا سەرکەوتووەکان مێژوویان دەنووسی و مێژوویان دووبارە دەنووسییەوە، هۆلۆکۆست وای کرد کە دەنگی قوربانییەکان، بە تایبەتیش دەنگی قوربانییە جووەکان ببیسترێن. تەنها دوای ئەوەی کە دەنگی جووەکان بڵند بوونەوە، ئینجا دەنگی قوربانییەکانی دیکەی ڕژێمی نازی بڵند بوونەوە (وەکو ڕۆمانییەکان، هاوڕەگەزبازەکان). ئەوانیش چوونە ڕیزی قوربانییەکانی تری جینۆسایدەوە، وەکو ئەرمەنییەکان و ئۆکرانییەکان، کە ئەوانیش پێویستیان بەوە بوو، هەروەها مافی ئەوەیان هەبوو کە دەنگیان ببیسترێت.

## ڕافائیل لێمکین: داهێنەری دەستەواژەی جینۆساید

ڕافائیل لێمکین (١٩٠١-١٩٥٩)، پارێزەرێکی جولەکەی پۆڵۆنی بوو، کە هەموو خێزانەکەی لە هۆلۆکۆست لە دەست دا، بە داهێنەری بیرۆکەی ڕێککەوتننامەی سزادان و قەدەغەکردنی تاوانەکانی جینۆساید دادەنرێت، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. ئەو یاسای لە زانکۆی لڤۆڤ خوێند و پاش تەواوکردنی لە پۆستی داواکاری گشتی ناوچەکە دامەزرا. لە هەمان قۆناغدا، ڕەشنووسی پرۆژەیاسای نێونەتەوەیی بۆ قەدەغەکردنی ریشەکێشکردنی گروپە ئیتنیکی، نەتەوەیی، ئایینییەکان، نووسی، کە ئەو پرۆژەیە خولیای ئەو بوو هەر لە سەردەمی لاوێتییەوە. لە میانەی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی کە بۆ یاسای تاوانەکان سازکرابوو لە مەدرید لە ساڵی ١٩٣٣، لێمکین لەبارەی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان و هاتنەسەر دەسەڵاتی هیتلەرەوە، قسەی کرد و بە کرداری بەربەریانە و کرداری وێرانکارانە ناوزەدی کردن. بەربەریەت بە کرداری بەمەبەستەوە ئەنجامدراوی کەسێک دەگوترێت کە دژ بە کەسانی تر دەکرێت بە پاساوی پەیوەستبوونی یان ئەندامبوونی لە نەتەوەیەک، ئاینێک یان ڕەگەزێکی دیاریکراودا. کرداری وێرانکارانە ئاماژەیە بۆ وێرانکردنی سیستەماتیکیانە بۆ کارە هونەرییەکان و کولتوور و کەلەپووریان.[٩] لێمکین لە ئاکامدا ئەم دوو کردەیەی لە یەک دەستەواژەدا کۆکردەوە بە ناوی جینۆساید.

هەوڵەکانی لێمکین بۆ باوەڕپێهێنانی بەشدارانی کۆنفرانسەکە بۆ بەتاوانناساندنی کۆمەڵکوژی، بێهودە بوو. ئەو لە کۆنفرانسەکەدا دەستەواژەی جینۆسایدی بەکار نەهێنا، بەڵام پێشنیاری پەیمانێکی فرەرەهەندی کرد بۆ پۆلێنکردنی ریشەکێشکردنی گروپەکانی مرۆڤ و ناسینی وەک تاوانی نێونەتەوەیی، وەک کۆیلایەتی، جەردەیی، هەروەها تاوانەکانی تری کە بۆ یاسای نەتەوەکان ناسراو بوو. کۆنفرانسەکە لە کاتی گرژییە نێودەوڵەتییەکان و هاتنی هیتلەر بۆ سەر دەسەڵات لە ئەڵمانیا و کشانەوەی لە هاوپەیمانێتی نەتەوەکان، کاتێ کە یەکەمین دەستەی پەنابەری جوولەکە دەستی بە جێهێشتنی وڵاتەکە دەکرد، بەسترا.
بەهەرحاڵ، ڕاپۆرتەکەی لێمکین بۆ ئەوە ئامادەکرابوو کە بەشدارانی کۆنفرانسەکە قایل بکات بۆ پشتگیریکردن لە قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژی نێودەوڵەتی، بە بێ ڕاستەوخۆ ئاماژەکردن بە ئەڵمانیای نازی.

---

٩- Berel Lang, Act and Idea in the Nazi Genocide (Syracuse University Press, 2003), p.5.



**رافائیل لێمکین، داهێنەری دەستەواژەی جینۆساید**

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم، لێمکین چووە ریزی جەنگاوەرە نهێنییەکانی پۆڵۆنیاوە، پۆڵۆنیای بەجێهێشت و بەرەو لیتاونیا بەڕێکەوت، دواجار لە سوێد مافی پەنابەرێتی بەدەست هێنا. لە ساڵی ١٩٤١، دوای مانەوەیەکی کورت لە ستۆکهۆڵم، مافی چوونە نێو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەدەستهێنا، لە کاتێکدا کە مامۆستای رشتەی یاسا بوو لە زانکۆی دوکی و زانکۆی یاڵی. لە هەمان قۆناغدا، راوێژکاری وەزارەتی جەنگی ئەمریکاش بوو، هاوکات راوێژکاری ئەنجومەنی ئابووری جەنگ بوو، دواتریش راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی دادگای نۆرمبێرگ بوو.

لەگەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا، کە لێمکین نزیکەی هەموو خێزانەکەی لە هۆلۆکۆستدا لەدەست دا، وردەکاری و پێناسە و شیکاری بۆ دەستەواژەی جینۆسایدی پێکەوە نا، کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا وەک پۆلێنکردنێکی سەرەکی دیاردەکە، دانرا. ئەوە لێمکین بوو لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری کرد کە یاسای قەدەغەکردنی تاوانەکانی جینۆساید دەربچێت، کە بەئاشکرا لە لایەن کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ٩ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨ (سەرەڕای پارێزکردنی هەندێک لە ئەندامەکانی) دانرا و لە١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥١ دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

له پەنجاکاندا، لێمکین دووجار بەربژێر کرا بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، بەڵام لەبیرکرا و پشتگوێ خرا. لەم چەند دەیەی دواییدا نووسینەکانی هاتنەبەر باس و ئارەزوویان لێکرایەوە، بەڵام بە رێژەیی هەتا ئێستاش نەناسراوە.

لە کتێبەکەیدا «بنکەی تەوەر لە ئەورووپای داگیرکراودا»، کە لە ساڵی ١٩٤٣ نووسیویەتی، لێمکین یەکەمین جار دەستەواژەی «جینۆساید»ی بەکارهێناوە. لێمکین نوسیویەتی»تێگەیشتنی نوێ دەستەواژەی نوێی دەوێت»، بۆ پاساوهێنانەوەی پێناسەکردنی دەستەواژەی جینۆساید وەک وێرانکردنی نەتەوەیەک یان گروپێکی ئیتنییکی. دەستەواژەکە، بە شێوەیەکی گشتی، ئاماژە ناکات بە وێرانکردنی دەستبەجێی گروپێکی نەتەوەیی، تەنها لەو نموونانەدا نەبێت کە کۆمەڵکوژی هەموو ئەندامەکانی گروپەکەی گرتبێتەوە. لێمکین ئەو دەستەواژەیەی بەو شێوەیە بەرجەستە کرد کە بریتیە لە پلانێکی پێشوەخت رێکخراو بۆ لەناوبردنی بناغەی بوونی نەتەوەیەک، بە هەموو ئامرازەکانی بەردەست بۆ ریشەکێشکردنیان، جێبەجێ دەکرێت. ئەو پلانانە، دەخرێنە بواری جێبەجێکردن و کۆشش دەکەن بۆ لەناوبردنی کولتوور، زمان، ئایین و بزوتنەوە ساسییەکانی ئەو گروپە نەتەوەییانە. هەروەها ئەو پلانانە کۆشش دەکەن بۆ پێشێلکردنی کەسایەتی، کەرامەت و ئازادی و تەندروستی و ژیانی ئەندامانی ئەو نەتەوانە. جینۆساید؛ بەرامبەر بە نەتەوەیەک بە تەواوی پێکهاتەکانیەوە، ئەنجام دەدرێت، ئەو کردەوانەشی کە بەرامبەر تاکەکانی دەکرێت نەک لەبەر ئەوە بێت کە تاکەکە تاوانبارە و سیفەتی کەسایەتی خراپی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە سەر بە کۆی گروپێکی ئیتنیکی دیاریکراوە.[١٠] بۆ نموونە جولەکەکان بە ئامانج گیران تەنها لەبەر ئەوەی جوولەکە بوون و رۆمانییەکان بەئامانج گیران تەنیا لەبەر ئەوەی رۆمانی بوون. لەو ڕوانگەیەوە کە تاک ناتوانێ خۆی لە کۆی گروپەکەی دابڕێت و پەیوەستن بەوانەوە.

لێمکین، هەروەها پێشەنگیش بوو لە پۆلێنکردنی جۆرە جیاوازەکانی جینۆساید بە پێی مەبەستی ئەنجامدەرەکانی، پێناسەی سێ جۆریان دەکات کە بەپێی کرۆنۆلۆژی و ڕەوتی گەشەپێدانیانە. یەکەمیان سەردەمی کۆن دەگرێتەوە گە بە تەواوی یان نزیکەی

١٠- Raphael Lemkin, Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation, Analysis of Government, Proposals for Redress (Washington, DC: Carnegie Foundation for International Peace, ١٩٤٤). [New York: Howared Ferting, Reprinted, ١٩٧٣], p.٧٩.

به تەواوی دانیشتوانە بەزێنراوەکەی شەڕی پێوە بوو بوو، لەناودەبران. دووەمیان لە سەرەتای مێژووی چاخی نوێ دەستی پێکرد کە هەوڵی لەناوبردنی و سڕینەوەی کولتووریان دەدرا بە بێ ئەوەی زیانی فیزیکی بە دانیشتوانەکە بگەیەنن، سێیەمیشیان ئەنجامدەرانی نازییەکان بوو، کە هەردوو فۆرمەکەی تێدا جێبەجێکرا، جگە لەوەش گروپێک دەستنیشانکرا بۆ لەناوبردن و ریشەکێشکردنی تەواو و گروپی دیکەش بە تەنیا بۆ سڕینەوەی کولتووریان.[١١] بە پێی لێمکین،هەموو جۆرەکانی جینۆساید، دوو هەنگاوی هەیە:

١. لەناوبردنی شێوازی نەتەوەیی گروپێکی چەوساوە.

٢. لەو دۆخانەدا کە گروپی چەوساوە رێگەی درا بێت لەو ناوچەیەدا بمێننەوە کە چەوسێنەرەکانیانی تێدایە، ئەوە شێوازی ژیانی گروپی چەوسێنەر دەسەپێندرێت بە سەر گروپی چەوساوەدا؛ لەو دۆخانەدا کە گروپی چەوساوە لەڕووی فیزیکییەوە لەناودەبرێن و ریشەکێش دەکرێن، شێوەی ژیانی گروپی چەوسێنەر بە تەنیا بەسەر ناوچەکەدا دەسەپێندرێت.

لە ساڵی ١٩٤٤ دا، لێمکین وای نووسی: «لە شەڕی حازرییدا، کە جینۆساید بە شێوەیەکی فراوان لە لایەن ئەڵمانە داگیرکەرەکانەوە پیادە دەکرێت، هەندێ گروپ- بۆ نموونە جووەکان- بەئامانج گیراون کە بە تەواوەتی لەناوببرێن». ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مەبەستی لێمکین لە بەکارهێنانی دەستەواژەی»شێوازی نەتەوەیی» هەر ئەوە نییە بە تەنیا پێناسەی جینۆسایدی پێبکات، بەڵکو پەیوەستی دەکات بە گروپە سیاسییەکان، ئایینییەکان، ئیتنیکییەکانیشەوە.

لێمکین هەروەها ئەو تەکنیکانەی جینۆسایدیش تۆمار دەکات کە بە شێوەیەکی فراوان پیادەکراون، لەناویاندا تەکنیکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی، ئابووری، بایۆلۆژی (بۆ نمونە قەدەغەکردنی زاوزێی سروشتی گروپەکە)، هەروەها ریشەکێشکردنی فیزیکی گروپەکە. لە دۆخی لەناوبردنی تەواوی فیزیکی دانیشتوانەکە، جینۆسایدەکە بە سێ رێگا ئەنجام دراوە: ١) کەمکردنەوەی گەیاندنی خۆراک بە دانیشتوانەکە و

---

١١- هەمەن سەرچاوەی پێسووتر، ل ٧٢-٧٦.

لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لیمکین کە بریتییە لە بابەتێکی بڵاونەکراوەی سێ بەشی کە بە دەستنووسە و لە ژێرناونیشی «مێژووی جینۆساید»ە. یەکەمی جەخت دەکاتەوە لە سەرمێژووی قۆناغی کۆن کە نۆ چاپتەرە و لەبارەی نۆ نموونەی جۆراوجۆری جینۆسایدە لە مێژوودا، لەناو ئەوانەدا جینۆسایدەکانی ناو ئینجیل، داگیرکارییەکانی ئاشوورییەکان، یەکەمین جینۆسایدەکانی کە لە دژی کرستیانەکان کراوە، قەرتاجەکان، هەروەها ئەو جینۆسایدانەی کە لە گریکستانی کۆن ئەنجام دراون. دووەمیان باسی ماوەی نێوانیان دەکات و بریتییە لە ١٣ چاپتەر کە باس لە جینۆسایدەکان دەکات لەسەر ئەلبیجێنسەکان، ئەو جینۆسایدەی کە لە لایەن هووبەکان و مەنگۆلییەکانەوە ئەنجامدراون،هەروەها ئیسپانیەکان، ڤیکینگەکان و کروسادەکان. سەبارەت بەو بەشەی کە لە سەر مێژووی نوێیە ٤١ کەیسی جینۆسایدی گرتۆتە خۆی.

برسیکردنی بەئەنقەست لەسەر بنچینەی جیاکاری نەژادی؛ ٢) لێگەڕانی دانیشتوانەکە بۆ تووشبوون بە پەتا و نەخۆشی؛ ٣) کۆمەڵکوژی.
بە پێی لێمکین؛ تاوانەکانی جینۆساید هەمیشە بە دەستبەجی لەناوبردنی تەواوی گروپە ئیتنییەکە دەستپێناکات. هەندێ جار لە شێوەی زنجیرەیەک کردەوەی وێرانکاریئامێز بەردەوام دەبێت بۆ وێرانکردنی پێکهاتەکانی ژیانی گروپەکە، وەکو لەناوبردنی بەزەبری هۆشیاری نەتەوەیی گروپەکە، زمانیان و کولتووریان (هەندێ پۆلێنی ئەو کردەوانە دەکەن کە لە خوارەوە باسیان دەکەین، وەک «جینۆسایدی کولتووری» ناوزەدی دەکەن، یان وەکو «ئیثنۆساید» ناوی دەبەن، کە سنووردارکردنی زۆری ئازادی تاکەکەسی و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری، مەبەستە و دەگرێتەوە.

**جینۆساید بە پێی بڕیارەکانی یوو ئێن:**
**لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٦ دا، جڤاتی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یوو ئێن، بڕیاڕی دا:**
جینۆساید نکۆڵیکردنە لە مافی بوونی تەواوی گروپەکان؛ وەک چۆن هۆمۆساید بریتییە لە نکۆڵیکردن لە مافی بوونی تاکەکەسەکان؛ ئەو نکۆڵیکردنە لە ماف و لە بوون ویژدانی مرۆڤ دەتاسێنێت؛ زیانێکی گەورە بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێت لە شێوەی بەشداری کولتووری و بەشدارییەکانی دیکەی گروپەکان، وە هاودژە لەگەڵ یاسای ڕەوشت و ورە و ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.
زۆر نموونەی لەم تاوانانە ڕوویان داوە و چەندین گروپی نەژادی، ئایینی، سیاسی و هیتر بەشێکیان یان بە تەواوی، لەناوبراون.

**سزادانی تاوانەکانی جینۆساید لە ئاستی نێونەتەوەییدا جێی بایەخە.**
**بۆیە جڤاتی گشتی:**
جەخت دەکاتەوە کە جینۆساید تاوانە و لە ژێر باری یاسای نێونەتەوەییدا مەحکوم دەبێت و دنیای شارستانی شەرمەزاری دەکات و، ئەنجامدەران و بەرپرسیاران لێی، ئەگەر تاکەکەس بن یاخود بەرپرسی گشتی، یان پیاوانی دەوڵەت، کە تاوانەکەیان بە پاساوی ئایینی، نەژادی، سیاسی یان هەر پاساوێکی تر، ئەنجام دابێت، سزا دەدرێن.[١٢]

---

١٢- بڕوانە کتێبی: Raphael Lemkin, “Genocide: A Modern Crime,” Free World ٤ (April ١٩٤٥), pp. ٣٩-٤٣.

بڕیارەکە بە تایبەتی ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی لێمکین بوو بۆ پاڵنانی جڤاتی گشتی یوو ئێن تا رەوایەتی بە پرنسیپگەلێک بدات ببنە  زەمینەی کاری دادگای نێودەوڵەتی سەربازی لە نۆرمبێرگ،[١٣] کە لەو کاتەداهەوڵیشی دەدا سەرکردە نازییەکان وەک تاوانباری جەنگ لە دژی مرۆڤایەتی، بداتە دادگا. لە ئەنجامی کارەکەی لێمکین و، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یوو ئێن پەیوەست بوو بە پرسی جینۆسایدەوە و نەک وەک پرسێکی ناوخۆیی دەوڵەتەکانی کە تیایدا ئەنجام دراون، بەڵکو وەک پرسێکی نێودەوڵەتی چاوی لێکرد و بۆ دیاردەیەکی قابیل بە پێشگیریلێکردنی، ئەنجامدەرانی سزایان بۆ بڕایەوە.

لەساڵی ١٩٤٧، دوای تێپەڕکردنی بڕیارەکە، سکرتێری گشتی یوو ئێن، گەڵالەپێسنیارەکەی یاساکەی بەسەر ئەندامەکاندا دابەشکردن. دوای ئەوە لیژنەیەکی تایبەتمەند دەستنیشانکرا بۆ پێداچوونەوەی و دانی گەڵالەیاساکە بە کۆمیتەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی جڤاتی یوو ئێن. دوای گفتوگۆکردنی لەو کۆمیتانەدا و لە لایەن کۆمیتەی یاساییەوە، ئینجا بە شێوەیەکی ئاشکرا جڤاتی گشتی یوو ئێن لە کۆبوونەوەی پاریس لە ٩ ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨، پرۆژەیاساکەی گرتەخۆی.
لە کاتێکدا بڕیارەکەی ساڵی ٤٦ سنووردار بوو، تەنها پێناسەکردنی جینۆساید و بە تەنیا ریشەکێشکردنی فیزیکی دەگرتەوە، لیستەکەی لێمکین فراوانکرایەوە و قوربانییەکانی «گروپە سیاسییەکان و گروپەکانی تریش»ی گرتەوە. لەبەر رۆشنایی بەرهەڵستیکردنی بلۆکی سۆڤیەتی بەپاساوی ئەوەی سیفەتەکانی گروپەسیاسییەکان بە ڕوونی تیایدا دەستنیشان نەکراون، هەروەها بەهۆی بوونی رێککەوتنێک کە لە نێوان زلهێزەکاندا، لەو کاتەدا مۆر کرابوو، دەستەواژەی گروپە سیاسییەکان لە پێناسەکەی ساڵی ١٩٤٨دا، لابردرا. ئەو پێناسەیەی کە لە ساڵی ١٩٤٨یشدا کرا دیسانەوە ریشەکێشی کولتووری (کەبە ئیثنۆساید پێناسەکرا بوو) بە جینۆساید، دانەنرا، کە ئەمە لە گەڵاڵەکانی پێشتریدا، هەبوو.
.....

١٣- htm. http://www.preventgenocide.org/lemkin/freeworld١٩٤٥

ڕێککەوتننامەی یوو ئێن لەبارەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانەکانی جینۆسایدەوە، جینۆساید وەک ریشەکێشکردنی فیزیکی ئەندامەکانی گروپێک پێناسە دەکات، کە بە پێچەوانەی وێرانکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و رۆحی گروپەکەیە. ئایا دەبێت پێکهاتەی کولتووری گروپێک لە ناوچەیەکی دیاریکراودا وێران بکرێت بە بێ وێرانکردنی فیزیکی گروپەکە؟

.....

## ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی و سزادانی:

بە رەچاوکردنی واژۆکردن و ددانپێدانانی بڕیاری ژمارە ٩٦ی ڕێکەوتنی ١١ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن جڤاتی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە، کە جینۆسایدی تاوانێکە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، لە بەرامبەریشدا لەبەر ئامانجەکان و رۆحیەتی یوو ئێن و هەروەها مەحکومکردنی لە لایەن جیهانی شارستانییەوە؛ ددانی پێدا دەنێت کە جینۆسایدی هەموو قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی زیانی گەورەی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە و، بە باوەڕهێنان بەوەی، لە پێناوی رزگارکردنی مرۆڤ لەو بەڵا خراپە، هاوکاری نێودەوڵەتی پێویستە، لێرەوە و لەمەودوا ڕێککەوتووین لەسەر ئەمانە:

### ماددەی یەکەم:

لایەنەکانی ڕێککەوتنامەکە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵکوژی، بە بێ گوێدانەوە ئەوەی لە کاتی جەنگ یان ئاشتیدا ئەنجام دراوە، بە پێی یاسای نێودەوڵەتی تاوانە و قەدەغە دەکرێت و سزای دەدرێت.

### ماددەی دووەم:

لەم ڕێککەوتننامەیەدا؛ جینۆساید بریتییە لە هەر یەکێک لەم کردەوانەی بە مەبەستی وێرانکردنی بەشێک یان هەموو، گروپێکی نەتەوەیی، یان ئیتنیکی یان نەژادی یان ئایینی، ئەنجام درابێت، بەم شێوانە:

ئا/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە،

بێ/ زیانگەیاندنی جیدی جەستەیی یان عەقڵی بە ئەندامانی گروپەکە،

ج/ بە مەبەستەوە زیانگەیاندنی جیدی بە بارودۆخی ژیانی گروپەکە، کە ببێتە هۆی وێرانکردنی فیزیکی بەشێک یان هەموو گروپەکە،

د/ سەپاندنی پێوەری وا بەسەریاندا کە مەبەست لێی قەدەغەکردنی زاوزێ بێت لەناو گروپەکەدا،
ە/ ناردنی زۆرەملێی منداڵەکانی گروپەکە بۆ ناو گروپی تر.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم کردەوانە دەبێ سزا بدرێن:

ئا/ جینۆساید؛

بێ/ پیلانگێڕان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید،

ج/ هاندانی راستەوخۆ و ئاشکرا بۆ ئەنجامدانی جینۆساید،

د/ هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید؛

ە/ رێخۆشکردن ئەنجامدان جینۆساید.

**ماددەی چوارەم:**

هەر کەسێک کە دەستی لە جینۆساید یان هەر کردەوەیەکی پۆلێنکراو لە ماددەی سێیەمدا، هەبێت، دەبێت سزا بدرت، بە بێ چاوپۆشی لەوەی ئەنجامدەر بەرپرسێکی فەرمانڕەوایە لە کەرتی گشتی یان تاکێکی ئاساییە.

**ماددەی پێنجەم:**

هاوبەشە واژۆکارەکانی ئەم رێککەوتنامەیە پەیمان دەدەن بە پێی دەستوورەکانی وڵاتەکانی خۆیان، یاسای پێویست دابڕێژن، تا کاریگەری هەبێت بۆ رێککەوتنامەی ناوبراو، بە تایبەتیش، بۆ دەستەبەرکردنی سزا بۆ تۆمەتباران بە جینۆساید و تاوانە دەستنیشانکراوەکانی تر لە ماددەی سێیەمدا.

**ماددەی شەشەم:**

کەسانی بەرپرسیار لە جینۆساید یان هەر کردەیەکی تری پۆلێنکراو لە ماددەی سێیەم، دەبێت بە پێی دادگای تایبەتمەندی ئەو ناوچەیەی کردەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە، حوکم بدرێن، یاخوود لە لایەن لیژنەیەکی دادوەری دادگای سزای نێودەوڵەتییەوە کە دەشێ دەسەڵاتی هەبێت بەسەر وڵاتی مەبەستدا و سیستەمی دادوەری ئەویان پەسەند کردبێت.

**ماددەی حەوتەم:**

جینۆساید و ئەو تاوانانەی کە لە ماددەی سێیەمدا پۆلێنکراون بە تاوانی سیاسی دانانرێن، بە هۆکاری رادەستکردنی تاوانبارەکانیان. هەردوو لایەن بە پێی پەیماننامەکانی نێوانیان یان یاساکانی خۆیان، رێکدەکەون بۆ ڕادەستکردنی تاوانباران.

**ماددەی هەشتەم:**

دەگونجێت هەر لایەنێکی واژۆکاری رێککەوتنامەکە، داوا لە دەزگا تایبەتمەندەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، رێوشوێنی لەو جۆرە بگرێتە بەر کە لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیماننامەکەدا کۆکە و بۆی دەگونجێت، بۆ قەدەغەکردن و سەرکوتکردنی کردەی جینۆساید و کردەکانی تری پۆلێنکراو لە ماددەی سێیەمدا.

**ماددەی نۆیەم:**

ناکۆکی و کێشەی نێوان لایەنە هاوبەشەکانی ئەم رێککەوتننامەیە، لە بارەی راڤەکردن، پیادەکردن و جێبەجێکردنی تاوانی جینۆساید و ئەو کردانەی کە لە ماددەی سێیەمدا پۆلێنکراون، بەرزدەکرێتەوە بۆ دادگای نێودەوڵەتی دادوەری، لەسەر داوای هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ناکۆک.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم رێککەوتننامەیە، کە بە هەر یەک لە زمانەکانی چینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، رووسی و ئیسپانی نووسرابێت، پێویستە رێکەوتی ٩ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨ی پێوەبێت.

**ماددەی یانزەیەم:**

ئەم رێککەوتننامەیە، لە رێکەوتی ٣١ی دیسەمبەری ١٩٤٩ وە کراوەیە بۆ واژۆکردن، لە لایەن هەر وڵاتێکی ئەندام لە رێکخراوێکی نەتەوەیەکگرتووەکان یان وڵاتانی نائەندام کە داوەتنامەیان بۆ واژۆکردنی لە لایەن جڤاتی گشتی یوو ئێنەوە ئاراستە کراوە. ئەم رێککەوتننامەیە پێویستە پشتڕاست بکرێتەوە و بدرێتەوە بە سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. دوای ١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٠ ئەم رێککەوتننامەیە دەکرێ لە جێی دەوڵەتانی ئەندام یاخوود دەوڵەتانی نائەندامی بانگهێشتکراو بۆ واژۆکردن، بێنە ریزی رێککەوتننامەکەوە. پسولەی هاتنەریزەوە دەدرێت بە سکرتێری گشتی یوو ئێن.

**ماددەی دوانزەیەم:**

هەر لایەنێکی واژۆکاری ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە هەر کاتێکدا کە بیانەوێت، بە ئاگادارینامەی ئاراستەکراو بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە فراوانبکەنەوە بە جۆرێک کە ناوچە و هەرێمی دیکەی ژێردەسەڵاتی، یان بەرپرسیار لێی لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا، بگرێتەوە.

**ماددەی سیانزەیەم:**

لەو ڕۆژەوەی کە بیست بەڵگەنامەی هاتنەریزەوەی پشتڕاستکراو گەیشت، سکرتێری گشتی یاداشتنامەی ڕەوانەکردن ئامادە دەکات و کۆپیەکی دەنێرێت بۆ هەر وڵاتێک لە وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی نائەندامی ناوبراو لە ماددەی یانزەدا.

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە نەوەتەمین ڕۆژی دوای هاتنەدەستی بەڵگەنامەکانی بیست ئەندامە واژۆکارە پشتڕاستکراوەکە، جێبەجێ دەکرێت.

هەر بەڵگەنامەیەکی پشتڕاستکراوی هاتنەریزەوە، دوای نەوەت ڕۆژ لە ڕادەستکردنی، کاری پێدەکرێت.

**ماددەی چواردەیەم:**

ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ ماوەی دە ساڵ برەوی هەیە لە ڕێکەوتی کارپێکردنییەوە.

لە دوای ئەوەش برەوی هەیە لەماوەی یەک لە دوای یەکدا کە لە پێنج ساڵەوە دەست پێدەکات بۆ ئەو لایەنانەی کە پێش شەش مانگ ئاگادار نەکراوەتەوە لە تەواوبوونی کاتەکەی.

کشانەوە لە ڕێککەوتننامەکە بە ئاراستەکردنی داخوازی دەبێت بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**مادەی پانزەیەم:**

ئەگەر، لەبەر ڕەتکردنەوەی لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ژمارەکەی لە شانزە ئەندام کەمتر بوو، ئەوە لەو ساتەوەی کە ژمارەی ڕەتکردنەوەکە دەگاتە شانزە، ڕێککەوتننامەکە برەوی نامێنێت.

**ماددەی شانزەیەم:**

هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، دەتوانێت داوای پێداچوونەوە بە ڕێکەوتننامەکەدا بکرێت، بە داخوازییەکی نووسراوی ئاراستەکراو بە سکرتێری گشتی.

جڤاتی گشتی هەنگاوەکانی ئەم داخوازینامەیە، ئەگەر هەبێت، تاوتوێ دەکات.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

سکرتێری گشتی؛ گشت وڵاتانی ئەندام و وڵاتانی نائەندامی ئاماژەپێدراو لە ماددەی یانزەیەم، ئاگادار دەکاتەوە، بەم خاڵانەی خوارەوە:

ئا/ واژۆکان، پشتڕاستکردنەوەکان و هاتنەریزەوەکانی کە بە پێی ماددەی یانزەیەم، هاتووە؛

بێ/ ئاگادارکردنەوە هاتووەکان، بە پێی ماددەی دوانزەیەم،

ج/ ڕێکەوتی برەوپێدانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە پێی ماددەی دوانزەیەم،

د/ کشانەوەنامە هاتووەکان بە پێی ماددەی چواردەیەم،

ە/ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکە بە پێی ماددەی پانزەیەم،

و/ ئاگادارینامە هاتووەکان بە پێی ماددەی شانزەیەم.

**ماددەی هەژدەیەم:**

ئۆرجیناڵی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ئەرشیڤی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەگیرێت.

کۆپییەکی ڕێککەوتننامەکە بۆ هەر یەکێک لە وڵاتانی ئەندام و وڵاتانی نائەندامی ئاماژەپێکراو لە ماددەی یانزەیەم، دەنێردرێت.

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە ڕێکەوتی برەودارببوونییەوە، تۆمار دەکات.

**نەتەوە یەکگرتووەکان**

**٩ی دیسەمبەری ١٩٤٨**

......

ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن گروپە سیاسییەکانی بەدەر کردووە لەناو لیستی ئەو گروپانەی کە کۆمەڵکوژییەکانیان بە جینۆساید ناسراوە. ڕوونکردنەوەی فەرمی بۆ ئەم غەفلەتە (بە پێچەوانەی پاڵنەرە سیاسییەکانی وڵاتە جیاوازەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی

نەتەوە یەکگرتووەکان، کە زۆربەی کات ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە یەکلاکردنەوەی بڕیارەکاندا)، ئەوەیە کە ناوەڕۆکی دەستەواژەی «گروپی سیاسی» وەک پێویست و بە شێوەیەکی دروست پێناسە نەکراوە، بۆیە کێشەئامێزە. لە چوارچێوەی کۆمەڵکوژی سیستەماتیکیاندا، ئایا گروپەکان بە شێوەیەکی ڕوونتر لە لایەن بکوژەکانیانەوە پێناسە دەکرێن؟ ئایا دەتواندرێت جیاوازییەک بکرێت لە نێوان گروپەکاندا وەک لە جیاکردنەوەی نێوان ژیان و مردن؟

......

دەستەواژەی جینۆساید، ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە یاساکاندا، لە ڕێککەوتنەنێودەوڵەتییەکاندا، لە حوکمەکانی دادوەرییدا، لە نووسراوە ئەکادیمییەکان و لە میدیاکاندا، بەکار دەبرێت. لە هەموو جۆرێ زیاتر، ئاماژە دەکرێت بە کوشتنی خەڵک- بە بێ هیچ بەرپرسیاری و سوچێکی تاکەکەسی- بەڵکو بەهۆی پەیوەستبوونیانەوە بە نەتەوەیەک، نەژادێک، ئایینێک یان گروپێکی ئێتنیکی جیاوازەوە، لە پێناو ئەوەی زانیان پێ بگەیەنن و لە ریشەیان بکێشن.

گرنگە کەشی گەشبینانەی نێودەوڵەوتی (ئیتر راستی بێت یان دروستکراو) لە قۆناغی گەڵاڵەکردنی ڕێککەوتننامەکە، لەبیرنەکرێت. لە ١٠ی کانوونی دووەم (دیسەمبەر)ی ساڵی ١٩٤٨، واتە ڕۆژێ دوای ئەوەی یوو ئێن ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی گرتەخۆی، جڤاتی گشتی یوو ئێن، جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤی گرتەخۆی. زۆرێک لە ئەدەبیاتی تایبەت بە جینۆساید، لە جاڕنامەکەدا هاتووە بە شێوە و جۆری جیاواز و بەهۆکاری جیاواز. جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ کاریگەری قوڵی هەبوو لەسەر جەنگی دووەمی جیهانی و هۆلۆکۆست، بە تایبەتیش دیباجەکەی. لێرەوە جاڕنامەکە دەریدەبڕێت «ددانپێدانانی کەرامەتی زگماکی و مافی یەکسانی حاشاهەڵنەگر بۆ هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتی، بناغەی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی جیهانییە.»، بۆیە پشتگوێخستن و ڕێزنەگرتنی مافەکانی مرۆڤ بووەتە هۆی کردەوەی دڕندانە و ویژدانی مرۆڤایەتی تووڕە کردووە». ئەو دوو بڕیارە نەتەوەکانی دنیای هیواخوازکردووە کە جارێکی تر ئەو کردەوانە خۆیان دووبارە نەکەنەوە، سەرەڕای ئەوەش پێویستی خۆشگوزەرانی، ئازادی و مافەکانی تاک و بێگومان مافی ژیان، هەروەها پێویستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە لە گۆڕەپانی جیهانیدا، دەهێنێتە گۆڕێ. لە هەمان کاتدا، دەبێ ئەوە لەبیرنەکەین کە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ

دەسەڵاتێکی یاسایی نییە بۆ پابەندێتی، بەڵکو هێزەکەی بە تەواوی ئەخلاقییە، ئەمەش خاڵی لاوازێتی.

هەروەها گرنگە ئەوەش رەچاو بکەین کە رێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید تەنها گروپەکانی ئیتنیکی، نەتەوەیی، نەژادی و ئایینی گرتۆتەوە، بەڵام جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ جۆر و گروپەکانی دیکەشی گرتۆتەوە.
لە ماددەی دووەمی جاڕنامەکەدا دەڵێت:
هەرکەسێک دەتوانێت ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێت کە لە جاڕنامەکەدا هاتووە، بە بێ هیچ جیاکارییەک لە هەر جۆرێک بێت، وەک نەژاد، رەنگی پێست، توخم، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی یان هیتر، نەتەوە یان بنەچەی کۆمەڵایەتی، دارایی، لەدایکبوون یان هەر بارێکی تر.

ئەو کێشانەی لە گەڵاڵەکردنی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتنەوە:
رێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید، یەکەمین رێککەوتننامەی گشتی بوو کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ واژۆکردن بۆ وڵاتانی جیهانی نارد. رێککەوتننامەکە، کە لە ژێر باری یاسای نێودەولەتیدا وڵاتانی خاوەن سەروەری بەخۆیەوە پابەند دەکات، لە رێکەوتی ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٥١ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و کەیسی جینۆسایدی لە کێشەیەکی ناوخۆییەوە گواستەوە و کردی بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی. رێکەوتننامەکە، هەروەها، کورتی هێنا لە پۆلێنکردنی جینۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی (لەبەرامبەردا، بۆ نموونە، بۆکردەی جەردەیی)و، گەڵاڵەکردنەکە خۆی سنووردار کردەوە لەوەی راستگۆیانەتر و ئاشکراتر بە تاوان بیناسێنێت بە پێی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی.

ئەو ڕاستییەی کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەنجامی چوارچێوەی سیاسی نێودەوڵەتییە- بڕیار و کردارەکانیشی لە زۆربەی کاتدا لەژێر کاریگەری ئەو هێزی تێکۆشان و بەرژەوەندییە دژبەیەکانەدا بووە- بووە هۆی ئەوەی لە پێناسەکردنیدا ناڕوون بێت (ناڕوونییەک کە سیمای رێککەتننامەکەی پێدەناسرێتەوە هەتا رۆژگاری ئەمڕۆش). ئەم پێناسەیە جێگەی مشتومڕێکی زۆر بوو، هەندێ کەس رەخنەیان لە بایەخە ئەکادیمی

و زانستییەکەی دەگرت. هەندێ کەس بە سیمبۆلیکی یان ڕوونکردنەوەئامیز، یان مەیلەو سروشتی ئەخلاقی وەسفیان دەکرد، کە خاڵییە لە بایەخی یاسایی بەرجەستە. هەندێ کەسی تر مشتومڕی ئەوە دەکەن و دەڵێن تێپەڕینی چەندین دەیە بەسەریدا جەخت لە بێئەرزشییە مێژوویی و سیاسییەکەی دەکاتەوە. بەڵام مەسەلەیەکی لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانیوە ڕێگە لە ڕوودانی جینۆساید بگرێت، تەنانەت دوای گرتنەخۆی ڕێککەوتننامەکەش و، بە دەگمەن توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە بەدادگادانی ئەنجامدەرانی جینۆساید.

ڕێککەوتننامەکە ژمارەیەک پرس بەرز دەکاتەوە؛ کە لە خوارەوە گفتوگۆیان لەسەر کراوە؛ یەکەمیان گفتوگۆ لەبارەی بەکارهێنانی دەستەواژەی جینۆساید بۆ ئەو کردارانەی کە لە ماوەی سەدەی بیستەمدا ئەنجام دران، لەناو ئەوانەدا ئەو ڕووداوانەی کە لە دەیەی کۆتایی سەدەکەدا ڕوویدا. ئایا ئەو ڕووداوانەی کە لە یۆگسلافیای کۆن ڕوویان دا جینۆساید بوون، یان تەنها کردەی جینۆسایدئامێز بوون؟ ئەمڕۆ کۆدەنگییەک هەیە لەسەر ئەوە کە ئەوەی لە ڕواندا ڕوویدا بە کردەوە جینۆساید بوو. ئەگەرچی کۆدەنگی لەم جۆرە لە کاتی ڕوودانی کردەوەکانی کوشتنەکاندا، لە ئارادا نەبوو. لە جێی ئەوە، یوو ئێن لە درەنگانێک دوای ڕوودانی ددانی نا بەوەی کە کردەوەکانی ڕواندا جینۆساید بوون، ئەمەش کاری زۆر نێگەتیڤی کردە سەر قوربانییەکان لێکەوتەی خراپی هەبوو (ئەمەیان بە درێژی لە کتێبی: ڕواندا ١٩٩٤، جینۆساید لە خاکی هەزار گردداً،باس کراوە.) لەم زنجیرە کتێبەدا.

گرنگە ئاگادارانە بمێنینەوە لەو شێوازە گەوجانە، فریودەرانە، بە سیاسەتپاساودراوانە، کە لە سایەیدا پۆلێنی جینۆساید کراوە. پۆلێنکردنی زنجیرەیەک لە ڕووداوەکان لە ژێر ناوی جینۆسایددا کۆمەڵی نێودەوڵەتی ناچار دەکات هەندێ ڕێوشوێنی پێویست، بۆ وەستاندنی یان قەدەغەکردنی، بگرێتە بەر. بەڵام کاتێ لە لە ژێر ناوی کردەی جینۆسایدئامێز دادەنرێت، دەشێ کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئەوە هەڵبژێرێت کە هیچ ڕێوشوێنێک لەبەرامبەریدا نەگرێتە بەر بە پاساوی یاسایی. یەکێک لە نموونە کارەساتبارەکان ئەوە بوو کە لە دارفور ڕوویدا، لە سوودان، لە سەرەتای شوباتی ساڵی ٢٠٠٣، کە بە پێی هەندێ مەزەندە، ٤٠٠٠٠٠چوارسەد هەزار کەس کوژران و ملیۆنێ کەس لە ماڵەکانیان

دوور کەوتنەوە. لە ساڵی ٢٠١٢ ئینجا حوکمی گرتن بۆ سەرۆکی سودان عومەر ئەلبەشیر دەرچوو.

ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن لە دوای ڕوودانی تاوانەکان لە لایەن ئەڵمانیای نازییەوە، لە میانەی جەنگی جیهانی دووەم، گەڵاڵەکرا و گیرایەخۆ. سەرەتا و یەکەم، جینۆسایدی جولەکە، حکومەتی ئیسرائیل واژۆی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی کرد و لەبەر ڕۆشنای ئەودا یاسادانەرانی ئیسرائیل یاسای قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی لە ساڵی ١٩٥٠ دا دارێژا. لەم یاسایەدا، یاسای ئیسرائیلی پێناسەی تاوانەکە دەکات وەک لە ڕێککەتننامەکەدا هاتووە، بەڵام لە دانانی سزاکان و جێبەجێکردنی سزاکاندا، توندترە. یاساکەی ئیسرائیل بۆ یەکەمجار بۆ سزادانی تاوانبار ئەدۆلف ئیخمان بەکار هێنرا و دەستەبەری بناغەی یاسایی کرد بۆ دواتر لەسێدارەدانی. هەروەها بۆ سزادانی جۆن دیجامجۆک و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ بڕایەوە لە دادگای قودسدا، ئەگەرچی دواتر دادگای باڵا بێبەری کرد و بەریدا بەهۆی گومان لە ناسنامەکەی هەبوو، دەرنەکەوت کە ئەو ئەو ئیڤانە ترسناکەی کەمپ تریبلانکا بێت.

...

بە بۆچوونی تۆ، بناغەی جیاوازی نێوان جینۆساید و کردەی جینۆسایدئامیز چییە؟ ئایا پەیوەستە بە کردەوەوە؟ (وەک ژمارەی قوربانییەکان، یان چڕی کۆششی کۆمەڵکوژییەکە؟ یان ڕادەی وردی و ئاڵۆزی سیستەمی کۆکوژییەکە؟)، یان داڕشتنی ئایدۆلۆژیایەکی ڕوون و فراوان بۆ کۆمەڵکوژیی لای بەشێک لە ئەنجامدەران؟ یان.. بە پێچەوانەوە.. ئایا ئاسانە پاساوهێنانەوە بۆ شکستی جیهان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرگرتن لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لە کاتی ڕوودانیدا؟

....

پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک پێویست کار دەکەن بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی جینۆساید؟ دوای هەموو شتێک، چەندین دۆخی جینۆساید لە جیهاندا ڕوویداوە لە دوای هاتنەئارای ڕێککەوتننامەکەوە. هەندێ کەس پێیان وایە دەبێ ڕێککەوتننامەکە هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامرازی پێویست بەدەست بخات نەک تەنها بۆ یارمەتیدانی قوربانییەکان لە کاتی ڕوودانیدا، بەڵکو بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی لە واقیعدا.

پرسێکی تری مشتومڕلەسەرکراو هێنانەناوەوەی گروپە ئایینییەکان و گروپە سیاسییەکانە بۆ ناو ئەو گروپانەی کە دەشێ جینۆسایدیان لە دژ بکرێت. هەندێ کەس پێیان وایە چەوساندنەوەی گروپە دینییەکان بە جینۆساید دانانرێت، چونکە تاکی چەوساوە لەنێو گروپی ئایینی دەتوانێ ئایینی خۆی بگۆڕێت و ئەو چارەنووسە رەتبکاتەوە. وەک بینیمان رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گروپە ئایینییەکانی لەسەر ئەو لیستە داناوە کە دەشێ قوربانی بن، بەڵام گروپە سیاسییەکانی ساڵانێکی زۆر لە لیستەکە دوورخستبووەوە. هەندێک پێیان وابوو دەبێت گروپە سیاسییەکان بخرێتە ریزی چەوساوەکانەوە، بۆ نموونە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها قوربانی زۆر لە کەمبۆدیا، کۆمۆنیستەکانی ئەندەنووسیا)، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەندامەکانیان، لای کەم لە لایەنی تیۆرییەوە، دەتوانن بەندیوارییە سیاسییەکەیان بگۆڕن، بۆ خۆ لە چەوساندنەوە لادان.

لەو جینۆسایدانەوە کە لە ساڵی ١٩٩٠ ا بە دواوە ڕوویاندا، بە تایبەتی ئەوەی لە یۆگسلافیای پێشوو ڕوویدا، کە تاوانەکە ئەنجام درا تەنها لەبەرەوەی قوربان سەر بە گەلێکە بۆیە لەناوبران. (هەروەها ئەوەش بە جینۆساد دانرا (بۆ نموونە دەستدرێژی کردنە سەر ژنانی بۆسنیایی لە لایەن سڕبەکانەوە)، لەگەڵ ئەوەشدا رێککەوتننامەکەی یوو ئێن دەستدرێژی کردنە سەر ژنانی وەک جینۆساید نەژماردووە و هیچ حاڵەتێکی دەستدرێژی بۆ سەر ژنانی بەتاوان دانەناوە کە سزای بۆ ببڕدرێتەوە.

...

سیمای هەرە جەوهەری قوربانیانی جینۆساید، دەستنیشانکردنیانە بۆ کۆمەڵکوژی بە پاساوی ئەوەی بەندیواری گروپێکی دیاریکراون. ئایا دەکرێت ناسنامەی سیاسی کەسێک (بۆ نمونە، بەندیواری پارتایەتی یان بەرهەڵستی رژێمی حوکم) ناسنامەیەکی کۆگەری بێت؟ ناسنامەی گروپی کە هەر لە لەدایکبوونەوە پێوەستی پێیەوە چۆن جیادەکەیتەوە لە ناسنامەی گروپی هەڵبژردراو لە لایەن خودەوە؟ (وەکو ناسنامەی سیاسی) جیاوازی چییە لە نێوان ناسنامەی ئایینی و ناسنامەی سیاسی؟

...

**هەندێک وای بۆ دەچن کە تێکستی ڕێککەوتننامەکە خەوشدارە بە چەندین ڕێگاوە، لەوانە:**

• شکستی ڕێککەوتننامەکە لە جیاکردنەوەی ئەو توونددوتیژییەی ئامانجی کۆمەڵکوژیی گروپەکانە، لەگەڵ ئەو توونددوتیژییەی کە ئامانجی تاکەکانی ناو گروپێکە. ڕەخنەگران پێیان وایە کە ئەم خاڵە باش ڕوون نەکراوەتەوە و ڕێنوومایی ڕوون لەبارەوە نەدراوە. شکستی هێناوە لە دەستەبەرکردنی پێوەری دیاریکراو بۆ پۆلێنکردنی ئەو گروپانەی کە ڕەنگە ببنە ئامانجی کردارەکانی جینۆساید. (وەکو ئەو گروپانەی کە سروشتی نەتەوەیی، یان نەژادی و یان ئایینییان هەیە) ئەو سیفەتانەی کە ئەم جۆرە گروپانە جیادەکاتەوە لە چوارچێوەیەکی فراوانتری هەیکەلە کۆمەڵایەتییەکەیان، ئەو گروپانەی کە زۆر ڕەنگە ببنە قوربانی کردەی کۆمەڵکوژی، لە کاتێکە ئەو پۆلێنکردنەیان قبوڵ بێت یان نا کە لە لایەن ئەنجامدەرانی جینۆسایدەوە بۆیان کراوە.

• ناڕوونی وشەی «مەبەست» لە ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەکە، (هەر کارێ لەم کارانەی ئەنجامدران بە مەبەستی وێرانکردن). بە شێوەیەکی ئاسایی حوکمە یاساییەکان و حوکمە ئەخلاقییەکان، کوشتن و هەوڵی کوشتن لێکتر جیادەکەنەوە، بە پشتبەستن بە ئەنجامی جیاوازی کردەوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەوەی کە جینۆساید ئاماژەیە بۆ ڕێوشێنی ریشەکێشکردنی گروپێک بە تەواوەتی، نە پێناسەکەی لێمکین و نەش پێناسەکەی کە ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن کردوویەتی، ئەم تووخمەی بە پێوەرێکی پێویست دانەناوە. کەواتە چۆن، ئایا دەکرێت ئەو مەبەستە بسەلمێندرێت کە قەت بەدینەهێنراوە؟ ئاڵینگارییە تیۆری و پراکتیکەکان سەخت بوو بۆیان خاڵی دیاریکراو بدۆزنەوە کە تیایدا مەبەستی گشتی لە عەقڵی تاکەکاندا یەکلاکەرەوەیە. هەروەها ئاڵینگاری گەورەترە لە دۆخی گروپەکاندا و گرنگە کە لە بیرمان بێت ئەنجامدەرانی جینۆساید هەوڵ دەدەن مەبەستەکانیان بشارنەوە و نکۆڵی لێ بکەن، بە تایبەت لە کاتێکدا کە هێشتا ئەنجام نەدراوە.

• ناڕوونی وشەکانی (وێرانکردن، بە شێوەی بەش یان بە تەواوەتی) لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێککەوتننامەکە لە بارەی ژمارەی قوربانییەکانەوە هیچی نەگووتووە، هەروەها لەبەر ئەوەی جینۆساید پێناسەکی ژمارەیی نییە، بۆیە ئەم بەشە لە تێکستەکە دەکرێت شیکردنەوەی جیاواز، بە ڕێگەی جیاواز، بکرێت.

• هەڵوێستی ئاڵۆزی ڕێککەوتننامەکە سەبارەت بە تاوانی تاکەکەسی و ملکەچی بۆ فەرمانەکان (ماددەی چوارەم).ئایا دەکرێت کەسێک کە فەرمانەکانی دەسەڵاتی

جێبەجێکردبێت، لەبەردەم لپرسینەوەدا بە شێوەیەکی یاسایی پاساو بۆ رەفتارەکانی بەوە بێتێتەوە کە (ئەو تەنها فەرمانەکانی جێبەجێ کردووە)؟ وەک چۆن تاوانبارانی نازییەکان لە جەنگی جیهانی دووەمدا کردیان؟ لە راستیدا، دادگاکانی نۆرمبێرگ، پەردەی لە ڕووی تاوانگەلی وا هەڵماڵی کە نازییەکان لە ژێر پەردەی یاسا و ویلایەتدا ئەنجامیان داوە. دادگای نۆرمبێرگ ئەو پاساوەی رەتکردەوە کە تاوانباران دەیانگووت ئەوان ئەو فەرمانانەیان جێبەجێ کردووە کە لەگەڵ یاسای ئەڵمانیای نازی کۆک بووە. هەروەها لە قودسیش دادگای ئیسرائیلی لە کاتی دادگاییکردنی ئەدۆڵف ئیخمان وای کرد.

- شکستی تێکستی رێککەوتننامەکە لە دەستنیشانکردنی رێکار و پێوەری سزادان، کە پێویستە بگیرێتە بەر لە دژی ئەوانەی بە پێی ئەو مەرجانە تاوان ئەنجام دەدەن، هەروەها ئەو پێشنیارەی رەتکردەوە کە دەبێت دەوڵەتەکان بەرپرسیارێتی کردەوە تاوانئامێزەکانیان بگرنەئەستۆ. وەک تێبینی کرا، ماددەی شەشەمی رێککەوتننامەکە دیاری دەکات کە تۆمەتباران بە ئەنجامدانی کوشتن»لەلایەن دادگای تایبەتمەندی دەوڵەتییەوە لەو شوێنەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە، دادگایی دەکرێن، یان لە لایەن دادگای نێودەوڵەتی تاوانەوە کە ویلایەتی هەبێت بەسەر ئەو ناوچەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە، لە ژێر ئەوبارودۆخە، دەرفەتێکی زۆر کەم هەیە بۆئەوەی کە تاوانباران لەسەر کردەوەکانیان لە لایەن دادایەکی وڵاتەکەی خۆیانەوە سزایەکی دادپەروەرانە بدرێن، هەروەها رێککەوتننامەکە دەڵێت، دەکرێت دادگای تاکەکەسیی بکرێت سەبارەت بە تاوانە داریکراوەکان. جگە لەمانەش، رێککەوتننامەکە هیچ سزایەکی دیاریکراوی دەستنیشان نەکردووە و هەروەها بیرۆکەی دروستکردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوانی چارەسەر نەکردووە، وەک دەبینین تا ساڵی ١٩٩٨ دادگاکە دروست نەکرا.
- ناڕوونی لە مانای وردی گوزارەی»زیانی جەستەیی گەورە و زیانی عەقڵی».

رێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید یەکەمین رێککەوتننامە بوو کە یوو ئێن لە خۆی گرت و درا بە کۆمەڵی نیودەوڵەتی.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەیری تاوان کۆمەڵکوژی وەک پرسکی ناوخۆیی نەکردووە، بەڵکو وەک پرسێکی نێودەوڵەتی ژماردوویەتی. لە ڕاستیدا پێناسەکەی یوو ئێن بۆ جینۆساید مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە و هەندێ کەس باسی بایەخ و کاریگەرییەکەی دەکەن. جگە لەسوودی ئەکادیمی و پراکتیکی، لە ڕاستیدا یوو ئێن، هەر لە رۆژی دەرچوونی رێککەوتننامەکەوە، سەلماندی

که ناتوانێت کۆمەڵکوژی قەدەغە بکات. بە دەگمەن سەرکەوتوو بووە لە دادگاییکردنی تاوانباران.

گۆرانی گۆرانییەکان/ ئیئاکۆڤۆس کامبانیلیس [١٤]
خۆشەویستەکەم چەند شیرینە
بە جلی رۆژانەیەوە
بە پارچە شانەکەی ناو پرچییەوە
کەس نازانێ ئەو چەند شیرین بوو.
کچەکانی ئاوشویتز
کچەکانی داچاو
ئایا ئێوە ئەو کچەتان دیووە
کە من خۆشم دەویست؟

ئێمە بینیمان لە سەفەرێکی دوور
ئەو کراسەکەی رۆژانەی لەبەر نەبوو
یان شانەیەک لەناو پرچی.

خۆشەویستەکەم چەند شیرین بوو
دایکی یاری لەگەڵ دەکرد
براکەی ماچی دەکرد
کەس نازانێ خۆشەویستەکەم چەند شیرین بوو؟

کچانی بێلسین
کچانی ماوثاوسین[١٥]
ئایا ئێوە خۆشەویستەکەی منتان دیووە؟

ئێمە ئەومان لە گۆڕەپانێکی تەزیوودا بینی
ژمارەیەک لەسەر قۆڵە سپییەکەی بوو
ئەستێرەیەکی زەردیش لەسەر دڵی بوو.

---

١٤- ئیئاکۆڤۆس کامبانیلیس، یەکێک لە هەرە شانۆنووسە بەردەوامەکانی یۆنان بوو، دوو ساڵ زیندانی بوو لە کامپی چڕی ماوثاوسین. لەسەر ئەزموونی خۆی لە زیندان خەمنامەیەکی شیعری لەسەر زیندانی ماوثاوسین نووسیووە، کە گوزارە دەکات لە هاوکاری نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ناو کەمپەکە.
١٥- ئەو ناوانەی لەناو شیعرەکەدا هاتوون»ئاوسویتز، داچاو، بێلسین، ماوثاوسین» ناوی ئەو کەمپە زۆرەملێیانەن کە جولەکەکانیان تێدا بۆ کۆمەڵکوژی کۆکردبووەوە.



مۆزەخانەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە یەریڤان، ئەرمینیا

**سەختییەکانی بەردەم پشتڕاستکردنەوە و پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

ئەگەرچی جینۆساید لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاستبەندی بۆ کرا، سەبارەت بە مامەڵەی ئەفریقییەکان لە سوودان، کوردەکان لە عێراق، ناگاکان لە هیندوستان، کۆمینیستەکان (وەک گروپی سیاسی) و، چینییەکان لە ئەندەنوسیا، ئیبۆکان لە نایجیریا، و بەهارییەکان لە بەنگلادیش. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بەم نموونانە هیچ بڕیارێکی فەرمیان نەداوە. پێش کۆتاییەکانی هەشتاکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێککەوتننامەکەی تەنانەت لەسەر یەکێ لەو دۆخانە پیادە نەکردبوو کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کۆمەڵکوژییان لەسەر ئەنجام درابوو.

لە سەرەتاکانی نەوەتەکان، بۆ یەکەم جار لە میانەی دادگای نۆرمبێرگەوە، کۆمەڵی نێودەوڵەتی دوو دادگای تایبەتمەندی دامەزراند بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ، ئەنجامدەرەکانی لە ڕواندا و یۆگسلافیا. سەرەڕای بایەخە گەورەکەی، بەڵام ئەمە کاریگەری نەبوو، وە نەبووە هۆی ڕێپێگرتنی تاوانەکە، چونکە بە کردەوەش تاوان ئەنجامدران. بۆ نموونە لە رواندا، سەرەڕای هەبوونی ئاماژەی بەرایی بۆ کۆمەڵکوژییەکە، یوو ئێن هیچ ڕێوشوێنێکی یەکلاکەرەوەی نەگرتەبەر. ئەگەرچی کۆمەڵکوژی لە ٦ی

ئەپریلی ١٩٩٤دا دەستیپێکرد، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رەتیان کردەوە وەک کۆمەڵکوژی پۆلێنی بکەن، بەڵکو دەستەواژەی «کردەی جینۆسایدئامێز» یان بۆ بەکار دەبرد، بە پاساوی ئەوەی بەڵگە نەبوو بۆ سەلماندنی ئەوەی «مەبەست»یان بێت، کە وشەکە لە ماددەی دووەمی رێککەتننامەکەی یوو ئێن دا هاتبوو.[١٦] لەو کاتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شەڕی سارد هاتبووە دەرەوە، وەک یەکێک لە هێزە زەبەلاحەکانی کە لە دەرەوەی شەڕ مابووەوە و هۆکاری تایبەتی خۆی هەبوو بۆ خۆلادان لە هەر کردەیەکی سەربازی، (لەنیو ئەوانەشدا، کوشتنی هەژدە سەربازە ئەمریکییەکەی لە سۆماڵ کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ ڕوویدا). هەروەها هەڵوێستی بۆ سەلماندنی هەبوونی (مەبەستی وێرانکردن) سەخت بوو یەکلا بکرێتەوە و ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گفتوگۆکانی ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە ڕووداوەکانیان تیایدا پۆلێن دەکرد و بڕیاریان لەبارەی هەڵوێستوەرگرتن و رێوشوێنی پێویست، وەردەگرت. وەک دەزانین، ئەگەر ڕووداوەکان لە ژێر ناوی جینۆساید پۆلێن بکرێن، ئەوە وڵاتانی واژۆکاری رێککەوتننامەکە لەسەریانە رێکاری پێوست بگرن بۆ «دروستکردنی ئاشتی»[١٧] بۆ قەدەغەکردنیان یان وەستاندنیان. هەزاران کەس لە کردەوەکانی کۆمەڵکوژی ترسناکدا، کە لە سەدەی بیستەمدا ئەنجامدران، گیانیان لە دەست دا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری دا کۆمەکی مرۆیی پەنابەرەکانی ڕواندا بکات. زۆرکەس پێیان وایە دەیتوانی و دەکرا بە ئاسانی بەر بەو کوشتارە بگرێت کە لە ڕواندا ڕوویدا، کە وا دادەنرێت خێراترین کوشتار بوو لە جیهاندا، یان لای کەم لە مێژووی نوێدا. دوای ئەو ڕاستییە، لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٩٤ بڕیاری دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت بە ڕواندای دا.

---

١٦- بڕوانە ماددەی دووەمی رێککەوتننامەی یوو ئێن سەبارەت بە جینۆساید کە ئاماژە دەکات بە «هەر یەکێک لەو کردەوانەی ئەنجامدراون بە مەبەستی وێرانکردن» وەک مانا «مەبەستی دیاریکراو بۆ وێرانکردن». ئەم تێگەیشتنانە لە دۆخی جینۆسایدی ڕواندادا لێکدانەوەی روونی بۆ نەکرا. هەندێک پێیان وابوو کۆمەڵکوژییەکەی ڕواندا بۆیە بە جینۆساید پۆلێن نەکرا، چونکە لە ناوەڕۆکدا گروپە سیاسییەکان بەرامبەر بە یەکتری لە شەڕی ناوخۆدا ئەنجامیان دا، نەک بەهۆکاری ئیتنیکییەوە ئەنجام درابێت. هەمان ئەو پاساوانە خرانە روو لە دۆخی ڕووداوەکانی کەمبۆدیا لە ساڵی ١٩٧٠ دا.

١٧- لێرەدا دەبێ «دروستکردنی ئاشتی» و «پاراستنی ئاشتی» لێک جیابکرێتەوە. دروستکردنی ئاشتی دەشێت بە زۆر و بە دەستوەردانی سەربازیانەش بکرێت، بەڵام پاراستنی ئاشتی هەنگاوێکی دواتری دروستکردنی ئاشتییە. بێ هیچ گومانێک، یوو ئێن و کۆمەڵی نێودەوڵەتی شکستیان هێنا لە دروستکردنی ئاشتییەک کە بەربە جینۆساید بگرێت.

چی شتێ پاساوی دوودڵی و بێهەڵوێستی دەوڵەتان دەداتەوە کاتێ ڕووبەڕووی پرۆسەکانی جینۆساید دەبێتەوە، تەنانەت لە چاخی نوێی «گوندی جیهانی»شدا؟ ئایا ساویلکەییە داوا لە وڵاتان بکەین پارێزگاری لە قوربانییەکانی وڵاتانی تر بکەن، تەنها لەبەر بەرپرسیارێتی ئەخلاقیان یان لەبەر سۆزی سروشتی؟ ئایا کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەسەریەتی بڕیارێک لەبارەی ڕووداوەکانی نیسان تا تەمووزی ١٩٩٤ ی ڕوانداوە وەربگرێت؟

....

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣وە ٧٦ وڵات ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی پەژراند و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠یشەوە ژمارەی واژۆکاران گەیشتە ١٣٠ وڵات. جگە لەوان ٥٠ دەوڵەت مابوو، کە لەناویانداژاپۆن هەبوو (کە تۆمەتبار بوو بەوەی بەرامبەر بە چینییەکان ژمارەیەکی زۆر کوشتاری ئەنجام داوە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٧ تا ١٩٤٥)، هەروەها ئەندەنووسیا (کە تۆمەتبار بوو بەوەی کردەی جینۆسایدئامێزی لە تیموری ڕۆژهەڵات ئەنجام داوە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٩٨)، ئەمانە واژۆی ڕێککەوتننامەکەیان نەکردبوو. گرنگە ئەوەش بزانین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ساڵی ١٩٨٨یش ڕێککەوتننامەکەی واژۆ نەکردبوو، کە دەکاتە ٤٠ ساڵ دوای داڕشتن و گرتنەخۆی لە لایەن جڤاتی گشتی یوو ئێنەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ژمارەیەک لە ماددەکانی ڕێککەوتننامەکە پارێزی هەبوو، لە ناویاندا ئەو خاڵەی کە سەبارەت بە دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی تاوانە، لە ترسی ئەوەی لە سەروەرێتی وڵاتە سەربەخۆکان کەم بکاتەوە، کە لە ڕێککەوتننامەکەدا پێناسەیەکی ئاڵۆزی بۆ کراوە و وڵاتان نابێ بە هەمەکی ناچاربکرێن بەرپرسیارێتی تاوانی گەورەی وا لە ئەستۆ بگرێن کە دەشێ لە لایەن هاوڵاتییەکی بچووکیەوە ئەنجام درابێت.

زۆرکەس نیگەرانی ئەمریکا بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ ترسی ئەو لە بەرپەرسیارێتییەکەی لەو کردانەی لە دژی ئەفریقییە ئەمریکییەکان و خوودی هاوڵاتیە ڕەسەنەکانی ئەمریکا، ئەنجامی دابوون. جاک نووسان پۆرتەر، کۆمەڵناس باوەڕی وابوو، ئەوان مەبەستیان نەبوو (ئەگەرچی کردەی سەرکووتکردنی زۆر)ی ئەفریقاییە ئەمریکییەکانیان ئەنجام دا، هەروەها مەبەستی لە پشتەوە بوو کە ڕژێمی ئەمریکا لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکانی خۆی لە باکوور و باشووری ئەمەریکا، مامەڵەیەکی سەرکوتکارانەی کردبوو، بڕوانە دوو کتێبی تر لە زنجیرەکە: «جینۆساید لە خاکی ئازاد، هیندییەکانی باکووری ئەمریکا ١٧٧٦-١٨٩٠»، هەروەها، «ڕووبەڕووبوونەوەی

کێشەئامێز: ریشەکێشکردنی گەلی هیندی لە ئیسپانیای ئەمریکا».[18] زۆرکەس پێیان وایە کە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئەمریکاوە لە دژی ژاپۆن لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا، جۆرێک لە جینۆسایدە، هێشتاش زۆرکەس ئەمریکا تۆمەتباردەکەن بە ئەنجامدانی جینۆساید لە ڤێتنام لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠ەکان و سەرەتاکانی ١٩٧٠کان. ئەم بۆچوونانە بوونەهۆی بەرهەڵستیکردنی واژۆکردنی رێککەوتننامەکەی یوو ئێن لە هەندێ لە بازنە سیاسییەکانی ئەمریکا و لە نێو ئەندامە دیارەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا.

بە هەر حاڵ، ئەو ڕاستییەی کە وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا خۆی دوورگرت لە واژۆکردنی رێککەوتننامەکە ئەو هەموو ساڵانە، بێگومان کاریگەرییەکەی و دەرفەتی جێبەجێکردنەکەی لاواز کردەوە.

تەنانەت کاتێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێککەوتننامەکەی واژۆ کرد لە ساڵی ١٩٨٨ دا، بە خۆپارێزی و ڕوونکردنەوەی ئاشکراوە، ئەمەی کرد. یەکەم خۆپارێزیشی بریتی بوو لە»پێش بەرزکردنەوەی هەر ناکۆکییەک کە دەشێ ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێک بێت لێی، دەبێ بدرێت بە دادگای دادپەروەری جیهانی بە پێی ئەم ماددەیە، دەبێ پەسەندنامەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ هەر کەیسێکیان وەربگیرێت.[19] تێگەیشتنەکان سەبارەت بەبۆ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە، رادەستکردنی تاوانباران، دروستکردنی دادگای نێودەوڵەتی تاوان، هەروەها خۆلادان لە بەشداری لەم جۆرە دادگایانە، بوو. هەروەها تێگەیشتنەکان سەبارەت بە ململانێ چەکدارەکان بوو، بە بی هەبوونی مەبەستی کۆمەڵکوژیکردن، بە پێی ماددەکەی رێککەوتننامەی یوو ئێن.

لە هەمان ساڵدا، جینۆساید لە یاسای تاوانی وڵاتی ئەمریکا پۆلێن کرا و وا پێناسە کرا (پەیوەستە بەو کردەوانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژ بە دانیشتوانە ئەمریکییەکەی ئەنجام دراون) کە ئەمەش بە چەندین رێگا جیاوازە لەو پێناسەیەی کە لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێندا کراوە. بە پێی قانوونی جێبەجێکردنی بڕیاری جینۆساید، پێناسەی جینۆساید بەم جۆرە کراوە:

هەرکەسێ، چ لە کاتی شەڕ و چ لە کاتی ئاشتیدا، بە مەبەستی دیاریکراوی وێرانکردن، بە شێوەیەکی بەش یان گشت، بۆ گروپی ئیتنیکی بێت، یان ئایینی یانیش نەژادیی:

١/ ئەندامەکانی ئەو گروپە بکوژێت؛

---

١٨- Jack N, Poter, “Introduction: What is Genocide? Notes toward a Definition,” in Genocide and Human Rights; A Global Anthology, ed. Jack N. Poter (Lanham, MD:University Press of America, ١٩٨٢), pp. ١٢-٦١.

١٩- Available att: http://www.icrc.org

٢/ ببێتەهۆی بریندارکردنی جیدی جەستەیی ئەندامانی گروپەکە،
٣/ ببێتە هۆی دروستکردنی بەربەستدروستکردنی بەردەوام بۆ ئەندامانی گروپەکە لە رێگەی پێدانی ماددەکانی هۆشبەر، ئەشکەنجەدان یان تەکنیکی تری لەم جۆرانە،
٤/ گروپەکە ڕووبەڕووی باری ژیانێک بکاتەوە کە مەبەست لێێ ئەوەبێت کە ببێتەهۆی وێرانکردنی بەش یان هەموو گروپەکە، لە رووی فیزیکییەوە.
٥/ ڕێوشوێنی وا بگیرتەبەر کە ببێتەهۆی قەدەغەکردنی زاوزێ لەناو گروپەکەدا،
٦/ بەزۆرەملێ جیاکردنەوەی منداڵان و مێردمنداڵان و گواستنەوەیان لە گروپێکەوە بۆ یەکێکی تر، یان هەوڵدان بۆ کردنی کارێکی وا، دەبێ سزا بدرێت بە پێی سزای دەستنیشانکراو لە تێکستەکەدا.
دەبی ئەوەش لە بیرماندا جێگیر بێت کە رێککەوتننامەکە کاریگەری گەڕانەوە بۆ پێشتری نییە، بۆیە لەسەر ئەو ڕووداوە پیادە ناکرێت کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە. بۆیە تەنەنات ئەگەر بوترێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جینۆسایدیان ئەنجام داوە لەسەر دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەمریکا، ئەوە ناتوانرێت تۆمەتبار بکرێن بەوانە. هەندێک پێیان وایە ئەم خۆپارێزییەی ئەمریکا لەسەر ئەو رێککەوتننامەیە، بە کردەوە ناوەڕۆکی رێککەوتننامەکەی بەتاڵ کردۆتەوە.

## دادگای نێونەتەوەیی تاوان

لە میانەی قۆناخی دوای جەنگی دووەمی جیهانیی، ئەو وانانەی کە لە جەنگەوە وەرگیران بوونە هۆی ئەوەی لە هەموو کاتێکی تری مێژوو، زیاترمافەکانی مرۆڤ تێکەڵ بە یاسا نێودەوڵەتییەکان بکرێن. دادگاکانی نۆرمبێرگ سروشتێکی دەزگایی بەخشی بە پێوەرە یاساییەکان و بەهۆیانەوە مافە مرۆییەکانی هاوڵاتی و توندوتیژییە جیدییەکان لە لایەن حکومەتەکانی وڵاتەکانیانەوە بوون بە جێی بایەخ و سیاسەتی نێودەوڵەتی، نەک بە سانایی بە پرسی ناوخۆیی وڵاتان دابنرێن.[٢٠] هەرچۆنێک بێت، زلهێزەکان کۆسپیان بۆ ئەو ئاراستەیە دانا کاتێک کە شەڕی سارد چڕبووەوە. لە ماوەی ١٩٧٠کاندا، رێکخراوە ناحکومییەکان، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵە و دامەزراوە یاساییەکان دەستیان کرد بە کاری مرۆڤدۆستی و بەرهەڵستیکردن لە دژی توندوتیژییەکان بەرامبەر

٢٠- نمونەییەکی وێنەیی ئەو گۆڕانە لە مشتومڕەکانی ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٠ەوە دەرکەوت کە سەبارەت بە پرسی دەستگیرکردنی ئۆگۆستۆ پینۆشیت دیکتاتۆرەکەی شیللی لە ئینگلستان ڕوویدا، کە دادگای بەریتانیا بڕیاڕی دا پینۆشێت بۆ ئیسپانیا دەربکات و لەوێشەوە بەردرا.

به مافی مرۆڤ و رژێمە زۆردارەکان، هەروەها بەرامبەر بە کوشتار و کۆمەڵکوژییەکان.
ژێربەژێریش چالاکی دیپلۆماسی جیدییش لە لایەن وڵاتەکان خۆیانەوە ئەنجام دران لە دوای شەڕی سارد و کەوتنی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩.
سەرەتاکانی ١٩٩٠ەکان؛ بایەخێکی تازە دەرکەوت بە دروستکردنی میکانیزمی نێودەوڵەتی کە ئامانجی سزادانی ئەو کەسانە بوو بەرپرسیاری ئەو توندوتیژییانە بوون کە بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ دەکران، بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان. لە ١٩٩٢، ئەنجومەنی ئاسایشی یوو ئێن، کۆمیتەیەکی پسپۆری دەستنیشان کرد بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لەو توندوتیژییە جیدییانەی کە بە پێی رێککەوتننامەی جنێڤ و توندوتیژییەکانی تر کە بە پێی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان لە یۆگسلافیای کۆن، ئەنجام درابوون. ئەو پێوەرانە گورج کرانەوە، لە رێگەی ئەو راپۆرتانەوە کە دەربارەی کوشتنەکان و کۆمەڵکوژی، گرتن و ئازاردانی خەڵک، دەستدرێژی سێکسی، پاکتاوی رەگەزی، دەدرانە کۆمیتەکە. لە ١٩٩٤، بڕیار درا بە لێکۆڵینەوە لەو جینۆسایدەی کە لە ڕواندا ئەنجام درا.
لە ١٩٤٨، شانبەشانی گەڵاڵەکردنی رێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید، جڤاتی گشتی یوو ئێن، ئەنجومەنی یاسای نێودەوڵەتی ڕاسپارد کە تاوتوێی تواناکارییەکان بۆ دروستکردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوان، بکەن. وەک بینیمان، ماددەی شەشەمی رێککەوتننامەکە ئاماژە دەکات بە تواناکاری دادوەریکردن»لەرێگەی دادگایەکی سزادانی نێودەوڵەتی، پەیوەست بە وڵاتانی واژۆکاری رێککەوتننامەکە، کە دەسەڵاتی دادوەرییەکەی قبوڵ کردبێت»، بە پێی ئەم داخوازییە، کۆمیتەی یاسای نێودەوڵەتی دوو گەڵالەی دەستووری بنەڕەتی، ڕادەستی جڤات کرد. ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە لە سەرەتای ١٩٥٠کان کۆسپی بۆ دروست بوو بەهۆی دەرەنجامەکانی قۆناغی شەڕی ساردەوە، بەڵام لە ١٩٩٠ەکاندا دووبارە ئارەزووی بایەخدانی لێکرایەوە. لە ١٩٩٣، یوو ئێن، دادگای نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی لە یۆگسلافیای پێشوو، دامەزراند و لە ١٩٩٤ بە هەمان شێوە دادگایەک بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی ڕواندا، دامەزراند.
جاڕنامەی ڤیەننا، لە دەرەنجامی کۆنفرانسی مافەکانی مرۆڤ لە حوزەیرانی ١٩٩٣دا، بڕیاری دا و ڕایسپارد، دادگایەکی نێودەوڵەتی تاوان بە بەردەوامی دابمەزرێت. لە ١٩٩٤ دا لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی سەر بە جڤاتی گشتی یوو ئێن، گەڵاڵەی راسپاردە و رێککەوتننامەیەکی دیپلۆماسی کرد و ناردی بۆ هەموو دەوڵەتەکان بۆ گفتوگۆی پرۆژەکە.
لە ساڵی ١٩٩٨، بە پێی بڕیاری جڤاتی گشتی یوو ئێن، کۆنفرانسێکی دیپلۆماسی بۆ

نوێنەرانی دەوڵەتەکان، لە ڕۆما ساز کرا، بۆ گفتوگۆکردنی گەڵاڵەی پرۆژەیاساکە و دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان.
دوای مانگێک لە گفتوگۆکانی رۆما، کۆنفرانسی کۆتایی لە ١٧ی تەمووزی ١٩٩٨ سازکرا بۆ بڕیاردانی کۆتایی لە دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بە پێی سیستەمی ڕۆما. پەیڕەوی ناوخۆی دادگای نیودەوڵەتی تاوانەکان (ICC) دەسەڵات دەدات بە دادگاکە بۆ دادگاییکردنی تاکەکان لەپای ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، بە دیاریکراویش بە پێی ئەو پێناسەیەی کە ڕێککەوتننامەی یوو ئێن سەبارەت بە جینۆساید، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ، و کردەی توندوتیژی (ئەگەر دەوڵەتانی واژۆکاری ڕێککەوتننامەکە ڕێککەوتن لەسەر پێناسەی توندوتیژیی). بەداخەوە پەیرەوینامەی بنچینەیی ڕۆما، دادوەری دادگای سنووردار کردووە بە داخوازیکردنی پەیڕەویکردنی یەکێک لەو دوو پێوەرە: ئا) دەبێت کەیسەکە لە لایەن جڤاتی گشتی یوو ئێنەوە ڕەوانە کرابێت، بێ) ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە واژۆی ڕێککەوتننامەکەی کردبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە تەنانەت ئەگەر تاوانباران وڵاتەکەی خۆیان بەجێهێشتبێت، ناتوانرێت سزای تاوانی جینۆساید یان هەر تاوانێکی ترسناکی ئەنجامدراویان بدرێت، لەو وڵاتانەی کە واژۆی ڕێککەوتننامەکەیان نەکردووە، تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی یوو ئێن کەیسەکەیان ڕەوانەی دادگەکە نەکات. جگە لەوەش، دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕەوانەکردنی کەیسی تاوان سنووردارە بەهۆی مافی ڤیتۆی هەر یەک لە پێنج وڵاتی ئەندامی بەردەوام لە ئەنجوومەنەکە، کە ئەو دەوڵەتە بەهێزانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بڕیاری ئەنجومەنەکە هەبێت کە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی کردەیی دانرابێت (وەک بینیمان، هێشتاش ئەمریکا کۆسپی لە ڕێگەی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان دادەنێت)، هەروەها پەیڕەوینامەکە کۆسپ لەبەردەم دەوڵەتانیش دادەنێت بۆ ڕادەستکردنی تاوانبارانی کۆمەڵکوژی بە دادگاکە لە ماوەی حەوت ساڵ (لەو کاتەوەی کە وڵاتی مەبەست دەست بە گفتوگۆ لەبارەی کەیسەکەوە دەکات). شایانی باسکردنە، ئەمریکا لە دژی بڕیارەکە دەنگی دا، چونکە نیگەران بوو لەوەی دەشێ دادگاکە دژی سەرکردە سەربازییە ئەمریکییەکان بڕیار بدات کە کردەی سەربازی ئەنجام دەدەن لە وڵاتانی جیاوازدا بە هۆکاری سیاسی. ئیسرائیلیش لە دژی پەیڕەوینامەی دادگاکە بڕیاری دا. لەگەڵ ئەوەشدا لە ٢١ی دیسەمبەری ٢٠٠٠ دا ١٣٩ وڵات واژۆیان لەسەر ریککەوتننامەکە کردبوو، لەناویاندا وڵاتانی دامەزرێنەری دادگای نێودەوڵەتی بەردەوام بۆ تاوانەکان ICC.

دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان تەنها سەرپشکە بە دادگاییکردنی ئەو تاوانانەی کە دوای پەژراندنی پەیڕەوینامە بنچینەییەکە، ئەنجام دراون. هەرچۆنێک بێت و سەرەڕای کەموکوڕییەکانیشی، دەبێت دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی هەمیشەیی تاوانەکان بە هەنگاوێکی پێشڤەچوون دابنێن لە سیستەمی یاسایی و دادوەری جیهانیدا. نەک تەنها وەک هێمایەک بۆ بەرجەستەکردنی دادپەروەری جیهانی و هاوکاری مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ دادەنرێت، بەڵکو وەک یەکێک لە گرنگترین دامەزراوەکانی چاخی نوێ و دەشێ وەک سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، بژمێردرێت.

لە بواری کرداریدا، دادگای تاوان لە تەمووزی ٢٠٠٢دا و دوای پەژراندنی لە لایەن زیاتر لە ٦٠ دەوڵەتەوە، دامەزرا. ئەو وڵاتانەی پەژراندیان ئەمریکا و ئیسرائیلی تێدا نەبوو، ئاماژە بەوەی دوای هەوڵێکی زۆر و کاتێکی زۆر بۆ دامەزراندنی، لە دژی دەنگیان دا. چەندین دەیە، شارەزاکانی یاسا لە ئیسرائیل دەکۆشان بۆ دامەزراندنی دادگایەکی وا، بۆیە هەڵوێستی ئیسرائیل لەم پرسەدا جێگەی سەرسوڕمانە. ئیسرائیل یەکێک لەو وڵاتە کەمانە بوو کە چووە کۆنفرانسی ڕۆما لە تەمووزی ١٩٩٨دا بۆ ئەوەی لە دژی پەیڕەوینامە بنچینەییەکەی دەنگ بدات. بەرهەڵستیکردنەکەی بە پلەی یەکەم لەو بڕگەیەدا بوو کە دەوڵەتە عەرەبیەکان پێشنیاریان کردبوو، سەبارەت بەو نیشینگانەی کە لەو شوێنانەدا بنیاتنرابوون کە ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ داگیری کردبوون. ئەگەرچی بە ڕوونیش نەبوو، بەڵام بڕگەکە ئاماژەی دەدا بەوەی کە ڕاگواستنی ڕاستەوخۆی دانیشتوان لە وڵاتێکی داگیرکراوەوە بۆ خاکێکی داگیرکراو، بە تاوان دەژمێردێت.

لە میانەی گفتوگۆی ناوخۆیی ئیسرائیل لە ئیدارەکەی سەرۆک وەزیران ئێهود باراک لە ١٩٩٨ و دوای کۆنفرانسەکەی ڕۆما، وەزیری دادی ئیسرائیلی یوسی بێیلین جەختی کردەوە لە پشتیوانیکردنی پەژراندنی پەیرەونامەکە. دوای ئەویش وەزیری دەرەوە شلۆمۆ بن ئامی، هاتە ریزی پشتیوانکارانەوە، بەڵام وەزیری بەرگری ئیسرائیل و سیستەمی یاسایی ئیسرائیل و داواکاری گشتی، بەرهەڵستی دامەزراندنی بوون. پاساوی سەرەکییان ئەوە بوو، لەبەر ڕۆشنایی مێژووی گەلی جولەکە و ئەو ڕاستییانەی کە دەوڵەتی ئیسرائیلی لەسەر دامەزرا، لە دوای هۆلۆکۆستەوە، ڕێگەی پێ نادات هاوپەیمانێتی بکات و لە ریزی وڵاتگەلی وەکو چین، عێراق و لیبیا بێت، کە ناوبانگی خراپیان هەیە لە توندوتیژی و پێشێلکاری مافی مرۆڤدا.

ئیسرائیل لە ئاکامدا واژۆی کرد، دوای ئەوەی سەرۆک کلینتۆن سەرەڕای بەرهەڵستیکردنی پێنتاگۆنیش و زۆرینەی کۆمارییەکان لە سیناتی ئەمریکا، واژۆی کرد. کلینتۆن، هەڵوێستەکەی خۆی وا ڕوونکردەوە کە لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی جیهانییەوەیە بۆ بەدادگایی گەیاندنی تاوانبارانی جینۆساید و تاوانبارانی جەنگ و تاوان دژی مرۆڤایەتی. بە پێی کلینتۆن، بڕیارەکە یەکێکە لە مێژوویەکی درێژی خۆهەڵقورتانی ئەمریکا لە کێشەی لەو جۆرانە لە میانەی دادگای نۆرمبێرگەوە.
وەک ئەنجام، بریارەکە لە لایەن وڵاتگەلێکی زۆرەوە پێشوازی گەرمی لێکرا، لە ناویاندا (وڵاتە ئەوروپییەکان و کەنەدا بە تایبەت) و لە لایەن ڕێکخراوە ئیسرائیلییەکانیشەوە هاندرا، هەردوو وڵاتی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ٣١ی دیسەمبەری ٢٠٠٠ دا پەیرەونامەکەیان واژۆ کرد، دواهەمین رۆژی دانراو بۆ واژۆکردنی وڵاتان لەسەر ڕێککەوتننامەکە بە بێ هەموارکردنی. لە دوای ئەو ڕێکەوتەوە، لەخۆگرتنی ڕێککەوتننامەکە خوازیاری پرۆسەیەکی ناوخۆیی ئاڵۆز بوو، لەناویاندا هەموارکردنەوەکانی حکومەت. دەبێ وەبیربهێندرێتەوە، کە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە تەنها بایەخێکی سیمبۆلیکی هەبوو، هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ نەنرا کە بایەخێکی یاسایی هەبێت.
لە واژۆکردنی پەیڕەونامەکە بەدواوە، ئیسرائیل چووە ریزی نەتەوەکانەوە و دوورەپەرێز و گۆشەگیر نەمایەوە سەبرەت بەم پرسە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک چۆن ئەمریکا و ڕووسیا و چین، ئاوایش ئیسرائیل ڕێککەوتننامەکە واژۆ ناکات و بە دووریش دەزانرێت لە دوارۆژی نزیکدا واژۆی بکات. لەوەش زیاتر، ئیدارەی بووش هەڵوێستی رەخنەگرانەی بەرامبەر بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی وەرگرت و کۆششی دەکرد بۆ لاوازکردنی، لە ناویاندا مۆرکردنی پەیماننامەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئیسرائیلدا کە قابیلی پاشگەزبوونەوەی نییە. لە تەمووزی ٢٠٠٢ دا حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی ئیسرائیل بە سەرکردایەتی ئارێل شارۆن، بە هاوبەشی وەزیرەکانی حیزبی کار، بڕیاری رەتکردنەوەی چوونەریزی دادگای نێودەوڵەتی تاوان لە لاهای و واژۆکردنی پەیرەونامەکەیان، دا. (تاقە وەزیری بەرهەڵستکاری بڕیارەکە دان مێریدور بوو).
بە چەندین شێوە، بڕیاری دامەزراندنی دادگای هەمیشەیی تاوان درا کە نوێنەرایەتی پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی یوو ئێن بۆ جینۆساید بکات و خەوش و کەموکوڕییەکانییان وەلاوە نا.



مێنۆمێنتی یادەوەری قوربانییەکانی خەمیرە سوورەکان کە لە کیڵگەکانی دەروەی کەمبۆدای پایتەختی فنۆم پێن دا کوژران. بەکارهێنانی کەللەسەری ڕووت کە ئایینەکانی رۆژئاوا بە قەدەغە و ترسناک دایدەنین، توخمێکی هاوبەش و ڕەوایە لە کولتووره ناوبراوەکان و بۆ زیندووکردنەوەی یادوەری گەلانی ئاسیا و ئەفریقیایە لەو بارەیەوە.

**• ئەم بابەتە بەشی یەکەمە لە کتێبی:**

Yair Aouron, Genocide. Reflections on the inconceivable, Theoretical aspects in Genocide studies. The open University of Israel. ٢٠١٤.




# پەروەردە و داهێنان

## سیستەمی فینلاند بە نموونە!

د. فازڵ جاف

**دەزانیت وڵاتی فینلاند لە بواری پەروەردە لە جیهاندا بە یەکەم وڵاتی پیشکەوتوو دادەنرێت ؟**

**پێت سەیر نییە؟**

ئەم وڵاتە بچکۆلانەیەی ناو سەهوڵبدان و بەستەڵەکی ئەو پەڕی وڵاتانی باشوور، فینلاندی شەکەت و ماندووی پاش شەڕی دووەمی جیهان، قەرداری یەکێتی سۆڤیەتی، بە خۆڕاگری و تێکۆشانێکی سەخت ئەو قەرزە گەورەییەی لە سەر خۆی نەهێشت، تاکە وڵات کە سۆڤیەتی ستالین نەیتوانی داگیری بکات، سەرەڕای هەموو ئەم ئاستەنگانە فینلاند توانی مۆدێلێکی ئەوەندە پێشکەتوو لە سیستەمی پەروەدەدا بنیات بنێت، کە ببێت بە جیگەی سەرنجی هەموو جیهان، بە ئەندازەیەک کە پەیتا پەیتا توێژەران و شاند و پسپۆرانی پەرەوەردە لە سەرتاسەری وڵاتانی جیهانەوە، بۆ نموونە لە ئەمریکا و بەریتاینا و وڵاتانی ئاسیا و تەنانەت لە کەنداوی عەرەبیشەوە، بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی و ئەزموونی نوێ ڕووی تێبکەن.

**دەبێت تایبەتمەندێتی و ناوازەیی سیستەمی پەروەردەی قوتابخانە و زانکۆکانی فینلاند لە چدابێت؟**

دیارە سیستەمی پەروەردەی فینلاند پشت بە زۆر فاکتۆر و بنەمای پێداگۆگیی» پەروەردەیی» ی بەهێز دەبەستێت، کە باسکردنی سەرجەمیان لەم کورتە وتارەدا جێگەی نابێتەوە، لەوانە بایەخی مامۆستای ئەکادیمی، مامۆستا دەبێت بەلایەنی کەمەوە خاوەنی پلەی ماستەر بێت. بەڵام گرینگترینیان پشتبەستنە بە داهێنان و بیری داهێنەرانە بۆ پەروەدەو و بۆ ژیان، کە بەڕای من، نەبوونی ئەم دیدە و ستراتیژە کێشەی هەرە گەورەی پەروەردەیە لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا.

ئەم ڕاستییە بۆ وڵاتانی پێشکەوتوویش سەلمێندراوە، بۆیە ئێستا و لەم سەردەمەدا لێکۆڵینەوە و شیکاری و توێژینەوەیەکی قوڵ لەم بوارە لە ئارادایە. پسپۆرانی پەروەردە و ئاکادیمییەکان بە گشتی کۆکن لەسەر ئەوەی کە داهێنان و دیدی داهێنەرانە و

بەشداریکردنی داهێنەرانە لە پرۆسەی فێربوون کرۆک و کاکڵەی فێربوون و ئەزموونی ڕاستەقینەیە. واتە بڕوانامە و پلەی ئەکادیمی دەبێت لە خزمەتی داهێناندا بێت.
کۆنفۆشیوسی دانای مەزنی وڵاتی چین پتر لە بیست سەدە لەم روانگەیە نزیک بۆتەوە، ئەو دەڵێت: بۆم باس بکە، پاشان لە بیرم دەچێتەوە، پیشانم بدە ڕەنگە لە بیرم نەچێتەوە، لێم گەڕێ بەشداربم، هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە.
لە دۆخی یەکەمدا، قوتابی گوێگرێکی پاسیڤە و مامۆستایش وانەبێژە» ئەم مۆدێلە لە لای ئێمە باڵادەستە»لە دۆخی دووەمدا قوتابی تەماشاکەر و چاودێرێکی پاسیڤە مامۆستایش پیشاندەرە» مۆدێلێکە بە هۆی تەکنۆلۆژیا و پاوەر پۆینتەوە کەم تا زۆر بڵاوبۆتەوە»، لە دۆخی سێیەمدا قوتابی بەشدار و داهێنەر وئەکتیڤە، مامۆستایش راهێنەر و هاوکات داهێنەر و ئەکتیڤە، واتە مامۆستا لە رێگەی بەشداریکردنی داهێنەرانەوە قوتابی دەخاتە ناو جەرگەی پروسەی پەروەردەوە. ئەمەش سەرکەوتووترین میتودی پەروەردەیە، مۆدێلێکە زۆر بە دەگمەن پیادەدەکرێت.
سیستەمی وڵاتانی باکور بەگشتی و سیستەمی فینلاندیش بەتایبەتی، پشت بە پتەوکردنی پێوەندی نێوان پەروەرد و کولتوور دەبەستێت. لەم پرۆسەیەشدا ڕۆڵی داهێنان و خەلاقیەت و ەفراندن کاریگەر و سەنتراڵە. بەبێ داهێنان هیچ پرۆسەیەکی پێداگۆگی مەبەست ناپێکێت. کە ئەمە لە وڵاتی ئێمەدا کێشەی هەرە گەورەی خوێندنە، نەک لە قوتابخانەکاندا، بگرە تەنانەت لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانیشدا، کە هونەر و داهێنان و ئەفراندن دەبوایە تێیدا بابەتی سەرەکی بوایەن. کێشەی بزربوونی داهێنان و دیدی داهێنەرانە هەر لە قۆناخی سەرەتاییەوە تاکو دوا پلەی خوێندنی باڵا بەڕوونی دیارە، هەر بۆیەش پەروەردە لە کۆمەڵی ئێمەدا کێشەی زۆرەک تاکو ئێستایش ئامانجی ڕاستەقینەی نەپێکاوە.
لە پرۆسەی پەروەردەی داهێنەرانەدا سنووری نێوان زانست و هونەر، زانیاری و ئەدەب و فەلسفە و زانستەکانی دیکە، دەسوێت و نامێنێت. هەموو کەسێک لەبواری خۆیدا لێهاتوو دەبێت و لە ژیانیشدا داهێنەر.
بەر لەوەی بە تەواوەتی بگەڕێمەوە بۆ کوردستان، ئەکادیمیای شانۆ لە شاری هێلسینکیی پایتەختی فینلاند بۆ سازکردنی ورکشۆپێکی «جووڵەو گوزارەی جەستە» بۆ قوتابییەکانی بەشی نواندن بانگهێشتی کردم. ڕۆژانە لە کاتی ڕاهێناندا چەندین کەس بە مەبەستی تەماشاکردن ئامادە دەبوون. ڕۆژێک خانمێک لە میوانان، پاش ڕاهێنانەکان بە بزەیەکەوە پێی گوتم: دەزانیت من نیازم وایە بتفرۆشم!

گوتم: تێنەگەیشتم، چۆن دەمفرۆشیت؟ گوتی: ئەم ڕاهێنان و سەرمەشقانەی تۆ، نەک تەنیا بۆ ئەکتەر و شانۆکار باشن، بگرە بۆ هەموو مرۆڤێک که هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤ و خەڵک بکات زۆر باش و سوودبەخشە. بۆیە من دەمەوێت ئەم وۆرکشۆپەی تۆ بۆ کۆمپانیای « نۆکیا» پێشنیاز بکەم. گوتم: باشە بۆچی بۆ نۆکیا؟ نۆکیا لە کوێ و شانۆ لە کوێ؟ گوتی: شارەزایی لە بواری جەستە و ڕەوتی جەستە و کۆد وهیماکانی جەستە و زمانی جەستە لە کولتووری جیاجیادا گەلێک گرینگە. ئەوانیش کار لەگەل وڵاتانی دنیا و کولتووری جیاوازدا دەکەن، ئەم زانیارییە بۆ ئەوان زۆر گرینگە.

لەو بیرۆکەیەوە، من پرۆژەی کارکردنم لە بواری گەشەی مرۆییدا دەست پێکرد، لەو خانمەوە فێربووم کە ئەم میتودە شانۆییەی من تێیدا پسپۆرم، دەکرێت لە دەرەوەی شانۆیشدا سوودبەخش و کاریگەربێت... سوپاس بۆ ئەو خانمە کە مۆمێکی دیکەی داهێنانی لە ناخمدا داگیرساند.

وانەکانی داهێنان، وەکو وانەکانی شێوەکاری و مۆسیقا و شانۆ گەلی گرینگن بۆ قوتابی، ئەندێشەی قوتابی جۆش دەدەن و هانی دەدەن باشتر بیر بکاتەوە، بەوەی کە سەرچاوەی بیرکردنەوەی کاراتر و بەجۆشتر بێت. قوتابییەک کە ئاڵودەی بوارێکی داهێنان دەبێت، ئیتر چ مۆسیقا بێت، چ شانۆ، چ نیگارکێشان بێت، چ کاری دەستڕەنگینی بە خەلاقیەت و ئەفراندنەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانە دەکات، کە بەتەنیا خۆیان تا ڕادەیەک وشکن. قوتابییەک کە ڕوحییەتی داهێنانی تێدابێت و قوتابخانە بوار بۆ شرۆڤەکردن و نمایشکردنی ئەو ڕوحیەت و توانایە برەخسێنێت، ئەو قوتابییە لە بوارەکانی دیکە و لە بابەتەتەکانی دیکەیشدا ڕوو لە داهێنان و ئەفراندن دەکات، ئەگەر ئەوەش نەبێت، بێگومان ئەو قوتابییە، بە دیدێکی داهێنەرانە تەماشای بابەتەکانی دیکە، وەکو بیرکاری، زمان، مێژوو، جوگرافیا... هتد، دەکات.

قوتابی ئەگەر لە هیچ بوارێکی داهێناندا توانای خۆی نمایش نەکات، ئەو قوتابییە لە ناخەوەو بەویستی خۆی، ئارەزووی خوێندن و چوونە قوتابخانەی کەم دەبێت. بوارەکانی داهێنان زیاتر خۆدی قوتابی و تواناو ئەندێشەی دووپات دەکاتەوە، بوونی دەسەلمێنێت، وانە و بابەت و قوتابخانەو مامۆستاکەی لەلا پەسەند و خۆشەویست دەکات. چەند ئەو قوتابییە خۆدی خۆی لە وانە وچالاکیی داهێنەرانەدا بدۆزێتەوە، ئەوەندە پتر خۆی بە ئەندام و بەشێکی ئۆرگانیک لە کۆمەڵ و گروپدا دەزانێت. چالاکی داهێنەرانە ڕێگەچارەسەرێکی کارا و کاریگەرە بۆ نەهێشتنی هەستی تەنیایی و دابڕان و پەراوێزکردن. چالاکی داهێنەرانە یەکێکە لە میتودە کاریگەرەکانی سیستەمی پەروەدە

لە فینلەنددا، بگرە داهێنان بەردی بناخەی پەرەوەدەیە لە وڵاتی فینەلەنددا، کە ئێستا لە سەرتاسەری جیهاندا بە باشترین مۆدێلی پەروەردە شرۆڤە دەکرێت.
سیستەمی پەرەوەدە لە فینلاند دید و تێڕوانینێکی بەربڵاو و فرەلایەنی بۆ چەمکی داهێنان هەیە. ئەوان داهێنان بە گشت لایەنەکانی ژیانەوە گرێ دەدەن. واتە هەموو لایەنێک دەکرێت بە دیدی داهێنەرانە تاماشا بکرێت. لای ئەوان داهێنان تەنیا هونەر و ئەدەب نییە. هەموو بوارێکی ژیان دەچێتە ناو چوارچێوەی داهێنانەوە. بۆیە ئەوان قوتابی فێری چێشتلێنان و کاری باخەوانی و بێستانچێتی و جل دورین و دارتاشی و ئاسنگەری و کۆمپیوتەر و وەرزش دەکەن. بە واتەیەکی دی، قوتابخانەکانی فینلاند نەک تەنیا بوارەکانی هونەر و ئەدەب بە تاکە بواری داهێنان دەزانن، ئەوان بوارەکانی تەکنۆلۆژیا و کاری دەستڕەنگینی و بیناسازی بە داهێنان و ئەفراندن دەزانن. لەسەر داخوازی و لە دۆخی پێویستتدا کلاس و خول و کۆرسی بۆ ئاماە دەکەن. قوتابییان چالاک دەبن و توانایی خۆیان دەخەنە گەڕ، قوتابخانە بۆ ئەوان پێکهاتەیەکی زانستی و داهێنەرانەیە، قوتابخانە هاوکات زانیاری و چێژ بە قوتابی دەبەخشێت.
داهێنان و میتودی داهێنەرانە پشت بە ستراتیژێکی کردەیی دەبەستێت، کە ناوەڕۆکەکەی هزرێکی سادە، بەڵام قووڵ و کاریگەر دەگەێنێت: قوتابی نابێت لە ڕۆژێکدا تەنیا بە یەک بابەتەوە، بە یەک چالاکییەوە خەریک بێت. ئەم یەکبابەتییە، یەک ڕەهەندیی بیرکردنەوە لە لای قوتابی دروستدەکات، تووشی بێزاری وەرزبوونی دەکات، لە ڕووی فیکریشەوە تووشی دۆگمای دەکات. بگرە هەمان ڕۆژ، بۆ نموونە لەتەک بابەتەکانی زانستیدا، دەبێت بابەتێکی داهێنانی ناو جەرگەی ژیان پیادە بکات. بۆ نموونە دەبێت وەرزش بکات، چێشت لێ بنێت، وانەی مێژوو لە فۆرمی نواندن و نمایش و شانۆدا پیادەبکات... زمان لە فۆرمی سیناریۆ و دیالۆگ و ئاخاڤتن و هەڤپەیڤین و ئینتەرڤیو پراکتیزە بکات. لە ڕاستیدا بوارەکانی داهێنان زۆرن، هەر ئەوەندە چویتە ناویەوە و پەیت پێ برد، ئیدی هەر داهنیانە و داهێنانی لێ دەبێتەوە.
دیدی داهێنەرانە وەکو متیودێک لە قوتابخانە و زانکۆ و زانستگەدا، مرۆڤێکی پۆزەتیڤ و نەوەیەکی تەندروست و داهێنەر دروست دەکات.
چەند ساڵێک لەمەوبەر ئاشنای خانمێکی فینلەندی بووم، کە بە هەست و سۆز گوێی لە مۆسیقای چایکۆڤسکی دەگرت. پاش یەکترناسین. کەوتینە باسی مۆسیقای کلاسیک، ئەو خانمە زۆر شارەزایی موزیکی کلاسیک بوو، پرسیارم لێ کرد: ئێوە پسپۆرن لە موزیکی کلاسیک؟ گوتی نەخێر. من ئارەوومەندی موزیکم. گوتم: ئەی ئەم شارەزاییەت

له بارەی موزیکی کلاسیک، له کوێوه به دەستهێناوه؟

گوتی: لەوانەی بیرکارییەوە. که منداڵ بووم، مامۆستای بیرکاریمان، له هەموو وانەیەکدا پارچه مۆزیکیکی کلاسیکی، باخ، بیتهۆڤن، مۆزارت، چایکۆڤسکی، سیبیلیۆس» بەناوبانگترین کومپۆزەری کلاسیکی فینلاندایه» له وانەی ماتماتیکدا، بۆ دادەنایەن، به تایبەت له کاتی ڕاهێنان و پرسیار وەڵامدانەوەدا. ئەمه وای لێ کردبووین چێژ له وانەی بیرکاری وەرگرین، تەنانەت ئەو قوتابیانەی که کێشەیان لەگەل بیرکاریدا هەبوو، یان زۆر ئارەزووی بیرکاریان نەبوو، به هۆی جوانی و چێژی موزیکەوە، له وانەی بیرکاری دوا نەدەکەوتن.

سیستەمی پەروەردەی له فینلاند، بۆ زۆر کەسی دەرەوەی ئەو وڵاتە، تاڕادەیەک سیستەمێکی ناوازه دیاره، چونکه لەگەڵ زۆربەی یاسا و بنچینەکانی سیستەمی باوی پەردوەردە له جیهاندا ناگونجێت.

وڵاتێک هەروەکو خۆیان دەڵێن پاش شەڕی دووەمی جیهان و داگیرکردنی له لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، له وێرانه و سیفرەوه هەستایەوه سەرپێ، کەچی ئێستا له بواری پەروەدەدا خاوەنی مۆدێلێکی تایبەته. ئەم مۆدێله، وەکو پێشتریش باسم کرد، لەسەر بناخەی داهێنان و دیدی داهێنەرانه داڕێژراوه.

**گرینکترین ستراتیژی سیستەمی پەروەده له وڵاتی فینلاند ئەمانەن**

١- خوێندن له خوار تەمەنی حەوتساڵیدا بەزۆر نییه. مندالڕ بەر له تەمەنی حەوت ساڵی ناخرێته بەر قوتابخانه.

٢- قوتابی ماوەی پشوو «رێست» ی زیاتری هەیه، ئەمەش به مەبەستی ئەوەی که قوتابی له کاتی پشو «برەیک» دا چالاک و کارا بێت، بەشداری له چالاکی داهێنەرانه بکات.

٣- ژمارەی کاژێرەکانی خوێندن به بەراوورد لەگەڵ سیستەمی خوێندن له ئەمریکادا کەمترن.

٤- قوتابخانەی تایبەت و نموونەیی نییه.

٥- سیستەمی فینلاندی یەک پێوەری و یەکمودێلی سەرانسەری ڕەت دەکاتەوه، واته یەک ستاندارتی نیشتیمانیی سەرتاسەری تاقیکردنەوەکانی «بکالوری» نییه.

٦- بایەخدان به توانا و بەهرەی قوتابی وەکو تاک، له چاوگرتنی تایبەتمەندێتیی قوتابی وەکو کەسایەتییەکی سەربەخۆ ستراتیژێکی گرینگه.

ئەم بایەخپێدانە پشت بە باوەڕێک دەبەستێت کە منداڵ گەورەترین و بەهادارترین سامانی وڵاتە.
٧- هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی ستاندارتی «گشتی» لە سیستەمی پەروەردەیی فینلاندا نییە.
٨- نمرەدانان لە لایەن مامۆستاوە بۆ قوتابی تاکو ساڵی هەشتەم «پۆلی هەشت» ئیجباری نییە
٩- مامۆستا دەبێت بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێنابێت.
١٢- فینلاند کولتووری نێگەتیڤ قبوڵ ناکات چونکە باوەڕی بە داهێنانە، ئەگەر دەرکەوت مامۆستایەک پەسەند یان لێهاتوو نییە، دەبێت ڕاهێنان و مەشق و خولی زیاتر ببینێت، تاکو بگاتە ئاستی شیاوی وانەگووتنەوە. هیچ کەسێک دەرناکرێت و نانبڕاو ناکرێت.
١٣- سیستەمی پەروەردەی فینلاندی لە پەروەردەدا پشت بە هاریکاری و ئەزموونی هاوبەش لە نێوان قوتابخانەکاندا دەبەستێت.
١٤- هەروەها خۆی لە هەموو جۆرە پێشبڕکێیەک دوور ڕادەگرێت و باوەڕی پێ نییە، واتە زیاتر باوەڕی بە هاریکاری و ئاڵوگۆڕی ئەزموون و کاری گروپ و کۆمەڵ و تاقم هەیە.
١٥- پەرەوەردە دەرفەتێکی یەکسانە بۆ هەمووان.
١٦- بەشی زۆری بودجەی قوتابخانە د بۆ پۆل و پێداویستییەکان و چالاکییەکانی ناو کلاس تەرخان دەکرێت.
بە پێچەوانەی سیستەمی ئەمریکایی، کە پشکی گەورەی بودجەکەی بۆ کاروباری کارگێڕیی دەڕوات.
١٧- سیستەمی پەروەردەی فینلاندی دەستی منداڵ بەرەوە کەسایەتی سەربەخۆ دەگرێت، ئاراستەی دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون، منداڵ دەبێت هەستی بە ئازادی و جیاهەڵکەوتوویی خۆی بکات، بۆیە لە سیستەمی فینلاندا منداڵ هان دەدرێت کە تا دەکرێت، بە پێی خۆی بڕوات بۆ قوتابخانە، نەک بە ئۆتۆمبیل و باسکیل، یان وەکو لە ئەمریکادا باوە، منداڵ بە هێلیکۆپتەر بۆ قوتابخانە دەڕوات.
١٨- سیستەمی پەروەدەی فینلاندی باوەڕی بە کاری ماڵ و ئەرکی قوتابی نییە لە ماڵ، ئەو سیستەمە باوەڕی بەوەیە کە منداڵ دەبێت لە ناو پۆلدا پەروەردەبکرێت و تواناکانی گەشە بکات.

١٩- قوتابخانەکانی فینلاند زۆر بایەخ بە وەرزش دەدەن، بەڵام نەک بە مەبەستی کێبڕکێ و پێشبڕکێ. وەرزش چالاکییەکە بۆ پەروەردەی جەستە و خۆشەویستیی ژیان.
٢٠- بایەخ بە کێشەی تایبەتی قوتابی دەدرێت، بۆ نموونە ئەگەر قوتابییەک کێشەی هەبێت و لە خوێندن دوابکەویت، یەکسەر پلان و نەخشەی تایبەتی بۆ سازدەکرێت. بەو شێوەیە قوتابخانە ڕێگای ئایندەی خراپ لەو منداڵە دەگرێت و هەر دەستبەجێ قوتابخانە یارمەتی منداڵەکە دەدات تاکو ڕێگەی ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە و ڕێچکەی خۆی دەگرێت.
راستە ئێمە لە فینلاند نەوتمان نییە، گازمان نییە، سامانێکی سرۆشتی ئەوتۆمان نییە تاکو هەناردەی دەرەوەی وڵاتی بکەین وبیفرۆشین. بەڵام ئێمە منداڵەکانمان سەرمایەمانن بۆ ئاینده. ئەوان سامانی ئێمەن، ئەگەر باش پەروەردەیان بکەن، دەبنە سەرمایەیەکی گەورە بۆ وڵات.
ئەمەم وتەیەم لە ئاخاوتنێکی وەزیر پەرەوەدەی فینلاندەوە وەرگرتووە. دیارە ئەویش کە باس لە منداڵ دەکات مەبەستی قوتابییە.
مامۆستا لە قوتابخانەکانی فینلانددا قوتابی بە سامان وڵات و سەرمایەی ئایندەی کۆمەڵگە دادەنێت. ئەوان پێیان وایە هەر سیستەمێکی پەروەردە ڕۆڵ و پێگەی قوتابی فەرامۆش بکات، یان قوتابی نەکات بە ئامانجی سەرەکی و لە سەنتەری پرۆسەی پەروەردەدا داینەنێت، ئەو سیستەمە سەرکەوتوو نابێت، لە جیاتی سوود ڕەنگە زیانیش بە تاک و کومەڵ بگەیێنێت.

**تێبینی:**
سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەم وتارەم، بە پلەی یەکەم لە هەڤپەیڤێنکدا، کە لەگەڵ وەزیری پەروەردەی ئێستای فینلانددا کراوە، وەرگرتووە، هەرەوها سوودم لە زۆر بابەتی جیاواز و سایتی فەرمی وەزارەتی پەرورەدەی فینلاند وەرگرتووە.



# توانا فیکریەکان... وابەستەی کلتور
# لە رۆژهەڵاتی ناوەراستی گۆی زەویدا. !

**هێرش شکاک**

**ژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا... بوەتە جێگای عەیب... !**
**ڕۆژهەڵاتی ناوەراست شوێنی داهێنانەکان نیە... بەڵکو شوێنی جەنگ و کێشە هەمەجۆرەکانە... !**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو شوێنە جوگرافیەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا و وڵاتی میسر دەگرێتەخۆ ئەو روبەرە ئاویانەی کە دەکەونە دەوروبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتیین لە دەریای سوور و کەنداوی عەرەبی و دەریای سپی ناوەڕاست.
یەکەم بەکارهێنانی «ڕۆژهەلاتی ناوەراست – Middle east» لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەیەم بوو لە نوسینگەی هیندی بەریتانی «British India Office» کە پاشان بەکارهێنانی ئەم ئەم ناوە بەرفراوان بوو و لەسەر ئاستی جیهاندا ناسرا، هەروەها شارەزای ستراتیژی لە دەریاوانی ئەمریکی ئەلفرێد تایر ماهان لە ساڵی ١٩٠٢ دا بەکاریهێنا ئەوەش بۆ جیاکردنەوەی ئەو ناوچەیەی کەوتۆتە نێوان نیمچە دورگەی عارەبی و هیند. ئەم ناوە بۆ ئاماژەکردن بە وڵاتان و شارستانیەتەکانی کە لەم شوێنە جوگرافیەدا هەن بەکار دەهێندرێت. ئەم شوێنە لەکاتی دۆزینەوە جوگرافیەکاندا لەلایەن دۆزەرەوە جوگرافیەکاندا بە «جیهانی کۆن» ناونرا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنی سەرهەڵدانی شارستانیەتە مرۆڤایەتیەکانە هەروەها شوێنی لەدایکبووی گشت ئایینە ئیبراهیمیەکانە.
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گەرمترین شوێنەکانی جیهانە بۆ ئامادەیی لە جەنگدا، بریتییە لە شڵەژاوترین شوێنە جوگرافیەکانی جیهان لەرووی ئەمنیەوە، کە ئەم دەڤەرە بریتییە لە تایتڵێکی گەورە و بەردەوامی ڕۆژانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا، هەروەها ئەو شوێنە بریتییە لە گۆڕەپانی دیراسەکردنی بیردۆزە نێو دەوڵەتیەکان، هەروەها شوێنی تێستکردنی کارلێکە سیاسیەکانە، بە جۆرێک کە سیستمی حوکم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی زلهێز و ئەوان ڕۆلی زۆر

گرنگیان لە کارپێکردنی ئەو سیستمەی کە خۆیان پێویستیانە هەیە، کە لەراستیدا خاک و ژینگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بەپیتە بۆ پێگەیشتنی ململانێ و جەنگەکان و بەردەوامبونیان لە زەمەنە دورودرێژەکاندا. کە لەم زۆنەدا جەنگێک تەواو نابێت جەنگێکی دیکە بەڕێوەیە و ئەوەی تر تەواو دەبێت یەکێکی دیکە سەرهەڵدەدات، بۆیە ئەم دەڤەرە بووەتە سەنتەری ململانێ نێو دەوڵەتیەکان. کە یەکێک لە سیماکانی ئەم دەڤەرە بریتییە لە هەردەم هەبوونی جەنگی بە وەکالەت و بەناوی جیاواز، بەشێوەیەکی گشتی دەمێکی زۆرە بۆنی باڕوت لە بەشێکی زۆری ئەم ناوچەیەدا بووەتە شتێکی زۆر ئاسایی، تەواو پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان کە بۆنی باڕوت قەدەغەیە.

رۆژهەڵاتی ناوەراست بەوە جیادەکرێتەوە کە سنورێکی دیاریکراوو و فیزیایی جێگیری نیە، بەپێی ئەو روداوانەی کە لەنێو جەرگەی ئەو زۆنەدا یاخود لە نزیک لێوارەکانیدا روودەدات سنورەکەی فروان یان تەسک دەبێتەوەو گۆڕانکاری گەورە بەخۆیەوە دەبینێ، کە هەندێک جاریش بەپێی سۆزی قەومیەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەم دەڤەرە کە بە درێژایی مێژووی رابردوو خۆبەخۆیی یاخود لەگەڵ دراوسێ جوگرافیەکانیدا جێگەی ململانێ بووە. کە جارێکیان فلان کوتلە سەرکەوتوو بووەو جارێکی تر هێرشی کراوەتە سەر و داگیرکراوەو ئەوەی بنیاتنراوە هەر هەمووی لەنێوبردراوەو لەجێگای شتە جوانەکان وێرانە دروست بووەو جارێکی دیکە ژیان لە سەرەتاوە دەست پێدەکاتەوە و نەهامەتیەکان چەند بارە دەبنەوە. لەنێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خاکی وڵاتی عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران نموونەی ناخۆشترین جێگەی جیهانن بۆ ژینگەی دیموکراسی و بریتیین لە وڵاتانی ژاوەژاو، ئەوان ئەو چوار دەوڵەتانەن کە نەتەوەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە.

ئەو شوێنگەیەی کە رۆژهەڵاتی ناوەراست لێی جێگیربووە زۆر تایبەتمەندە، کە شوێنەکەی وایلێکردووە پێناسەی جوگرافیا سیاسیەکەی کاریگەرێتی لەسەر بڕیاری سیاسی لەو دەڤەرەدا هەیە، کە ئەو شوێنە جوگرافیە لە هەستیارترین شوێنانی جوگرافیە لە کاریگەرێتیی لەسەر بڕیاری سیاسیدا لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتیدا.

لە پسپۆڕێتیەکانی کارو ئیدارەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکاندا ژاپۆن بە قوتابخانە (مەدرەسە)ی تەکنەلۆژیا و پیشەسازی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، ئەمریکای باکوریش بە قوتابخانە (مەدرەسە)ی پیشەسازی کانزایی و گرانەکانی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانی دیکە دادەنرێت، هەروەها ئەورپپاش بە قوتابخانەی (مەدرەسە)ی تێکەڵەی هەردوو جۆر پیشەسازی ئاماژە پێکراو دادەنرێت، هەروەها چەندین وڵاتانی دیکەی جیهان خەریکی پێشکەوتنێکی زۆر خێران لە زۆربەی شتەکانی تەکنەلۆژیادا، کە پێناسەی ژیانکردن

لەم شوێنانەدا تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ هاودەمی پەرەسەندن و پێشکەوتنی سەردەمدا یەکتر دەگرنەوە بۆیە لەم شوێنانەدا بۆ مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی ژیان مانای زۆری هەیە و هیوا حەقیقی و باڵاکان ژیان و داهاتووی بۆ مرۆڤەکان خوڵقاندووە. بەڵام ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕودەدات و دەگوزەرێ سەد لە سەد پێچەوانەی ئەوەیەو هاوکێشەیەکی سەردەمانی زۆر کۆن بەکار دەهێندرێت و کاری پێدەکرێت. واتا مرۆڤە تازەکان بە فەلسەفە و پرۆگرامێکی ئێجگار زۆر کۆن ئیدارە دەکرێن و لەسەر ئەم بنچینەیەدا داهاتوشیان بۆ دیاری دەکرێت، مەخابن کە زانای زۆر گەورە و بەتوانایان تێدایە، بەڵام وادیارە فەلسەفەی بەڕێوەبردنی ژیان لەم شوێنەدا دەبێ وابێت و گۆڕانکاریەکان بەرەو دواوەن نەک پەرەسەندن.

هەروەها گەورەیی پانتاییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەدان ملیۆن خەڵک تێیدا دەژیێن وایکردووە کە ببێتە بازاڕێکی بەپێز بۆ وڵاتانی گەورەی دونیا بۆ ساغکردنەوەی هەموو کەلوپەلێک، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا هەستیارێتی مەزهەبی و تائیفی گەرم لەم دوڤەرەدا وایکردووە ئەو شوێنە ببێتە گەورەترین بازاڕ بۆ فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بە وڵاتەکانی، بۆیە هەردەم وڵاتانی زلهێز حزوریان هەیە لەم ناوچەیەدا. کە ئێستا بەبێ هیچ جیاوازیەک وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بونەتە باشترین کڕیاری چەکە کۆن و تازە بابەتەکان. بۆ وێرانکردنی خاک و خەڵک و ژینگەی خۆیان بۆ پیسکردنی ئاوەکەی بۆ وشک کردنی دارو درەختەکانی. بەڵێ بۆ وێرانکردنی داهاتووی بەشێکی زۆری خەڵکەکە. بۆیە وا بیابان بوون بەخێرایی هەڵدەکشێ و ئاوو هەوایەکی وشک و وشکتر بەرهەم دێت. ڕاستە ئەگەر بڵێین ژیانکردن بۆ بەشێکی زۆری دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بێمانایە و زۆر لە مەرجەکانی بوونی ژیانێکی پڕ هەیبەت بۆ مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دەست دراوە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جەنگی سێیەمی جیهانی:

جەنگی جیهانی مانای هەبوونی بارودۆخی ململانێ لەنێوان چەند هێزیکدا کە تێکەڵبوونی بەرژەوەندیەکانیان و کەوتنەوەی کێشە لە نێوانیاندا لە چەند ناوچەیەکدا، بەشێوەیەک کە هەریەکێک لەم هێزانە ئەو کاریگەرێتیە جێبهێڵێت کە دەستی پێگەیشتووەو لەتواناکانی ئەو دایە ئەنجامی بدات، کە هەریەکێک لەو هێزانەدا لە ململانێدا دەبێت بۆ گەیشتنی بە پارێزگاری کردن لە دەسەڵات و نفوزی خۆی. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا سەرەتای جەنگی سێیەمی جیهانی بەڵام زۆر بە هێواشی دەستی پێکردووە و لەسەر لاشەی مرۆڤە بێتاوانەکان بەرێوە دەچێت. دیمەنی ئاگر بەردەوام وجودی هەیە و ناکوژێتەوەو بەشێکی

دانیشتوانی بەم هەردەم بەردەوامی ئاگرە بۆن ناخۆشانە راهێنراون.
شوێنەکانی کە ململانێی نێو دەوڵەتی تێیاندا وجودی هەیە بریتیین لە شوێنی ستراتیژی و زیندوو، بۆیە لە راستیدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جەنگێکی بەردەوام هەیە و پەلی خۆی هاوێشتووەو هەموو کاریگەریە سلبیە پاشاگەردانیەکانی جەنگی گەورەی لێ دەرکەوتووەو بەردەوامیش دەبێت و کۆتاییشی نایێت، لەبەرچی...؟ لەبەرئەوەی فاکتەرەکانی بەبەردەوامبوونی جەنگ لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کە زۆرن... هەر هەموویان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تەواوی و بە جێگیری وجودیان هەیە. واتا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوە چەندین ساڵە جەنگ بەردەوامی هەیە و هەر دەشمێنێ... بەڵام ئایا جەنگی سێیەمی جیهانی چ پەیوەندیەکی بەم جەنگە بەردەوامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە ؟ لە راستیدا بە کورتیەکەی دەڵێم رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر لێواری «جەنگی سێیەمی جیهانی»یە، بە رونتر بلێم هیچ دەوڵەتێکی زلهێزی جیهان نیە کە بە فعلی یان بە وەکالەت وجودی لەم جەنگەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا نەبێت کە لە خاکی عێراق و سوریا و ئێران و تورکیا و یەمەن و سعودیا و میسر و لبنان و کوردستاندا رودەدات.
مەبەستم ئەوەنیە کە بە وردی بچمە نێو زۆر وردەکاریەوە بەڵام تەنها مەبەستمە باس لە وێنە گشتیەکە بکەم.
مرۆڤ تەنها بەوە لە گیانەوەران جیاناکرێتەوە کە توانای قسەکردنی هەیە بەڵکو هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتیەوەو بەپێی ئاستی مێشکی مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا مرۆڤ داهێنانی کردووە، کە لە هەموو سەردەمەکاندا هەندێک لە مرۆڤەکان بونەتە بارگرانی بەسەر ئەوانەی دیکەدا و بەسەر ژینگە و سروشتدا، بەڵام لە سەردەمی تازەی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵگا بە تواناو ئاقڵەکان گرەو لەسەر خۆشگوزەرانی ژیان دەکەن، کە خۆشگوزەرانی ژیان لەرێگەی مەعریفە و زانست و داهێنانەکانەوە دێتەدی و دێتە نێو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا کە هاوکات لەگەڵ مرۆڤەکاندا گیانلەبەر و ژینگە و سروشتیش سوودمەندن، ئافەرین بۆ ئەو کۆمەڵگایەی گرەو لەسەر بەرەوپێشڤەچوون و داهاتویەکی پڕ بەختەوەری دەکەنەوە، ئافەرین بۆ ئەو دەسەڵاتەی وڵات خاوەن ئەجێندای رۆژ دوای رۆژ بەختەوەرترکردنی هاوڵاتیەکانی وڵاتەکەی نەخشە دەکێشێ کە لە وڵاتانی پێشکەوتوی جیهاندا ئەوەی گوتم بە تۆکمەیی بەرجەستەکراوەو هاوڵاتیان لێی بەختەوەرن. بەڵام ئەوەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی زەوی و هەندێک شوێنانی دیکە روودەدات بریتییە لە حاڵەتێکی ناسروشتی و بەبیرکردنەوەی قوڵ لێی لەوانەیە بگەیتە ئەو قەناعەتەی کە دیارە مرۆڤەکانی بۆ نموونە رۆژهەڵاتی ناوەراست تەنها بەوە لە گیانەوەرەکانی

دیکە جیادەکرێنەوە کە توانای قسەکردنیان هەیە، لەبەرئەوەی لە فەلسەفەی ژیانی ئەم دەڤەرەدا داهێنانی گەورەی بیری مرۆڤایەتی نابیندرێت و تەنها شەڕ و پێکدادان و جەنگە گەورە و بچوکەکان داهێنانێکی گەورە و ئەزەلی بەشێکی زۆری خەڵکانی ئەم ناوچەیەن، دەمارگیریە نەتەوەییە دوور لە پرنسیپە مرۆڤایەتیەکان کێشەیەکی گەورەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەم زۆنە گەورەیەن، کەچی جگە لە توانای ئاخاوتن داهێنانە جیاوازەکان خاڵی جیاکردنەوەی نێوان مرۆڤ و گشت گیانلەبەر و زیندەوەرەکانی دیکەیە کە ئەم جیاوازیە لەنێو ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵگاکانی جیهاندا وجودیان هەیە، دەمێک بوو حەزم دەکرد لەسەر ئەم بابەتە شتێک بنوسم، کە بەلای منەوە بابەتێکی زۆر گرنگە.
من لێرەدا مەبەستمە لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەندەوە بدوێم... ئەو نەتەوە سەرەکیانەی کە لەم زۆنە گرنگەی گۆی زەویدا لەدێر زەمانەوە ژیانیان بەسەر دەبەن بریتیین لە (عارەب، فارس، تورک، کلدانیەکان، ئاشوریەکان، کورد) لە زەمەنێکی دورودرێژی رابردووەوە تا ئێستا باڵادەستەکانی ئەم دەڤەرە هەریەک لە نەتەوەکانی یاخود خەڵکەکانی (عارەب و فارس و تورک)ن، کە دەمارگیری و نەتەوە پەرستیەکی سەرشێتانەی بەرێوەبەران و سەرۆکانی ئەم سێ قەومە هێندە بە نا مرۆڤانەیی رەفتاری دەسەڵاتەکانیان ئەنجام داوە کە هەریەکەیان پێیان وایە قەومەکەی ئەو لە هەموو ئەوانەی دیکە زۆر بەبەهاترە، ئیتر ئەم فەلسەفە فاشیلە دواکەوتووە بەبەردەوام و بەشێوەیەکی گشتی شۆڕبوەتەوە بۆنێو زۆربەی ئەندامەکانی ئەم قەومانە (بە شێوەیەکی گشتی)، بۆیە کار گەیشتە ئەوەی هەریەک لەم سێ قەومانە بە خۆیان بڵێن (الشعب المختار) واتا نەتەوەی هەڵبژێردراو و پێویستە هەر ئەوان خاوەن بڕیار بن. ئەوە مێژویەکی دورودرێژە کە بە چەندین نەوەی دوای یەک لەماوەی ئەم مێژووە نا سروشتیەدا ژیانیان بەسەر برد. لەراستیدا ئەم نوسینەم دوو ڕەهەندی هەیە:
یەکەم: گێژخواردنی بەردەوامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێو جەنگدا و جیابونەوە لە هەر داهێنانێک و حەسانەوەی بەشێکی زۆری خەڵکەکە کە وەک چوارچێوەیەکی گشتی وا دەبیندرێت کە دەسەڵات و مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی لەم دەڤەرەدا چەند پلەیەک نزمتر بن لەچاو مرۆڤانی شوێنانی پێشکەوتوی جیهان.
دووەم: ستەم دیدەی ئێمەی قەومی کورد لەژێر کاریگەرێتی ئەم ژینگە زۆر ناتەندروستە بەدرێژای زنجیرە زەمەنێکی نەپساوە،
بۆ زۆر رونکردنەوەی خاڵەکانی یەکەم و دووەم کە کرۆکی بابەتەکەمە،... پرسیارێک دێتە پێشەوە کە بریتییە لە ئایا کێ ئەم حاڵەتە پەشێویە بەردەوامیەی خوڵقادووەو

کۆتایشی نایێت، ئایا کێن ئەوانەی ئەو بارودۆخەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خولّقاندووە کە بوەتە جێگەی عەیب و شەرمەزاری بۆ رابردوو و ئێستا و داهاتوو... ؟

**وەڵام: بەرێوەبەرانی هەریەک لە قەومەکانی عارەب، فارس، تورک... کە هەریەک لە:**

**١. دەمارگیری قەوم پەرستی**

**٢. خەون بینین بە پاڵەوانی شەڕەکان**

**٣. دەرنەچوون لە بازنەی ژەنگاوی بووی کۆنە پەرستی**

بریتیین لە فەلسەفەی بەرێوەبردنی وڵات و قەوم و خودی خۆشیان... دەبا سەیر بکەین بە درێژای مێژووی دەسەڵاتی قەومی عارەب لە نێو دەوڵەتی عێراق و سوریادا دەسەڵاتی عارەبی چی بە کورد و هەندێک نەتەوەی بچوکی تر کردووە. هەروەها دەبا سەیر بکەین بە درێژایی دەسەڵاتی تورکەکان لەنێو ئەو دەڤەرەی کە پێی دەگوترێت تورکیا... دەسەڵاتی تورک چی بە کورد کردووە کە بەشێکی زۆری ئەم کۆمەڵگایە پێک دێنێت، دەبا سەیرێکی مێژوو بکەین بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتی فارس لەو زۆنە گەورەیەی کە پێی دەگوترێت ئێران، دەسەڵاتی قەومی فارس چی بە کورد کردووە کە نەتەوەی دوومی ئەم وڵاتەیە، واتا لەم ناوچە پان و بەرینەدا هەردەم مێژوو بە پرنسیپی گەوجایەتی دووبارە دەبێتەوە تا رادەی بە کەڵەکەبوونی ئەم هەموو زنجیرە یەک لەدوای یەکەی مێژووە، سیمایەکی ئێجگار ناشیرین بووەتە رووی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. واتا ئەوەی منی هاندا باس لەم بابەتە بکەم، یەکەم... وردبونەوەیەکی خێرای کورت لەسەر ئەو حاڵەتە ناسروشتیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بووەتە سەنتەری هەزاران کێشەی مرۆڤایەتی بەشێوەیەک کە پرنسیپە مرۆڤایەتیەکان لێرە جێگەیان نابێتەوە. واتا عەقلیەتێکی زۆر دواکەوتوو و شەیتانانە هەریەک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەرێوەدەبەن و سەرکردە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم وڵاتانە لە دونیای پێشکەوتن و مرۆڤـ دۆستانەدا خەوێکی قولیان لێکەوتووە. دووەم... ستەمکردنی بەردەوامی بەرێوەبەرانی هەرسێ قەومی ناوبراو لە کورد و ئەوانەی تر و قبوڵ نەکردنی قەوم و ئایۆلۆژیای بەرامبەر لەلایەن هەر سێ قەومی ناوبراو لەسەدا سەد راستە و هەڵەی تێدانیە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوڵاتیەکان زانست و لۆژیک پێشەوایەتیان ناکات، هەندێک لە بیرە داتاشراوەکانی بەناو ئایین بووەتە قەدەریان کە لەراستیدا ئایین بە جوانیەکەی خۆیەوە زۆر بێبەریە لەم بیرۆکە داتاشراوە ناسیۆنالیزمیانەوە، ئەوان کەی ئاقڵ دەبن بۆ خۆیان و بۆ بەرامبەرەکەیان، بۆ ئەوەندە حەزیان لە شەڕ و قوڵایی ناکۆکیەکانە بۆ

پێش ناکەون و لە خولانەوەیەکی بەردەوامی مەزهەبگەراییدا ژیانیان بەسەردەبەن.. ؟ ئایا کامەیان لە ئەوەی تر باشتر و رێکوپێکترە... ؟ بارودۆخی حاڵی حازر لە گەڕانەوە بۆ دواوەو تەخەللوف زۆر لەبارە. ئەگەر لە بارودۆخی ناوەوەی وڵاتی عێراقدا بدوێم... ئەوەی وڵات بەڕێوە دەبات مەرجەعی مەزهەبی شیعەی عارەبیە واتا (مرجع)، (مرجع) جێگای زانست و مەعریفەی گرتۆتەوە، کەچی لە وڵاتی ژاپۆن و کۆریای باشوور کە دوو وڵاتی ئاسیای دوورن، وڵات بە زانست و لۆژیک و مەعریفە بەرێوە دەچێت، وڵاتی گەورەی ئێرانیش بە مەرجەعی باڵای شیعەی فارسی بەرێوە دەچێت، هەروەها لە تورکیاشدا بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیەکەی بە فیکری ژەنگاوی خەلافەتی عوسمانیەوە بەرێوە دەبرێت، وڵاتی سعودیای پاشایەتیی پشتوپشتیش بە سیاسەتی خولقاندنی کێشەی هەمەجۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەرێوە دەچێت، لە سوریاشدا گرتن و کوشتن و بۆمباران کردن سروشتی ژیانە، ئیتر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە (مرجع) ی کێشە کۆن و تازە بابەتەکان، رۆژهەڵاتی ناوەراست جێگای دروستکردنی کێشە ئەزەلیەکانە، لەبەرئەوەی مەحاڵە کۆتاییان بێت، لەبەرئەوەی فیکری ژەنگاوی و ژەهراوی بەردەوام دەڕژێندرێتە نێو کەللە سەری ملیۆنان لە مرۆڤانی دانیشتوی ئەم دەڤەرە پڕ بەرەکەتە کە ئەندامانی ئەم قەومانەن.

سوود نەبینین لە وانەکانی پێشکەوتن و خۆدەربازکردن لە جەهالەت خەمی خەڵکە رۆشەنبیرەکەی ئەم زۆنە پڕاوپڕ لە جەنگەیە، ئەو شتانەی کە لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا گوناحن لە شوێنانی پێشکەوتوی جیهلندا گوناح نین، بە پێچەوانەوە ئەو شتانەی کە لەنێو کۆمەڵگای پێشکەوتووی نێو دەوڵەتیدا گوناحن، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەرگیز گوناح نین. بۆ نموونە هەردەم وابووە کە لەناوبردنی خەونە ستراتیژیەکانی نەتەوەی کورد نا عەیبەیەکی روون و ئاشکرابووە، ئەنفالکردن و جینۆساید و کۆشتنی بە کۆمەڵی نەوەکانی کورد لە پرۆگرامە زانستی و پێشکەوتنخوازەکانی ئەم سێ قەومە بووە کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، ئەوە وێنای ئەو واقیعەیە کە دەمێک بوو وەک ئەرکێک دەمویست لەسەری بنوسم... ئایا ئەم پشێویەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا کەی و جەنگەکان تا کەی درێژە دەکێشن، توانا فیکریەکان لە جیاتی ئەوەی لە پەرەسەندنی توانستە زانستیە مرۆڤایەتیەکاندا بخرێنە کار، بەڵکو لە دۆزینەوەی جەنگەکاندا لە بزاوتندان، من کە خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستم مافی خۆمە بپرسم جەنگەکان لێرەوە تا کەی درێژە دەکێشن... بەڵام لە هەموو پرسیارێکی لەم جۆرە کە گەڕانەوەیەک بە مێژوودا دەکەین بە تەواوی دەگەینە ئەو ڕا کۆنکریتیەی کە بریتییە لە بوونی نادروستی

کلتوریی و نەتوانینی تێگەیشتن لە بەها مرۆییەکان.

تا ئێستا وەبەرهێنان لەنێو عەقڵیەتی باڵادەستەکان و ئیدارەپێدەرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شۆڕبونەوە بۆ نێو کۆمەڵگا و دواجار بەبەرهەم هاتنی ئەم وەبەرهێنانە لەسەر زەمینەی واقیعی ژیانی نەوە یەک لەدوای یەکەکان لە نوکتەیەکی سەیر و پێکەنیناوی زیاتر چیتر نیە، کەچی لە دونیای ئێستادا لە هەر پارچەیەکی پێشکەوتوی دونیادا وەبەرهێنان مەبەستەکەیە... کە وەبەرهێنان لە هۆش و بیر مانای وەبەرهێنان لە هەموو شتێکە... ! وەبەرهێنان لە بچوکترین شت تا گەورەترین، لەراستیدا جیهانی پێشکەوتوو بە دەسەڵات و بە خەڵکەکەیەوە خەریکی وەبەرهێنانن، ئەی کوا وەبەرهێنان لە زانکۆ و بەناو دامەزراوە زانستیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. ئایا حەز لە زانست و بپێشڤچوون ناکەن...؟ یان رێگەیان پێنادرێت... ؟ ئەوە چ مۆدێلێکە لە فەراهەم کردنی ژیانێکی سەربەخۆیی لە بیرو هۆشدا...! کوا لێکۆڵینەوە زانستیە بەبەهاکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی لەسەر بنیاتنرا، تا هۆش سەربەخۆ نەبێت توانای داهێنانی نابێت و بە جوانی و پوختەیی بیر نەکاتەوە هیچ ئەنجامێک نایەتەدی، پێویستە خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باش خۆیان کۆبکەنەوە، کەچی گەنج لە وڵاتانی پێشکەوتوی تەکنەلۆژیادا سەربەخۆیە مەبەستی من لە رووی زاستیەوەیە، بۆیە داهێنانەکان یەک لە دوای یەک لەدایک دەبن، تا کار بەوە گەیشت کە لە گشت بوارە زانستیەکاندا رۆژ دوای رۆژ چەندین داهێنانی گەورە بۆ خزمەتی ژیانی مرۆڤایەتی و ژیانی گیانلەبەرانیش لەدایک دەبن. شوێنانی پێشکەوتووی ئەم دونیایە باخچەیەکی جوان و رۆژهەڵاتی ناوەراست زبڵخانەیەکە، شوێنانی پێشکەوتووی ئەم دونیایە وێنەیەکی دجیتاڵی رەنگاو رەنگە و رۆژهەڵاتی ناوەراست وێنەیەکی کۆنی رەش و سپیە، چەندین ساڵە لە کیشوەری ئەوروپادا جەنگێکی خوێناوی روینەداوە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا... لە چەند ساڵی رابردووەوە تا کاتی ئێستا بە چەندین جەنگی خوێناوی رویانداو ملیۆنان مرۆڤــ بوونە قوربانی و ملیۆنان گیانلەبەر لەنێوبران، لە مێژووی چەندین ساڵی رابردوودا لە شوێنە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەندین جار ژینگە خاپور کراوە، کە بۆ ئەم پرسە کوردستان باشترین نموونەیە کە بە درێژایی مێژووی رابردوو و تا ئێستا و لە دەڤەرە جیاوازەکانیدا بە چەندین جار زیانی زۆر گەورە بەر کۆی ژینگە ناسکەکەی کەوتووە کە تا ئێستا حوکمی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاراستن و بوژاندنەوەی ژینگە هەرگیز نەبووەتە کلتوری کارکردن و ئەو حکومەتەی کە لە ناوخۆی وڵاتدا چەند بەرنامەیەکی پاراستن و گەشەپێدان بە ژینگەی هەیە، کەچی لە کارو کردەوەی شەڕشفرۆشتن بە

دەرەوەی سنووری خۆی درێخی لە وێرانکردنی ژینگەدا نەکردووە، ئەوە چەندین ساڵە پرۆسەی وێرانکردنی ژینگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوامی هەیە، خۆ ئەگەر دیسان کوردستان بە نموونە وەربگرین، ئەوا ئەوەی لە چەندین ساڵی رابردووەوە تا ئێستا بینیومانە لە هەوڵدان بۆ هەژارکردنی ژینگەی کوردستان پرۆسەیەکی زۆر درێژخایەن و بەردەوام بووە، لێرەدا... لە رۆژهەڵاتی ناوەراست خەونە جوانەکان لەدایک نابن و دەکوژرێن، مەخابن... ئەوە چ مۆدێلێکە لە بەرێوەبردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دونیا، کێشە ئابوریەکان، کێشە سیاسیەکان، کێشە کۆمەڵایەتیەکان، کێشە سایکۆلۆژیەکان، کێشە تەندروستیەکان... هتد. سیمای مۆدێلی حکومی ئەم دەڤەرەیەن.

لە وڵاتی عێراق و کوردستاندا... نەخۆشخانەکان پڕن لە نەخۆش... هەریەک لە نەخۆشخانە گەورەکان پڕن لە نەخۆش، لە وڵاتی عێراق و کوردستانیش نەخۆشیەکانی شێرپەنجە زۆر زیادیان کردووە هەروەها نەخۆشیەکانی لەناکاو مردن زۆر بەرزبووەتەوە، دەروونی مرۆڤەکان زۆر ماندوون، مۆرڤ ئەو کاتەی کە زۆر ماندوو بێت ناتوانێت بە جوانی و تۆکمەیی بیر بکاتەوە، مرۆڤەکان پێویستیان بە ئارامی هەیە بۆئەوەی لە بیرکردنەوەو بڕیارداندا ئارام بن، هەردەم ژمارەیەکی ئێجگار زۆری تاکەکانی نێو کۆمەڵگاکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست نەخۆشن، دورودرێژی جەنگەکان لە وڵاتی سوریا و عێراق و یەمەن و... هتد. دیمەنێکی زۆر ناشیرینن، لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا خوێن لە رێگەی دراماکانەوە بە خەڵکی دونیا پێشاندەدرێت، بەلام لە بەشێکی زۆری پانتایی خاکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خوێنی مرۆڤەکان بەبەرچاوی هەموو جیهان لەسەر زەمیندا دەڕژێندرێت. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوە چەندەمین ساڵە بەشێکی زۆری مرۆڤ ئاوارەن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، لە دەرئەنجامی ئەم هەموو نەهامەتیانەشدا بەڵام هیچ چارەسەرێک بۆ هەرنەبێ بەشێکی کێشەکان نەدۆزرایەوەو ناشدۆزرێتەوە. دەمێکە بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەترین ئاواتیان ئەوەیە بەرەو وڵاتانی ئەوڕوپا و ئەمریکا کۆچی یەکجارەکی بکەن و بۆئەوەی هەتا ژیانیان ماوە ببن بە کۆچەر.

ئایا بۆچی زۆربەی چەک و تەقەمەنیە زۆر پێشکەوتوەکانی جیهان لەم دەڤەرەدا تاقی دەکرێنەوە، کە ئەم هەموو کارەساتە یەک لە دوای یەکانە بەرئەنجامی کاتێکی دورودرێژ، کێشەیەکی ژینگەیی گەورەو درێژخایەنی هێناوەتە ئاراوە، کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەم.

ژینگەی بەشێکی زۆری سروشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە حاڵەتێکی زۆر دژواردایە و

باشورو رۆژئاوای کوردستان و بەشێکی رۆژهەلات و بەشێکی باکوری کوردستان گیرۆدەی بارودۆخێکی زۆر نالەبار بونەتەوە کە نمونەییە لە کارەساتباری و نەهامەتی، ئەگەر زیاتر لە ژینگەی باشوری کوردستان بدوێم ئەوا ئەوەی دەبیندرێت بریتییە لە برینێکی زۆر قوڵ لە جەستەی خاک و ژینگەدا بەشێوەیەک ئەوەی کە پێی دەگوترێت دیاردەی وشکەساڵی (drought) کە بە دوبارەبونەوەی حاڵەتەکە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە دوای یەکدا پێی دەگوترێت «وشکاتی زەوی» بووە بە سیمای ژینگەی ئەم دەڤەرە پڕ بەرەکەتە، هەڵکشانی دیاردەی بەبیابان بوون و وشک داهاتنی کەش و هەوا لە داهاتوودا ئەنجامی زۆر خەراپی دەبێت، سەرەتای دەرکەوتنی ئەم کێشانە و پەلهاوێشتنیان لە ساڵی ١٩٩١ دەستی پێکرد، راستەوخۆ دوای هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی کەنداو کە بووە هۆکاری سوتاندنی هەزاران بیرە نەوت لە وڵاتی کوەیت دا و بەکارهێنانی بەچەندین جۆر چەکی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و بڵاوبونەوەی بە ملیۆنان تەن لە گازە ژەهراویەکان بەنێو هەوای ناوچەکەدا و ئاسمانی باشوری کوردستانیش لە ئاسمانە زۆر کاریگەرەکان بوو بەم حاڵەتە پڕ ترسناکە و لەوانەیە کاریگەرترین حاڵەتی وشکە ساڵی لە ماوەی مێژویەکی رابردووی زۆر دورودرێژدا بە تەواوی دەرکەوت، کە کەم بارینی بەفر و باران بووە حاڵەتێکی زۆر ترسناک، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە دانیشتوانی کاریگەر بەم جەنگە و بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وایان دەزانی کە ئەوە دوا جەنگی گەورەو کاریگەر بێت لەسەر خۆیان و ژینگەکەیان، بەڵام نەیاندەزانی ئەوە سەرەتای چەندین جەنگی دیکەی یەک لە دوای یەکە لەماوەی چەندین گرێ زەمەندا. بە چەندین جار دوبارەبونەوەی بارینی بارانی ترش کە سیمای پیسبوونی هەوایە بە گاژە ژەهراویە مەترسیدارەکان بووە بە بەشێک لە کاریگەرێتیە نەرێنیەکانی سەر ژینگەی ئەم دەڤەرە پڕ بەرەکەتە.

سیستمەکانی حوکم لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پێویستیان بە خێرا شکاندن هەیە و گۆڕینیان بە سیستمی مۆدرن و ریشەکێشکردنی بیرە توندڕەوەکانی حوکم و کۆمەڵگا و هێنانەدی رۆشەنبیریەتێکی دەوڵەمەند بە دیموکراسی، ئایا تا چەندین نەوەی دیکە کوشتن و بڕینەکان و حوکمی نا سەردەمی بەردەوام بێت و گرەوەکانی بردنەوە لە شەڕەکاندا وەک داهێنانی گەورە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەکانی (باشورو باکورو رۆژئاواو رۆژهەڵات) ی کوردستان لە باشترین شایەدەکانی کێشە و ئاڵۆزیە هەمەجۆرەکان و نا دادپەروەری و حوکمە نا مرۆڤایەتیەکانە کە بە درێژایی زەمەنێکی دورودرێژ بەردەوامی هەیە و بڕانەوەی نیە.

نەخۆشخانەکانی وڵاتی عێراق و سوریا و کوردستان و چەندین شوێنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕن لە نەخۆش، ئایا بۆ ئەم ژمارە زۆرەی نەخۆش، چی رویداوە ... ؟ ئەو ژینگە نادروستەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد، بەرهەم هێنەری چەندین نەخۆشی درێژخایەنن، بە پێچەوانەی نەخۆشخانەکانی وڵاتانی داهێنەر کە بەختەوەری هاوڵاتیەکانیان لە یەکەم خاڵی ئەجێندای دەسەڵاتی وڵاتە. بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەمەندترین دەڤەری جیهانە لە بوونی سامانی نەوتدا، کەچی ئەم سامانە پڕ گرنگ و سەرچاوەی وزە و پارە هەردەم نەبووەتە هۆکاری هێنانەدی بەختوەری بۆ هاوڵاتیەکانی جگە لە بەشێکی کەم. بەڵام ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست... هەر خودی سامانە نەوتیەکەی و بە نەبونی پلان و ستراتیژیەتی پەرەپێدانی داهێنەرانە هەردەم بەرەو داڕوخان هەنگاوی ناوە، ئەو بێ پلانیە لە زۆربەی پانتایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کارەسات دوای کارەساتی خوڵقاندووە، بێ بەختی دەمێکی زۆرە رووی لە ناوچەکە کردووە، ئاڕاستەیەکی بەهێز لە سروشتی حوکمی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتەواوی بەرەو مردنە نەک ژیانکردن، مەبەستم لە ئاڕاستە گەورەکانی خاوەنی بڕیار لەم ناوچەیەدا وای بۆ خەڵکەکە بەیانکردووە کە هیچ پێویست ناکات بیر لە داهاتوە خۆش و بەپێزەکانی ژیانکردن بکەنەوە بەڵکو هەر لە زووەوە باشتتر و راستترە بیر لە قەدەری مردن بکرێتەوە، بۆیە ئەو سیاسەتەی کە پەیڕەو دەکرێ چوارچێوەی بۆ مردن داڕشتووە، بۆیە ئەگەر بە نموونە وڵاتی عێراق وەربگرین دەبینین کە بەشێک لە خەڵکەکە هەر لەگەڵ لەدایکبونیانەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە داهاتوی مردنیان بۆ نەخشێنراوە نەک دوارۆژێکی بەختەوەر بۆیە بەشێک لە مرۆڤەکان کە ژمارەیان کەم نیە وەک ئەوە وایە بە مردوویی لەدایک بن، کە کەسیش نیە بیر لە باشترکردنی ژیانیان بکاتەوە، لە چەند ساڵی رابردووەوە دەوڵەتی لێکترازاوی سوریا بووەتە دۆزەخ بۆ زۆربەی دانیشتوانەکەی و فەلسەفەی بەختەوەری بووە بە خەیاڵ و هەموو ڕۆژێکی ژیانکردن بریتییە لە ساتێک ژیانی پڕ تراژیدیا، لەم وڵاتە پڕ شەرمەزاریەدا هەزاران منداڵی شیرەخۆر، پیری بێ تاقەت لەنێو تراژیدیایەکی پڕ شەرمەزاریدا ژیان دەبەنەسەر، ئایا بۆ بەرژەوەندی باڵای مرۆڤەکان لەبەرچاو ناگیرێت و سوتاندن و بڕین و گرتن و کوشتن لە هەواڵەکانی بەشێکی ژیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها ئەوەی گوترا بۆ بەشێکی هەریەک لە دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتی ئێران زۆر زۆر ڕاستە بە تایبەت ئەوەی بەرامبەر بە تاکەکانی نەتەوەی کورد دەکرێت، ئایا بۆ پێدانی مافی مرۆڤ شتێکی ئەوەندە زەحمەت و ئەستەمە، ئایابۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆربەی مرۆڤەکان وەک مرۆڤ ناخوێندرێنەوە، پانتاییەکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە سەربازگە

و به گشتی جەستەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆنی تەقەمەنی لێدێت، چونکە لە زۆر شوێندا ئەگەر جەنگیش ئامادەیی نەبێت بەڵام چەک و تەقەمەنی و تانک و فڕۆکەکان بەرچاو دەکەون و گرەوی ئەوە دەدەن بە ئێمە و بە مرۆڤایەتی کە جەنگ لەم دەڤەرەدا سیمای گشتیە و دەبێ قەبولی ئەوە بکرێت و دەبێ ئەم واقیع حاڵە هەرس بکرێت.
ئایا کاتێک منداڵ لەنێو ئەم فەلسەفە چڵکنە لەدایک دەبێت چۆن دەردەکانی چارەسەر بێت، ئایا چۆن ڕێگەی بەردەمی ڕۆشن بکرێتەوەو بتوانێت وەک مرۆڤ پێبگات. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بوونی زیندانی زۆر واتا ژمارەی زۆری زیندانەکان مەرجی بنەڕەتی حوکمی وڵاتە، نەبوونی دەوڵەتی دامەزراوەیی بە مانا پڕ پڕاکتیکیەکەی مەرجێکی دیکەی حوکم کردن و بەردەوامی دەسەڵاتی دەوڵەتە، نا دادپەروەری و هەبوونی ئاژاوە مەرجێکی دیکەیە، ئایا لە بنەڕەتدا کاری مرۆڤە باڵا دەستەکان هێنانەدی بەختەوەریە بۆ ئەوانەی دیکە یان خوڵقاندنی جەنگ دوای جەنگ و کوشتن و بڕین و مردادندنی مرۆڤەکانە.

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەمێکە بوەتە شوێنی ساغکردنەوەی شتە بەسەر چووەکان لە:**

- **خۆراکی بەسەرچوو**
- **شێوازی بەسەرچووی پەرەپێدانی مرۆیی**
- **سیاسەتی بەسەرچووی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا**
- **جۆری ئیدارەدانی کلاسیکی و بەسەرچوو**

کێشەی گەورە ئەوەیە بەردەوامبوون لەسەر ئەم پرۆسە گشتگیرە هەر بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووەو کۆتایی نایێت. بێگومان بیرۆکەی داپڵۆسینی هاوڵاتی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و حوکم کردنیان بەم جۆرە سیمای حوکمی زەمەنێکی رابردووی زۆر دوورودرێژەو مەحاڵە کۆتاییشی پێبێت. هەردەم لە زەقترین و باشترین نموونەکان لەم رووەوە سەرکوتکردن و داپڵۆسینی بەردەوامی نەتەوەی کورد بووە لەلایەن حوکم دارانی عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران کەوا ئەم چوار دەوڵەتە بریتیین لە پشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. نا دادپەروەری لە هەلایەکێک لەم دەوڵەتانەدا دەمێکی زۆرە گەیشتتوەتە پۆپە و بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و ژیانیە نێو دەوڵەتیەکان ئەم کێڕڤەش هەر لە بەرزبونەوەدایە.

**نەبوونی گەشەی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:**

لە سەردەمی تازەدا بە گشتی جیهان بەرەو گەشەی بەردەوام هەنگاوی ناوە، هەنگاونانەکەش زۆر بەخێراییە، واتا پرۆژەکانی کە لە خزمەتی مرۆڤایەتی و گیانلەبەران و سروشتدا بنیات دەنرێن دەبێ لە گەشەکردویەکی بەردەوامدا بن بۆئەوەی ڕۆژ دوای ڕۆژ هاوکات لەگەڵ زۆربوونی داخوازی و پێداویستیەکانی مرۆڤەکان، پرۆژەکان لەکارکردنی خۆیاندا نەکەون و خزمەت ببەخشن، چونکە ئەوە لەبیرنەکەین کە ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی مرۆڤەکان لە زیادبوندان، بەتایبەت لە وڵاتە دواکەوتوو و هەژارنشینەکاندا بەرزبونەوەی ژمارەی دانیشتوان زۆر خێرایە و بۆیە داهێنانەکان دەبێ بەردەوام و بەشێوەیەکی زۆر خێرا لە پەرەسەندندابن و بەو هەموو پاڵەپەستۆیە ڕابگەن کە مرۆڤایەتی دوچاری دەبێتەوە، کەچی هاوکات لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە خێرایەی دونیادا ئەگەر گەشەی بەردەوام وجودی نەبێت و لەنێو ئەجێندای وڵاتدا جێگەی بۆ نەکرابێتەوە، ئەوا وەک ئەوەوایە کەوا لەم شوێنانەدا کات وەستاو بێت. کەوا ئەوەش مەترسیەکی ئێجگار گەورەیە لەبەردەم ژیانی بەچەندین نەوەی دوای یەک و بێگومان ئەوەی دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی ئەم هەموو پێشکەوتنە بریتییە لە دواکەوتوویی و بێسەروبەری و داپلۆسین و نائارامی و گەڕانەوە بۆ دواوە، لەبەرئەوەی بەبەراورد بەو پێشکەوتنە بەردەوامەی کە لە دونیادا دێتەدی ئەوا وەستان لە هەمان جێگەدا خۆی لە خۆیدا بریتییە لە گەڕانەوە بۆدواوە.

لە دونیای پێشکەوتندا دامەزراوە زانستیە باڵاکان بریتیین لە گەواهیدەری دەوڵەتێکی خاوەن سیستم و گەشەی بەردەوام کەوا ئێستا ئەوە خاڵی کێبڕکێی وڵاتانی زیندوی جیهانە. دەوڵەت دەبێ زیندوو بێت و لە پەرەسەندندا دوانەکەوێت و ئەگەرنا دەبێتە دەوڵەتێکی مردوو، لەم سەردەمەدا ژمارەیەک لە وڵاتانی مردوو لە دونیادا هەن کە دەوڵەتی عێراق یەکێکە لە دەوڵەتە مردوەکانی جیهان و کێشەی تەخەللوف لەناو عێراقدا هێندە زۆرن کە جێگەیان بۆ هیچ پێشکەوتنێک و پەڕینەوە بۆ دونیای مەعریفەت نەهێشتۆتەوە چونکە لەراستیدا حاڵەتەکە بە ئاستێک گەیشتووە کە ژیان لەنێو ئەو دەوڵەتەی کە ناوی عێراقە عەیبەیە. مرۆڤ لەنێو ئەم وڵاتە وێرانەدا هەست بە شەرمەزاریەکی گەورە دەکات و خۆی بە بونەوەرێکی دیکەی کەمتر و بچوکتر لە ئینسان دێتەبەرچاو، بۆ ئەم پرنسیپەی بەرێوەبردنی کۆمەڵگا و ئەو مۆدێلە هەڵبژێردراوە، خۆ ئەوە بریتییە لە ئیدارەدانی مرۆڤەکان کە خاوەن هۆشن نەک ئیدارەدانی دارو بەرد.

## سـەرچاوەکان:

Long-term development and the Millennium Development Goals, PBL Netherlands :2015 Beyond .(2009) PBL .1 Environmental

:Assessment Agency, Bilthoven. Link to PBL-website .2

Long-term-development-and-the-Millennium--_2015-Beyond/2009/http://www.pbl.nl/en/publications .Development-Goals

D.P. Van Vuuren, ,2050 Pathways to achieve global sustainability goals by :20+Roads from Rio .(2012) PBL .3 M.T.J. Kok (eds.), PBL

Netherlands Environmental Assessment Agency, The Hague. Link to PBL-website: http://www.pbl.nl/en/ .4 .roads-from-rio20/2012/publications

Ambient particulate matter .(2006) K.D. Pandey, D. Wheeler, B. Ostro, U. Deichmann, K. Hamilton, K. Bolt .5 concentrations in residential and pollution hotspot areas of world cities: New estimates based on the global model of ambient particulates (GMAPS), World Bank, Development Research Group and Environment .Department, Washington DC

Particulate air .(1995) C. A. Pope, M. Thun, M. Namboodiri, D. Dockery, J. Evans, F. Speizer, C. Heath .6 pollution as a predictor of mortality in a prospective study of U.S. adults. American Journal Respiratory Critical .674-669.pp ,151 ,Care Medicine

Dollar a day revisited, Policy Research Working Paper Series, .(2008) M. Ravallion, S. Chen, P. Sangraula .7 .World Bank, Washington

Explaining child malnutrition in developing countries: A cross-country analysis, .(2000) L. Smith, L. Haddad .8 ..International Food Policy Research Institute (IFPRI), Washington, DC

.United Nations Development Programme, New York ,1990 Human Development Report .(1990) UNDP .9

de Bem, R. M. Applications of knowledge management in the area of librarianship and information science: .10 ,15 ,Retrieved December ,(2013) 1 .no ,7 .A systematic review. Brazilian Journal of Information Science. Vol .marilia.unesp.br/revistas/ index.php/bjis/index .from http://www2 2013

From For-Profit Organizations to Non-Profit Organizations: .(2009) .Holm, K., Kirkpatrick, K. and Rathi, D .11 The Development of Knowledge Management in a Public Library, In Chu, S., Ritter, W. and Hawamdeh, S. (Ed.) Managing Knowledge for Global and Collaborative Innovations (Series on Innovation and Knowledge ,2013 ,29 ,Singapore: World Scientific Publishing. Retrieved December ,(374-363 .pp) ,(8 .Management, Vol 9814299863=from books.google. com/books? isbn

from ,2013 ,6 ,Retrieved November .2005 ,Lee, Hwa-Wei. Knowledge management and the role of libraries .12 .http://www.white-clouds.com/iclc/cliej/cl19lee.htm

Maponya, Pearl M. Knowledge management practices in academic libraries: A case study of the University .13 /8380:from http://citeseer.uark.edu 2013 ,15 ,Retrieved November .2004 ,of Natal, Pietermaritzburg libraries .8283 .10.1.1.137=citeseerx/viewdoc/summary? doi

5thed.). New York: John Wiley &) .Sekaran, U. Research methods for business: A skill-building approach .14
.2002 ,.Sons, Inc

Siddique, C. M. Knowledge management initiatives in the United Arab Emirates: A baseline study. Journal .15
.723-702 .p ,(2012) 5 .no ,16 .of Knowledge Management. Vol

3 .no ,54 .Teng, S. & Hawamdeh, S. Knowledge management in public libraries. Aslib Proceedings. Vol .16
.197-188 .p ,(2002)

Zakaria, K. & Kassim, N. A. «Knowledge management practices in academic libraries of Malaysia: A conceptual .17
framework». Proceedings of Knowledge Management International Conference & Exhibition (KMICE), Holiday
Legend Hotel, Kuala Lumpur, Malaysia. Retrieved .2008 ,June 12-10 ,Villa Beach Resort and Spa, Kuala Lumpur
.doc.paper/ CR58/from www. kmice.uum.edu.my/ kmice08 ,2013 ,8 ,October



# ئەحلام مەنسور

# ژنە یاخیەکە لەسیستمی کۆمەڵایەتی

سمکۆ محەمەد

یاخیگەرێتی ئەو چەمکە فرەمانایەیە کە لەرووی ئایدیاییەوە گوناهێکە دژ بەموقەدەسی کۆمەڵگە و لەرووی ماتریالیشەوە وڵامدانەوەیەکە بەو دژانەی کە لەهەناوی خۆیدا ماناکانی خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەمە رووە گشتیەکەیەتی، لەرووە تایبەتەکەشیەوە (نەفی) کردنی هەموو ئەو پێوەرە ئەخلاقیانەیە کە یاخیبوونە لەخودی ترادیسۆن کە گشت کاری پێدەکات، یاخیگەرێتی لەدەرەوەی چەمک، حاڵەتێکە دەتوانین وەکو ئامرازێک بۆ دژایەتیکردنی سیستم بەکاری بهێنین، بەڵام لەشوێنێکی دیکەدا فۆڕمێکی تر وەردەگرێ و دەبێتە ئامانج، ئەم ناکۆکی و جیاوازییە رەنگە لەنێو دیوی ناوەوەی زۆر تاکی دیکەدا خۆی مەڵاسدابێت، بەتایبەتی تاکی کوردی کەهیچ زەمانەتێکی کۆمەڵایەتی نییە بۆئەوەی بەقەناعەتەوە مومارەسەی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە بکات کەهەڵیبژاردووە. بۆیە ئەم پێشەکیەم بۆ قسەکردن لەسەر ئەحلام بەکارهێناوە، چونکە ناکرێ باسی یاخیگەرێتی بکەین و پێناسەیەک بەدەستەوە نەدەین، هەروەها ناکرێ ئەحلام وەکو هەر کارێکتەرێکی چالاک و یاخی و ناباو وەرنەگرین، خۆ ئەگەر ئەو حاڵەتانە لەبەر چاونەگرین کە بەشێک بوون لەشێوەی بیرکردنەوەی ئەو، کە رەنگە هەندێ جار بەبێ ئاگاهانەش ئینتیمای بۆ ئەو چەمکانە هەبووبێت، بەهەر حاڵ من کە ماوەیکی زۆر لەگەڵ نوسین و فەزای بیرکردنەوەی ئەحلام هەڵمکرد و لە نزیکەوە هەم چیرۆکەکانیم خوێندۆتەوە و هەم نوسین و هەم سەرپەرشتی نوسینەکانیم کردووە، لەو پرۆسەیەدا دوو کەسایەتیم هەستپێکردووە لە دونیای ئەحلامدا، کەسایەتیەکی یاخی لەهەموو جۆرە موڵکیەتێک و کەسایەتیەکی دیکەی سودگەرا بەئاراستەی کەڵک وەرگرتن لەو شتانەی کە لەرووی غەریزییەوە ئینسان دووژاری پارادۆکس دەکات کە حەزی لەموڵکیەت بێت، رەنگە هەردوو حاڵەتەکە بۆ ژنێک کە لەنێو جەنجاڵی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرتەسکی بیرکردنەوەدا ژیان بگوزەرێنێ لەکوردستان، مافی خۆی بێت حەزەر بکات لەو رێچکەیەی هەڵیبژاردیوو کە دژی هەموو رەوتەکانی دیکەی کۆمەڵگە بوو، بۆ ئەمەش پێیوستی بەوە هەبوو کە لەشوێنێکی دیکەدا وەکو کەسێکی سودگەرا خۆی نیشان بدات، تاکو بارەکەی

هێندەی تر قورس نەبێت، یان لانیکەم بتوانێ بەرگری لەو فەزایە بکات کە تایبەتە بەخۆی، لەرووییەکی دیکەشەوە چاونەترسانە بوو لەبەرامبەر ئەو دڵڕەقییەی کۆمەڵگە بەرامبەر کەسی یاخی هەیەتی.

## یاخیبوون لەخێزانەوە بۆ تاکگەرایی

دەرچوون لەخێزان و بەتەنها ژیان، کارێکی هێندە ئەستەمە بۆ تاکێک لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا بژی کە مانای مافی تاکێتی بەئینسان ڕەوا نابینێ، تائەو ڕادەیەی کە نەفرەتی بەدواوەیە، نەفرەت لەخێزانەوە بگرە تادەگاتە نەفرەتی کۆمەڵگە و ئاین و ترادیسیۆنێک کە لەجیاتی بەهای ئینسانی، ئەخلاقێکی دروستکراو دەکاتە پێوەر بۆ تاکێکی قایل و ملکەچ بەژیانی تەقلیدی، نەفرەتێک کە بێشومار ژنی کوردی کردووە بەقوربانی ترادیسۆن و پێوەرە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگە بۆ خێزان، ئەوەی ئەحلام مەنسور دەخاتە ئەو چوارچێوەیەوە، ئەو یاخیگەرێتیە بوو کە لەرەتکردنەوەی خێزانەوە دەستپێکرد، ئیدی خێزانی یەکەم کە باوک و دایک و برا و خوشک بوو، خێزانی دووەم کە هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەری بوو، ئەمەیە کە لەسەرەتاوە باسم کرد وەکو ئامرازێک بۆ هەڵبژاردنی شێوە ژیان یاخی بوو، ئەمە بۆ ئەو سەرەتایەک بوو بۆ خۆ بارهێنان لەرەتکردنەوەی پێوەرەکان و هەموو جۆرەکانی ترادیسۆنی کۆمەڵایەتی و ئاین، بەتایبەتی بۆ تاکی مێینە کە دژوارە ژیانی تەنهایی هەڵبژێرێت و دوور لەهەموو کەسە نزیکەکانی بزر نەبێ لەشارێکی گەورەی وەکو بەغدا.

هەڵبژاردن ژیانی تاکێتی شکاندنی سنوورێکی واقیعییە کە حوکمی خێرایی و خاوی لێکترازان لەهەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان وەکو مەحاڵێک دەخاتە بەردەم تاک، ئەمە تاڕادەیەک جورئەتی دەوێ، چونکە رەتکردنەوەی خێزان، بۆ ئافرەتێک جگە لە ئەدەبەکەی بیروباوەڕیشی پێشکەوتوخوازانە بوو، بۆیە تەنها جێهێشتنی چەند کەسێکی نزیک و چواردیواری ماڵێک نەبوو، بەقەد ئەوەی جێهێشتنی دونیایەک بوو کە تێیدا کۆمەڵێک یادەوەری لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە و کۆمەڵێک یادەوەریش پوچەڵ دەکاتەوە کە لەئایندەدا دەبوو تۆمار بکرێت، بۆ ئەحلام مەنسور ئەمە پنتی یەکەمی هەنگاونان بوو بەرەو ڕێگایەکی پڕ مەترسی و دژوار، ڕێگایەک کە جگە لەمەترسی قەبوڵ نەکردنی لەلایەن کۆمەڵگەوە، تاقەبوڵ نەکردنی لەلایەنی سیاسی و فکریشەوە، هەروەها رەتکردنەوەی ئەو حەزو ئارەزووانەی کە هەر ئینسانێک خاوەنداریێتی دەکات و بریتییە لەئیحساس و غەریزەیەکی سروشتی، بەڵام پاڵنەری ئەو هەڵبژاردنە تەنها وەڕس بوون نەبووە لەدەورو پشت، بەقەد وەڕس بوونێک بوو کە لۆژیکێکی لەپشتەوە بوو، یان ئەوەی

پرنسیپێکی فکری لەپشتەوە بوو، بۆیە توانی بەرگری بکات و تاکو دوا وێستگەی ژیانی بەئەزموونەکانیشیەوە کە پڕ بوون لەشکست بەردەوام بوو و پەشیمان نەبووەوە، بەو پێیەی ئەزموونی واقیعی لەگۆڕانکاریەکانی ژیانی ئەحلام، هیچ گۆڕانکارییەکی نەخوڵقاند لە کەسایەتی و نیشاندانی دیمەنی پەرچەکردار لەچەشنی نەخۆشێکی دەروونی. یان ئەوەی کە بیستومانە یان بینیومانە کەسایەتییەک لەدوا ساتەکانی تەمەنی پەشیمان دەبێتەوە لە بیروڕاکانی، ئەحلام بەپێچەوانەوە لەو سکەیە لاینەدا کە گرتبویە بەر. بەڵام ئەحلام قوربانییەک بوو کە شوێنەواری سەدەها ژنی لەجەستەی خۆی هەڵگرتبوو بە دەروونێکی گەورەوە، ئەو پێی وابو راستە کۆمەڵگە دڵرەقە و بکوژە، بکوژیش ژیانی تاکەکان لەناو دەبات، بەڵام ناتوانێت واقیعی بوونی ئەو تاکە ناباوانە لەناو بەرێت کە بوون بە بەشێک لەیادەوەری و مێژووی کۆمەڵگەیەک. بەتەنیایی ژیان و کارکردن لەمەحفەلێک کە بەشی زۆریان نێرینە بوون، نەترسی لە بەکارهێنانی موفرەدەی قورس بەرامبەر موقەدەساتی کۆمەڵگە و هەڵبژاردنی فەزایەکی پڕ لە ئازادی، هەموو ئەمانە ئەو کارێکتەرەیان دروستکرد کە ناوی ئەحلام مەنسور بوو.

## یاخیگەرێتی لە نوسین

نوسین لەگەڵ ئەوەدا کە بەرپرسیارێتیە هەم لەرووی مەعریفییەوە و هەمیش لەڕووی ویژدانیەوە، بۆخۆی بەشێکیشە لەیاخیگەرێتی، ئەوەی کە ئەحلام لەگەڵ نوسەر و هونەرمەندە مێینەکانی دیکەدا جودا دەکاتەوە، ئەو گوتارە راستەوخۆیە بوو کە لەپشت تێکستەکانییەوە راوەستابوون بەبێ پەردە و بەشەفافانە قسەی لەسەر ئازادبوونی ژن دەکرد، رەخنەی لەژیانی بەکاڵاکردنی ژن دەکرد لەکۆمەڵگەی کوردەواری، ئەو لەکۆمەڵە چیرۆکی (پرد) ەوە کە لەسەرەتای هەشتاکان بڵاوی کردەوە، پنتی دەستپێکردنی یاخیگەرێتی راگەیاند بوو لەنوسین بەبێ ئەوەی لەرووی فکریەوە هیچ پشتگیرییەک لەتیۆرە فکریەکان وەربگرێت، بەبێ ئەوەی هیچکام لەو ژنە ناسراوانە بناسێ کە لەدونیای ئەدەبی جیهانیدا سیمبوڵی ئەم بیرۆکەیە بوون، جگە لە سیمۆن دی بۆڤار، بەڵام چاونەترسانە و راشکاوانە ئەو دیوە شاراوانەی باس دەکرد کە ژنی رۆژهەڵاتی و بەتایبەتیش ژنی کوردی تێدا زیندانی کرابوو. بۆیەش قسەلەسەر مەسەلەی ژن دەکەم لەلای ئەحلام، چونکە ئەو پێی وابوو کەلێنێکی گەورە لەبزووتنەوەی نوێخوازی ئەدەب و پێشکەوتنی کوردیدا هەیە بەبێ رزگاربوونی خودی ژنان لەو مەعزەلە بەشەرییە، بەبێ سنوور شکاندنی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردنی راستەوخۆی ژن لە سیاسەتدا، ئەو کەلێنە پڕ نابێتەوە.

جیاوازی بیرکردنەوەی ئەحلام لەگەڵ نوسەر و چیرۆکنووسە ژنەکانی دیکەی کورد کە هاوزەمانی ئەو بابەتەیان دەنووسی و بڵاویان دەکردەوە یان ناسراوبوون لەدونیای ئەدەب و هونەری کوردی، ئەوەبوو کە ئەو لەپەنا نوسینەوەی ژیانی کورد لەنێو جەنجاڵی نەریتێکی دواکەوتوانەی بێ مافیدا، هەروەها تێکەڵکێشکردنی لەگەڵ فەنتازیای ئەدەبیدا، ئامانجی نوسینەکەی دیاربوو کە شێوە هاندانێکی ژنان بوو دژ بەو ترادسیۆنەی کە تەگەرەیە لەبەردەم ئازادی یە هەمەلایەنەکانی ژنان، گوتاری پشت تێکستەکانی ئەحلام، لەگەڵ ئەوەدا ئاشکرا بوون کە هۆشیاری هەمەلایەنە و ئاگاهی پێوەدیار بوو، هەروەها بەبێ نووسینەوەی هیچ بەیانێک مانیفێستێکی راستەوخۆش بوو بۆ ئازادبوونی ژن لەکۆت و بەندی کۆمەڵایەتی و ئایینی و تەنانەت پەراوێزخستنی ژنان لەفەزای سیاسیدا، خۆی بەپێشەنگی ئەو بزووتنەوەیە دەزانێ، بەڵام بەهۆی شازبوونیەوە کەسێک نەبوو کۆمەک بەو فکرە بکات و بەهەمان ستایلی ئەو ژیان بکات، زۆر لەخەمی ئەوەدا بوو کە کۆمەڵگە هەمیشە لەپاشەکشەدایە.

ئەحلام لەرۆمانی (ئەڵوەن) دا هەموو یاڵەوانەکانی یاخی کردبوو لەو فەزا داخراوەی کە ژیانی لۆکاڵی فەرزی کردبوو بەسەر ئیسناندا. هەموو ئەو بیرۆکانەشی کەواقیعی بوون، لەو کەسایەتیانە وەرگرتبوو کە بەشێک بوون لەئیدیۆمە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو لەزاری دایکی یان باوکی یان کەسە نزیکەکانیەوە بیستبووی یان وەریگرتبوو. ئەوەش کە بەچاوی خۆی بینیبووی، راستەوخۆ ئەو رۆڵەی پێبەخشیبوون لەرۆمانەکەیدا، سەرباری هەموو ئەوانەش کە دەتوانین وەکو شێوە کارێکی سۆسیۆلۆژییەک تەماشای بکەین، ئەدیبێک یان رەخنەگرێک یان خوێنەرێکی بەسەلیقە نەبوو خوێندنەوە بۆ ئەو ستایلە بکات کە سکێچی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردی بوو. مەبەستم لەوەیە کە ئەحلام لەبری ئەوەی ئیدیۆمەکان بنووسێتەوە، کەڵکی لەفەزا و کارەکتەرەکان وەرگرتبوو بۆ پالەوانی رۆمانەکانی.

**گوتاری یاخیگەرێتی کلاسیکیانە...**

سەدەی نۆزدە بۆ رۆشنبیری کوردی، سەدەی کاریگەری ئەو چەمکە ئەدەبی و سیاسیانە بوو کە لەرۆژئاواوە درزەیان دەکردە نێو ئەدەبیات و نووسینی کوردیەوە، بەتایبەتیش ئەو چەمکە ئەدەبی و فکریانەی کە لەفەرنساوە دەهاتن، بەو پێیەی کە پاریس بەرهەمهێنەری ئەو چەمکانە بوو کە پەیوەندیان بەمرۆناسیەوە هەبوو، ئەحلام مەنسور دوای ئەو هەموو رێگرییەی بۆ تەواو کردنی خوێندن، زانکۆی بەغدا تەواو کرد، لەناوەڕاستی هەشتاکان بەمەبەستی خوێندن لەبواری ئەکادیمیا دەچێتە فەرەنساو لەوێ لانیکەم بەرۆشنبیری

ئەو سەردەمەی ڕۆژئاواییی ئاشنا دەبێت، هەڵبەت بۆ ئەو سارتەر و سیمۆن دی بوڤارا، نموونەیەکی بەردەست بوو بۆئەوەی بتوانێ قسە لەسەر یاخیگەرێتی بکات لەنووسیندا، بۆیە کاریگەرێتی فکری سارتەر و سیمۆنی زۆر لەسەرەوە بوو، بەتایبەتیش فکری فێمێنیزم کە ئەو بەبێ باگراوندێکی تەواو فکریانە، ممارەسەی دەکرد و خۆی بە پێشەنگی ئەو فکرە دەزانی، لەلای ئەو پێوەرێک هەبوو کە ئینسان نابێ راستگۆنەبێ لەگەڵ خۆیدا، تەنانەت لەنێو تێکستەکانیشیدا مەرج بوو رەنگبداتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هونەری نوسین و ئیستاتیکا و گوتاری ناراستەوخۆ، بۆیە زۆرجار دەکەوتە بەر رەخنەی ئەوەی کە لەژێر کاریگەری ئیدیۆلۆژیادا دەونوسێ، بۆیە نەیتوانیوە ئەو دەقە بشکێنێ و ئینتیما بۆ بزووتنەوەی نوێگەرێتی بکات کە ستایلێکی نوێی ڕۆماننوسی بەرهەمهێنابوو، بەڵام ئەو پێی وابوو ئەمە مانای یاخیگەرێتییە و دەبێ تێکست مانای خوی زوو بدات بەدەستەوە و بەرهەمیش هەر ئەوە ماناکەیەتی، هەر بۆیە وەڵامی ئەو رەخنە نوێگەرییەی پێنەبوو کە لەنێو دونیای مۆدیرنی ئەدەبیاتدا بەرهەمهاتووە و فەزای نوسینی گۆڕیوە.

پاڵەوانی چیرۆکەکانی ئەو بەرادەیەک بەرجەستە بوون و واقیعی بوون کە لەگفتوگۆی ڕۆژانەدا ئاشکرای دەکردن، تائەو رادەیەی تەماشاکردنی بۆ زەمەن و کاتیش واقیعیانە بوو، نەک ئەوەی خەیاڵێک بێت بۆ ئەو پاڵەوانەی کەئەو گەرەکیەتی گەمەی پێبکات و ڕۆڵی پێبدات تاکو فەزایەک بخوڵقێنێ لەخەیاڵدانی خوێنەردا، ئەو قەناعەتەشی نەبوو پاڵەوانەکانی بکات بەکۆیلەی تێکستەکانی، هەربۆیە هەمیشە پاڵەوانەکانی ئازاد و براوە چاونەترس بوون، تەنانەت لەموناقەشە و گێڕانەوە دەربارەی ئیدیۆمی زێدی خۆشی کە خانەقین بوو، هەمان ئەو پاڵەوانانەی باس دەکرد کە لەخەیاڵیدا بوون بیکات بەپاڵەوانی چیرۆکەکانی، (تاوسە) ئەو ژنە یاخییە بوو کە هەمیشە باسی دەکرد و گوایە بەمنداڵی بینیویەتی، ئەم ژنە پێشتر لەخانەقین بووە و بەهۆی بێکەسییەوە هاموشۆی نێوان خانەقین و کرماشانی کردووە و خەنە و کەرەستەی جوانکاری ژنانی هێناوە و دەیان جار ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە، لەحاڵێکدا ئەم پاڵەوانە لەگەڵ پیاوان کاری قاچاچچێتی کردووە، بەوپێیەش بێت کەسێکی لەرادەبەدەر یاخیی بووە لەترادیسیۆن، بۆیە ئەحلام زۆر سەرسام بوو بەو یاخێتیە و کردبوی بەپاڵەوانی نموونەیی خۆی. بیانووشی بۆ ئەمە ئەوەبوو کە شانۆکانی سارتەر و نوسینەکانی سیمۆن، هەمان پاڵەوانی واقیعیان هەیە، بۆیە ئەمیش بەهەمان ستایل کاری دەکرد.

ئەحلام هێندە سەرسام بوو بەو ژنانەی کە توانیبویان بەبێ پیاو بژین و نموونەکەشی تاوسە بوو، دوای ماوەیەکی دوور و درێژی ژیانی تەنهایی لەبەغدا و شەوانی سینەمای سەمیرامیس و رەشید و شارع موتەنەبی و چایخانەی پارلەمانی بەغدا کە بەشێکی

زور لەنووسەر و ئەدیب و سینەماکار و شێوەکار و شانۆکار و هتد لەوی کۆدەبوونەوە، ئەحلام وەکو پیاوان سەردانی ئەوێی دەکرد و لەقسەی خەڵک نەدەترسا، بۆیە ساڵی ۱۹۹۹ لەگەڵ چیرۆکنووسی بەڕەگەز عەرەب (شەوقی کەریم) هاوسەرگیری دەکات، بەڵام دیارە شەوقی هەرسی ئەو ژیانە ناکات کە ئەحلام بۆخۆی هەڵبژاردووە و توشی کێشە دەبن، بەڵام بەهۆی کێشەیەکی سیاسیەوە (شەوقی کەریم) دەکەوێتە زیندانەوە، ئەحلام بەناچار دەچێتە لەزیندان و لەوێ جودا دەبێتەوە لە هاوسەرەکەی و هیچ یەکێک لەو مافانەشی گەرەک نابێ کە ژنان قەبوڵیانە.

## یاخیگەرێتی ئەحلام لەرۆژنامەگەریدا

ئەوەی کە نوسینی ئەحلامی لەنوسینی ژنانی چالاک لەبورای مەسەلەی ژناندا جودا دەکردەوە، دەست بردنی بوو بۆ شتە تابۆ و حەرامەکان، نموونەش قسە کردنی راشکاوانە و بێ پەردانە بو بەرامبەر خەتەکردنی ژنان و مەسەلەی سێکس بوو کەئەو بڕوای نەبوو ژن ئەو کائینەیە دەبێ غەریزەی پیاوان دامرکێنێتەوە، ئەم گوتارە راستوخۆیە کارێکی کردبوو کەهەندێ جار پیاوانی ئاینی قەڵس دەکرد و دواجاریش ساڵی ۲۰۱۰ بوو کە لەسەر بابەتێکی ئەحلام مەلایەکی ئاینی گوتاری نوێژی هەینی لەسەر نوسینێکی ئەو تەرخان کردبوو و کێشەی لەسەر دروستبوو.
سەرەتای ساڵی ۲۰۰۱ بوو ئەحلام مەنسور لەبەغداوە هاتە سلێمانی، لەڕێگەی برادەرانی هەفتەنامەی هاوڵاتی یەوە هاتە رۆژنامەکە و وەکو ئەندامی دەستەی نوسەران دەست بەکاربوو، ئەو دیسان بەرمەبنای ئەوەبوو کە هاوڵاتی هەڵبژارد، چونکە ئەو رۆژنامەیە برێکی زۆر ئازادی نووسینی تێدابوو، هەروەها یاخی بوو لەو سیاسەتە باوەی کە لەکوردستاتن هەبوو، ئیدی بەوپێیەی کە یەکێک بوو لەتایبەتمەندیەکانی نووسینی خۆی، مەلەفی ژنانی وەرگرت، زۆر بەجورئەتەوە دەینوسی، تائەو رادەیەی کە هەندێ جار بەناچار لەترسی فشاری ترادیسیۆنی کۆمەڵاتی و ئاین و هتد، دەستکاری نوسینەکەیمان دەکرد یان پێمان دەگوت خۆی دەستکاری بکات. ئەمە جگەلەوەی کە هەر رۆژنامە یان گۆڤار یان رادیۆ یان تەلەفزیۆنێک چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدەکرد، ئەو بەبێ پەردە قسەی دەکرد لەسەر چەوساندنەوەی ژنان و یەکەم مەسەلەی پەردەی کچێنی بوو کە پێی وابوو هیچ مانایەک نیە وەکو پێوەر وەربگیرێ و بکرێ بەپێوەری ئەخلاقی تاک.
ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەحلام بەمەبەستی خزمەت کردن بەرەوتی رۆژنامەگەری کوردی، هەر گۆڤار یان رۆژنامەیەک داوای نوسینی لێبکردایە، بەهەمان ستایل بۆی دەنووسین و قسەی خۆی هەبوو، تائەو رادەیەی کە نوسینی ئەحلام دەناسرێتەوە

کەنە فلتەری هەیە و نەسانسۆڕ. بۆیە لەنێو ئەو بڵاوکراوانەدا جێگەی نەدەبووە وە کە هێڵی سوریان هەیە لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە. بۆ ئەمەش باجی خۆی دەدا کە بریتی بو لەدوور خستنەوەی لەچەند رۆژنامەیەک، بەڵام بەداخەوە فریای ئەوە نەکەوت ئەم یادەوەریانە بنووسێتەوە و من ناچار بکات بینوسمەوە. هەزار سلاو لەگیانی ژنە یاخیەکەی کورد.



# ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی ئایینی یارسان لە چوارینەکانی

# بابا تاهیری لوڕدا

**نووسینی: فەهمی کاکەیی**

**بابا تاهیری هەمەدانی، بابا تاهیری عوریان، یان بابا تاهیری لوڕ؟**

**خداوندا بفریاد دلم رس**
**کس بیکس توئی مو مانده بیکس**
**همه گویند طاهر کس نداره**
**خدا یار منه چه حاجت کس [١]**

لەم چوارینەیەدا بە ئاشکرا و لە زمانی خودی وێژەرەکەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم زاتە گەورەیەی باسی دەکەین ناوی تاهیرە. تاهیر ئەگەر چی ناوێکی زاهیر و ئاشکرای ئەم شاعیرەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا و بە واتا کوردییەکەی کە دەبێت بە (پاک) هێمایەکی باتنی و شاراوەی هەیە، بەوەی دەمانباتەوە سەر یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی ئایینی یارسان. لە دەفتەری یاریدا هاتووە:

**یاری چار چێوەن باوەرێ وە جا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا [٢]**

پاکی لێرەدا بە شێوەیەکی موتڵەق گوتراوە و مانایەکی گشتی دەدات و زاهیر و باتن دەگرێتەوە، بۆیە لە مانا تایبەتییەکەی درباز دەبێتە سەر پاکی و چاکیی هزر و گوفتار و ڕەفتار. ئەم بنەمایانە سێ کۆڵەکەی گرنکی فەلسەفەی ئایینی زەردەشتین. لەبەر ئەمە بێهوودە نییە کە ئەم سوفییە مەزنە ناوی تاهیر بێت و بە هۆی ئەم ناوەوە دوو جەمسەری گرنگی هەردوو ئایینی زەردەشتی و یارسان بگەیەنێتە یەک.

پێشوەندی ئەم ناوە بە پێی زمان و کات و شوێن بەم جۆرە گوتراوە: بابا لە ئێرانزەمین، بابە لە لایەن ئاخێوەرانی کرمانجی خواروو، هەروەها باوە لە لایەن ئاخێوەرانی ماچۆ و کەڵهوڕی و خەڵکی گەرمیان. کە ئەمەی دواییان، (مەبەست لە باوەیە) پلە و پایەی توێژێکی ئایینیشە لە لای یارسانییەکان، بۆیە دووری نابینم کە باوە گوڕگوڕیش پیاوچاکێکی یارسانی بێت و خەڵکی کەرکووک و ناوچەکانی دەورووبەری هەر بەو ناوەوە پەنای بۆ دەبەن [٣]:

**باوە گوڕگوڕ بە گوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم.**

د. محمد نووری عارف ئێژێت: هەندێ کەس ئەڵێن (بابا) یەکێکە لە ناونیشانە زۆر باشەکانی بەرەی بەکتاشییە و بەو هۆیەوە بابایان داناوە بە یەکێ لە سۆفییەکانی بەکتاشییە و دووریان کردۆتەوە لە (ئەهلی حەققە)... هتد [٤]، بەڵام بەڕێزیان نەیانفەرمووە ئەوانەی ئەم باسەیان کردووە کێن و هیچ سەرچاوەیەکیشی بۆ ئەم قسەیە دەستیشان نەکردووە.

لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ئەوەی بابا تاهیر سەر بە بەکتاشییەکان بێت یان یارسانییەکان (کە لێرەدا د. محەمەد بە ئەهلی حەققە ناویان دەبات)، چونکە سوڵتان سهاک دوای (١٠٠) ساڵ لە نۆژەنکردنەوە و ئاشکراکردنی ئایینی یارسان، زاتمیوانی حاجی بەکتاش بووە و ئەمەی دوایی ڕێبازی بەکتاشیی دامەزراندووە [٥]. حاجی بەکتاش دۆنی (داود کەوەسوار) بووە، کە یەکێکە لە هەفتەن و ئەمەشیان ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکانی پیاوچاکانی یارسان.

**زمانی کە داود عوض کرد دون**
**ببکتاش آمد دوبارە برون**
**کە بکتاش بد داود از جسم و جان**
**بشد ذات سلطان بر او میهمان [٦]**

**کوردییەکەی:**

**کاتێ کە داود دۆنی خۆی گۆڕی**
**حاجی بەکتاش بوو ئەمجار کە نۆڕی**
**بەکتاش داود بوو هەم لەش و هەم گیان**
**زاتی شاسوڵتان لێی بوو بە میوان**

باوە تاهیر چەند پاشناو (نازناو)ێکیشی هەیە، وەک: هەمەدانی و عوریان و هەروەها لوڕ، کە ئەمەی دوایی لە سەرچاوە نووسراوەکاندا بەر چاو ناکەوێت، بەڵام بێگومان بناغەیەکی هەیە. باوە تاهیر پێی گوتراوە هەمەدانی چونکە لە هەمەدان ژیانی بەسەر بردووە و لەوێش کۆچی دوایی کردووە و مەزارگەکەشی هەر لەوێیە. لەبەر ئەوەی باوە تاهیر لەم جیهانەدا هیچ موڵک و ماڵیکی نەبووە و وێرانەیەکیشی نەبووە ئۆقرەی تێدا بگرێت و بە شەو و بە ڕۆژ هەر بە کێوانەوە بووە، نازناوی عوریان (ڕووت)یشی وەرگرتووە؛ عوریان بە مانای بێبەش لە ماڵی دنیا، لە سامان و لە دارایی. ئەم نازناوی (عوریان)ە نازناوی (زاهیر – دنیا)ییە، نەک (باتن –ئایینی)ی بێت، چونکە عوریان بە مانا مەزهەبی یان عیرفانییەکەی، بە کەسێک دەگوترێت پێشتر زاتێکی پێ بەخشرابێت (یارسانییەکان دەڵێن: بەشی درابێت. واتە لە زاتی خوایی بەشی هەبێت) پاشان ئەو زات (بەش)ەی لێ وەرگیرابێتەوە؛ یانی لەو زاتە ڕووت کرابێتەوە.

**ورا کرد عوریان و خالی بماند**
**هر آنچه باو داد از وی ستاند [٧]**

کوردییەکەی:

**ڕووتی کردەوە و بەتاڵ مایەوە**
**هەرچی دابوویێ لێی سنرایەوە**

لکاندنی نازناو یان پاشناوی لوڕ بە بابا تاهیرەوە ڕەنگە لە سۆنگەی ئەوەوە بێت چوارینەکانی خۆی بە زاراوەی لوڕی نووسیبێت، هەروەها لەبەر ئەوەی یەکێک بووە لە یارانی شاخۆشینی لوڕستانی، کە موژدەهێنەری ئایینی یارسان بووە و زۆربەی یارانی

ئەم یان لوڕستانی بوون یان لە جێگاکانی دیکەوە بۆ لوڕستان چوون و سەریان بەو ئایینە سپاردووە. بەڵام لە سەرچاوەکاندا باس لەوە ناکرێت بابا تاهیر لە لوڕستان لەدایک بووبێت، لە یەکێک لەو سەرچاوانەدا کە ئەویش (راحة الصدور)ە، باس لەوە دەکرێت کە لە هەمەدان لەدایک بووە.

**لەدایکبوونی**

تاکوو ئێستا بەڵگەیەکی بڕواپێکراوی ئەوتۆ بەدەستەوە نییە، کە ساڵی لەدایکبوونی بابا تاهیر دەستنیشان بکات و باسی چۆنیەتیی ژیان و ڕۆژگاری ئەو بکات. ئەوەی بۆ ئەم مەبەستە کراوەتە سەرچاوە هەندێک بەڵگەی دەماودەمن، وەک:

«ڕاوەندی» خاوەنی کتێبی «راحة الصدور» دەربارەی بابا تاهیر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «کاتێ توغرول بەگ دێتە هەمەدان سێ کەس لە پیاوچاکان بەسەر کێوی خدرەوە دەبن؛ بابا تاهیر، بابا جەعفر و حەمشادە. کاتێ سوڵتان دەیانبینێت لەشکرەکەی ڕادەگرێت و پیادە دەبێت. پاشان لەگەڵ وەزیرەکەیدا «ئەبو نەسری کندری» دەچن بۆ لایان و دەستیان ماچ دەکەن. بابا تاهیر هێندێک ڕادەمێنێت و ئەوجا ڕوو دەکاتە سوڵتان و پێی دەڵێت: ئەی تورک بەتەمای لەگەڵ ئەم خەڵقی خوایە چی بکەیت؟ سوڵتان دەڵێت: ئەوەی تۆ دەیفەرموویت. بابا تاهیر دەڵێت: خودا دەفەرموێت (إن الله يأمر بالعدل و الإحسان). سوڵتان دەست دەکات بە گریان و دەڵێت: بەڵی وا دەکەم. بابا تاهیر دەستی دەگرێت و دەڵێت: لێت قبووڵ کردم؟ سوڵتان دەڵێت: بەڵێ. پاشان بابا تاهیر لوولەی شکاوی مەسینەیەک «کە چەندین ساڵ دەستنوێژی بەو مەسینەیە گرتبوو، پاشان لوولە شکاوەکەی کردبووە پەنجە «لە پەنجەی خۆی دەردێنێت و دەیکاتە پەنجەی توغرول بەگ و دەڵێت: قەڵەمڕەوی پاشایەتیم ئاوا کردیتە پەنجە، بڕۆ و دادپەروەر بە»».

هەندێک لێکۆڵەرەوە بەپێی ئەم قسەیەی ڕاوەندی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەفەری توغرول بەگ بۆ هەمەدان لە ساڵەکانی ٤٤٧-٤٥٠ ی هیجری قەمەریدا بووە و لەم نەقڵە ئیشارەت بە دەورانی پیریی بابا تاهیر دەکرێت، وای بۆ دەچن کە بابا لە دواساڵەکانی سەدەی چوارەمی هیجری قەمەری لە هەمەدان هاتبێتە دنیاوە و لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا ناوبانگی دەرکردبێت.

میرزا مەهدی خانی کەوکەب لە گوتارێکدا لە گۆڤاری (مجمع آسیای بنگاله) ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٠٤ی زایینی، بە پێی چوارینەیەکی بابا تاهیر، ساڵی ٣٢٦ی هیجری قەمەریی بۆ لەدایکبوونی ئەو دەستنیشان کردووە. ئەو چوارینەیەش بەم جۆرەیە:

**مو آن بحرم که در ظرف آمدستم**
**چو نقطه بر سر حرف آمدستم**
**بهر ألفی ألف قدی بر آیو**
**ألف قدم که در ألف آمدستم**

بە پێی لێکدانەوەی پیتی ئەبجەدی وشەی «بحر» کە یەکسانە بە وشەی «دریا» - بە ڕێنووسی فارسی- و وشەی «الف قد» و وشەی «×اهر» هەر یەکە و دەکاتە (٢١٥)، ئەگەر لەگەڵ «الف» کۆبکرێتەوە کە ئەمیشیان یەکسانە بە (١١١) ئەو کاتە کۆی هەردووکیان دەکاتە (٣٢٦)... [٨]

لە «مجمع الفصحاء»دا هاتووە؛ بابا تاهیر بەر لە ساڵی ٤١٠ی هیجری، کۆچی کردووە[٩]

مامۆستا «علاءالدین سجادی»یش ئەو چوارینەیەی بە پێی گوتارەکەی میرزا مەهدی خان بۆ هەمان مەبەست هێناوەتەوە و پاشانیش مامۆستا دەفەرموێت: شیعرەکە مەتەڵێکی گرانە... [١٠]
د. مارف خەزنەدار دەڵێت: ئەم دوو بەیتە نهێنی و موعەممایەکی زۆری تێدایە، یەکێکە لە شیعرە داخراوەکانی ئەدەبی کوردی [١١] و دوای ئەوەش بە پێی بۆچوونی خۆی شیعرەکە لێکدەداتەوە.

بە بۆچونی من ئەم چوارینەیە هیچ پەیوەندییەکی بە ساڵی لەدایکبوونی بابا تاهیرەوە نییە. ئەو لێکدانەوەیەی میرزا مەهدی خانی کەوکەب کە دەڵێت گوایە بابا تاهیر لە ساڵی ٣٢٦ی هجری قەمەری هاتبێتە دنیاوە دوورە لە ڕاستییەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی بابا تاهیر یەکێک بووە لە گەورەپیاوانی یارسان و لە یارانی موبارەک شای لوڕستانی بووە کە بە شاخۆشین ناسراوە، بۆیە دەبێت لە هەمان دەور و زەماندا ژیابێت کە شاخۆشین ژیاوە. لە پەڕاوی کورتەی (سەرەنجام)دا هاتووە کە شاخۆشین لە ساڵی ٤٠٦ی کۆچی لە لوڕستان لە دایک بووە و لە ساڵی ٤٦٧ دا لە تەمەنی ٦١ ساڵی

جیهانی بەجێهێشتووە[١٢]. ئەگەر ئەوەش بگرێنە بەر چاو کە سەفەری توغرول بەگ بۆ هەمەدان لە نیوەی سەدەی پێنجەمدا بووە، دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە دەستنیشانکردنی دوروبەری ساڵی ٣٩٠ی کۆچی بۆ ساڵی لەدایکبوونی بابا تاهیر و ٤٥٠ی کۆچی بە ساڵی کۆچکردنی لە ڕاستییەوە نزیک بێت [١٣]. ئەوەی زیاتر ئەم بۆچوونەمان پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە فاتمە لوڕەی گۆران کە دڵخوازی بابا تاهیر بووە، ئەویش لە سەدەی پێنجەمدا ژیاوە [١٤]. بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بابا تاهیر دەبێت لە کۆتایی سەدەی چوارەم لەدایک بووبێت و لە سەدەی پێنجەمدا ژیابێت. چاوپێکەوتنی ئەو لەگەڵ توغرول بەگدا دەبێت لە زەمانی پیریيدا بووبێت.

**ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزان**

لەبەر ئەوەی لە سەرچاوەکاندا ئەوەندە باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانداریی بابا تاهیر نەکراوە، دەتوانین بە پشتبەستن بە چوارینەکانی خۆی هەندێک زانیاریمان دەستکەوێت.

باوکی بابا تاهیر ناوی «فەرەیدوون» بووە، هەر وەک لەم چوارینەیەدا بۆمان دەردەکەوێت:

**عزیزا مردی از نامرد نائی**
**فغان و ناله از بیدرد نائی**
**حقیقت بشنو از پور فریدون**
**که شعله از تنور سرد نائی**
**«ئازیزم مەردی لە نامەرد نایە**
**فریاد و ناڵە لە بێدەرد نایە**
**ڕاستی لە کوڕی فەرەیدوون بشنەو**
**بڵێسە لە تەنووری سارد نایە«**

مەبەست ئەوەیە کە پیاوەتی لە ناپیاو ناوەشێتەوە، یان چاوەڕوان ناکرێت؛ هەر وەک ئەوەی فریاد و ناڵە لە کەسێکی بێدەرد و بێئازارەوە نایەت. لە کوڕی فەرەیدوونەوە گوێ لە ڕاستی بگرە، کە بڵێسەی ئاگر لە تەنووری ساردەوە هەڵناسێت (نایەت). واتە چاوەڕێی کارێک مەکە لە کەسێکەوە کە شیاوی ئەنجامدانی ئەو کارە نەبێت.
هەروەها بابا تاهیر کوڕێکیشی هەبووە بە ناوی «فەرەیدوون»ەوە. کاتێک فەرەیدوونی کوڕی دەمرێت لە لاواندنەوەی ئەودا ڕوو دەکاتە فاتمە لوڕە و دەڵێت:

**بوره کز دیده جیحونی بسازیم**
**بوره لیلی و مجنونی بسازیم**
**فریدون عزیز از دست مو رفت**
**بوره از نو فریدونی بسازیم**
**«وەرە لە چاوان جەیحوونێ سازکەین [١٥]**
**وەرە لەیلا و مەجنوونێ سازکەین**
**فەرەیدوونی ئازیز لە دەستمان چوو**
**وەرە لە نوێ فەرەیدوونێ سازکەین»**

د. محمد نوری عارف لە گوتارەکەی خۆیدا، هەردوو چوارینەی وەک بەڵگە هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کە باوکی بابا تاهیر ناوی فەرەیدوون بووبێت [١٦]، بەڵام ڕاستی لەوەدایە کە چوارینەی یەکەم باسی باوکی دەکات و چوارینەی دووەم باسی کوڕەکەی دەکات. هەروەها بە پێی دەفتەری یاری، عالی قەلەندەر کە دۆنی بابا تاهیر بووە، کاتێ باسی دۆناودۆنی خۆی دەکات، دەڵێت:

**گەردی دوونادوون، گەردی دوونادوون**
**مەبۆ بوانیم گەردی دوونادوون**
**ئامایم دوون وە دوون بێگاندیم ئەو شوون**
**ئیرەج بێیانم پوورەی فەرەیدوون [١٧]**

واتە کاتێک من لە دۆنی ئیرەج بووم ئەو دەم کوڕی فەرەیدوون بووم، کەوابوو بە پێی دۆناودۆنیش ناوی باوکی بابا تاهیر (لە دۆنی ئیرەجدا) فەرەیدوون بووە. بۆ ئەوەی بە پێی دۆناودۆن بیسەلمێنین کە عالی قەلەندەر بابا تاهیر بووە ئەم بەڵگەیە دەهێنینەوە:

**عالی قەلەندەر مەرەمۆ:**
**شام بی وە مێهمان، شام بی وە مێهمان**
**عالینان عالی «شا»م بی وە مێهمان**
**چەنی نۆهسەد دە باشی قەلەندەران**
**بابا تاهیر بیم مەردی هەمەدان [١٨]**

**زمانی چوارینەکان**

چوارینەکانی بابا ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆر بە ڕوونی مۆرکی زاراوەی لوڕیی پێوە دیارە، بەڵام چونکە زۆربەی جار لە لایەن کەسانێک نووسراونەتەوە و پارێزراون کە خۆیان نە لوڕ نە کورد بوون، بە کەیفی خۆیان بە ناوی ڕاستکردنەوە دەستکاریی چوارینەکانیان کردووە و مۆرکی زاراوەی لوڕییان تا ڕادەیەک لێ سڕیوەتەوە، ئەمەش بە تەواوی دەردەکەوێت کە دەبینین ئیدی زۆربەی چوارینەکان بەلای زمانی فارسیدا سەنگەلا دەبنەوە وەک لە زمانی کوردی. یەکێک لەو کەسانەی کە ئەم کارەی کردووە (وەحید دەستگردی)یە کە بە زانای ناودار وەسف دەکرێت، ئەم زانایە لە هەر کوێیەک لە چوارینەکان حاڵی نەبووبێت وای دەستکاری کردووە کە فارسێک لێی تێبگات، بەڵام پێویستە بگوترێت لەبەر ئەوەی ئەو نوسخەیەمان لەبەر دەستدا نییە کە وەحید دەستگردی ڕاستیکردووەتەوە، نازانین قەوارەی دەستکارییەکە چەندە. هەروەها کەسێکی دیکە بە ناوی (مهدی الهی قمشەای) ئەویش ئەم کارەی کردووە، کە بە ئاشکرا لەسەر هەردوو دیوان نووسراوە ڕاستکردنەوەی فلانە کەس. دیسانیش دەکرێت وەک زۆربەی هەرە زۆری دەفتەرەکانی یارسان، چوارینەکانی بابا تاهیریش لە لایەن کەسانی نیمچە خوێنەوارەوە نووسرابنەوە و ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی هەڵەی ڕێنووس و تێنەگەیشتنی لێ بکەوێتەوە و لە ئەنجامدا دەستکاریکردنی چوارینەکان، کە سەرەنجام چێژ و تام مۆرکی زمانەکەی لەدەست بدات، هەروەها بیر و فەلسەفەی بابە تاهیر لەم نێوانەدا زەرەرمەند بێت. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاش زۆربەی چوارینەکان سەرەڕای دەستکاریکردنیان تا ڕادەیەکی زۆر مۆرکی زاراوەی لوڕییان پێوە دیارە، بۆ نموونە:

**دلی دیرم ز عشقت گیج و ویجه**
**مژه بر هم زنم خوناوه ریجه**
**دل عاشق مثال چوب تر بی**
**سری سوجه سری خوناوه ریجه**

تێبینی بکەن، جگە لەوەی زمانی چوارینەکە بە ئاشکرا دیارە، دەکرێت بگوتریت زۆربەی وشەکان لە زاراوەکانی دیکەن زمانی کوردیشدا هەن، جگە لە دوو وشەی (عشق و مثال) کە ئەمانەش عەرەبین نەک فارسی.

**پەیوەندیی بابا تاهیر بە یارسانەوە**

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هاتووە: دڵخوازەکەی ناوی (فاتمە لیرە) بووە، هەروەها مامۆستا علاءالدین سجادی لە دکتۆر سەعید خانەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: « پیاوێکی گاوری کورد ئەڵێ: کە بابە تاهیر چەند شیعرێکی بە شێوەی گۆرانیی پەتی داناوە و ناردوویە بۆ (حەقە)ەکان بۆ ئەوەی کە لە بیروباوەڕی یەک بگەن و ئەوانیش بخاتە سەر ئەو ڕێگەیە کە خۆی لەسەر بووە«. مامۆستا سجادی لە پەراوێزی ئەم نەقڵەشدا نووسیویەتی: ئاشنایەتیی بابە تاهیر لەگەڵ «حەق»ەکاندا ئەوە بووە کە ئەوان بابە تاهیریان بە فریشتەی چوارەمی «خشین» داناوە کە لە لوڕستان بووە؛ چونکە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی حەقە لە پێشا لە لوڕستان و پاشان بۆ نزیکی سیروان ئنجا لە ئازربایجان بووە، من لام وایە ئەم باوەڕی «حەقان»ەی «شەدەڵە« لقێکە لە حەقەکانی سیروان... [١٩]

ئەم قسەیەی مامۆستا علاءالدین سجادی بەشێکی زۆری ڕاستیی تێدایە، بەڵام هەندێکیش تێکەڵی کە پێویستە ڕاست بکرێتەوە. بەپێی دەفتەرەکانی یاری[٢٠]، بابا تاهیر و فاتمە لوڕەی گۆران (نەک فاتمە لیرە) دوو ناوداری یارسانن، بەڵام یارسانییەکان «حەقە« نین، بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان دەگوترێت: ئەهلی حەق، حەق لێرە بە مانای خودا دێت، واتە یارانی خودا، کە دیسانەوە بەرامبەر بە یارانی سان دێتەوە، سان دەکرێت کورتکراوەی سوڵتان بێت و ئەمەی دوایی یەکێکە لە ناوەکانی ئێزدان. ئەم تایفەیە لە باشووری کوردستان بە «کاکەیی» ناسراون، بەڵام یارسان وشەیەکی ناوکۆیی یە بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە فەلسەفەی ئەم ئایینە هەیە. هەروەها بابا تاهیر (خۆشین) نییە «نەک خشین»[٢١]، چونکە خۆشین زاتێکی ئێزدانیی هەبووە و فریشتەی چوارەم نەبووە. یەکێک لە سەربەندەکانی چەپ و دەس[٢٢] ئەمەیە:

**یا «شا» شیرین بای، شیرینم کەردەنی**
**نە پایٚ شندروئ، فەیزم دادەنی**
**دینم دینەن، شام خۆشینەن**

بۆ لابردنی گومان، پێویستە ئیشارەت بەوە بدەم کە بابا تاهیر فریشتەی چوارەم نەبووە، فریشتەی چوارەم کە فریشتەی مەرگە لەلای یارسانییەکان «مستەفا داودان»ە.. [٢٣]

**ئەی بابا تاهیر کێ بووە؟**

**بابا تاهیر کە باس لە دۆناودۆنی خۆی دەکات بۆ شاخۆشین، دەفەرموێت:**

**تو بودی در آن وقت بر دون یا**
**بدم من یقیق آندم ای کبریا**
**در اینجا کە تو نام داری خۆشین**
**منم طاهر ایا شاه دین.. [٢٤]**

کوردییەکەی:

**ئەو کاتەی کە تۆ بووی لە دۆنی «یا»**
**دۆنی «یەقیق» بووم لەو دەمە ئەی شا**
**ئا لێرە کە تۆ ناوت «خۆشین»ە**
**ناوم «تاهیر»ە، ئەی شای ئەم دینە**

دیسانیش لە جێگایەکی دیکەدا بە شاخۆشین دەڵێت:

**یا شا! مهر تو را چە چارە کنم**
**ناید روزی کە مهرت ز دل آوارە کنم**
**اگر بعد سیصد سال بر سر قبرم گذری**
**بوی وصالت بە من رسد کفن پارە کنم.. [٢٥]**

کوردییەکەی:

**ئەی شا، خۆشەویستیی تۆ چۆن چارە بکەم**
**ڕۆژێ نایەت خۆشەویستیت لە دڵ ئاوارە بکەم**
**گەر دوای سێسەد ساڵ بەسەر گۆڕەکەمدا گوزەر کەی**
**بۆنی ژوانت بمگاتێ، کفنەکەم پارچە دەکەم**

بۆچی سێسەد ساڵ؟ چونکە شاخۆشین بۆ تاقیکردنەوەی یارانی، خۆی نوقمی ڕوباری گاماسب (هەندێک دەڵێن مەعزاو یان مەسەناو) دەکات و ئیدی غەیب دەبێت.

**لە کلامی نرکەی شاهەنشاهدا هاتووە:**
**«مێرد ئازمایش کەرد، شی وە مەعزاو**
**یا میهسەناو یان مەسەناو یا ماسەناو».. [٢٦]**

ئیدی (شاخۆشین) سڕ(نهێنی) دەبێت، تا پاش سێسەد ساڵ سەرلەنوێ لە شارەزوور پەیدا دەبێتەوە و بارەگای خۆی دەباتە هەورامان. بەو ماوەی غەیب بوونەی دەگوترێت: سێسەد ساڵ سڕ.

**لە کلامی یاریدا هاتووە:**
**ئەو کۆی هەورامان**
**بارگەی «شا»م وەستەن ئەو کۆی هەورامان**
**زات خودایی قانیع غولامان**
**سیسەد ساڵ سڕ بی کەس وە پێش نەزان.. [٢٧]**

کەواتە پاش سێسەد سال ئەم پێشبینی و ئاواتەی بابا تاهیر دێتە دی، شاخۆشین لە دۆنی «سوڵتان سهاک» کە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی بووە، پەیدا دەبێت و ئایینی یاری نۆژەن دەکاتەوە[٢٨]. بابا تاهیریش کفنەکەی خۆی دەدرێت و لە دۆنی بابا یادگار پەیدا دەبێتەوە:

**دگر غسل الدین بود ابرام شاهـ**
**دگر طاهرا یادگارست بجا.. [٢٩]**

کوردییەکەی:

**هەروا غەسلەدین شا عەلەمدار بوو**
**هەروەها تاهیر بابا یادگار بوو.. [٣٠]**

کەواتە لە دەورەی سوڵتان سهاکدا؛ بابا تاهیر لە دۆنی بابا یادگار بووە و بابا یادگاریش یەکێکە لە هەفتەن[٣١]، زاتێکی گەورەی خاوەن کەرامات و یەکێک لە یارە خۆشەویستەکانی سوڵتان سهاک و لە لایەن ئەمەوە خەڵاتکراو:

**بەرگ خودڕەنگی یادگار پۆشا**
**غوڵامان دیشان (شاهـ) پەنەش بەخشا**
**بەرگ خودڕەنگی کەرد وە خەڵاتش**
**کورد و کوردستان دا وە بەراتش.. [٣٢]**

**لێکدانەوەی چوارینەکان**

**دەتوانین چوارینەکانی بابا تاهیر بکەینەوە دوو بەشەوە:**

یەکەمیان شیعرە باتنییەکانی بابا تاهیرن کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئایینی یارسانەوە هەیە و بە مەبەستی بنیاتنان و دەمەزراندنی ئەم ئایینە (لە دەورەی شاخۆشیندا) گوتراون، کە بە داخەوە ئەم چوارینانە هەموویان بە ئاسانی ناکەونە دەست.
دووەمیشیان چوارینە زاهیرییەکانی بابان کە زیاتر بۆ مەبەستی دنیایی گوتوونی، بەڵام لە ناواخنی ئەم چوارینانەدا زۆر جار بیروباوەڕی یارسان دەردەکەون، لە هەر شوێنێک لەم چوارینانەدا ئەو جۆرە بیروباوەڕە هەبن هەوڵ دەدەین لەگەڵ سروودەکانی یارسان بەراوردیان بکەین، یان بە پیی ئەو فەلسەفەیە لێکیان بدەینەوە.

یەکێک لەو چوارینانەی زۆری لەسەر گوتراوە و هەوڵی گەیشتن بە مەبەست و فەلسەفەکەی دراوە، ئەم چوارینە بەناوبانگەیە:

**مو آن بحرم کە در ظرف آمدستم**
**چو نقطە بر سر حرف آمدستم**
**بهر ألفی ألف قدی بر آیو**
**ألف قدم کە در ألف آمدستم**

به لەبەرچاوگرتنی فەلسەفەی ئایینی یارسان دەبێت ئەم چوارینەیە بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە:

١- چوارینەکە بە کوردی:
ئـ- من ئەو زەریایەم لەناو جامێکدا پەیدا بووم (کۆبوومەتەوە).
ب- وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە پەیدا بووم.
ج- لە هەر هەزارەیەکدا عاشقێک پەیدا بێت.
د- عاشقم لە هەزارەیەکدا پەیدا بووم.

٢- مانا و مەبەستی وشەکان:
مو (من): ڕۆح، گیان، خۆشەویستی، زات، نوور، جەوهەر
ظرف: قاڵب، جەسەد، لەش، جام، جامە، تەن، دۆن
نقطه: بەرامبەر بە «مو- من»ە.
حرف: بەرامبەر بە «ظرف»ە. [٣٣]
ألف: هەزار «هەزار ساڵ یان هەزار دۆن» [٣٤]
ألف قد: عاشق، دڵدادە.

٣- مەبەستی چوارینەکە:
ئـ- ڕۆح «خۆشەویستی»ی من زەریایەکە لەناو جام:»قاڵب»ێکدا پەیدا بووە. هەڵبەتە ئەو ڕۆحەی بەقەد زەریایەک بێت لەناو جامێکدا جێگای نابێتەوە و ڕۆژێک دێت سەرڕێژ دەکات و جامەکە بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات «لێرەدا مەبەست لە مەرگە«. مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی[٣٥] فەرموویەتی:

«بحر را گنجایش اندر ظرف نیست» [٣٦]. واتە: زەریا لەناو جامدا جێگای نابێتەوە.

ب- وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە پەیدا بووم، کە خاڵ ڕۆح بە پیت دەبەخشێت «گیانی دەخاتە بەر و بەبێ خاڵ پیت قاڵبێکی سارد و سڕە و ناخوێنرێتەوە (نسبییە). ڕۆژێک دێت ئەو خاڵە پیتەکە بەجێ دەهێڵێت — دیسان مەبەست لە مەرگە-».
د. مارف خەزنەدار دەڵێت: «حەرف بەرامبەر بە زەریایە، نوختەش بەرامبەر بە قاپەکەیە. هەروەها مەبەستی لە حەرف مانای «بسم الله الرحمن الرحيم»»ە، بەم جۆرە ئەگەر

شاعیر نوختەیەک بێ لە «بسم الله» دەبێتە بەشێک لە کردگار»[٣٧].

من پێم وا نییە حەرف زەریا بێت و نوختەش قاپ[٣٨]، هەروەها مەبەست لە «بسم الله» نییە، چونکە بابا تاهیر گوتوویەتی: وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە هاتووم، نەک لەژێر پیت. بەلای منەوە ئەمە جیاوازە لەگەڵ گوتەکەی ئیمامی عەلی کە فەرموویەتی: « انا نقطة تحت باء بسم الله».. [٣٩]

ج- پێم وایە: ئەگەر لە هەر هەزار دۆنەکەی خۆمدا یەک جار ببم بە عاشق، یان ئەگەر لە هەر هەزار ساڵێکدا عاشقێک پەیدا ببێت.

د- پێم وایە: ئەوا من ئەو عاشقەم کە لەم دۆنەدا پەیدا بوم، یان ئەوا من ئەو عاشقەم کە لەم هەزار ساڵەدا پەیدا بووم.

دکتۆر مارف فەرموویەتی: لە هەر ئەلفێک پەیکەر و قەد و قامەتی وەک ئەلف پەیدا دەبێ. مەبەست لە ئەلفی یەکەم حەرفی «ئەلف»ە، کە نرخی «یەک»ە و دروشمی خودایە، ئەلفی دووەم قەد و قامەتی وجوودی خۆیەتی کە ئەویش لە وێنەی تیپی «ئەلف- ا»دایە، ئیتر مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە خۆی بەشێکە لە کردگار. قەد و قامەتی وەکوو ئەلف «ا»ی من لە ئەلفی «کردگار»ەوە هاتووە.. [٤٠]

بە پێی ئەم لێکدانەوەیە بێت کە د. مارف فەرموویەتی:»لە هەر ئەلفێک پەیکەر و قەد وقامەتی وەک ئەلف پەیدا دەبێت، بە گۆڕینی ئەلفی یەکەم بۆ «خودا» و ئەلفی دووەم بۆ «من» وای لێ دێت:

«لە هەر خودایەک پەیکەر و قەد وقامەتی وەک من پەیدا دەبێت»، بەڵام بابا تاهیر باوەڕی بە یەکخودایی هەبووە، بۆیە ناکرێت بگوترێت لە هەر خودایەک.. [٤١]

بابا تاهر سۆفییەکی خواناسی هەردەوێڵ بووە. عیشقێکی ئێزدانی سەر تا پای داگرتووە. ئەم عیشقە وای لێ کردووە لە ملک و ماڵ و سامان و دارایی دونیا خۆی بێبەش بکات، کە یارسانییەکان بەم شتانە دەڵێن «جیفەی دونیا»، جا هەرچەندە مرۆڤی ئێزدانپەرست و سۆفی لە جیفەی دونیا خۆی دوور بخاتەوە، هێندە لە ئێزدان نزیک دەبێتەوە:

**همایونم سر کوهم وطن بی**
**سیر عالم کرم هر جا چمن بی**
**نه خون دیرم، نه مون دیرم نه سامون**
**دم مردن پر و بال کفن بی**
**«هەڵۆیەکم لووتکەی کێوم وەتەن بی (بوو)**
**سەیری عالەم دەکەم گشتی چەمەن بی**
**نه خان دیرم نه مان دیرم نه سامان**
**دەمی مردن پەڕوباڵم کەفەن بی»**

لە ئایینی یارساندا مەبەست لە هەڵۆ بە تایبەتی هەڵۆی سپی (شاهبان) یەکێتیی بوون و زاتی لایەزالە (ئێزدان)، کە نووری ئەو دڵ و دەروونی عاریفان ڕووناک دەکاتەوە.

**خاتوون دایراک (ڕەمزبار) مەرەمۆ:**
**هەفتەوان چە نوور شاهباز عادڵ**
**پەی شەرت مێردان تو کەرد وە حاصڵ**

دایە ڕەمزبار بە سوڵتان سەهاک دەڵێت: ئەی خاوەندکار بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پەیمان (شەرت)ەی لەگەڵ بەندەکانی خۆت بەستبوون، هەفتەوانەت لە نووری خۆت خوڵقاند.

مەبەست لە شاهبازی عادڵ، خودایە.. [٤٢]

جا چ هەفتەن چ هەفتەوان، مادام لە نووری ئێزدان خوڵقێنراون و ئێزدانیش هەڵۆیەکی سپییە، بۆیە بابا تاهیریش (کە یەکێکە لە هەفتەن) بۆی هەیە خۆی بە هەڵۆیەکی سپی بشوبهێنێت.. [٤٣]

**دیسانەوە لە بارەی ڕووت و ڕەجاڵیی خۆیەوە لە چوارینەیەکی دیکەدا دەڵێت:**

**مو آن رندم که نامم بی قلندر**
**نه خوان دیرم نه مان دیرم نه لنگر**
**چو روز آیه بگردم گرد کویت**
**چو شو آیه بخشتان وانهم سر**
**«من ئەو ڕەندەم کە ناوم بوو قەلەندەر**
**نا خان دیرم نە مان دیرم نە لەنگەر**
**کە ڕۆژ دادی دەگەڕیم گردی کێوت**
**کە شەو دادێ بە خشتان دادەنێم سەر»**

بابا تاهیر کە تەرکی دونیا دەکات، بە مەبەستی ئەوەیەتی بگاتە خۆشەویستەکەی (کە ئێزدانە)، بۆیە ڕۆژ تا ئێوار بە کێوەکاندا دەگەڕێت تاکوو بیدۆزێتەوە. «واژەی کێو لە ئایینی یارساندا پایە و مەقامی بەندەگی دەگرێتەوە«...[٤٤]

واتە بە قۆناغەکانی تەسەوفدا ڕەت دەبێت، کە بە قۆناغی داوا (×لب) دەست پێ دەکات و لە قۆناغی نیستی (فنا) تەواو دەبێت... [٤٥]

بابا هەمیشە لە زکر و فیکری خۆشەویستەکەیدا دەبێت، هەمیشە باس و مەدح و سەنای دەکات، بەڵام هەموو ئەم شتانە بە هیچ جێگایەکی ناگەیەنن، کەسانێکی تر بەر لەو چ کەم و چ زۆر ئەو شتانەیان گوتووە و ئەمەی ئەم دەیڵێت تەنیا دووبارەکردنەوەیە. ئەمجارەیان بۆ دۆزینەوەی ئێزدان ڕووەو زەریا دەڕوات:

**چه واجم، هر چه واجم واتەشان بی**
**سخن از بیش و از کم واتەشان بی**
**بدریا مو شدم گوهر برآرم**
**هر آن گوهر که دیدم وا تەشان بی**
**«چی بێژم، هەرچی بێژم گوتوویانە**
**قسە چ زۆر بێ یان کەم گوتوویانە**
**بۆ زەریا چووم تا گەوهەر دەربێنم**

**هەر ئەو گەوهەرەی دیتم بە تۆیانە (تۆ بووی)»**
**واتەشان بی: گوتبوویان.**
**وا تەشان بی: لەگەڵ تۆیان بوو (مەبەستیان تۆ بووی).**

بۆچی بابا تاهیر بەرەو زەریا دەڕوات؟ چونکە بەپێی ئایینی یارسان یەکەم بارەگا و مەکتەبی ئێزدانی لە زەریادا بووە.

**سەید براکە مەرمۆ:**
**چوار مەلەک ژ نور ساخت نە جەسەی سڕ**
**وێش شی نە مەکتەب بەتن دەریای دوڕ**
**هەفتاد هەزار ساڵ نە دڵەی دوڕ بی**
**دوڕ نە تای دەریا پەروەردەی سڕ بی.. [٤٦]**

ئەی بۆچی لە زەریادا بە دوای دوڕ (گەوهەر)دا دەگەڕێت؟ چونکە ماوای خاوەندکار کاتێ لە دۆنی «یا» بووە، لەناو دوڕدا بووە:

**دەروێش قولی کرندی مەرەمۆ:**
**وە دۆن «یا» بی، وە دۆن «یا» بی**
**ئەوسا پادشام وە دۆن «یا» بی**
**ماواش نە دوڕ بی، دوڕ نە دەریا بی**
**نە یار نە یاوەر، تاک و تەنیا بی.. [٤٧]**

هەر ئەو کاتەش کە ئێزدان لە دۆنی «یا» بوو، لەگەڵ هەفتەندا بیابەسی (بەیعەت بەستن – پەیمان)ی ئەزەلیی خاوەندکاری بڕیار دا. ئەو کاتە بابا تاهیر لە دۆنی یەقیق بوو، جا سەیر نییە ئێستاکە جارێکی دی بابا بەرەو زەریا بڕواتەوە و بە دوای «یا»دا بگەڕێ تا بیدۆزێتەوە.
دوای ئەوەی بابا تاهیر ئێزدان دەدۆزێتەوە، ئیدی بۆی دەردەکەوێت کە ماوای ئەو تەنیا زەریا نییە، بگرە ئەو لە سارا و کێو و دەشت و هەموو شت و شوێنێکدا هەیە. ئەو

خۆشەویستییەکە لە هەموو شتێکدا بەدی دەکرێت، ئەو عیشقێکە لە هەر زەڕەیەکدا هەیە:

**بصحرا بنگرم، صحرا ته وينم**
**بدريا بنگرم، دريا ته وينم**
**بهرجا بنگرم، كوه و در و دشت**
**نشان از قامت رعنا ته وينم**
**«دەنۆڕمە سارا، سارا تۆ دەبینم**
**دەنۆڕمە زەریا، زەریا تۆ دەبینم**
**هەرکوێ دەنۆڕم کێو و دەر و دەشت**
**نیشانەی باڵای ڕەعنای تۆ دەبینم»**

ئیدی لە خۆشیی ئەوەی بابا خۆشەویستەکەی خۆی دەدۆزێتەوە، لە چاوی ئەو بادەی مەی نۆش دەکات. هەر بۆیە لە تاریکیی شەوی تاردا و لە ڕێگای پڕ لە کۆسپ و تەگەرەی حەقپەرستیدا ئەم مەستە و سەرخۆش. مەستی عیشقێکی ئێزدانییە کە هیچ شتێکی دی جێگای پێ لەق ناکات، تەنانەت ئەگەرچی کۆسپ و تەگەرە بادەی عیشقەکەی لەدەست بخەن، بەڵام بادە ناشکێت، چونکە ئەم هیچ گومانێکی بەرامبەر بە مەعشووقەکەی نییە و ئامادەیە لە پێناوی ئەو خۆشەویستییەدا هەموو جۆرە ناخۆشی و زەحمەتێک قەبووڵ بکات، ئەگەر نا خەڵکی دیکە چونکە بێسەبر و تەحەمووڵ بوون و خۆشەویستییان ڕەگی قووڵی نەبوو، بادەی مەی هەر لە دەستیاندا شکا بەبێ ئەوەی بشکەوێت:

**شب تاريک و سنگستان و مو مست**
**قدح از دست مو افتاد و نشكست**
**نگه دارنده‌اش نيكو نگهداشت**
**وگرنه صد قدح نفتاده بشكست**
**« شەو تاریک و بەردستانە و من مەست**
**بادە لە دەستم کەوت و نەشکەست**
**چاودێرەکەی چاکی چاو لێ بوو**
**وەگەر نا سەد بادەی نەکەوتوو شکەست»**

ئەم پیاڵە (بادە)ی مەیە، پیاڵەی ڕەحمەتە کە هەموو ئەوانەی بڕوایان بە ئایینە یارسان هەیە بۆیان هەیە نۆشی بکەن؛ هەروەکوو بابا نااووس دەفەرموێ:

**پیاڵەی ڕەحمەتم واردەن، نەواردەن شەراو**
**کاوەی مێرد «جەم»ەن مەلای وە مەحراو [٤٨]**

**هەر بۆیەش ئەم مەستییە مەستیی مەی نییە، بەڵکوو مەستیی عیشقێکی ئێزدانییە:**
**شاخۆشین مەرەمۆ:**
**مستم ز خرابات ولی از می نە**
**نقلم همە نقلست حریفم شیئ نە [٤٩]**

« مەستی بادەی یەکبوونم نە مەستی مەی. مەزەی ئەم مەستییەی من ئەو قسانەن کە دەیانکەم و حەریفەکەم هیچی پێ نییە«.

بابا تاهیر بە هۆی تاعەتەوە هەمیشە لەگەڵ دڵدارەکەی ژووانی هەیە. ئەگەر ئێوارەیەک غافڵ بێت و پێی نەکرێت بچێتە خزمەتی، ئەوا پەنا دەباتە بەر ئەوانەی ئەو ئێوارەیە لە تاعەت غافڵ نەبوون و دەچێتە زیارەتی ئەوان:

**خوشا آنان کە هر شامان تە وینند**
**سخن واتە کرن واتە نشینند**
**گرم دسرس نبی آیم تە وینم**
**بشم آنان بوینم کە تە وینند**
**«خۆزگەم بەوانەی هەر شامێ دەتبینن**
**قسەت لەگەڵ دەکەنن و هاونشینن**
**گەر دەسڕەسم نەبوو بێم و بتبینم**
**دەچمە خزمەتی ئەوانەی دەتبینن»**

د. مارف خەزنەدار پیی وایە کە بابا تاهیر لێرەدا جارێ نەگەیشتووەتە ویساڵی مەعشووقەکەی، بۆیە بە ناڕاستەوخۆ ئاواتەخوازە بیگاتێ لە ڕێگای کەسانێکی ترەوە کە بە ویساڵ گەیشتوون[٥٠]. بەڵام بابا خۆزگە بەوانە دەبات کە هەر ئێوارەیەک مەعشووق دەبینن، واتە ئەمیش دەیبینێت بەڵام هەندێ جار دەستی ناگات بچێتە خزمەتی، بۆیە دەچێتە خزمەتی ئەوانەی کە لە چوونەخزمەت غافڵ نەبوون.

پاش دۆزینەوەی مەعشووق و نۆشکردنی جامی مەی و سەردانی دەمەوئێواران، نەختە نەختە بابا خوو و ڕەوشت و خەسڵەتەکانی خۆی دادەماڵێت و بە خەسڵەت و سیفەتەکانی ئەو خوو دەگرێت و دەگاتە دواپلەی سۆفیگەری کە قۆناخی نیستی (فەنا)یە و ئیدی لەبۆی جودا ناکرێتەوە کە عاشق کییە و مەعشووق کییە:

**اگر دل دلبر و دلبر کدام است**
**وگر دلبر دل بو دل را چه نام است**
**دل و دلبر بهم آمیته وینم**
**نزونم دل که و دلبر کدام است**
**«گەر دڵ دڵبەر بێ، ئەی دڵبەر کییە**
**گەر دڵبەر دڵ بێ، دڵ لە کام جێیە (ناوی چییە)**
**هەم دڵ هەم دڵبەر، ئامێتەی یەکن**
**نازانم دڵ کام و دڵبەریش کێیە»**

سۆفییەکی ڕێگای ڕاستان، ڕێگای یارسان، بۆ ئەوەی ڕێگای یاری بباتە سەر و لە دەفتەری یاراندا تۆمار بکرێت، پێویستە بگاتە ئەم قۆناغی نستییەی بابا تاهیر پیی گەیشتووە. یەکێک لە پیرانی یارسان فەرموویەتی:
**نیستان و نیستی ڕاشان بەرد وە سەر**
**هەستان کەی مەلان وە سەبت دەفتەر[٥١]**

یەکێک لەو چوار کۆڵەکەیەی ئایینی یارسانی لەسەر دامەزراوە نابودکردنی غوروور، لووتبەرزیی، خۆبەزلزانینن، خۆپەسەندکردن و هەوا و هەوەسی نەفسانییە، بۆ ئەوەی سەرەنجام مرۆڤ خۆی ئامادە و تەیار بکات تاکوو بوونی ئەم ئامێتەی بوونی ئێزدان بێت، واتە لەناو ئێزداندا فانی بێت (بگاتە قۆناخی نیستی).

**لە دەفتەری یاریدا هاتووە، هەر وەک پێشتریش ئاماژەمان پێی کرد:**
**یاری چار چێوەن باوەری وە جا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا [٥٢]**

**گەیشتن بە قۆناخی نیستی ئاوات و ئامانجی هەموو سۆفییەکە. حافزی شیرازی[٥٣] دەڵێت:**
**میان عاشق و معشوق هیچ حایل نیست**
**تو خود حجاب خودی حافظ از میان برخیز[٥٤]**
**«لە نێوان عاشق و مەعشووقدا هیچ پەردەیەک نییە**
**تۆ خۆت ئەو پەردەیەی حافز، لەو بەینە لاچۆ»**

واتە مەبەستی حافز ئەوەیە کە ئەو پەردەیە لاببات و بگاتە مەعشووقەکەی، جار ئەگەر پەردەکە خودی حافز بێت، پێویستە حافز بگاتە نیستی. بابا تاهیر توانیویەتی ئەو پەردەیە لا ببات و لەگەڵ مەعشووقەکەی ببێتە یەک، تا ئەو ڕادەیەی ئیدی بۆی جودا نەکرێتەوە کە عاشق کێیە و مەعشووق کێیە.

«حوسێن بن مەنسوور ئەلحەلاج» فەرموویەتی:
«حقیقة المحبة قیامک مع محبوبک بخلع أوصافک و الأتصاف بأوصافه»[٥٥]
«عیشقی ڕاستەقینە ئەوەیە کە سیفەتەکانی خۆت داماڵیت و بە سیفەتەکانی مەعشووقەکەت خوو بگریت».

جا کە سۆفی گەیشتە قۆناخی نیستی و بوونی ئەم ئاوێتەی بوونی ئێزدان بوو و ئێزدانیش نهێنییە، بۆیە ئەمیش دەبێتە بەشێک لەو نهێنییە کە نابێت بدرکێنرێت. ئەمە لە ئایینی یارساندا پیی دەڵێن: «سر کەسنەزان». ئەم نهێنییە بە لای سۆفییەکەوە ڕازی دڵە کە جگە لە خاوەن دڵان کەسی تر پێی نازانێت، یان بۆ کەسێکی تر باس ناکرێت. ڕازی دڵی یاران سووتان و توانەوەیە لەناو خۆشەویستیدا، ئەگەر سەرەتا بابا تاهیر ئەم ڕازەی بۆ خەڵکی تر گێڕابێتەوە، سەرەنجام وا کەوتووەتەوە کە لەم چوارینەیەدا باسی دەکات:

نمیدانم که رازم وا که واژم
غم سوز و گدازم را که واژم
چه واژم هر که ذونه بنگره فاش
دگر راز و نیازم وا که واژم
«نازانم که من ڕازم به کێ بێژم
خەمی سووتانی دڵم به کێ بێژم
چ بێژم هەرکێ زانیی فاشی دەکا (ئاشکرای دەکات)
ئیدی ڕاز و نیازم به کێ بێژم»

جا بۆ ئەوی ئەم ڕازی دڵە بپارێزێت و هەر بە نهێنی بمێنێتەوە، دەبێت سرێک بێت و تەنها لە دڵی یاراندا بپارێزرێت. ئەم نهێنییە بە لای یارسانەکانەوە هێندە پیرۆزە کە لە کۆبوونەوە ئاییەنییەکاندا سوێندی پێ دەخورێت یان پەنای بۆ دەبرێت؛ بۆ نموونە لە کاتی پەنابردندا دەگوترێت: «یا سرِ سینەی یار». جا ئەگەر بابا تاهیر ڕازی دڵی خۆیی لەلای غەیری خاوەن دڵان باس کردبێت و پاشان ڕازەکە فاش کرابێت، حەقی خۆیەتی ئیدی ئەو ڕاز و نیازەی خۆی بە کەس نەڵێت:

بکس درد دل مو واتنی نه
که سنگ از آسمون انداتنی نه
بمو واجن ترک یار خود که
کسیس یارم که ترکش واتنی نه
«به کەس ڕازی دڵم گوتەنی نییه
بەرد له ئاسمانەوه کەوتەنی نییه
پێم دەبێژن تەرکی یاری خۆت بکه
کەسێکه یارم تەرک کردەنی نییه»

«واتنی نە» ی دووەم: مەبەست لە وەیە کە ناکرێت.
نەدرکاندنی نهێنیی دڵ لەلای سۆفییەکان باو بووە، مەنسووری حەللاج فەرموویەتی:
«أسرارنا بكر لا يخطر فيها إلا خاطر الحق».[٥٦]
واتە: نهێنییەکانی ئێمە (وەکوو کچێکی) باکرەن، جگە لە ئەندێشەی حەق شتێکی تر ڕێگایان پێ نابات.

**حافیزی شیرازی فەرموویەتی:**
**مصلحت نیست که از پرده برون افتد راز**
**ورنه در مجلس رندان خبری نیست که نیست. [٥٧]**
**«مەسڵەحەت نییە لە پەردەوە ڕاز بچێتە دەرێ**
**وەگەرنا لە مەجلیسی ڕەندان چ باسێ نامێنێ»**

بەپێی ئایینی یارسان، کەسانێ کە مرۆڤی ڕاستیپەرست بن و هیوای دیداری حەق لە دڵیاندا بێت و عاشقی ڕێی ڕاستی بن، پێویستە لەسەریان هەر دەرد و بەڵایەک کە لەو ڕێگایەدا تووشیان دەبێت قبووڵی بکەن و مرۆڤی یارسانی دەبێ بەڵاکێش بێت.

**سوڵتان سەهاک فەرموویەتی:**
**پیره بلاکش**
**گر مرد لقائی بیا بلا کش**
**مرد بی بلا مرد لقا نیست[٥٨]**

جا بابا تاهیریش کە دۆنی باوە یادگارە و عاشقی ڕێی ڕاستییە، پێویستە لەسەری وەکوو هەر مرۆڤێکی ڕاسستیپەرست تاڵی و سوێری و سەختیی ئەو ڕێگایەی هەڵیبژاردووە، قبووڵ بکات:

**عاشق اون بی که دایم در بلا بی**
**ایوب آسا بکرمون مبتلا بی**
**حسن آسا بنوشه کاسهء زهر**
**حسین اسا شهید کربلا بی**
**«عاشق کەسێکە دایم لە بەڵا بێ**
**ئەیووب ئاسا بە کرمان موبتەلا بێ**
**حەسەن ئاسا بنۆشێ جامی زەهر**
**حوسێن ئاسا شەهیدی کەربەلا بێ» [٥٩]**

هەر دەربارەی سەختی ژیانی یارانی حەق، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ شاخۆشین بابا تاهیر باسی عشقی خۆیی بۆ دەکات و دەفەرموێت:

**هر کس شاهش تویی حالش همینه**
**سرینش خشت و بالینش زمینه**
**جرمم اینست که تو را دوست دیرم**
**هر آن که یارش تویی حالش چنینه[٦٠]**

بەڵام هەموو کەسێک عاشق نییە و ئامادە نییە تاڵی و سوێری بچێژێت و ڕێگای سەخت بگرێتە بەر، بگرە هەندێک نە تەنیا ئەو ئامادەگییەیان تێدا نییە، بەڵکوو بێئەمریش دەکەن. بێئەمرییەک تا ئەو ڕادەیەی بابا تاهیر نائومێد بکات و وەکوو مرۆڤێکیش خۆی بە هاوبەشی ئەو خەڵکە مەعسییەتکارە بزانێت. تەنانەت بابا تاهیر هیچ ئومێدێکیشی نەبێت لەوەی کە ئەو خەڵکە بەشی ئەوەیان پێوە مابێت ڕێگای چەوت بەردەن و ڕێگای ڕاست هەڵبژێرننەوە:

**از آن روزی مارا آفریدی**
**بغیر از معصیت چیزی ندیدی**
**خداوندا بحق هشت و چارت**
**زمو بگذر شتر دیدی نەدیدی**
**«لەو ڕۆژەی ڕا کە ئێمەت هێنایە دی**
**بێ لە بێئەمری هیچت لێمان نەدی**
**خودایە بۆ خاتری هەشت و چوارت**
**لێمان گەڕی حوشترت دیت و نەدی» [٦١]**

لێرەدا بابا تاهیر لە ئێزدان دەپاڕێتەوە کە لەبەر خاتری هەشت و چوار لەو خەڵکە گوناهکارە خۆش بێت و لییان گەڕی وەکوو ئەوەی هیچیان نەکردبێت.

باشە دەبێ ئەم هەشت و چوارە چی بێت؟ تاکو ئێستا هەموو ئەو کەسانەی ئەم چوارینەییەیان لێکداوەتەوە، چوار و هەشتیان خستووەتە سەر یەک دوازدە ئیمامیان لێ دروست کردوون[٦٢]. هەڵبەتە ئەگەر چوارینەکانی بابا تاهیر لە دەرەوەی کارتێکردنی

فەلسەفەی یارسان لێک بدرێتەوە، ئەوە مەزەندەی زۆربەی دەچێت بە لای دوازدە ئیمامدا، بەلام خۆ بابا تاهیر ئەگەر مەبەستی لە دوازدە ئیمام بووایە دەیتوانی یەکسەر بێژێت دوازدە و ئیدی پێویستی بەو هەشت و چوارە نەدەکرد. بابا تاهیر لەبەر ئەوەی یەکێکە لە هەفتەن و دۆنی باوە یادگارە حەق وایە لەبەر تیشکی بیروباوەڕی ئایینی یارسان چوارینەکانی لێکبدرێنەوە، ئەودەم مەبەست لە هەشت: هەشت تەن دەبێت[٦٣]، هەروەها مەبەست لە چوار: چوار تەن دەبێت[٦٤].

واتە خوادایە لەبەر خاتری هەشت تەن و چوار تەن، لێمان ببوورە، کە هەشت تەن بریتییە لە هەفتەوانە و ئێزدان بە خۆی لە بیابەسی ساجناریدا[٦٥]. هەروەها چوار تەن بریتییە لە چوار مەلەک (مەلائیکە)، کە بابا تاهیر خۆی یەکێکە لە چوار تەن لە دەورەی شاخۆشیندا، چوارتەنیش بازنەیەکی ناو هەفتەنە.

لایەنێکی دیکەی چوارینەکانی بابا تاهیر سکاڵایە لە دەستی نایەکسانیی باری ژیانی خەڵک. بابا ناڕەزایی خۆی بەرامبەر چەرخی گەردوون دەردەبڕێت کە سامان و دارایی بە شێوەیەکی ناعادیلانە بەسەر خەڵکدا دابەش کردووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هێندێک لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا بژین و هێندێکیش ژیانی کولەمەرگی بەرنە سەر. بابا تاهیر ئەم ناڕەزاییەی خۆی یەکسەر ڕووبەڕووی ئێزدان دەکاتەوە:

**اگر دستم رسد بر چرخ گردون**
**از او پرسم که این چونست و آن چون**
**یکی را دادہء صد گونه نعمت**
**یکی را قرص جو آلوده در خون**
**«گەر دەستم دەگا بە چەرخی گەردوون (ئاسمان، خودا)**
**لێی دەپرسم کە ئەم چۆنە و ئەو چوون (چۆن)**
**بە کەسێکت داوە سەد جۆرە نیعمەت**
**بە کەسێ نانی جۆ ئالوودە بە خوون (خوێن)**

واتە ئەوەی نانە جۆکەی پەیدا کردووە، خوێنی بۆ ڕشتووە و بۆ دابینکردنی خۆی بۆ ماندوو کردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانەی مڵک و سامانی و دارایی فرەیان هەیە و لە ناز و نیعمەتدا دەژین، بە خۆڕایی ئەو سامانە و داراییەیان دەست کەوتووە،

وەگەرنا دەبووایە بۆ پەیداکردنی نانێکی جۆ ئەوانیش خوێنی جگەریان بڕشتایە. لە کۆتاییدا وا دەکەوێتەوە کە خۆشگوزەرێنەران ڕەنجی هەژارانیان دزیوە. ئەمەشیان بەڵگەیەکە بۆ بێدادی و ناڕەوایی ئەو سەردەمەی بابا تاهیری تێدا ژیاوە، کە خێر و بێر بە شێوەیەکی نادروست دابەش کراون و هێندێک لەسەر حیسابی هێندێکی دیکە لە ناز و خۆشیدا ڕایانبواردووە، کە هەر وا بووە و هەر وا دەبێ [٦٦].

هەر لەمەڕ ڕۆژگاری خۆیەوە بابا تاهیر لە چوارینەیەکی تردا سکاڵا دەکات و ناڕەزایی دەردەبڕێت، کە دەوران کەوتووەتە دەستی هەندێک نامەردەوە. هەڵبەتە هەر ئەوانەشن کە بوونەتە هۆی ئەو جیاوازییەی ناو چینەکان و دابەشنەکردنی دارایی بە شێوەیەکی دروست. بابا تاهیر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناڕەزاییەکەی خۆی بەرامبەر بە کاربەدەستان دەردەبڕێت و بە ئاشکراش دەڵێت کە ئەم چاوەڕێی دەورانێکی تر دەکات، واتە دەسەڵاتێکی دیکە کە دادپەروەر بێت، بەڵام ئەو پەیمانەی بابا دەیدات لەوە تێناپەڕێت کە ئەم دادەنیشێت و چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکات، واتە ئەم بە خۆی بۆ هێنانەدیی ئەو ڕۆژە ڕۆڵێکی کاریگەر نابینێت، ڕەنگە لە سۆفییەکیش هێندەی پەیوەندیی بە لایەنی دونیاییەوە بێت چاوەڕوانیی لەوە زیاتری لێ نەکرێت.

**سرم چون گوی در میدان بگرده**
**دلم نز عهد و نز پیمان بگرده**
**اگر دوران بنامردان بمونه**
**نشینم تا دگر دوران بگرده**
**«سەرم وەک گۆیەک لە مەیدان بگەڕێ**
**دڵم بە دەور عەهد و پەیمان بگەڕێ**
**ئەگەر دەوران بۆ نامەردان بمێنێ**
**دەنیشم تا دەورانی تر بگەڕێ»**

هەرچەندە ئەم هەوڵوێستە نائەکتیڤە بۆ لابردنی کاربەدەستانی نادادپەروەر، بەلام بابا تاهیر پەیمانی خۆی دەباتە سەر ئەگەرچی لە پێناویدا سەری خۆیشی دانابێت.

لە چەند چوارینەیەکی تردا، بابا نائومێدیی خۆی دەردەبڕێت، چ بەرامبەر بە خۆی و چ بەرامبەر بە کردگار، ڕەنگە ئەم نائومێدییە لەپاش مردنی فەرەیدوونی کوڕی تووشی

بووبێت. بابا تاهیر خەم دایدەگرێت و دونیای لەبەر چاو ڕەش دەبێت:

**ز کشت خاطرم جز غم نرویو**
**ز باغم جز گل ماتم نرویو**
**ز صحرای دل بیحاصل مو**
**گیاه ناامیدی هم نرویو**
**«لە دڵمدا بێجگە لە خەم چ ناڕوێ**
**لە باخم بێ گوڵی ماتەم چ ناڕوێ**
**ل سارای دڵی بێبەری مندا**
**تەنانەت گیای نائومێدییش هەر ناڕوێ»**

بە ڕەتبوونی ڕۆژگار بابا تاهیر لەناو خەمدا قاڵ دەبێتەوە، ئیدی وا هەست دەکات کە بە بێ خەم هەڵناکات. خەمی دەبێتە هۆگر و یار و هاودەم.

**غمم غم بی و غمخوار دلم غم**
**غمم هم مونس و هم یار و همدم**
**غمم نهله کە مو تنها نشینم**
**مریزا بارک الله مرحبا غم**
**«خەمم خەم بوو، خەمخۆری دڵیشم خەم**
**خەمم هەم هۆگر و هەم یار و هاودەم**
**خەمم نەیهێشت کە من تەنیا بنیشم**
**دەستخۆش و بارەکەڵڵا، ئافەرین خەم»**

ئەم خەمەی بابا تاهیر خەمێکی ئاسایی نییە، بگرە خەمەکە بەخۆیشی خەمخۆری دڵی بابایە. ئەم خەمە هێندە بەوەفایە کە نەیهێشتووە بابا تاهیر تەنیا بمێنێتەوە، هەر بۆیەش بابا دەستخۆشیی لێ دەکات کە هێندە یارێکی بەوەفایە. خۆشبەحاڵی بابا تاهیر کە خەم هاودەمیەتی و گوێی لێ دەگرێت، حاڵی حافزی شیرازی پەریشانە کە لە چوارینەیەکی خۆیدا دەڵێت:

**نی قصهء آن شمع چگل بتوان گفت**
**نی حال دل سوختهدل بتوان گفت**
**غم در دل تنگ مو از آنست که نیست**
**یک دوست که با او غم دل بتوان گفت(٦٧)**

بەڵام هەر حافز بەخۆی دەگەڕێتەوە و لە چوارینەیەکدا تردا قسەکانی بابا تاهیر دووبارە دەکاتەوە:

**من حاصل عمر خود ندارم جز غم**
**در عشق ز نیک و بد ندارم جز غم**
**یک همدم با وفا ندارم جز درد**
**یک مونس نامزد ندارم جز غم[٦٨]**

خەمی بابا تاهیر لە ئەنجامی نائومێدییەکە تووشی بووە و وای لێ دەکات کە بیر لە بوونی مرۆڤ بکاتەوە، بۆچی دێتە ئەم دونیایە؟ بۆچی تووشی ئەم بارە ناهەموار و خەم و خەفەتە دەبێت؟ بۆچی کۆچ دەکات؟ ئەی باشتر نەبوو هەر لە سەرەتاوە نەخوڵقایە؟ بابا ڕوو دەکاتە فەلەک و دەبێژێت»

**فلک برهم زدی آخر أساسم**
**زدی بر خمرهء نیلی لباسم**
**اگر داری برات از قصد جانم**
**بکن آخر آز این دنیا أساسم**
**«فەلەک تێکت دا ئاخری ئەساسم**
**کێشات لە خۆمی کەوە لیباسم**
**ئەگەر نیازتە قەسدی گیانم کەی**
**دە هەڵکەنە لەم دونیایە ئەساسم»**

خوادایە تۆ هێندە جەورت لەگەڵدا کردم تا ئەو ڕادەیەی پایە و بناغەت تێکدام. هێندە تووشی نەگبەتی و بەدبەختیت کردم تاکوو جل و بەرگت لە خوم هەڵکێشام. ئەگەر دەتەوێت قەسدی گیانم بکەیت و بمکوژیت، خۆ هەر لە بناغەوە ڕەگی من (وەک مرۆڤێک) لەم دونیایە هەڵکێشە.

ئەم ناڕەزایی و ڕەتکردنەوەیە وا لە بابا تاهیر دەکات یاخی ببێت و ئەم یاخیبوونە وەکوو پیشەیەک لەقەڵەم دەدات و پاشان وەک گوناهـ، جا خوای دەکرد خەڵکی دی لە بێگوناهیدا دەبوونە فریشتە. ئەم ڕیشەی یاخیبوونەی دەگێڕێتەوە بۆ حەوا و ئادەم کە ئەوانیش بێقسەیی خودایان کرد و سەرەنجام بە سێوخواردنەکە تەواو بوو و ئیدی لە بەهەشت دەرکران.

**مو آن رندم که عصیان پیشه دیرم**
**بدستی جام و دستی شیشه دیرم**
**اگر تو بیگوناهی رو ملک شو**
**مو از حوا و آدم ریشه دیرم**
**« من ئەو ڕەندەم یاخیبوون پیشە دیرم**
**بە دەستێ جام و دەستی شووشە دیرم**
**گەر تۆ بێگوناهی ببە بە مەلەک**
**من لە حەوا و ئادەم ڕا ڕیشە دیرم»**
**دیرم: هەمە**

دیارە لە قۆناخی پیریدا کە ئیدی مەرگی لێ نزیک دەبێتەوە، ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆی دەداتەوە و قۆناخی یاخیبوونی خۆی دێتەوە بەرچاو؛ ئەودەم بەم شێوەیە ئامۆژگاریی خۆی دەکات:
**مکن کاری که بر پا سنگت آیو**
**جهان به این فراخی تنگت آیو**
**چو فردا نامه خواهون نامه خواهند**
**ترا از نامه خواندن ننگت آیو**
**«مەکە کارێ کە بێتە بەر پێت سەنگ (بەرد)**
**ئەم جیهانە لەبەر چاوت ببێ تەنگ**
**سبەی داوای کردارنامەت لێ دەکەن**
**لە نامەخوێندن با تووشت نەبێ نەنگ»**

واتە هێندە خۆت گوناهبار مەکە سبەی کە ڕۆژی حیسابە، لە خوێندنەوەی کردارنامەکەت شەرم داتبگرێت.

هەر بۆیە بابا تاهیر هەوڵ دەدات هەرچیی لە توانادایە بیکات تاکو باری خۆی سووکتر بکاتەوە، چونکە ئیتر ئۆغر بەرەو خودایە و ڕۆژ ڕۆژی سزا و پاداشتە. ئەم ڕێگایەش ڕێگایەکی سەخت و دژوارە و مرۆڤ هەرچەندی پێ بکرێت بە گوناهی کەمترەوە بچێتە بەر بارەگای ئێزدان:

**دلا راهت پر از خار و خسک بی**
**گذارت بر سر چرخ و فلک بی**
**گر أز دستت برآیه پوست أز تن**
**بر آور تا که بارت کمترک بی**
**«ئەی دڵ ڕێگات پڕ لە پێکوڵە و دڕک بی**
**گوزورگای تۆ بەسەر چەرخ و فەلەک بی**
**گەر لە دەستت دێ پێست داماڵی لە تەن**
**دایماڵە تاکو بارت کەمتەرەک بی»**

واتە: ئەی دڵ «ئەی بابا تاهیر» ڕێگای تۆ بەرەو خودایە، دە گوناهی خۆت هەڵوەرێنە و ئەگەر کرا پێستیشت داماڵی، بیکە؛ بەڵکوو بە بارێکی سووکترەوە بچیتە حوزووری خودا. هەر بۆیە بابا نەک هەر دەیەوێت پێست داماڵێت، بەڵکوو خۆیشی لەو خۆشەویستییە ئێزدانییەدا وا بسووتێنێت کە ئیدی مشتێ خۆڵەمێشی لێ نەمێنێت. بەم شێوەیە ئیتر خودێ چاوی پڕ لە فرمیسک و پەشیمانیی بابا تاهیریش نابینێت:

**بمیرم تا ته چشم تر نەوینی**
**شراره آه پر آذر نوینی**
**چنان از آتش عشقت بسوجم**
**که از مو رنگ خاکستر نەوینی**
**«بمرم تاکو تۆ چاوی تەڕ نەبینی**
**بڵێسەی ئاهی پڕ ئاگر نەبینی**
**وەها لە ئاگری عیشقت بسوزێم**
**کە لە من ڕەنگی خاکستەر نەبینی»**
**خاکستەر: خۆڵەمێش**

له جێگایەکی تردا هاتووە: «کە از مو مشت خاکستر نوینی»

بەم شێوەیە بابا تاهیر وەکوو مرۆڤێکی خواناس، سۆفی و پەریشان، دەبێتە مشتێک خاک، تا لەو خاکەی ئەوەوە خەڵکێکی پەریشانی دی بخوڵقێنرێت، هەر وەکوو ئەم بەخۆی لە بنەڕەتدا لە خاکی دڵپەریشانان خوڵقێنراوە:

**مرا نه سر نه سامان آفریدند**
**پریشانم پریشان آفریدند**
**پریشان خاطران رفتند در خاک**
**مرا از خاک ایشان آفریدند**
**« من بێ سەر و بێ سامان خوڵقێنراوم**
**پەرێشانم پەرێشان خوڵقێنراوم**
**دڵپەرێشانان چوونە ژێر خاکەوە**
**ئەمن لە خاکی ئەوان خوڵقێنراوم»**

بە پیی نووسخەکەی «وحید دستگردی» ژمارەی ئەو چوارینانەی گومانیان لێ ناکرێت و بە بەڵگەوە هی بابا تاهیرن (٢٩٦) چوارینەیە. ئەوانەی گومان وایە هی ئەو نەبن (٧٠) چوارینەن، کە لەبەر جیاوازیی دەربڕین و نەبوونی بەڵگەی پێویست گومان دەکرێت هی بابا تاهیر نەبن[٦٩]. لە نوسخەیەکی تری دیوانەکەدا هاتووە کە ژمارەی چوارینەکان ٣٦٦ چوارینەیە[٧٠].

**ئارامگای بابا تاهیر لە ڕۆژاوای شاری «هەمەدان»ە[٧١]**
**(تەواو بوو)**
**سوێد**
**٢٠١٠/٧/١٤**

تێبینی: زۆربەی چوارینەکانی بابا تاهیر لە سەرچاوەی ژمارە (٢)ەوە وەرگیراون، لەلایەن نووسەری ئەم بابەتەوە خراونەتە سەر زاراوەی کرمانجیی خواروو، هەوڵێکی زۆر دراوە کە مانا و مەبەستی چوارینەکان بە ئەمانەتەوە بگوێزرێتەوە، هەروەها بەیتە فارسییەکانیش لەلایەن نووسەرە کراونەتە کوردی.

## پەراوێزەکان:

١- سەرچاوەی ژمارە ٢ لاپەڕە ١٢.

٢- سەرچاوەی ژمارە ١٠ لاپەڕە ٢٢.

٣- کەرکووک بە مەڵبەندی سەرەکیی باوەڕمەندانی یارسان دادەنرێت لە بشووری کوردستان. دەکرێت بگوترێت ئەمڕۆکە ئەم شارە بووەتە پایتەختی ئەم باوەڕمەندانە.

٤- سەرچاوەی ژمارە ١٣، لاپەڕە ٣٢٩

٥- لە لاپەڕە ١٣٧ی سەرچاوەی ژمارە ٦دا هاتووە کە سوڵتان سهاک چووەتە دۆنی حاجی بەکتاشەوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، سوڵتان زاتمیوانی حاجی بەکتاش بووە، واتە زاتی سوڵتان لە قاڵبی حاجیدا میوان بووە. حاجی بەکتاش لە ساڵی ٧٣٨ی کۆچیدا وەفاتی کردووە.

٦- سەرچاوەی ژمارە ٥، بەیتەکانی ٧٨٣٢ و ٧٨٣٨ لاپەڕە ٤٠٤ و ٤٠٥

٧-سەرچاوەی ژمارە ٥، بەیتی ١٠٨٨٣، لاپەڕە ٥٥٨

٨-سەچاوەی ژمارە ١. پێشەکی، کە لە لایەن «بهمن بستان»ەوە نووسراوە.

٩- سەرچاوەی ژمارە ٢، پێشەکی.

١٠- سەرچاوەی ژمارە ٣، لاپەڕە ١٤٨

١١- سەرچاوەی ژمارە ٤ لاپەڕە ٣

١٢- سەرچاوەی ژمارە٢٣ لاپەڕە ٨٥

١٣- سەرچاوەی ژمارە ٢١ لاپەڕە ٧٤

١٤- سەرچاوەی ژمارە ٢١ لاپەڕە ٧٠

١٥- جەیحوون یان ئامو دەریا، ڕووبارێکە سەرچاوەکەی لە چیای»پامیر»ی هیندستانە و بە ئاسیای سۆڤیەتدا ڕەت دەبێت تا دەڕژێتە ناو زەریای «ئارال»ەوە. بڕوانە سەرچاوەی ١٩.

١٦- سەرچاوەی ژمارە ١٣ لاپەڕە ٣٢٩

١٧- سەرچاوەی ژمارە ١١، لاپەڕە ١٩٨

١٨- سەرچاوەی ژمارە ١١لاپەڕە ٢٠٠

١٩- سەچاوەی ژمارە ٣، لاپەڕەکانی ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠

٢٠- دەفتەری یاری: ئەو دەفتەرانەن کە پەیرەوانی یارسان سروودە ئاینییەکانی خۆیانیان تێدا تۆمار کردووە، هەروەها «کلام»یشیان پێ دەگوترێت.

٢١- خۆشین: نازناوە بۆ (موبارەک شا)ی لوڕستانی، کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی لە لوڕستان پەیدا بووە

و هاوچەرخی بابا تاهیر بووە. بڕوانە سەرچاوە ژمارە ١٠، لاپەڕە ٣٠

٢٢- چەپ و دەس: بازنەی زکری یارسانییەکانە، کە بە ئاوازی تەمیرە سروودە ئاینییەکانی تێدا دەگوترێتەوە.

٢٣- مستەفا داودان: یەکێکە لە هەفتەن، کە یارانی نزیکی سوڵتان سهاک بوون:

**جبریل (بنیامین)، ئیسرافیل (داود)**

**میکائیل (موسی)وە حوکم وەدوود**

**عزرائیل (مستەفا)، حور ئەلعەین (ڕەزبار)**

**یەقیق (ئیوەتەن)، عەقیق (عەلەمدار)**

**بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ١٠، لاپەڕە ٣٢٣**

٢٤- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٥، بەیتەکانی ٥٦٥٣،٥٦٧٧ لاپەڕە ٢٩٣، ٣٩٣

٢٥- سەرچاوەی ژمارە ٢٢، لاپەڕە ٤٩

٢٦- سەرچاوەی ژمارە ١٠، لاپەڕە ١٩٥

٢٧- سەرچاوەی ژمارە ١٠، لاپەڕە ١٩٩

٢٨- سوڵتان سهاک: کوڕی شێخ عیسای بەرزنجەیە و نۆژەنکەرەوەی ئایینی یارسانە. لە سەدەی حەوتەمی کۆچی لە بەرزنجە لەدایک بووە. پاشان لە (پردێوەر) لە ناوچەی هەورامان ژیانی بردووەتە سەر و هەر لەوێوە ئایینەکەی بڵاوکردووەتەوە. ناوی (ئیسحاق)ە و بە (شاهـ، سەهاک، سهاک، ئیساق، سەهاق، سەحاک) ناو براوە:

**ئەو پیر میکائیل دەودانی ماوا**

**چەنی شاهـ سەهاک، کەردە بی داوا**

**ئاواز کەرد واتش، ئەر هەی شاسەهاک**

**پەی چێش ئامانی، تو نی ماوا و خاک**

**قبووڵم نییەن تو نە پردێوەر**

**بسازی یانە، بنمانی هونەر**

**بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٩، لاپەڕە ١٠٢، ١٠٣**

٢٩- سەرچاوەی ژمارە ٥، بەیتی ٥٥٥٢

٣٠- لەبەر قافییەی شیعرەکە لە جیاتی ئیبراهیم (عەلەمدار)م داناوە، کە نازناوە بۆ ئیبراهیم:

**عەلەمدار لەقەب شا ئیبراهیمەن**

**ئیوەت دۆن پێش یادگار هەنەن**

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ١٠، لاپەڕە ٣٢٣

٣١- هەفتەن= هەفت تەن: واتە حەوت کەس کە ئەمانەن:

(پیر بنیامین، داود کەوەسوار، پیر موسی، مستەفا داودان، دایە ڕەمزبار، شا ئیبراهیم عەلەمدار، بابا یادگار

که دۆنی بابا تاهیره)
سەرچاوەی ژمارە ١٠، لاپەڕە ٣٨
هەروەها تەماشایەکی تری پەراوێزی ژمارە ٢٣ بکەرەوە
٣٢- سەرچاوەی ژمارە ١٢، لاپەڕە ٩٥
٣٣- دگر ذات جوهر بود، جسم ظرف
که بی ظرف جوهر نگنجد بحرف
بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٥، بەیتی ژمارە ١٦٥٠
٣٤- یارسانییەکان پێیان وایە کە هەر مرۆڤێک هەزار دۆن دەکات، واتە هەزار جار لەسەر زەوی پەیدا دەبێتەوە (بەر لە ڕۆژی حەشر)
تەمامی دونان بهر کس هزار
بمحشر کشند صف بروز شمار
بۆ ئەم بەیتە فارسییە بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٥، بەیتی ژمارە ٣٤٤٢
٣٥- پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە مەولانا جەلالەددین محەمەد مەولوی (مەولانای ڕۆمی) یەکێک بووە لە قوتبەکانی چل تەنان، واتە چل کەس؛ کە چل تەنان بازنەیەکە لە بازنەکانی پیاوچاکانی یارسان. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٦، لاپاڕە ١٠
٣٦- سەچاوەی ژمارە ٧، لاپەڕە ٣٤
٣٧- سەچاوەی ژمارە ٤، لاپەڕە ٣
٣٨- بۆ دڵنیایی جارێکی تر بە بەیتی یەکەمی چوارینەکەدا دەچینەوە:
من ئەو زەریایەم لەناو جامێکدا پەیدا بووم
وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە پەیدا بووم
مەبەست زۆر ڕوون و ئاشکرایە: من زەریام، ئەو زەریایەش لەناو جامێکدایە. وەکوو خاڵێکم (من وەکوو خاڵێکم)، ئەو خاڵەش بەسەر پیتەوە هاتووە. کەواتە: من و زەریا و خاڵ یەک شتن، هەروەها جام و پێت یەک شتن. دووبارە تەماشای پەراوێزی ژمارە ٣٢ بکە.
٣٩- سەرچاوەی ژمارە ٨، لاپەڕە ٨٦
٤٠- سەرچاوەی ژمارە ٤، لاپەڕە ٣
٤١- چو خاموش شد غسل الدین زان ایام
**بشد ناطق آن طاهر نیکنام**
**گواهی دهم از ازل تا ابد**
**تو بودی و هستی بما شهریار**
**تو هستی خداوند ما بندەوار**
٤٢- سەرچاوەی ژمارە ٨، لاپەڕە ١٦٠
٤٣- لە شاهنامەی حەقیقەتدا هاتووە کە سوڵتان سهاک هەڵۆیەکی سپی بووە و لە داوێنی دایراک خاتوون

(دایە ڕەزبار) نیشتووەتەوە، کاتێ دایە ڕەزبار داوێنی وێک ناوە هەڵۆ بووەتە منداڵێک و بەم شێوەیە سوڵتان پەیدا بووە، واتە سوڵتان سهاک لە دایکێکی باکیرە بووە. بڕوانە سەرچاوە ٥، لاپەڕە ٣٢٦ حکایت ظهور ذات بجامە حضرت سلطان.

٤٤- سەرچاوەی ژمارە ٨، لاپەڕە ١٦١

٤٥- بە لای فەریدەددینی عەتارەوە (وادی السلوک) حەوت قۆناغە: ×لب، معرفت، استغناء، توحید، حیرت، فقر، فنا. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٧، لاپەڕە ٥. شایانی باسە شێخ فەریدەددینی عەتار نیشابووری یەکێک بووە لە قوتبەکانی چل تەنان. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٦، لاپەڕە ١٠

٤٦- سەرچاوەی ژمارە٧، لاپەڕە ٣٦

٤٧- سەرچاوەی ژمارە ٨، لاپەڕە ٩٤

٤٨- سەرچاوەی ژمارە ١٠، لاپەڕە ٤٦٢

٤٩- سەرچاوەی ژمارە ١٠، لاپەڕە ٤٦٢

٥٠- سەرچاوەی ژمارە ٤

٥١- سەرچاوەی ژمارە ٧، لاپەڕە ١٧

٥٢- بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢

٥٣- حافزی شیرازی (لە سەرەتای سەدەی هەشتەم لەدایکبووە و لە ساڵی ٧٩٢ هیجری قەمەری لە شیراز کۆچی دوایی کردووە) لە دۆنی پیر بنیامین بووە، کە ئەمیان یەکێکە لە هەفتەن.

دگر بود حافظ کە بنیام بود

بدرگاه حق بود اندر سجود

بڕوانە بەیتی ژمارە ٦١٣٩، سەرچاوەی ژمارە ٥

٥٤- سەرچاوەی ژمارە ٢٠، لاپەڕە ١٧٨

٥٥- سەرچاوەی ژمارە ١٤، لاپەڕە ١٩

٥٦- سەرچاوەی ژمارە ١٤، لاپەڕە ٢٢

٥٧- سەرچاوەی ژمارە ٢٠، لاپەڕە ٥٠

٥٨- سەرچاوەی ژمارە ٧، لاپەڕە ٣٣

٥٩- لێرەدا پێویستە ئیشارەت بەوە بدەم کە ئەیووب پێغەمبەر لە دۆنی «بنیامین» بووە، حەسەن لە دۆنی «شابرایم» و حوسێن لە دۆنی «باوە یادگار» کە دۆنی بابا تاهیریشە.

پس از آن ایوب گشت صاحب بصیر

کە بد مظهر پاک بنیام پیر (بەیتی ژمارە ٢٩٥٧)

حسین یادگار و حسن شا برام

کە بوند سالار در هر ایام (بەیتی ژمارە ٧٤١)

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٥، لاپەڕە ١٥٤ و ٤٢

٦٠- سەرچاوەی ژمارە ٢٢، لاپەڕە ٤٩

٦١- «شتر دیدی ندیدی» پەندێکی ئێرانییە.
٦٢- سەرچاوەی ژمارە ١٥، لاپەڕە ٦، هەروەها سەرچاوەی ژمارە ١٦ لاپەڕە ١٤٢
٦٣- لە ئایینی یارساندا ئەم هەشتانە هەن: هەشت تەن، هەشت ئاسمان، هەشت ئەفلاک، هەشت ئەنجومەن، هەشت بەهەشت، هەشت خان، هەشت دۆزەخ و.. هتد. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٥، لاپەڕە ٧٦٩
٦٤- لە ئایینی یارساندا ئەم چوارانە هەن: چوار تەن، چوار ئەرکان، چوار ئەنجومەن، چوار هەفتەوان، چوار جامە، چوار هەست، چوار خان، چوار یار و..هتد. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٥، لاپەڕە ٦٩٠
٦٥- لە کلامی نرکەی شاهەنشادا هاتووە:

کاکا شی وە شوێن ڕای ڕەواج یار
دیش کە هەشت تەن بی چێر ساج نار

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ١٠، لاپەڕە ١٩١
٦٦- هەروا بووە و هەر وا دەبێ، دێڕیکە لە پێشبینییەکانی عێڵ بەگیی جاف.
٦٧- سەرچاوەی ژمارە ٢٠، لاپەڕە ٣٥٥
٦٨- سەرچاوەی ژمارە ٢٠، لاپەڕە ٣٥٨
٦٩- سەرچاوەی ژمارە ٢، پێشەکی.
٧٠- سەرچاوەی ژمارە ١٧، پێشەکی.
٧١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، پێشەکی.

## سەرچاوەکان:


١- بابا طاهر عریان: فارسی، انگلیسی، فرانسه، آلمانی. چاپ پیک. سال ١٣٦٥ هجری قمری. انتشارات پدیده.
٢- دیوان بابا طاهر عریان. از روی نسخهء تصحیح شده دانشمند شهیر وحید دستگردی. مؤسسه مطبوعاتی أمیر کبیر. تهران ١٣٣٣ هجری قمری. چاپ دوم.
٣- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی. چاپی ١٩٥٢ی زایینی. چاپخانەی معارف.
٤- پێداچوونەوەی فەلسەفیانە و سۆفیزمانە بە هەندێ لە دووبەیتەکانی بابا تاهیر. بەشی یەکەم. دکتۆر مارف خەزنەدار. ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١١٦٣ی ڕۆژی ١٩٩٠/٣/٢٢
٥- حق الحقایق (شاهنامه حقیقت) حاج نعمت الله جیحون ابادی. کتابخانەی طهوری. تهران ١٩٨٢ی زایینی.
٦- سرسپردگان. تاریخ و شرح عقاید دینی و آداب و رسوم أهل حق (یارسان). تألیف سید محمد علی- خواجه. ١٣٦٢ کتابخانهء منوچهری.
٧- جم. پرتوی از لقا و سیری در مولانا. مجید القاصی. انتشارات بیگوند ١٣٦٣ تهران.
٨- دورهء هفتوانه. سرانجام. صدیق صفی زاده. کتابخانەی طهوری. تهران ١٩٨٢ی زایینی.
٩-ئەستێرەگەشەی ئاسمانی شارەزوور — سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی — بەشی یەکەم. هاشم کاکەیی. گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦١، سالی ١٩٨٧.
١٠- برهان الحق. تالیف نور علی الهی. چاپ ششم ١٣٦١.

١١- كاكەیی. محمد ئەمین هەورامانی. چاپخانەی (الحوادث) بەغدا، ١٩٨٤.

١٢- ئەستێرەگەشەی ئاسمانی شارەزوور – سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی – بەشی دووەم. هاشم کاکەیی. گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٢، سالی ١٩٨٨.

١٣- گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق – دەستەی کورد – بەرگی شازدەهەم و حەڤدەهەم ١٩٨٧. چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق. بەغدا.

١٤- قوس زندگی منصور حلاج. تألیف لوئی ماسینیون. ترجمەء دکتر روان فرهادی. کتابخانەی منوچهری، تهران ١٣٥٨.

١٥- پێداچوونەوەی فەلسەفیانە و سۆفیزمانە بە هەندێ لە دووبەیتەکانی بابا تاهیر. بەشی یەکەم. دکتۆر مارف خەزنەدار. ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١١٦٨ی ڕۆژی ١٩٩٠/٤/٩

١٦- التصوف في الشعر الكلاسيكي الكوردي. كمال مصطفى معروف. مجلة الثقافة الجديدة، العدد ١١ أيلول ١٩٩٠.

١٧- دیوان بابا طاهر همدانی. به تصحیح و مقدمەای مهدی الهی قمشەای. با اضافاتی از نسخەء وحید دستگردی. نشر محمد. ١٣٦٤ هجری قمری.

١٨- فرهنگ فارسی عمید. سه جلدی. تألیف حسن عمید. مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٦٥.

١٩- المنجد في اللغة و الاعلام. تأليف: لويس معلوف. دار المشرق، بيروت. الطبعة السادسة و العشرون.

٢٠- دیوان حافظ شیرازی. از نسخه محمد قزوینی و دکتر قاسم غنی. انتشارات میلاد. نوبت سوم. تهران ١٣٧٩.

٢١- دانشنامه نام آوران یارسان. دکتر صدیق صفی زاده. انتشارات هیرمند. چاپ اول تهران ١٣٧٦.

٢٢- سرانجام. دفتر اول. مجموعه کلامهای یارسان. گردآوری، تحقیق و ویراسته: طیب طاهری. انستیتو فرهنگی کرد – سلیمانیه ٢٠٠٧.

٢٣-مێژووی وێژەی کوردی، بەشی یەکەم، صدیق بۆرەکەیی (صفی زاده). چاپخانه چهر تبریز ١٣٧٠.

٢٤- بابا تاهیری عوریان، ژیانی و لێکدانەوەی چەند چوارینەیەک لە شیعرەکانی بەپێی بیروڕای ئاینی یارسان، فەهمی کاکەیی، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ١١-١٢ سوێد ١٩٩١.



# بزاڤی شانۆ لە کەرکووکی حەفتاکاندا

د. فازڵ جاف

(١)

زۆربەی نووسینەکانمان دەربارەی شانۆی حەفتاکان، کە باس دێتە سەر باسی شانۆی کوردی لە کەرکووک، وەکوو ئەزموونێکی لاوەکی باس لەو قۆناخە کورتە دەکات، لە کاتێکدا بەپێی هەموو پێوەرێکی هونەری، شانۆی کەرکووک وەکوو ئەزموونێکی نوێ و جیا هەڵکەوتوو، خاوەن پایەیەکی تایبەت بوو، چ لە ڕووی چەندایەتی و چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە، تاکوو نیوەی حەفتاکانیش هەر پێشەنگ بووە و هەموو کارە شانۆییەکانی ئەو سەردەمەی بەزاندبوو. ئەو قۆناخە، قۆناخی حەفتا بۆ حەفتا و چوار، هەناگاوێکی تایبەت و سەردەمێکی جیاهەڵکەوتووە، نەک تەنیا لە بزاڤی شانۆیی شاری کەرکووکدا، بگرە لە سەرانسەری کورستاندا، ئەمەر هەرچەندە ئەو ماوە کورتەی تەمەنی ئەو قۆناخە بەداخەوە چوار ساڵ زیاتری تێ نەپەڕاند.

دیارە هەر لەمیانەی ئەو چوار ساڵەی پاش بایەننامەی مێژوویی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ و ڕاگرتنی شەڕ دژ بە کوردستان و دانپێنانی حکوومەتی عێراق بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، کەرکووکیش وەکوو هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان پشکێکی لەو ئازادییە بەرکەوت، هەرچەندە ئەو ئازادییەک کەرکووک بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەدا گەلێک کەمتر و کوورتر بوو، بەڵام ئەو پشکە کە بۆ شاری کەرکووک زۆر بوو و زیاتریش هەستی پێ دەکرا، چونکە یەکەم جار بوو کەرکووک دوای قۆناخێکی دوور و درێژ، ئازادییەکی لەو جۆرە بەخۆیەوە ببینێت. ئازادییەک ئەگەرچی کورتخایەن و سنووردار بوو، بەڵام بۆ بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، بەتایبەتی بۆ هونەر و ئەدەبی ئەو سەردەمە، لەسەرووی هەموویشیانەوە بۆ بزاڤی شانۆ، قۆناخێکی بەپیت و پڕ بەرهەم بوو.

لەو چوار ساڵەدا، ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کەرکووک سەلماندییان کە شارەکەیان بەر لەوەی کانگای نەوت و سامان بێت، کانگای داهێنان و ئەفراندن و ڕووناکبیرییە، ئەوەیان سەلماند کە ئەوانیش خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و تایبەتن، ڕۆشنبیرییەک کە زادەی کۆمەڵگەی فرە کولتوورییە، ڕۆشنبیرییەک کە زادەی تاکڕەهەندی و یەکزمانی نییە، بگرە توانای کەسەکانی لەدەرەوەی زمانی دایکەوە سەرچاوە دەگرێت، زمانزانین وەکوو دەروازە و پەنجەرەیەک بەسەر جیهانی ئەدەب و هونەر و فیکردا، ئەمەیش بەتایبەتی لە ڕێگەی زانینی زمانی عەرەبییەوە.

ئەوەبوو هەر دوای بەیاننامەکە چەندین تیپ و گرووپی شانۆیی هاتنە دامەزراندن، بەڵام بەرچاوترین و چالاکترینیان تیپی شانۆیی (مەشخەڵ) بوو، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن یەکێتیی قوتابییانی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرا. لێرەدا جێگەی خۆیەتی بڵێم، کە ئەمە دەبێت بە یەکێک لە دەستکەوتەکانی یەکێتیی قوتابییان لە قەڵەم بدرێت.

تیپی مەشخەڵ، بە هاوکاریی چەند شانۆکارێکی شاری کەرکووک، بە سەرپەرشتیی هونەریی مامۆستا سەلمان فایەق، وەکوو دەرهێنەری تیپ هاتە دامەزراندن.

شانۆیی (دایکی شەهید) لە نووسینی بەهەشتی (مستەفا پەژار) یەکەم بەرهەمی تیپی شانۆ مەشخەڵ بوو، ئەم دەستپێکە بۆ ئەو کاتەی تیپێکی نوێ گرنگ بوو، گرنگ بوو بە شانۆنامەیەکی خۆماڵی سیاسی و جدییەوە، هاوکات شانۆنامەکە لە ڕووی ئەدەبییەوە بە زمانێکی ئەدەبیی بەرز نووسرابوو.

هەر لە یەکەم نماییشەوە، تیپی مەشخەڵ هاوسەنگییەکی باشی لەنێوان ژمارەی ئەکتەرانی نێرینە و ئەکتەرانی مێینەدا پیشان دا. ژمارەی کچانی بەشدار لەو نماییشەدا بە ئەندازەیەک زۆر بوو، کە دەکرێت بڵێین هاوشانی ژمارەی ئەکتەرە کوڕەکان بوو، ئەمەیش تا ئەوکات و تا چەند ساڵێک دواتریش هیچ بەرهەمێکی شانۆیی کوردی ئەم تایبەتمەندێتییەی بەخۆیەوە نەبینیبوو، هەر ئەمە بۆ خۆی یەکێک بوو لە شانازییەکانی شانۆکارانی ئەو سەردەمەی کەرکووک، لە کاتێکدا لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا، کە لە شانۆدا تەمەنێکی گەلێک کۆنتریان هەبوو، تا ئەو دەمەیش بەگشتی بۆ زۆربەی کەسایەتییە مێینەکان کوڕ دەکرا بە کچ. چەند ئەکتەرێکی پیاو هەر بە ڕۆڵی ژنان ناویان دەرکردبوو، لەوانە هونەرمەند عومەر چاوشین. نەک هەر ئەوە، بگرە چەند ئەکتەرێکی

دیکەیش کە دواتر ڕۆڵی پیاوانیان دەگێڕا. لە سەرەتادا، مەبەستم لە تافی مێردمنداڵی و لاوێتیدا، بە ڕۆڵی ئافرەتاندا ڕەت بووبوون.

خۆ ئەگەر لە ڕووی چەندایەتیشەوە باس لە بەرهەمەکانی تیپی شانۆی مەشخەڵ بکەین، ئەوەندە دەڵێم کە ژمارەی بەرهەمەکانی تیپ لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا گەیشتە پتر لە پێنج شانۆگەریی درێژی دوو پەردەیی. ئەم بەرهەمانە ڕۆژانی پیشاندانیان بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی تیپەکانی دیکەی شارەکانی کوردستاندا، گەلێک درێژ بوو. ئەمجا پێویستە ئاماژەیش بەوە بکەم، کە جەماوەرێکی نەک هەر باش، بگرە خەڵکێکی زۆر دەهاتن بۆ تەماشای ئەو بەرهەمانە، خەڵکی شاری کەرکووک تەواو هۆگری بەرهەمەکانی شانۆی مەشخەڵ بوون. تەنانەت زۆربەی نمایشەکان پتر لە پێنج جار و لەناو هۆڵێکی پڕدا پێشکەش دەکرا.

تیپی مەشخەڵ بووبوو بە بەشێکی زیندووی ژیانی ڕۆشنبیریی خەڵکی کەرکووک، دانیشتووانی کەرکووک بە تاسەوە چاوەڕێی بەرهەمەکانی تیپی شانۆی مەشخەڵیان دەکرد. دیارە زۆرینەی بینەران کورد بوون، بەڵام بەشێکی بەرچاوی بینەرانی ئەو سەردەمە، بەتایبەتی لە نمایشی (دایکی شەهید)دا عەرەب و تورکمان و ئاسووریشی تێدا بوون.

## مستەفا پەژار بە دەستکاریکردنی دەقەکەی زۆر نیگەران دەبوو (٢)

شانۆنامەی (دایکی شەهید)ی مستەفا پەژار، نۆبەرەی بەرهەمی شانۆیی تیپی شانۆیی مەشخەڵی شاری کەرکوک بوو، نمایشەکە سەرەتای مانگی گەلاوێژی ساڵی حەفتا، واتە هەر چوار مانگ پاش بەیاننامەی ١١ ئادار پێشکەش کرا. چۆن بەم ماوە کورتە، بە کەمتر لە چوار مانگ، تیپێکی شانۆیی، تیپی مەشخەڵ لە شاری کەرکووک دامەزرێنرا؟ چۆن ئەم تیپی مەشخەڵە توانی لە ماوەیەکی ئەوەندە کورتدا یەکەم بەرهەمی خۆی بۆ خەڵکی شاری کەرکووک، پاشتریش بۆ خەڵکی سلێمانی نمایش بکات؟ بە مەرجێک تیپەکە پەنای نەبردە بەر شانۆنامەیەکی پێشتر نووسراو، بگرە هەر لەم ماوە کورتدا مستەفا پەژاری شاعیر و نووسەر شانۆنامەی (دایکی شەهید)ی بۆ ئەم تیپە نووسی، کە بە پێوەری ئەوکات، تا ڕادەیەکیش بە هەندێ پێوەری ئێستا، لەنێو تێکستە خۆماڵییەکانی شانۆی کوردیدا شانۆنامەیەکی پەسەند بوو.

شێوازی شانۆنامەکە دەکرێت بخرێتە ناو چوارچێوەی ڕێبازی شانۆی سیاسییەوە، بەڵام نەک بە شێوازێکی ئایدۆلۆژی و فیکری شانۆی سیاسی، بگرە زیاتر لە شیوازێکی میلۆدرامانەی وروژێنەردا، ئەم شقڵە میلۆدرامییە ڕاستە خەڵکی دەورووژاند و جەماوەرێکی زۆری بەرەوە شانۆ کەمەندکێش کرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش، شانۆنامەکە لەلایەنی ئەدەبییەوە چەند تایبەتمەندێتییەکی تەکنیکی نووسینی شانۆیی تێدابوو، لەوانە تێر و تەسلیی زمان و دیالۆگەکانی، کە بۆ بینەرانی ئەو قۆناخەی شانۆی کوردی بەگشتی و بینەرانی شانۆ لە کەرکووک بەتایبەتی، زمانێکی درامیانەی بەجۆش و لەبار بوو، تا ڕادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بوو.

ڕاستییەکەی مستەفا پەژار وەکوو شاعیر و نووسەر خاوەنی زمانێکی پاراو و چڕ بوو، بەلایشیەوە گرنگ بوو ڕێز لە شێوازی نووسینەکەی بگیرێت و بەبێ پەروا دەستکاریی تێکستەکەی نەکرێت، هەر بۆیە گەلێک جار لەگەڵ دەرهێنەر (سەلێمان فایق) و ئەکتەرەکاندا کێشەی بۆ دروست دەبوو. ئێمەی ئەکتەرانی شانۆنامەکە ئەو کات، بە لامانەوە سەیر بوو نووسەر زوو زوو سەردانمان بکات و لە پرۆڤەکاندا ئامادە بێت، لەسەر ئەم وشە یان ئەو وشە، ئەم ڕستە یان ئەو ڕستە، ئەم دەربڕین یان ئەو دەربڕین، هەڵداتەوە و بێتە وەڵام و ناڕەزایی دەرببڕێت.

هەرچەندە دەرهێنەر و ئێمەی ئەکتەرەکانیش کەسمان زمانی کوردیمان لەو باشتر نەدەزانی، کەسیشمان ئەوەندەی ئەو زمانێکی ئەدەبیی پوخت و پاراومان مەبەست نەبوو. بۆیە لێرەولەوێ کە بە ئازادی دەستکاریی ئاخاوتنەکانمان دەکرد، یان بە شێوەیەکی جیاواز دەمانگوتنەوە، مامۆستا پەژار نیگەران دەبوو و ناڕەزایی دەدەبڕی. ئەو ڕۆژانەی کە نووسەری شانۆنامەکە ئامادە دەبوو هەستمان بە نیگەرانی دەکرد و لە مەشق و پرۆڤەکاندا ئاسوودە نەدەبووین، بەپێچەوانەشەوە، ئەو ڕۆژانەی کە لەو پرۆڤەکاندا ئامادە نەدەبوو، بۆ ئێمە وەکوو جەژن وا بوون.

ئێستا دەزانم کە چەند هەڵە بووین، بوونی نووسەر لە پرۆڤەدا بۆ زۆربەی دەرهێنەران و ئەکتەران، دیارییەکی گەورەیە، چونکە نووسەر دەتوانێت هاریکار بێت و ئەرکی دراماتورگ ببینێت و وەڵامی گەلێک پرسیاری گرنگ بداتەوە. مییرهۆڵد، پاش مردنی مایاکۆفسکی دەڵێت: بێ ئامادەبوونی خۆی لە پرۆڤەکاندا، نازانم چۆن شانۆگەرییەکانی بۆ شانۆ دەربهێنم!"

سلێمان فایق زۆر جار مەیلی ئەوەی هەبوو، دەستکاریی دیالۆگەکان و تەنانەت دیمەکانیش بکات، بەڵام بە چ ئاڕاستەیەک؟ بە ئاراستەی میلۆدراما و کۆمیدیا و گاڵتەجاڕی. پەژاری نووسەر بەمە نیگەران دەبوو و هەڵی دەدایەوە. ئەوکات من دژ بەو هەڵوێستەی ئەو بووم، بەڵام ئێستا رێزی لێ دەگرم.

ئەم دوو دیدە دژبەیەکە لە بنیاتی دیمەنەکانی شانۆنامەکە بەئاشکرا ڕەنگی دابووەوە، تا نمایشی یەکەمیش نەم دەزانی کە بۆچوونەکانی پەژار ڕاست بوون، چونکە سەرەڕای سەرکەوتنی بێ ئەندازەی نمایشەکە وەک شانۆنامەیەکی سیاسی، بەڵام ئەو پریشکە کۆمیدییانەی کە بە زۆر لەلایەن دەرهێنەرەوە پەستێنرابوونە ناو شانۆنامەکە، لە ڕووی هونەرییەوە خراپ کاری کردبووە سەر شێواز و ستایلی نمایشەکە.

شانۆنامەکە باسی لە دایکێک دەکرد کە تاکە کوڕێکی هەیە، ئەم کوڕە تاقانەیە بێ ئاگای دایکی ئالوودەی جیهانی نهێنیی سیاسەت و کوردایەتی بووە، بە ئەندازەیەک کە دەبێت دایکی بەجێ بهێڵێت و ببێت بە پێشمەرگە، باوکیشی پێشتر هەر ڕێگەی پێشمەرگایەتیی گرووەتە بەر و شەهید بووە. ئەم دیمەنە لە نمایەشکەدا کاریگەرییەکی پرسۆزی هەبوو، پاشان چەک هەڵدەگرێت و بەکردەیی بەشداریی خەباتی پێشمەرگایەتی دەکات، تاکوو شەهید دەکرێت.

سەرەڕای خۆبەختکردنی باوک و کوڕ، پاڵەوان لێرەدا هەر دایکە، نووسەر جەخت لەسەر خۆبەختکردن و هەڵوێستی ئازایانەی دایک دەکات. پێمان دەڵێت دایکی کورد هیچی لە دایکە ڕووسەکەی مەکسیم گۆرکی کەمتر نییە، بە دووریشی نازانم نووسەری شانۆنامەی (دایکی شەهید)ی لەژێر کاریگەرێتیی ڕۆمانی (دایک)ی گۆرکی نووسیبێت، کە لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لە ڕۆمانە بەبرەوەکان.

چاوەڕوان نەدەکرا دوای قۆناخێکی قاتوقڕی هونەری، بە نمایيشێکی بەهێزەوە سەرهەڵبدات

**(٣)**

ئەگەر باس لە مۆرکی میلودرامابیانەی (دایکی شەهید) بکەین، ئەمجا بێین ئەو مۆرکەی لێ بکەین بە کەمایەسی و لاوازی، بە بیانووی ئەوەی کە نووسەری شانۆنامەکە سۆز و هەستی خەڵکی دەبزووان، پێم وایە ئەم بۆچوونە تەنانەت مەکسیم گۆرگیش دەگرێتەوە، هەرچەندە گۆرکی نووسەرێکی شانۆیی گەلێک بەتوانایە. ئەگەر سیاسەت و ئایدۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەتی سۆڤیەتی (سۆسیال ریالیز) نەبوایە، توانای شانۆیی گۆرگی لە سەرانسەری جیهاندا باشتر دەردەکەوت، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونەم شانۆنامەکانی پێش قۆناخی سۆڤیەتی ستالینیزمە، کە تاکوو ئێستایش نمایش دەکرێن.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە بڕوانینە شانۆنامەی (دایکی شەهید)ی مستەفا پەژار، دەکرێت بڵێین شانۆنامەیەکی کوردی پەسەند بوو، ئەگەر بە ستانداردی شانۆی کوردی تەماشای بکەین، ئەوا یەکێک بوو لە دەقە باشەکانی سەردەمی خۆی و گەلێ مەرجی هونەریی شانۆنامەنووسینی لەخۆ گرتبوو. بەداخەوە دەقەکە بە چاپ نەگەیەندرا، ڕەنگە هۆکاری سەرەکییش کۆچی ناوادەی نووسەرەکەی بێت، بێجگە لە بارودۆخی سیاسیی شاری کەرکووک. ئاواتەخوازم هەر کەسێک تێکستی شانۆنامەی (دایکی شەهید)ی لەلایە، بەتایبەتی خودی تێکستە ئەسڵییەکەی نووسەر، بیگەیەنێتە هەر دەزگایەکی چاپ، بۆ ئەوەی وەکوو بەڵگەیەکی شانۆیی ئەو سەردەمە بمێنێتەوە.

کە دەڵێم تێکستی نووسەرەکە وەک ئەوەی کە نووسەر خۆی نووسیبووی، مەبەستم ئەوەیە ئەو تێکستەی کە هاتە نمایشکردن، چەند جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ تێکستەکەی مستەفا پەژاردا هەیە. دەرهێنەر لە هەندێک دیمەندا دەستکاریی تێدا کرد. دەستکارییەک کە ناکرێت بە گۆڕانکاری لە قەڵەم بدرێت، من بۆ خۆم وشەی دەستکاری بە باری نەرێنیدا بۆ خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ تێکستدا بەکار دێنم، گۆڕانکارییش بۆ مامەڵەی زیرەکانەی دەرهێنەر لەگەڵ تێکستدا بەکار دێنم، بەشبەحاڵی خۆم دژ بە گۆڕانکاری نیم لە تێکستدا، بەڵام وەکوو پیتەر بروک دەڵێت چ گۆڕانکارییەک؟

وەکوو لە وتاری پێشوودا ئاماژەم پێ کردبوو، نووسەر خۆی زۆر دژ بەم دەستکارییانە بوو، کە مامۆستا سلێمان فایەق، دەرهێنەری شانۆنامەکە، ڕۆژانە لە کاتی پرۆڤەکاندا سەرپێییانە ئەنجامی دەدا. ئێمەی ئەکتەرانی شانۆنامەکەیش، نەزانانە لایەنی دەرهێنەرمان دەگرت، بێ ئەوەی تێ بگەین کە مستەفا پەژار مافی ڕەوای خۆی بوو، وەکوو نووسەر

بەرگری لە ئاستی ئەدەبیی شانۆنامەکەی بکات. هەر جارێک کە ئامادەی پرۆڤەکان دەبوو، تووشی شۆک و سەرسوڕمان دەبوو، بەتایبەتی کە دەیبینی دیمەنێکی کۆمیدی کتوپڕ خزێنراوەتە ناو جەستەی دیمەنە تراژیدییەکانەوە، یان بە هەڵپەڕکێ و شایی گوزارە لە شادی و خۆشی دەکرا.

**"تۆ شانۆنامەکەی منت کردووە بە کۆمێدی!".**

ئەمە قسەی مستەفا پەژار بوو، کە بە دەرهێنەری دەگوت. ئێمەی ئەکتەرانی شانۆگەرییەکەش ئەم قسەیەمان بە تەوس و گاڵتەوە وەردەگرت. بەشبەحاڵی خۆم، بە فامی ئەو کاتەم، نەم دەزانی نووسەر چەند هەست بە دڵشکان، بگرە چەند هەست بە ئازار و نیگەرانی دەکات، کاتێک بەرهەمە ئەدەبییەکەی بەو ئەندازەیە دەستکاری دەکرێت، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە شانۆنامەکەی بە ئاراستەیەکی دیکەدا، ئاراستەی تەرسا و پێچەوانەدا دەڕوات، بە جۆرێک کە تێکستەکە پێوەندیی بە خودی شانۆنامە ئەسڵییەکەوە نەمێنێت. دیار بوو کە نووسەر لەم بەدحاڵیبوون و لە کێشەیەدا بەرامبەر بە دەرهێنەر تەواو تەنیا بوو، کەس لایەنی وی نەدەگرت، بە ڕادەیەک لە پرۆڤەکاندا بەتەنیا دادەنیشت و خەمباری و کەسەری پێوە دیار بوو. پاشتر کە زیاتر و قووڵتر چوومە ناو جیهانی شانۆوە، تێگەیشتم ئەم کێشەیە، کێشەی نێوان دەرهێنەر و نووسەر و جیاوازیی بۆچوون و لێکدانەوەی هەردووکیان، گەلێک کۆنە، بۆ یەکەم جار بە زەقی لەنێوان ستانیسلافسکی و چیخۆڤدا هاتە ئاراوە.

دەرهێنەری شانۆنامەی (دایکی شەهید) کەمتر بایەخی بە لایەنی ئەدەبیی شانۆنامەکە دەدا، وەکوو زۆربەی دەرهێنەرانی ئەنتی ئاخاوتن (دژ بە دیالۆگ) بەپێی پێویست بایەخی بە دیالۆگ، کە بڕبڕەی پشتی دەقی شانۆییە، نەدەدا. لە ڕاستیشدا ئەو لەم دەردە کوشندەیەدا تەنیا و ناوازە نییە. هەموو دەرهێنەرێک توانای بەسەر بەڕێوەبردنی ئاخاوتندا ناشکێت، گەلێک ئاسانترە لەسەر شانۆدا مامەڵە لەگەڵ کردار و ڕووداو و جووڵە و دەربڕینی جەستەیی بکەیت. دەرهێنەری (دایکی شەهید)یش لەم جۆرە دەرهێنەرانە بوو. بۆیە دەستکارییەکی سەرپێییانەی چەند دیمەنێکی شانۆنامەکەی کردبوو، ئەو دەستکاریکردنە لە شێوەی تێخزاندنی دیمەنی کۆمێدی کورت کورت بوون، مەبەستیش تەنیا بۆ دروستکردنی کاریگەرێتییەکی ڕووکەشانەی ڕاستەوخۆ بوو لە دڵ و دەروونی بینەراندا، ئەمەش پەڵەیەکی دزێو بوو بەرامبەر بە چەندین لایەنی گەشی نماییشەکە، کە پاشتر بوو بە مایەی ڕەخنەگرتن لە نماییشەکە.

شانۆنامەی دایکی شەهید دوای قەدەغەکردنی شانۆی کوردی بۆ پتر لە دوازدە ساڵ (لە ١٩٦٢ەوە بۆ ١٩٧٤) لە کەرکووک، وەک دەستپێکێکی چاوەڕواننەکراوی بەهێز، لەو سەردەمەدا هاتە نمایشکردن. چونکە بە هیچ جۆرێک چاوەڕوان نەدەکرا شانۆ لە کەرکووکدا، دوای قۆناخێکی قات و قڕی هونەریی، بە نمایشێکی بەهێزەوە سەر هەڵبدات، یەکسەریش بەرهەمەکانی لە شاری سلێمانی پاشتریش لە هەولێر، لەکۆتاییشدا لە بەغدا نماییش بکرێت.

## دامەزراندنی تیپی مەشخەڵ یەکێکە لە شانازییەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان (٤)

بەرلەوەی بچمە سەر باسی نمایشەکانی تیپی شانۆی مەشخەڵی کەرکووک، دەمەوێت بەکورتی باسی پێکهاتەی تیپەکە بکەم.

تیپی شانۆی مەشخەڵ، لەلایەن یەکێتیی قوتابییانەوە هاتە دامەزراندن، بەڵام پاشتر گەلێک کەسی ئارەزوومەندی خاوەن توانا ڕوویان لە تیپەکە کرد کە ئەوانە زۆربەیان قوتابی نەبوون، ئەمە تیپەکەی گەیاندە قۆناخێکی نوێ و ئاستێکی بەرزتر، کە پاشتر فراوانتر باسی لێوە دەکەم.

تەنانەت بەهرەمەندانی عەرەب و تورکمان و ئاشووری هەبوون کە هەواداری تیپی مەشخەڵ بوون و دەیانویست تێیدا ببن بە ئەندام.بەشبەحاڵی خۆم، بەهۆی تیپی شانۆی مەشخەڵەوە، سۆزێکی گەرمم بۆ ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابییان هەبوو، پێشم وایە دامەزراندنی تیپی مەشخەڵ یەکێکە لە شانازییەکانی لقی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان.

### سەرپەرشتیاری تیپ
### مامۆستا فەریدوون کەریم

کە باس لە تیپی شانۆی مەشخەڵ دەکرێت، گرنگە باسی ڕۆڵی مامۆستا فەریدوون کەریم بکرێت. مامۆستا فەریدوون عوسمان لەلایەن لقی سێ و ناوچەی پارتی و یەکێتیی قوتابییانەوە بۆ بەڕێوەبردنی تیپی شانۆی مەشخەڵ تەرخان کرابوو. مامۆستا فەریدوون لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەدا ڕۆڵێکی کارا و گرنگی لە ڕاگرتنی تیپی مەشخەڵ و بەڕێوەبردن و گەشەپێدانیدا هەبوو.

جا بەپێی ئەوەی کە مامۆستا خاوەن دید و ڕوانگەیەکی فراوان و هەمەلایەن و کەسایەتییەکی ڕۆشنفکر بوو، مامۆستای دواناوەندی و لە ڕفتارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەندامانی تیپەکە خاوەن ئەزموونی زانستییانە و مرۆییانەیش بوو، بەتایبەتی لەگەڵ ئەکتەرەکاندا، ئەوانەی کە تروسکایی بەهرەی تێیاندا بەدی دەکرد، مامۆستا نەک تەنیا بایەخی پێ دەدان، بگرە لە کاتی کێشە و لە یەکتر تێنەگەیشتن و ناکۆکیدا لایەنی ئەو کەسانەی دەگرت و پشتگیریی لێ دەکردن، واتە دیدی حزبی و سیاسی بەسەر لایەنی هونەر و ڕۆشنبیرییدا زاڵ نەدەکرد.

بۆ ئەوەی باشتر ئەم خاڵە ڕوون بکەمەوە، پێویست دەکا ئەوە بڵێم کە ژمارەیەکی باشی گەنجانی بەهرەمەندی شاری کەرکووک هاتنە ناو تیپی شانۆی مەشخەڵەوە، ڕاستە زۆربەی ئەندامانی تیپەکە ئەندامی قوتابییان بوون، بەڵام ژمارەیەکی باشیشیان ئەندامی قوتابییان یان پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوون، لەناو ئەندامە بێلایەنەکاندا کەسانێک هەبوون بەهرەدارتر و خوێندەواتر بوون، یان هەر نەبێت لەوانی دیکە بەتواناتر بوون، ئەوانە زۆر جار بە بیانووی بێلایەنییەوە کێشەیان بۆ دروست دەکرا، بۆ ئەوەی کەنارگیر بکرێن، مەسەلەکەیش تەنیا ئیرەیی بوو بە بەهرە و توانا و هیچی تر! بۆ ئەوەی لە ئەنجامیشدا وەڕس ببن و تیپەکە بەجێ بهێڵن. ئەوەی جێگەی داخە، دەرهێنەری تیپ، مامۆستا سلێمان فایەق، لەم کێشەیەدا نەی دەتوانی لای ئەو کەسانە بگرێت کە بەهرەمەند بوون، ئەگەرچی بۆ نمایشەکەی خۆی پێویستیش بوون، تەنانەت هەندێک جار وا هەست دەکرا، کە پێی خۆش بوو کەسانێکی بەتوانا بڕۆن، هەرچەندە ئەو کەسانە ساڵانێک بوو لە شانۆی قوتابخانەکەوە ئەزموونێکیان پێک هێنابوو، لەوانە من و فەهمی کاکەیی، کە پاشتر هەردووکمان، وەک دوو کوردی بەشەرەف، بەناچاری ئینشیقاقمان کرد و تیپێکی دیکەمان بە ناوی تیپی شانۆی سۆلاف دروست کرد.

تاکە کەسێک کە داکۆکیی لە ئێمە دەکرد مامۆستا فەریدوون بوو، ئەمەیش بۆ ئێمە کەم نەبوو، چونکە ئەو کەسی یەکەم و خاوەن بڕیار بوو، ئەوجا ئەوەیان لەسەر ئێمە، لەلایەکی دیکەوە چەند تووشی کێشە دەبوو، ئەوەیان من ناتوانم باسی لێوە بکەم.

مامۆستا فەریدوون کەریم بەردەوام لە مەشق و ڕاهێنان و پرۆڤەکاندا ئامادە دەبوو، هەندێک جاریش تێبینی و سەرنجی وردی هەبوو، ئەم بایەخدانەی مامۆستا فەریدوون بە پرۆسەی کار و ڕەوتی پرۆڤەکانمان، بوو بە هۆکارێک کە بیر لەوە بکاتەوە بۆ شانۆ

بنووسێت، ئەوە بوو شانۆنامەیەکی باشی دەربارەی ئەفسانەی زوحاک و کاوە، بە شێوەی میتۆلۆژییەکەی، دوور لە شێوازە باوە (تقلید)ییەکە نووسی، وەکوو بەرهەمی سێیەمی تیپی مەشەخەڵ نمایش کرا.
مامۆستا فەریدوون کەریم، پێگەی کارگێڕی و سەرپەرشتیاریێتیی خۆی لە بەڕێوەبەرێتیکردنی تیپەکەدا، بۆ بەرژەوەندیی پرۆسەی هونەر و ئەدەب خستبووە گەڕ، لایەنی ئەو کەسانەی دەگرت کە خاوەن بەهرە بوون، بەدەر لەوەی ئەو کەسە لایەنگر یان بێلایەن بووایە. ئەو لە کێشەکاندا لە کاتی پێویست پەیدا دەبوو، کە ئەو دەهات، ئیدی دەمانزانی کێشەکە چیدی درێژە ناخایەنێت و هەر لە شوێن و کاتی خۆیدا چارەسەر دەکرێت.

ئێوارەیەکی فێنک، پاش پرۆڤەیەکی بەردەوام لە باخچەی بەهووی شارەوانی، من و دەرهێنەر لەسەر جووڵەیەک نەدەگونجاین، ئەو شێوەیەکی پێ پەسەند بوو، من شێوەیەکی دی، نەگوجانی لەو جۆرە لە شانۆدا ئاساییە، بەڵام ئەو یەکسەر وەکوو ئەوەی ئەو کێشە بچووکەکە بقۆزێتەوە پێی گوتم: ئەگەر بەدڵت نییە باشتر وایە بڕۆیت.

پێم سەیر بوو، لە لایەکەوە زۆر دڵم بە ڕۆڵەکەم خۆش بوو، کە ڕۆڵی سەرەکی بوو، لەلایەکی دیکەشەوە دەمزانی دەبێت بڕۆم، دەشمزانی ناکرێت بڕۆم، چونکە تەنیا دوو سێ ڕۆژ ماوە بۆ نمایش، فریای ڕاهێنانی ئەکتەرێکی نوێ ناکەوێن.

تەماشای ئەکتەرەکانم کرد، هەموو ئەندامانی تیپەکە حەپەسابوون، یەکسەر بڕیارم دا و ڕۆیشتم، زۆر تووڕە بووم، بەڵام هەر ئەوەندە لە باخچەی بەهووی شارەوانی دەرچووم، بینیم مامۆستا فەریدوون لەدوورەوە دەرکەوت، بەسەرسوڕمانەوە: گوتی بۆ کوێ؟

**هەموو شتێکم بۆ باس کرد، پێکەنی و گوتی:**
بگەڕێوە، تۆ نابێت بڕۆیت، ئەگەر کەسێک هەبێت بڕوات دەبێت ئەو بێت نەک تۆ، بۆ من تۆ هونەرمەندتری، هەر تۆیش دەمێنیتەوە.

**بۆچوونەکەی مامۆستا ڕاست دەرچوو:**
پاش تیپی مەشخەڵ، مامۆستا سلێمان فایق، کە بە ڕای من باشترین دەهێنەری شانۆیی نیوەی یەکەمی حەفتاکانە، شانۆی بۆ هاتەهەتایە بۆ سینەما بەجێ هێشت، منیش شانۆم وەک چارەنووس بۆ هەتا هەتایە هەڵبژارد.

## گەشتە هونەرییەکانی تیپی شانۆی مەشخەڵ
**(٥)**

کە باسی گەشتەکانی تیپی شانۆی مەشخەڵی شاری کەرکووک دەکەم، دەمەوێ باسی ئەوە بکەم چۆن ئەم تیپە بە سنووری شاری کەرکووکەوە نەوەستا، بگرە هەر لە سەرەتاوە نەخشەی وابوو، شانۆییەکانی بۆ زۆرترین جەماوەری شارەکانی دیکەی کوردستان نمایش بکات، بە جێبەجێکردنی ئەم نەخشە هونەرییە، تیپی مەشخەڵ کاریگەرییەکی گەورەتر و سەدایەکی باشی لەدەرەوەی شاری کەرکووکیشدا پەیدا کرد.

پێم وایە تیپی شانۆی مەشخەڵ لەم ئەزموونەدا دەستپێشخەر و ڕچەشکێنە، بەر لە مەشخەڵ هیچ تیپێکی شانۆیی پلانی لەم جۆرەی ئەنجام نەدابوو، ڕەنگە کەسێک بەرپەرچی ئەم قسەیەم بداتەوە و بڵێت، بەر لە تیپی مەشخەڵ، چەند تیپێکی شانۆیی گەشتی هونەرییان ئەنجام داوە، ڕەنگە ئەم قسەیەش ڕاست بێت، بۆ نموونە لە شاری سلێمانی تیپ هەبووە، هەر وەکوو مامۆستای خەمخۆری ئەرشیڤی شانۆی کوردی، مامۆستا کاوە ئەحمەد میرزا ئاماژەی پێ کردووە، گەشتی هونەریی ئەنجام داوە، بەڵام ئەو گەشتانە هەر لە سنووری فراوانی شاری سلێمانی ئەنجام دراون، لەوانە بۆ شاری هەڵەبجە کە ئەوکات پارێزگا نەبووە و شارۆچکەکانی دەوربەری شاری سلێمانی.

بەڵام بەشبەحاڵی تیپی مەشخەڵ، هەر سێ نمایشە سەرەکییەکانی خۆی لە شاری سلێمانی و هەولێر، پاشتریش بەناوی کۆمەڵی هونەری کوردی لە بەغدا نمایش کرد، هەموو شانۆییەکیش بۆ چەند ڕۆژێک نمایش کراون، لەلایەن شانۆکارانی هەردوو شارەکەوە بەهەند وەرگیران، وەکوو ئەزموونێکی تایبەت و جوداش پێشوازییان لێ کرا.

پلانی گەشتی هونەری لە شارەکانی کوردستاندا و خۆناساندن بە جەماوەرێکی دیکەی دەرەوەی شاری کەرکووک، پرۆگرامێکی زیندووی تیپی شانۆی مەشخەڵ بوو. ئێمە لەو گەشتانەدا بۆ یەکەم جار لەنزیکەوە شانۆکارانی شارەکانی دیکەمان ناسی و پێوەندیی پتەومان لە گەڵیاندا دروست کرد، پێوەندییەک کە سوودبەخش بوو و بە مایەی هاریکاریکردنی یەکدی و دەرئەنجام بەرهەمی باشی لێ کەوتووە، ئێمەیش لەو گەشتانەدا ئاشنای توانا و بەرهەمەکانی شانۆکارانی سلێمانی و هەولێر بووین، هەروەها توانا و بەهرەی خۆمانمان بە بەراورد لەگەڵ توانای ئەواندا بۆ دەرکەوت و تێگەیشتین ئێمە لە چ ئاستێکداین و قۆناخێکی باشمان بڕیوە.

**تیپی مەشخەڵ بەو ماوە کورتەی تەمەنی، سێ گەشتی هونەریی گرنگی ئەنجام دا:**
گەشتی یەکەمی تیپی مەشخەڵ، شانۆنامەی (دایکی شەهید) بوو، واتە لەمیانەی سێ مانگدا تیپ دامەزرێندرا و بەرهەمی یەکەمی نمایش کرد، دەستبەجێ نمایشەکەی خۆی گواستەوە بۆ سەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی، کە بۆ ئەو سەردەم و دەورانە، گەورەترین و باشترین شانۆ بوو لە شاری سلێمانی.

لە گەشتی دووەمدا بۆ شاری سلێمانی، تیپی مەشخەڵ شانۆگەریی (کۆتایی دەرەبەگ) ی لەسەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی نمایش کرد.

لە گەشتی سێیەمدا بۆ شاری هەولێر تیپی مەشخەڵ شانۆنامەی (ژیان)ی لە هۆڵی گەل نمایش کرد.

تا ئەو کاتە هوڵی گەل لە ڕووی تەکنیک و ئەندازیارییەوە، لە سەرانسەری کوردستاندا باشترین شانۆ بوو، کە وەکوو ئەکتەر لە شانۆنامەی (ژیان)دا لەسەر شانۆی هۆڵی گەل ڕۆڵم گێڕا، یەکەم جارم بوو هەست بکەم کە لەسەر شانۆیەکی ڕاستەقینە وەستاوم، شانۆیەک کە شانۆی قوتابخانە نەبوو، یان سەکۆیەک نەبوو کە بۆ نمایشێکی کاتی دروست کرابێت، شانۆیەکی سەربەخۆ بوو، یەکەم جار بوو هەست بکەم کە لەسەر شانۆیەک نمایش دەکەم، کە بۆ ئەوەی دەنگم بە ئاسانی و بە ڕەوانی بگاتە بینەران، پێویستم بەوە نەبوو زۆر دەنگ هەڵبڕم و هاوار بکەم، ئەو هۆڵە وا دروست کرابوو، بینەران لە دوا ڕیزەوە گوێیان لە چرپەی ئەکتەر دەبوو. بە خۆمم گوت: ئافەرین بۆ ئەو ئەندازیارەی نەخشەی ئەم شانۆیەی کێشاوە.

لەم ڕووەوە ئەم گەشتە هونەرییانە چەند بۆ جەماوەری شارەکانی دیکە گرنگ بوون، ئەوەندەیش بۆ خودی شانۆکارانی کەرکووک گرنگ بوو. لەمەیشدا شانۆکارانی کەرکووک تایبەتمەندێتی و ئاستی ڕۆشنبیریی خۆیانیان بۆ دەرکەوت، تایبەتمەندێتییەک کە لە مۆرک و شقڵی فرەکولتوورییەوە سەرچاوەی گرتبوو، فرەکولتووری وەک پەنجەرەیەکی والای بزاڤی ڕۆشنبیری و مەعریفە.

تیپی مەشخەڵ لە ڕێگای گەشتە هونەرییەکانەوە پێگە و بایەخی خۆی بۆ شانۆکارانی شاری سلێمانی و هەولێر و لە کۆتاییشدا بۆ شانۆکارانی بەغدا سەلماند.

بەڵام نەبوونی ڕەخنە و لاوازیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەو سەردەمەدا، ئەم ڕاستییەی دەرنەدەخست، بۆیە شانۆکارانی کەرکووک دەبوایە چاوەڕێی فێستیڤاڵی یەکەمی هونەر بکەن لە بەغدا، تاکوو ڕاستی و دروستیی ئەم بۆچوونە بە بەڵگەوە بسەلمێنن.

لە فێستیڤاڵی یەکەمی هونەردا کە ساڵی حەفتا و چوار لە بەغدا ساز کرا، شانۆکارانی کەرکووک هەموو خەڵاتەکانی ئەو فێستیڤاڵەیان درەو کرد، لەوانە خەڵاتی باشترین بەرهەم (شانۆگەریی تەقینەوە)، باشترین نووسەر، باشترین ئەکتەر درا بە هونەرمەند (عەلی کەریم)، باشترین ڕیژیسۆر (سەلمان فایق). ئەندامانی لیژنەی دادوەریش ڕیژیسۆری شانۆ و سینەما (جەعفەر عەلی)، خانمە ئەکتەریی شانۆی عێراقی (زەینەب)، نووسەری شانۆیی (موحێدین زەنگەنە) و مامۆستا (سەعید زەنگنە و شێرکۆ بێکەس).

بەڵام شانۆکارانی کەرکووک بە بردنەوەی هەموو خەڵاتەکانی شانۆ لەو فێستیڤاڵەدا، لەبری پاداشت و دەستخۆشی و کۆمەک و هاندان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کەرکووکەوە، بە تۆپزی و بە شێوەیەکی زۆر نائینسانییانە ڕێگای داهێنانیان لێ گیرا.

هە پاش چەند ڕۆژێک دەبوایە زەهراوی ئەو بڕیارە بچێژن، کە ئیدی نابێت لە شارەکەی خۆیاندا شانۆ بە کوردی نماییش بکەن، دەبێ دیسانەوە مل بۆ ئەو بڕیارە تاڵەی میری کەچ بکەن، کە شانۆ بە کوردی لە کەرکووک قەدەغەیە! شانۆکاری کەرکووکی دەبێت داهێنانی خۆی لە جوگرافیایەکی دەرەوەی شارەکەی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، شانۆکارانی وەکوو (فازڵ جاف، جەلیل زەنگنە، جیهاد دڵپاک و عەلی کەریم) ڕوویان لە شاری سلێمانی کرد، شاریش باوەشی بۆ کردنەوە.

## عالیە یەکەم کچی کورد بوو ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆنامەیەکی جیهانیدا ببینێت ٦

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شانۆ لە شاری کەرکووکی سەردەمی حەفتەکاندا، بەشداریکردنی بێ وێنەی ئافرەت بوو، کە بە شێوەیەکی چڕ و چاوەڕوان نەکراو بوو. ئەم بەشداریکردنە چڕ و پڕەی ئافرەت لە بەرهەمەکانی تیپی شانۆی مەشخەڵدا، هەر لە یەکەم بەرهەمەوە (دایکی شەهید) دەستی پێکرد. هەر لە سەرەتاوە، بۆ نماییشکردنی ڕۆڵی سەرەکی، واتە ڕۆڵی دایک، نزیکەی دە ئافرەت ئامادە بوون و دەیانویست بەشداری بکەن، لە کاتێکدا شانۆنامەکە تەنیا یەک ئافرەتی تێدا بوو، دەرهێنەر بۆ ئەوەی هەر

چۆنێک بەشداری بە زۆربەیان بکات، چەند دیمەنێکی سەرپێییانەی لە نمایشەکەدا خوڵقاند، کە لە ڕاستیدا هیچ پاساوێکی هونەری یان ئەدەبی بۆیان نەبوو، ئەوەیش یەکێک بوو لەو خاڵانەی نووسەری شانۆنامەکە (مستەفا پەژار)ی نیگەران کردبوو.

ئامادەیی ئافرەت و ئارەزووی بەشداریکردنیان لە چالاکیی شانۆیی لە شاری کەرکووکدا، بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستاندا دیاردەیەکی بێ وێنە بوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە لە سلێمانی و لە هەولێریش، کە بە بەراورد لەگەڵ شاری کەرکوودا، ڕەوتێکی شانۆیی کۆن و نەپساویان هەبوو، لەبەر بەشداریکردنی دەگمەنی ئافرەت، ناچار بوون ئەکتەری پیاو بکەن بە ئافرەت و بە جلوبەرگ و میکیاجی ئافرەتانەوە پیشانیان بدەن. ئەوە بوو لە سەرەتای حەفتەکان، بێ گومان لە شەستەکان و پێشتریش، چەندین ئەکتەری پیاو بە ڕۆڵی ئافرەت بەناوبانگ بوون، لە هەموویان کارامەتر لە ڕۆڵی ئافرەتدا هونەرمەند عومەر چاوشین بوو.

لە کەرکووک ئەو دیاردەیە، یەک جار نەبێت، هەرگیز ڕووی نەدا، ئەو تاکە جارەیش لە شانۆیی (بەهاری دزراو) بوو، کە سلێمان فایەق بۆ ڕۆڵی ئافرەت پەنای بردە بەر ئەکتەرێکی پیاو، کەسیش لەوە نەدەگەیشت کە بۆ ئەکتەرێکی پیاوی بۆ ئەو ڕۆڵە هەڵبژارد، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر خانمی هەواداری شانۆ بەوپەڕی ئارەزووەوە ئامادەی بەشداریکردن و ڕۆڵبینین بوون.

لەنێو خانمە ئەکتەرانی کەرکووکی حەفتاکاندا توانا و بەهرەی دوو ئەکتەر لە هەمووان پتر دەرکەوت: یەکەمیان شاناز ئەحمەد، کە ڕۆڵی دایکی لە شانۆنامەی (دایکی شەهید)دا نمایش کرد، دووەمیان عالیە محەمەد ئەمین، کە ڕۆڵی ژیانی لە شانۆنامەی ژیاندا نمایش کرد:

**شاناز ئەحمەد لە (دایکی شەهید)دا**

شاناز ئەحمەد ڕۆڵی ناونیشانی شانۆگەرییەکەی، واتە دایکی، نمایش دەکرد، ئەم ڕۆڵە ئەوەندەی من ئاگاداری ئەرشیڤی شانۆی کوردی بم، تاکوو ناوەڕاستی حەفتاکانیش سەرەکەیترین و درێژترین ڕۆڵی ئافرەت بوو لە شانۆی کوردیدا، خۆ ئەگەر لەم بۆچوونەمدا هەڵە بم، با شارەزایانی ئەرشیڤی شانۆی کوردی بۆچوونەکەم بۆ ڕاست بکەنەوە. شاناز چ لە ڕووی هەست و سۆزە، چ لە ڕووی جەستە و جووڵەوە بەتوانا بوو، ڕۆڵەکەی

بەرامبەر بە خۆم، لە ڕۆڵی دلێری کوڕ کە شەهید دەکرێت، لێهاتووانە نمایش دەکرد. لە نمایشەکانی کەرکووک و پاشتریش لە شاری سلێمانیدا توانا و بەهرەی شاناز دەنگی دایەوە.

**عالیە محەمەد ئەمین لە رۆڵی ژیاندا**

عالیە یەکێک بوو لە کچە لێهاتووەکانی شاری کەرکووکی حەفتاکان، ئەو لە سێ بواردا بەهرە و توانای خۆی سەلماندبوو، شانۆ، وەرزش، نووسین.

لە وەرزشدا بە ئەندازەیەک لێهاتوویی خۆی سەلماندبوو، کە پاش ماوەیەکی کورت لەسەر ئاستی پاڵەوانیەتیی عێراق ریکۆردشکێن بوو.

بەڵام توانای هونەریی عالیە وەکوو ئەکتەر، تاکوو ئەو ڕۆژگارە، نموونەیەکی ناوازە و کەموێنە بوو. یەکەم بەرکەوتنم لەگەڵ عالیەدا لە شانۆیی (ژیان) بوو، لەم نمایشەدا، کە لە نووسین و دەرهێنانی سلێمان فایق بوو، وەکوو ئەکتەر ڕۆڵمان دەبینی، عالیە ڕۆڵی کچێکی لاڵی نمایش دەکرد، بەڵام تێیدا زۆر سەرکەوتوو بوو.

عالیە بەپێی ئەوەی وەرزشەوانێکی لێهاتوو بوو، ڕاهێنانێکی زۆری لەسەر جەستە و زەین و ئاگایی خۆی کردبوو، بۆیە لە جووڵە و دەربڕیندا تا ئەو سەردەمە ڕەنگە لە پێشی پێشەوە بوو، وەکوو دەنگ و دەمودوویش، پاشتر دەرکەوت کە توانایەکی باشی هەبوو.

پاش ئاڵۆزیی بارودۆخی سیاسی لە کەرکووک، بەتایبەتی پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، شانۆی کوردی لە کەرکووک کەوتە باری یاساغ و قەدەغەوە، شانۆکاران هەموو پەرتەوازە و پەرەوازە بوون، زۆربەی شانۆکارە پیاوەکان ڕوویان لە شاری سلێمانی کرد، بەڵام لەناو ئافرەتەکاندا تەنیا عالیە، کە پاشتر بوو بە قوتابیی زانکۆی سلێمانی، بەردەوامیی بە کاری شانۆیی دا، باشترین و بەهێزترین دەرکەوتنی عالیە لە ڕۆڵی سەرەکیی شانۆیی (دووڕەگ) بوو، کە لە نووسینی لانگستون هیوز و دەرهێنانی فازڵ جاف بوو.

ڕەنگە بەرچاوترین دەستکەوت و تایبەتمەندێتیی نمایشی دووڕەگ نمایشکردنی عالیە وەکوو ئەکتەریسێک کە ڕۆڵی سەرەکیی شانۆنامەیەکی جیهانی بەرامبەر عەلی کەریم و کاوە ئەحمەد میرزا بینیبێت.

ئەوەندەی من بزانم عالیە یەکەم کچ بوو، تا ئەو ڕۆژگارە، کە وەکوو ئافرەت ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆنامەیەکی جیهانیدا ببینێت، ڕۆڵێک کە هەر لە سەرەتای نمایشەکەوە تاکوو کۆتایی، لە هەڵچوون و ململانێ و پێکدادانی درامیانەدا بوو، لەمەیشدا عالیە ریکۆردشکێن بوو.

داخوا کەی ڕۆژێک بێت، خانمە شانۆکارە پێشەنگەکانی کەرکووک یاد بکرێنەوە و بە شێوەیەکی فەرمی ڕێزیان لێ بنرێت و خەڵات بکرێن!

سەرۆک مستەفا بارزانی پەیامی دەستخۆشیی بۆ ناردین، ئێمەیش زۆر شانازیمان پێوە دەکرد

**٧**

دوای بڵاوکردنەوە رێککەوتننامەی یازدەی ئاداری مێژوویی، ڕۆشنبیری بەشێکی گرنگ و سەنتڕاڵ و بەسەنگی بزاڤی گشتی بوو لە شاری کەرکووک. زیادەڕۆییش نییە گەر بڵێم، بزاڤی ڕۆشنبیریی شاری کەرکووک بە هیچ شێوەیەک، نە پێشتر و نە پاشتر، بەرنامەیەکی لەو جۆرە دەوڵەمەند و هەمەچەشنەی بەخۆیەوە نەدیوە، بە ڕادەیەک کە دەکرێت، دوو ساڵی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە بە سەردەمی زێڕینی بزاڤی ڕۆشنبیری لە کەرکووک لە قەڵەم بدرێت. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم، ئەوەندەی پێم بکرێت، تەنیا وێنەیەکی سەرپێییانە و خێرای ئەو سەردەمە بگوازمەوە، هەر چەند هەفتەیەک پاش ڕێککەوتننامەکە، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بارەگای خۆیان لە ناوەڕاستی کەرکووکدا، لە کۆتایی شەقامی کۆماری و دەوروبەری شەقامی کۆماری دامەزراند و کەوتنە چالاکی، لەوانە یەکێتیی قوتابییان، یەکێتیی لاوان، یەکێتیی نووسەران، یەکێتیی ئافرەتان.

تیپی مەشخەڵ، وەک تیپێکی شانۆیی لەو دوو ساڵەدا سوودێکی باشی لە پشتگیریکردن و هاریکاریکردنی رێکخراوەکان وەرگرت. بەتایبەتی لە یەکێتیی لاوان، کە بۆ خۆی، بە چەشنی یەکێتیی قوتابییان، چالاکییەکی باشی لە بواری شانۆدا ڕێک خستبوو، ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی ئارەزوومەند لە یەکێتیی لاوان بە سەرپەرشتیی هونەرمەند مەهدی ئومێد، چالاک بوون، هاوکات چەند تیپێکی شانۆیی دیکەی بچووک، دروست کران، ڕاستە ئەم تیپانە لە ڕووی چەندێتی و چۆنییەتییەوە ئاستیان نەدەگەیشتە ئاستی تیپی مەشخەڵ، بەڵام بزاڤی شانۆییان دەوڵەمەند کربوو.

لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی و کارای لە هاندان و هاریکاریی چالاکییەکانی هونەر و ئەدەبدا هەبوو، لەناو لق و ناوچەی پارتیدا کەسانێکی دڵسۆز هەبوون کە کاریان بۆ گەشەی ئەدەب و هونەر دەکرد، لە سەرووی هەموانە مامۆستا فەریدوون کەریم (فەریدون عوسمان) و بەرپرسی قوتابییانی لقی کەرکووک مامۆستا زاهیر ڕۆژبەیانی، بە ئەندازەیەک شاری کەرکووک لە بواری ڕۆشنبیریدا بووبوو بە پێشەنگ. گەورەترین ڕووداوی ڕۆشنبیری لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق فیستیڤاڵی شیعری کوردی بوو، کە یەکێتیی نووسەران سەرپەرشتی کرد، لەم فیستیڤاڵەدا شان بە شانی شاعیران و نووسەرانی شارەکانی کوردستان، ژمارەیەکی زۆری نووسەر و ئەدیبانی عێراقیش میوان بوون، لە سەرووی هەموویان شاعیری گەورەی عەرەب (محەمەد مەهدی جواهیری)، میوانی هەرە گەورەی فیستیڤاڵەکە بوو، زۆربەی نووسەرانی کورد شانازییان بە بوونی جەواهیری دەکرد و وێنەیان لەگەڵدا دەگرت، لەو فیستیڤاڵەدا، شیعردۆستانی شاری کەرکووک لەنزیکەوە ئاشنای دەنگی شاعیرانی وەکوو شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و جەمال شارباژێری و عەبدوڵا پەشێو و جەلالی میرزا کەریم بوون.

ئەو سەردەمە تەوژمی نوێخوازنەی ڕوانگە لە ترۆپکدا بوو، هەموو لە کەرکووک کۆ بوونەوە، بۆ خۆم زۆر هەوادارییان بووم، لە یەکەم دەرفەتدا لە ئوتێلی (سەمیر ئەمیس) سەردانم کردن و بە یەک بەیەکیان ئاشنا بووم.

فیستیڤاڵی شیعری کوردی لە کەرکووک ڕووداوێکی گرنگ بوو، شان بە شان چالاکییەکانی دیکەی بواری هونەر و ئەدەب، ئەوەی سەلماند کە کەرکووک لەو دوو ساڵدا خاوەنی وزەیەکی گەورەی ڕۆشنبیرییە، بەڕاستی پایتەختی ڕۆشنبیریی کوردستان بوو، نەک تەنیا خاوەنی کانگای و کێڵگەی نەوت. من پێم وایە دەستەواژەی ئەدەبی بەرگری لە خۆشەویستیی ئەو شاعیرانە بۆ کەرکووک برەوی سەند.

بەرهەمەکانی تیپی شانۆی مەشخەڵیش لەلایەکی دیکەوە، ڕووداوێکی هونەریی گەورە بوو، ڕووداوێک کە سنووری کاریگەریی هونەری بەزاند بۆ کاریگەریی سیاسی، نماییشەکان دەستگاکانی میری، بەتایبەتی دەستگەی پۆلیس و ئاسایشی نیگەران کردبوو، ئەو نیگەرانییەشیان نەدەشاردەوە، بە هەموو جۆرێک دەیانویست چالاکیی ئەو تیپە، پاشتریش چالاکیی شانۆیی بەگشتی لە کەرکووکدا قەدەغە بکەن.

له یەکێک لە نمایشەکانی شانۆیی (دایکی شەهید) دوو کارمەندی ئاسایش پەیدا بوون، بەرپرسی لقی سێ، کاک رەشید عارف، پرسیاری لێ کردن: هۆکاری هاتنتان چییە؟

گوتیان: هاتووین ئەرکی سەرشانمان جێبەجێ بکەین، هاتووین ئاسایشی بینەران بپارێزین.
ئەویش پێی گوتن: ئەوەیان ئەرکی سەرشانی ئێمەیە، فەرموون بەزووترین کات ئێرە بەجێ بهێڵن.

شانۆگەریی (دایکی شەهید) تێکۆشان و قارەمانێتیی پێشمەرگە و پێگەی گرنگی ئافرەتی کوردی لە شۆڕشدا وێنا دەکرد. پێشتر هیچ تیپێک بەو شێوەیە، ئەم بابەتەی لە شانۆگەرییەکی گەورە و دوور و درێژ و لە بەرهەمێکی تێر و تەسەلەدا نمایش نەکردبوو، بۆیە نمایشەکە سەدایەکی گەورەی هەبوو، پێشوازیی خەڵکی کەرکووک، پاشتریش خەڵکی سلێمانی، لە نمایشەکە بێ ئەندازە بوو، گەیشتە ئەوەی کە سەرۆک مستەفا بارزانی، ئاگاداری کارەکەمان بووبوو، پەیامی دەستخۆشیی بۆ ناردین، ئێمەیش زۆر شانازیمان بەو پەیامەوە دەکرد، هەر بۆ ئەو مەبەستە سەردانێک بۆ دەرهێنەری نمایشەکە ساز کرا، بەو مەبەستەی کە سەرۆک لەنزیکەوە دەستخۆشیی لێ بکات.

کاردانەوەکانی (دایکی شەهید) و پێشوازیی خەڵک لە نمایشەکە، بایەخدانی سەرکردایەتیی شۆڕش بە نمایشەکە، میریی نیگەران کردبوو، ئەوان نیگەرانیی خۆیان بۆ ڕەوانشاد کاک سامی عەبدولرەحمان دەڕبڕیبوو، ئەوەی زیاتر نیگەرانی کردبوون، ئەوەبوو کە شانۆنامەکە لەناو جەرگەی کەرکووکدا وێنەی تێکۆشانی پێشمەرگەی بەرجەستە دەکرد.

لە یەکێک لە نمایشەکاندا، کاک سامی عەبدولرەحمان لە بەغداوە گەیشت، پاش نمایشەکە، هەردوو ئەکتەری سەرەکیی دایکی شەهیدی (شاناز ئەحمەد و فازڵ جاف) ی خەڵات کرد، خەڵاتەکە بڕە پارەیەک بوو (١٠ دینار) کە بۆ ئەو کات زۆر بوو، ئەوە یەکەم جار بوو کورد خەڵاتم بکات، بێ گومان دوا جاریشم بوو! هەر پاش خەڵاتەکەی کاک سامی عەبدولڕەحمان، کاک عەلی سنجاری، ئەویش هەردووکمانی خەڵات کرد، بێ گومان ئەو خەڵاتکردنە لە بیرەوەریمدا یادەوەرییەکی زۆر تایبەتمەندە، هەستم دەکرد ئەوەی دەیکەین گرنگە.



# ناوچەی گەرمیان و خانەقین لە هاوکێشە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیاو بەریتانیای گەورەدا ١٩١٤-١٩٢٠

پرۆفیسۆری یاریدەدەر / ئەحمەد باوەڕ
زانکۆی گەرمیان – کۆلێژی پەروەردە –
بەشی مێژوو

**پێشەکی:**

بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەمی یەکەمی لە نێوان هەردووبەرەی هاوپەیمانان و وڵاتانی ناوەندا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری و پێشهاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەدوای خۆیدا هێنایەکایەوە، وڵاتی عێراق و ناوچە کورنشینەکانی باشووری کوردستانیش، وەک ناوچەیەکی ململانێی سیاسی و سەربازی لەو هەلومەرجەدا، دوور لە خواستی دانیشتوانەکەی، کەوتە بەرلێشاوی داگیرکاری هێزەکانی ڕووسیاو بەریتانیای داگیرکەر لەلایەک و هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەکی ترەوە، هاوکات ناوچەی گەرمیان و خانەقینیش وەک گۆڕەپانێکی سەربازی لە نێوان وڵاتانی بەشەڕهاتوودا، ئەوپەڕی ماڵوێرانی و ئاوارەیی و داگیرکاری بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لە شارێکی ئاوەدانی وەک خانەقینی ئەوکاتەدا، کە لەلایەن لەشکری داگیرکەری ڕووسیاوە بەجۆرێکی ئەوتۆ تالانکرا، کە بوو بە: ((مایەی ترس و تۆقاندن))، هەروەها بووە مایەی نارەزایەکی ئەوتۆی هۆز و خێڵەکانی ناوچەکە بەتایبەتی: ((باجەلان و شەرەف بەیانی و تاڵەبانی)). بەجۆرێک هەر: ((هەموویان واڕایان دەگەیاند، کە هەڵسوکەوتی ڕووسەکان، نارەزایەکی زۆری ناوەتەوەو بۆی هەیە ببێتە مایەی چۆڵکردنی وڵات و هاندانی دانیشتوان بۆیە لە ترساندا هەڵهاتن بۆ ئەو ناوچانەی، کە تورکەکان داگیریان کردبوون...)). جگە لەوەش کەسایەتیەکی سیاسی وەک گێرتروود لوسیان بیڵیش (١٨٦٨- ١٩٢٦) لە نامەیەکی تایبەتی خۆیداو لە ڕێکەوتی (٣١ی ئابی ١٩١٨)دا، کە بۆ باوکی ناردوویەتی، زیاتر ڕوونی دەکاتەوە، وەک ئەوەی لە بەشێکیدا دەنووسێت: رووس بە شێوەیەک کوردستانی وێران کردووە، کە ناچێتە ئەقڵەوەو زستانی ڕابردوو هێند کاریگەریی داگیرکردنی ڕووسی بەسەرەوەیە، کە بە ئەندازەی هەروڵاتێکە تووشی وێرانکاری جەنگ بوویێت. تەنانەت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا و بەتایبەتی لە نێو هۆزێکی وەک: (سنجاوی)دا، کە پێشتر لقێکی سەر بە هۆزی ناسراوی (زەنگەنە) بوون گەورەترین تالانی و ئاوارەیی و تاوان و زوڵمی بێ وێنەیان ئەنجامدا. لە هەمانکاتیشدا دواتر ناوچەکە لەڕووی سروشتی داگیرکارییەوە، کە ڕووباری (سیروان) وای لێ کردبوو، ببێتە دوو ناوچەو دووبەرەی دژ بەیەکەوە، ناوچەی خانەقین و دەوروبەری، کە پێشتر سەر بە ویلایەتی بەغداو ماوەیەکی

زۆر کەتبووە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ڕووسیای داگیرکەرو دواتریش هێزەکانی بەریتانیای هاوپەیمانیەوە، بەڕادەیەک بەریتانیاش لای خۆیەوە زۆر جەختی لەسەر دەکردەوە بەوەی، کە ئەمەیان دەبێتە پشتوێنەیەک بۆ پاراستنی شاری بەغداد، بەتایبەتی لەوکاتە بەدواوە، کە هێزەکانی داگیرکەری بەریتانیا بەسەرۆکایەتی جنەراڵ ستانلی مۆد شاری بەغدایان لەڕێکەوتی (١١ی مارتی ١٩١٧) دا، خستە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی خۆیانەوە. لەگەڵ ناوچەی گەرمیانی سەر بەویلایەتی مووسڵ، کە تاڕادەیەک لەودەمانەدا هەموو ناوچەکانی کفری و کەلارو دەشتی شێروانەو پێوازو دەوروبەی ئێستای دەگرتەوە، کە تاڕادەیەکی زیاتر هێشتا دەسەڵات و هەژموونی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەسەرەوە بوو، کە دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، کە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، زیاتر بایەخیان پێ بدەین و لەسەریان بدوێین:

**تەوەری یەکەم**

**سەرەتاکانی داگیرکاری ناوچەی خانەقین و دەوروبەری**

لەلایەن ڕووسیاو بەریتانیاوەو هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی و هۆزە ناوچەسنوورییەکان

دیارە هەرلەگەڵ بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی وڵاتی عێراقی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و دواتر هاتنیان بەرەو باشووری کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان، هاوکات ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقین و دەوروبەریشی لەوانە بوون، کە بۆ خۆیان بوو بوونە گۆڕەپانی مەیدانخوازی هێزەکانی سوپای دەوڵەتی عوسمانی، کە کەسایەتیەکی سەربازی وەک جنەراڵ عەلی ئیحسان پاشای (١٨٨٢-١٩٥٧) عوسمانی لەم سنوورەدا ڕێبەرایەتی دەکردن لەلایەک. هەروەها لەلایەکی تریشەوە داگیرکاری هەردوو هێزی سەربازی ڕووسیای سیزاری و بەریتانیای گەورەوە. بە جۆرێک هەر لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کاتێک لە شکری داگیرکەری ڕووسیای سیزاری لە سەرەتاکانی (بەهاری ١٩١٦)داو لە سێ بەرەو تەوەری جیاوازی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی قاجارییەوە، بەرەو ناوچەکانی باشووری کوردستان و شارەکانی وەک: خانەقین، سلێمانی و ڕەواندزی ئەوکاتە بوونەتەوە. هەرچەندە وڵاتێکی وەک ئێرانی قاجاری لەم ماوەیەدا بێ لایەنی خۆی لە پرۆسەی جەنگی یەکەم ڕاگەیاندو هاوکات لای باکووری وڵاتەکەی هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیاو بەزۆری لای باشووری لە ژێر دەسەلات و فەرمانڕەوایەتی بەریتانیادا بوون و هەروەها ئەڵمانەکانیش لای خۆیانەوە چەند دەستەیەکی سەربازی نهێنی خۆیان خزاند بووە نێوخاکی ئێران و بەتایبەتی خێڵە ئێرانیەکانەوە، ئەوەش زیاتر بەمەبەستی لێدانی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیاو ڕووسیاو تەنانەت کوشتنی زۆرێک لە فەرمانەدە سەربازیەکانیان بوو لە ناوچەکەدا. بەڵام وڵاتێکی وەک ڕووسیای سیزاری لەو دەمانەداو لە کاتی پرۆسەی هێرشەکانیاندا

بۆ سەروڵاتی عێراق و ناوچە کوردنشینەکان، بەزۆری جەختیان لەسەر بەرەی شاری خانەقین دەکردەوە بەوەی، کە ئەمەی دواییان ڕێگایەکی ئاسان و نزیکتر دەبێت بەرەو داگیرکردنی ناوەندی شاری بەغدای پایتەخت و هەروەها ئەوبەرەیەی ڕەواندزیش بەرەو ناوەندی شارەکانی هەولێر و موسڵی دەکردنەوە. هەرچەندە وڵاتی ڕووسیا بەچەند ساڵێک پێشتریش لە نەخشەو پلانی ئەوە دابوونەو بەوەی، کە بتوانن هێزو نفوزی خۆیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵدا زیاتر بەر فراوانتر بکەن. ئەوە بوو بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم پلانەش یەک فەیلەقی سەربازی تەوایان خۆیان، بەسەرۆکایەتی جەنەراڵ پاراتۆڤ (١٨٦٥- ١٩٣٢ G.Paratov) تەرخانکرد و هاوکات لە چەند قۆڵ و خاڵێکی دیاری کراوەوە، بەرەو ناوەوەی وڵاتی عێراق و ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستان پێشڕەویانکرد. بەڕادەیەک ئەم دەستێوەردان و پێشڕەویانەی هێزی سەربازی ڕووسیای سیزاری بووە مایەی ئەوەی، کە فەرماندەی سەربازی ناسراوی عوسمانی ئەنوەر پاشا (١٨٨٢ - ١٩٢٢). بە خۆی لەگەڵ فەرماندەی ئەڵمانی جنراڵ فون لوسون (Fon Loson G.)ی هاوپەیمانیدا و لە ڕێکەوتی (٢٤ی مایسی ١٩١٦) دا، بگەنە ناوەندی شاری خانەقین، بەو مەبەستەی لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە بکەن.

بە جۆرێک گرنگترین جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەیەی سەربازی، کە لەم بەرەیەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەوەیان بووە، کە لە سەرەتاکانی مانگی (حوزەیرانی ١٩١٦)دا ڕووی داوەو لە کۆتاییدا، هێزەکانی سوپای ڕووسیا سەرەڕای تێکشکانیان، بەناچارییەوە بەرەو ناوەوەی خاکی ئێرانی قاجاری بوونەوەو لە ئەنجامیشدا نزیکەی (٢٠٠) کوژراو و (٥٧) دیلیان کەوتە دەستی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانیەوە. بەڵام زیانەکانی سوپای دەوڵەتی عوسمانی خۆیان بریتی بووە لە نزیکەی (٨١) کوژراو لەگەڵ (٣٤٠) سەربازی بریندارو بێ سەرو شوێن. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە هەرسێ بەرەی جەنگی باشووری کوردستانیشەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وەک داکۆکی کردنێکی پێویست ڕووبەڕووی داگیرکەرانی ڕووسیا بوونەتەوەو زەرەرو زیانێکی زۆریان لێ داون، بۆ نموونە لە هەردوو بەرەی شارۆچکەی پێنجوێن بەڕێبەرایەتی شێخ مەحموودی حەفید (١٨٨٢- ١٩٥٦) و لەم لاشەوە دانیشتوانی ناوچەی (عەلیاوا) ی شاری خانەقین، بە ئەوپەڕی جەسارەت و توانایانەوە دژی داگیری کاری ڕووسیا جەنگاون و بەرگریان لە خۆیان و ناوچەکەی خۆیان کردووە. تەنانەت کەسایەتیەکی وەک عەلی ئاغا (١٨٥٣- ١٩١٦) ی برا گەورەی وەلی ئاغای باجەڵانیش (١٨٥٥ — ١٩٣٠) یەکێک بووە لەوانەی، کە بەرانبەر بە داگیرکاری ڕووسیای قەیسەری لە ناوچەی (بنکوورە) ی شاری خانەقین و لە سەر ئاوی باڵەجۆی ئێستاوە ڕووبەڕوویان بۆتەوەو دوای بەرگریەکی بێ وێنە پاشان لەگەڵ شێخ شەریفی شەهیدو سێ هاوەڵێکی تریدا دەکوژرێن و دواتریش لەلایەن دانیشتوانی ناوچەی بنکوورەوە تەرمەکانیان لە پشتی مەزاری (ئیمام محەمەد)ەوە دەنێژرێن.

کەچی لەولاشەوە هێزەکانی بەریتانیای گەورە، دوای داگیرکردنی شاری بەغداد، لە بەرەبەیانی (١٧ی مارتی ١٩١٧) داو بەتایبەتی بەسەرکایەتی جەنەراڵ ستانلی مۆد StanleyMaude Sir (١٨٦٤- ١٩١٧) و هەروەها پێشڕەوی کردنی زیاتریان بەرەو ناوچەکانی لیوای دیالە و داگیرکردنی ناوەندی شاری بەعقوبە لە (١٨ی مارتی ١٩١٧)دا، بەسەرۆکایەتی جنەراڵ ئەدوەردز، هەروەها ئەو هێزە سەربازیانەی بەریتانیاش، کە لە ناوچەی بەعقوبەو دەوروبەریدا بەسەرۆکایەتی جنەراڵ (کیری) کۆیان کردبوونەوە بەسەریەکەوە پێکهاتبوون لە نزیکەی: یەک لیوای سوارە، دوو لیوای پیادە، لەگەڵ (٢٤) تۆپی گەورەو (١٥٠) گالیسکەی سەربازی. بەڵام سەبارەت بەداگیرکردنی شارۆچکەی شارەبان (مقدادیە)ی ئەوکاتە، لە سەرەتادا نەیانتوانیوە بەتەواوی دەستی بەسەردا بگرن، لە (٢٣ی مارتی ١٩١٧) دا نەبێت، ئەمەش بە زۆری دوای ئەوە هاتۆتەدی، کاتێک ئەو کەرتە سەربازییەی دەوڵەتی عوسمانی لە کاتی شەودا، لە ناوچەکە کشابوونەوەو هاوکات کەوتنە ئەوەی هێزەکانیان لە دەوروبەری حەمرین و شاری (خانەقین) دا کۆبکەنەوەو دواتر بکەونە ئەوەی لێرەوە بنکەی سەربازی بە هێز و تۆکمە، بۆ داکۆکی کردن لە خۆیان لێ بدەن. بەڵام ئەو هێزە سوپاییەی، کە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی کۆیان کردبوونەوە، بە سەریەکەوە پێک هاتبوون لە نزیکەی: (٦٠٠٠) پیادە و سێ سریەی سوارە، لەگەڵ (٢٨) تۆپی گەورەدا. هەرچی هێزەکانی بەریتانیاش بوون، بە سەریەکەوە لە نزیکەی (٤٦٠٠) سەربازی پیادەو (٢٦) تۆپی گەورە پێکهاتبوون، ئەوەبوو فەرماندەی سەربازی بەریتانی لەم سنوورەدا، هێزەکانیان دابەشکردبووە، بە سەر دووبەرەداو کاتێک هێرشەکانیان لە (٢٥ی مارتی ١٩١٧)دا، بۆ سەر هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەست پێکرد، هەرچەندە هێزەکانی عوسمانی توانیان بەرگریەکی گەورەی بێ وێنە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بکەن، تا ئەوکاتەی هێزەکانی بەریتانیا توانیان، باشووری حەمرین لە ڕێکەوتی (٣٠ ی مارتی ١٩١٧) و شارۆچکەی (قزرەبات) لە ڕێکەوتی (١ی نیسانی ١٩١٧)دا، داگیربکەن، هەرچەند لەلایەکی تریشەوە هێزەکانی بەریتانیا چاوەڕوانی ئەوەبوون، کە هێزەکانی ڕووسیای هاوپەیمانیان لە ناو خاکی ئێرانی قاجارییەوە بگەنە شاری خانەقین، کەچی نەیانتوانی لە کاتی دیاری کراوی خۆیاندا بگەن. تا ئەوکاتەی هێزەکانی ڕووسیا لە (١ی نیسانی ١٩١٧) دا، بۆ جارێکی دی توانیان دەست بەسەر شاری (خانەقین)دا بگرنەوە، ئەمەش زیاتر لەئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی عوسمانی هاتەدی، کە شارەکەیان چۆڵکرد و پاشان لە شکری داگیرکەری ڕووس بە ئارەزووی خۆیان، کەوتنە گیانی دانیشتوان و تاڵانکردنی شارو لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی توندو تیژیان بەرانبەر بە کۆمەڵانی خەڵک نواندووە. بەڕادەیەک هەروەک ڕەوەکوللە کوردستانیان وێران کرد، تا ئەو ڕادەیەی، کە خەڵکی کورد ناچاربوون هاوکاری تورکی دوژمنیان بکەن بۆ دەرکردنیان. بەڕادەیەک تاڵانی ڕاو

ڕووتکردنی لەشکری داگیرکەری ڕووس تەنها ناوەندی شاری خانەقینی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئەوان زۆر بێ بەزیانەش کەوتوونەتە گیانی هاوڵاتیان و دێهاتەکانی دەوروبەری و گوندەکان لە مێگەل و گاگەلیان ڕووتکرابوونەوەو بەبڕی زۆریش لە سنوور ئاودیو دەکران، وەک ئەوەی: ((گشت دانەوێڵەکانی دەوری شاری خانەقین، بەبێ ئەوەی هەقەکەیان پێبدرێ، بڕدرابوون و لە ناوبرابوون، ڕووسەکان بەردەوام داوای خۆراکیان دەکرد، سەرەڕای ئەوەی کارەکەیان ئەوەندە قورس کردبوو کۆمەڵانی خەڵک نەتوانن خواردنیان بۆ دابین بکەن..)). وەک ئەوەی راپۆرتە بەریتانیەکان جەخت لەسەر ئەوەش دەکەنەوە: ((نانی گەنم دەست نەدەکەوت، جگە لە دەوڵەمەندەکان خەڵک هەموو بێ دەرامەت و دەستکورت بوون)). ئیدی جگە لە دەسبەسەراگرتنی ئەو سەرچاوە خۆراکیانەشی، کە بۆ فرۆشتن دادەنران، ئەفسەرانی ڕووس ((ماڵ بە ماڵ دەگەڕان بۆ داواکردنی خواردنی زیاتر)) و هەروەها سەرچاوەی باخ لە خانەقین و دەوروبەریدا کەشتێکی تربوون لە داهاتی دانیشتوانی ناوچەکە کەچی ڕووسەکان کەوتوونەتە ئەوەی، کە سەرچاوەکانی ئاودێریان لێ ببڕن و لەگەڵ ئەوەشدا ((گەشە پێدانی باخ کە سامانی سەرەکی ناوچەکە بوو، وەستێنرا و رازی نەبوون ڕێگە بەدانیشتوان بدرێت ئیش لەسەر ئەودارانە بکەن)). تەنانەت سیاسەتێکی لەم بابەتەش بۆتە مایەی ئەوەی، کە دانیشتوانی ناوچەکە لە ئاوی سیروان بپەڕنەوەو بەناچارییەوە ((پەنا ببەنە بەر تورکەکان لە ناوچەی کفری بۆ دالّدەدانیان)). بۆ نموونە ئەم وێرانکاری و تالآنیە تەنها شارێکی وەک خانەقین و دەوروبەری نەگرتەوە، بەڵکو لە شارێکی وەک پێنجوێنیشدا، وەک ئەوەی میس بیڵ لە نامەیەکی (١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢١)دا، کە بۆ باوکی ناردوویەتی و لە بارەی شاری پێنجوێنەوە دەنووسێت: (کاتێک دەچیتە ناوشارەکەوە، یەکپارچە کارەساتە، لە هەموو لایەکەوە وێرانەیی لە ڕووس بەجێ ماوە، لێرە تەنها نیوەی خانووەکان بە پێوە ماون، بازاڕ پەیکەرە ئێسکێکی بێ ساپیتەیە، قەیسەریەجوانەکە، خانووی ناو بازاڕ هەمووی کەلاوەیە، حەمامەکان و مزگەوتەکان کە مۆرکی جوانی شاربوون، نیوەیان ڕووخاون، ڕووس هەرچی ئاژەڵ و ماڵاتیان هەبووە کوشتویەتی یان بە تالآنی بردووەو خەڵکەکە شتێکی وای بە دەستەوە نەماوە، سەد حەیف و مەخابن). وەک ئەوەی لە هەرشوێن و ناوچەیەکدا، کە دەستی داگیرکەرانی ڕووسی پێ گەیشتبوو بارودۆخێکی ترسناکی ئەوتۆش وای لە هۆزەکانی ناوچەی خانەقین و دەوروبەری کرد، کە بە هەموویانەوە مەزبەتەیەک ئیمزا بکەن و تیایدا داوایانکردووە، بخرێنە ژێر پارێزگاری حکومەتی بەریتانیاوەو لەلایەن ئەو نوێنەرانەوە حوکم بکرێن، کە خاوەن شکۆ جۆرجی پێنجەم (١٨٦٥ - ١٩٣٦) دەستنیشانیان دەکات، مەزبەتەکە هێزو کاریگەرییەکی تایبەتی هەبووە و هاوکات باسی لەو دەردو دوو و بڕۆیانەش مەینەتیانەش کردووە، کە لەلایەن باندەکانی تورکەوە بەسەریاندا هاتبوو و گرفتاری بوو بوون، هەروەها

مەزبەتەیەکیش بە هەمان ماناو بەهەمان شێوە لە مەندەلییەوە هاتووەو لەلایەن شێخ و پیاوماقووڵانی ئەوێوە ئیمزاکراوە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش داگیرکاری ڕووس و هاتنیان بۆ ناوچەکە کاریگەریی تەواوی لەسەر کێشە سنووریەکان و هەموو هۆزەکانی ناوچەکەش هەبووە، بەتایبەتی هۆزە سنووریەکانی ژێر فەرمانڕەوایەتی ئێرانی قاجاری: ((لەسەر ئەو جوتیارانەی لەسەر وەختی داگیرکردنی ڕووسەکاندا لە قەزای خانەقین هەڵاتوون و لەئێران نیشتە جێ بوون و خەریکی ئاژەڵداری و کشتووکاڵکردن بوون)). هەرچەندە کاتێک دواتریش جۆرێک لە سەقامگیری گەڕاوەتەوە ناوچەکە و ویستوویانە بگەڕێنەوە بۆ ناوچە داگیرکراوەکانیان. بەڵام لە بەرئەوەی هاوکاری کردنی جووتیارەکان لە هەردوو بەری سنوور زۆر لە پێویست کەمتر بووە، بۆیە سەرۆک هۆزە ئێرانیەکان نایانەوێت ڕێگەی گەڕانەوەیان بدەن بۆ ئەوەی هەر لە خزمەتیاندا بن لەوێ. کەچی لەلایەکی ترەوەو لەدەرئەنجامی ئەو بشێویەی، کە جەنگی یەکەمی جیهانی لەگەڵ خۆیدا هێنای ڕێگای بۆ ئەوە فەراهەم کرد، کە هۆزێکی وەک وەڵەدبەگی لە سنووری ئێرانەوە بپەڕنەوە بەم دیوداو چەندین گوندیان لە ناوچە داگیرکراوەکان تاڵانکرد، هاوکات هۆزێکی ناسراوی وەک سنجاویش بەعادەت کە هەمووساڵێک دەپەڕنە ئەم دیوودا، لەم سەروبەندەدا قۆرخی بەرپابوونی جەنگیان کردووەو ((بێ ئەوەی باجی کۆدەی سەرانە بدەن))، ئەمساڵ بەزەبری هێز هاتوونەتە خوارەوەو ئاژەڵەکانیان دەلەوەڕێنن. جگە لە هەمووئەوانەش ڕاپۆرتی کارگێڕی قەزای خانەقینی بەریتانی لە ساڵی (١٩١٩)دا، جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە، بارودۆخی هۆزەکانی ناوچەی خانەقین و دەوروبەری بەئاسایی ماونەتەوە. بەڵام لە مانگی مایس بەدواوە بەشی باکووری قەزاکە تاڕادەیەک ئاژاوەو پشێوی تێکەوتۆتەوە، ئەمەشیان زیاتر بە هۆی بەرپابوونی ڕاپەرینی شێخ مەحموودەوە بووە لە لیوای سلێمانی دراوسێیدا و بە هیچ شێوەیەک هۆزە کوردەکانی قەزای خانەقین نەچوونە پاڵ ئەم بزوتنەوەیەو قایلبوونی خۆیان دووپات کردەوە، کە لەپاڵ حکومەتدا بن.

**تەوەری دووەم**

**بارودۆخی گەرمیان و ناوچەی خانەقین**

**لە ڕۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانی و ململانێی وڵاتانی داگیرکەر (١٩١٤- ١٩٢٠)**

هەر لەم ماوەیەش بەدواوەو بەتایبەتی لە سەرەتاکانی (ئایاری ١٩١٧)دا، هێزەکانی ڕووسیا دوای داگیرکردنی شارۆچکەی (قزڕەبات) کەوتوونەتە ئەوەی، کە لە ڕووباری (سیروان) بپەڕنەوەو هێرش بکەنە سەر شاری سەڵاحیە (کفری) و ناوچەکانی دەوروبەری. بەڵام ئەو هێزانەی دەوڵەتی عوسمانی، کە تا ئەوکاتەش لە دەوروبەری شاری کفریدا مابوونەوە، ڕێگەی پێشڕەوی کردنیان لێ گرتوون و ناچاریانکردوون، کە لە دەوروبەری

شارو ناوچەکە بکشێنەوە. هەرچەندە هێزەکانی سوپای عوسمانی توانیویانە دووبارە لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا دەست بەسەر شارو شارۆچکەکانی قزرەبات و شارەباندا بگرنەوە. هەرچەندە لەلایەکی ترەوەو پێشتریش هێزەکانی ڕووسیای داگیرکەر توانی بوویان لە دووقۆڵ و ناوچەی جیاوازی (مەیدان- پێواز- باوەنوور)ەوە، بە مەبەستی داگیرکردنی (قەڵای شێروانە)ی مێژوویی پێشڕەوی بکەن، وەک ئەوەی لەڕێکەوتی (٩ی مایسی ١٩١٧)دا، توانیان دەستی بەسەردا بگرن و وەک بنکەیەکی سەربازی بەکاری بهێنن. سەرەڕای داگیرکردنی ناوەندی شاری خانەقین بۆ ماوەیەک و تاڵانکردنی لەلایەن لەشکری داگیرکەری ڕووسەوە، بەڕادەیەک هەڵسوکەوتی داگیرکەرانی ڕووس ناڕەزاییەکی زۆری ناوەتەوەو هاوکات هەڵاتنی بەشێک لە دانیشتوانەکەی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و هەروەها هەڵاتنی کەسایەتی ناسراوی ناوچەکەو شاری خانەقین مستەفا پاشای باجەڵان (١٨٤١- ١٩٢١). بۆ شاری بەغداو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاو مانەوەی وەک میوانێک لای فەرمانڕەوایانی بەریتانیاو بۆ ئەوەی کێشەی ناوچەکەو هاوڵاتیانی شارو ناوچەکە بخاتە بەردەم دەسەڵاتدارانی ئینگلیز. جگە لە هەڵاتنی خێزانەکەشی، کە بەهاوکاری و پارستنی گروپێک لە ئەندامانی هۆزی (باجەڵان) بۆ (چیای باخچەو قەتار) ی باشووری شارو دەست بەسەراگرتنی ماڵەکەی لەلایەن هێزەکانی ڕووسیاوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا مستەفا پاشای باجەڵان، کاتێک بەناچارییەوە پەنای بردۆتە بەر فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لەشاری بەغدا، کەچی ئەوانیش بەردەوام دڵیان لێی کرمێ بووەو زۆر بەقێزەونیەوە سەیریانکردووەو ڕێزیان لێگرتووە، وەک ئەوەی سکرتێرەرەی ڕۆژهەڵاتی بەریتانی گێرتروود بێڵ لە دووتوێی نامەیەکی (شەخسی و نهێنی) خۆیدا و بەتایبەتی لە ڕێکەوتی (٩ی مایسی ١٩٢٠)دا، لەبارەی مستەفا پاشای باجەڵان و خێزان و خانەوادەکەیەوە دەنووسێت: ((ڕۆژی هەینی مستەفا پاشای باجەڵان سەردانی کردم و زۆر لام دانیشت، ئەی. تی. ویڵسۆن نامەیەکی توندی بۆ ناردبوو و ئاگاداری کردبوو، کە هەقی بەسەر هیچەوە نەبێت و بچێت بەلای کاری خۆیەوە، لەبەر ئەوەی مستەفا پاشا تکای بۆ ئەم و ئەو کردبوو، بەڵام وەڵامەکە بەتەواوی ڕوو شکێنییەکی ناپێویست بوو. داماوە مستەفا پاشا بۆ پۆزش هێنانەوە لە ڕێگەی منەوە و دەیوت پێی بڵێ کەوا ((انکسر خاگره))، واتە خاتری نەگرتووم و شەرمەزاری لای خەڵکی کردووم. دوێنێ ژنەکەشی هاتە لام چایەکم لەگەڵ بخواتەوە و تا دوای ڕەمەزان ناڕواتەوە بۆ خانەقین و هەر لە بەغدا لە ماڵی باوکی دەمێنێتەوە ئەگەر پاشا مۆڵەتی بدات، ژنێکی ژیرو ئاقڵەو دەزانێت چۆن دڵی مێردەکەی ڕازی بکات)). چونکە هەر لە داگیرکردنی شاری بەغدا بەدواوە لە لایەن بەریتانیاوەو لە ڕێکەوتی (١١ی مارتی ١٩١٧) دا، بەریتانیەکان کەوتوونەتە هەوڵی ئەوەی کە چۆن پەیوەندی بە کوردەکانەوە بکەن، یەکێک لەوانەش مستەفا پاشای باجەڵان بووە لە ناوچەی خانەقین، کە دواتر لەلایەن

فەرماندەی تورکی عەلی ئیحسان پاشاوە چۆن هەڕەشەی لێکرا بەوەی کە هەندێ نامەی مستەفا پاشای دەست کەوتبوو، کە بۆ هێزەکانی بەریتانیای ناردبوو لە نزیک شارەبان (مقدادیە) و عەلی ئیحسان پاشاش لای خۆیەوە بەڵێنی تۆڵەکردنەوەی لێ دابوو. پاشان هەر لێرەش بەدواوە بەشێکی دی لە هێزەکانی ڕووسیای داگیرکەری سیزاری تاڕادەیەک، خۆیان دەگەیەننە ناوچەی گەرمیان و بەتایبەتی دەشتی شێروانەو دەوروبەری گوندی کەلاری کۆنی ئەوکاتەو بۆ ماوەیەک داگیری دەکەن، تەنانەت مزگەوتی گوندەکەشیان وەک بارەگایەک و وەک بنکەیەکی سەربازی بەکاردەهێنن، هاوکات بە پێی گێڕانەوەی عەبدولقادری کوڕی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی، کە بنەماڵەکەی بۆیان گێڕاوەتەوە، لە سەربانی مزگەوتەکەشەوە سەرکردەیەکی سەربازی ڕووسی لە ڕێگای دەزگای تایبەتەوە چاودێری جوڵانەوە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی کردووە لە ناوچەکەدا، بەڵام کاتێک بە ڕێکەوت تۆپێکی هێزەکانی عوسمانی لە ناوچەی (سەید خەلیل) ەوە، لە نزیکی مزگەوتی ئەوکاتەی کەلارەوە دەکەوێت، بنکە سەربازیەکەی سوپای ڕووس بە ناچارییەوە گوندی کەلار بەجێ دەهێڵن و لە ناوچەکە دەکشێنەوە، بەوەی کە وا لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو بووەوە، کە وتوویانە: ((عوسمانی گیلدی)) واتە عوسمانی هاتنەوە. هەرچەندە ئەوان پێشتر و لە ڕێگای پرۆسەی سەربازیانەوە، بەردەوام بوون، لە ڕاوە دوونانی زیاتری هێزەکانی سووپای عوسمانی، کە بەرەو شاری کفری و لە لایەکی تریشەوە بەرەو ناوچەی (سەید خەلیل) ی باکووری کەلاری ئەمڕۆ دەبوونەوەو لەگەڵ ئەوەشدا بنکەی سەربازی و هێڵی داکۆکی کردنیان تیا لێ دەدا. هەروەها لەو دەمانەشدا بەشێکی زۆری دانیشتوان و خەڵکی کەلاری ئەوکاتەو دەوروبەری لە تاو هێرش و ترس و تۆقاندنی هێزی داگیرکاریی ڕووسیا هەڵدەهاتن و گوندو ناوچەکەی خۆیان چۆڵ کردووە. هاوکات هەندێک سەرچاوەتریش باس لەوە دەکەن، کە چۆن زۆرێک، لە کەسایەتی و دانیشتوانی ناوچەکەش وەک غەزاکردن و داکۆکی کردنێک لە ناوچەکەی خۆیان ڕووبەڕووبونەوەی هێزی داگیرکاری رووسیا جەنگاون لەوانە: کەسایەتیەکی وەک شێخ محەمەدی کوڕی شێخ سەعیدە ڕووتەی شاکەلی (؟- ١٩١٩)، کە لە ناوچەی گەرمیان و لە گوندێکی ئاوەدانی (٧٠ - ٨٠) ماڵەی وەک شاکەلی ئەو سەروبەندەدا ژیاوەو هاوکات هەموو پێداویستیەکی ژیان و گوزەرانی وەک: تەکێ، مزگەوت، مودەڕیس، تەلەبە، ئاش و نیشتەجێ بوونی تیا دەستەبەر بووە. وەک ئەوەی بەپێی وردەکاری و گێڕانەوەی یاداشتەکانی شێخ ئەحمەدی شاکەلی کوڕییەوە (١٩٠٢- ١٩٨٢). کە لە درێژەیدا نووسیویەتی: ((کاتێک حەربی عالەمی دامەزرا و جیهاد گەیشتە ئەم مەنتیقەیە و ڕووس و ئینگلیز لە دوولاوە دەستیان دایە شەڕ، ئۆردووی تورک مەقابل بە سیروان دامەزرا، حکومەتی عەسکەری تورک (شێخ محەمەد) یان بە ڕەئیسی موجاهدین قەراردا و هەر لە (قەرەبڵاخ) ەوە تا (باوەنوور) لەو سوئال ئەکرا و تەقریبەن بوو بە قائیدێکی

عەسکەری)) ئەوتۆ. کە بتوانێت لەگەڵ یاوەرانیدا شانبەشانی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە لە شکری داگیرکەری ڕووسیای سیزاری لەم بەرەیەی باشووری کوردستان و گەرمیانەوە بجەنگێت، بەڵام دواترو لەبەر شکست و بێ هیوابوونی لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و لەگەڵ داهاتنی بارودۆخی نەهاتی و گرانی لە ناوچەی گەرمیان و شاکەلدا، بەناچارییەوە لەگەڵ بەشێک لە کەسوکاروخزمانیدا، پەنا ئەبەنە بەرناوچە سنووریەکانی هۆزی (وەڵەدبەگی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەرکە بەماوەیەک دواتریش دەگەڕێنەوە ناوچەی گەرمیان و کەلار، لە تاو لێشاوی تاڵانی و گرانی و چۆڵ بوونی ناوچەی شاکەل و بە مەبەستی چارەسەرکردنی بارودۆخی خۆی و ناوچەکەی بڕیاردەدات: ((کە راساو ڕاس بچێ))، سەردانی شاری خانەقینی ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی بەریتانیاو ((ئینگلیسی ناپاک)) بکات و چاوی بە (مێجەر سۆن) ی حاکمی ئەو کاتەی شاری خانەقین بکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا وەک کەسایەتیەکی سەر بە ئینگلیزو تەنانەت ((مومەسیلێکی حکومەت دەگەڕێتەوە)) و هاوکاری پێویستی دەکەن بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەی لە شاکەل، کە شێخ ئەحمەدی شاکەلی کوڕی بە: ((چۆڵ و کەلاوەو کلۆڵ)) باسی لێوە کردووە. هەرچەندە بەتەواوی هەمووکارو پلانێکی بۆ نابرێتە سەرو بەساڵێک دوای کۆتایی هێنانی جەنگی جیهانی یەکەم، کۆچی دوایی دەکات و لە مەزاری شاکەلیەکان دەنێژرێت. بەڕادەیەک ئەم قسەڕۆیشتوویەی شێخ محەمەدی شاکەلی لای فەرمانڕەوایان و: ((بەرپرسانی سیاسی ئینگلیز لە قەسری شیرین)) و شاری خانەقین و ناوچەکەدا، وای لە بەشێک لە هۆزەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەکات، کە لە ڕێگای ئەوەوە گرفت و کێشەکانی خۆیان بگەیەنن بەکار بەدەستانی ئەوکاتەی ئینگلیز لە ناوچەکەدا، بەجۆرێک سەبارەت بەم بەشداری کردنەی شێخی شاکەلی و بەتایبەتی لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و لایەنگیری و قسەڕۆیشتوویی: ((لای ئینگلیزەکان و هەروەها چۆنێتی کارکردن و پەیوەندی ئەوەوە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا))، کەسایەتیەکی وەک عەلی ئەکبەر خانی سنجابی واتە سەردار موقتەدەر (١٨٧٢- ١٩٣٥) زۆر بەڕوونی لە چوارچێوەی بیرەوەریەکانی خۆیدا، کە بەزمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە، لە چەند شوێنێکی جیاوازیدا، ئاماژەی بۆ کردووەو هەر لەم ساڵانەی دوایشدا دکتۆر حەسەن جاف بیرەوەرییەکانی ناوبراوی بە شێوازێکی ڕێک و پێک وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

هەر لەو دەمانەشدا کۆمەڵێک کەسایەتی تری وەک سەید ئەوڕەحمانی سەید کەریمی تازەشار و سەید کەریمی سەید عەبدولڕحمانی غێدان لە ناوچەی (بنکوورە). تەنانەت یەکێک لەو کەسایەتیانەشی، کە هەر لە ناوچەی گەرمیان و لەم سەروبەندەدا، بەناوی جیهادو بەرگریکردنەوە، بە دەستی لەشکری داگیرکەری ڕووس لە ناوچەی گەرمیاندا کوژرابێت، ئەویش شێخ ساڵحی کوڕی شێخ محەمەد ئەمینی بەرزنجی (١٨٧٠- ١٩١٥) بووە. کە بەشێخ ساڵحی شەهید و زۆرجاریش لە نێو دانیشتوانی گەرمیان و شاری کەلار

دا بە: ((شێخ ساڵحی غەزائی)) ناسراوە، بەوەی کە لە غەزاکردنی دژ بە لە شکری داگیرکەری ڕووسدا کوژراوەو تەنانەت گۆڕو ئارامگاکەشی دەکەوێتە گۆڕستانی گوندی (بەرلوت)ەوە، لە سەرووی شاری کەلاری ئەمڕۆدا، هەروەها بەشێک لە بە ساڵاچوان و خەڵکی ناوچەکە باس لەوەش دەکەن، کە گوایە لەشکری داگیرکەری ڕووس هەر بە دەسماڵەکەی ملی خۆی خنکاندبێتیان.

کەچی لەلایەکی ترەوەو نووسەرێکی بەڕەگەز جوولەکەی عێراقی وەک میر بەسری (١٩١١- ٢٠٠٦) لای خۆیەوە باسی لەوەشکردووە، بەوەی کەسایەتیەکی وەک داود بەگی جاف (١٩٠٤ — ١٩٦٦) لە کەلارو ناوچەی گەرمیانی ئەوکاتەدا، هەر بەلایەنگیری هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە لە شکری ڕووسی لە سنووری ئێرانەوە جەنگا بێت. هەرچەندە ئەم بۆچوون و تۆمارکردنە مێژووییەی میر بەسری، بۆ خۆی جۆرێک لەگومان و لێکدانەوەی وردی مێژوویی هەڵدەگرێت، بەوەی کەسێکی وەک خوالێخۆشبوو داود بەگی جاف لەو ماوەیەدا، تەمەنی هێندە نەبووە، کە بتوانێت لە پرۆسەیەکی سەربازی ئەوتۆدا بەشداری بکات و دژی هێزەکانی ڕووسیا بێتەوە، هەرچەندە لەلایەکی تریشەوە میر بەسری ساڵی لە دایک بوونی داودبەگی بە ساڵی (١٨٩٤) دەستنیشانکردووە. جا ئەگەر ئەمەشیان دروستربێت لەبارەی ساڵی لە دایک بوون و تەمەنیەوە ئەوا تاڕادەیک ئەوگومانە کەمتر دەکاتەوە.

هەرچەندە لەلایەکی تریشەوە ئەو هێزە سوپاییەی عوسمانیی، کە بە ڕێبەرایەتی جنەراڵ عەلی ئیحسان پاشای عوسمانی لە دەوروبەری شاری کفری ئەوکاتەدا بوونەو نەیان هێشتووە هێزەکانی ڕووسیای سیزاری لەوە زیاتر پێشڕەوی بکەن و بیان گەڕێننەوە. واتە لێرە بەدواوەو تا کاتی بەرپابوونی شۆڕشی (ئۆکتۆبەری ١٩١٧)، کە ڕووسیای سیزاری بەتەواوی لەڕیزی وڵاتانی هاوپەیمان و لە پرۆسەی جەنگی یەکەمی جیهانی هاتوونەتە دەرەوەو بە یەکجاری ناوچەکەیان بەجێهێشتوە، بەڵام وەکتر لێرە بەدواوە ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقین و دەوروبەری تا ئەوکاتە بوو بوون بە دووبەشی سەرەکیەوە، بەوەی هێزەکانی بەریتانیای گەورەو ڕووسیا لە دەوروبەری شاری خانەقین بوون و ڕووباری سیروان وەک سنوورو وەک هێڵێکی تەماسی یەکلاکەرەوە بووە لە نێوانیاندا و تەنانەت تا ئەوکاتەش تیرە جیا جیاکانی هۆزی گەورەی جاف لە باکوری قەزای خانەقینەوە هاتوونەتە خوارەوە بۆ لەوەڕ خۆری و لە هەردوو بەری ڕووباری سیرواندا. هەروەها هێزەکانی سوپای عوسمانیش تا ئەوکاتە توانیویانە دووبارە دەسەڵاتی سەربازی خۆیان بۆ سەر سنوورەکانی ڕووباری سیروان بگێڕنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانی هەڵاتووی هەردوولایەن پەنایان بۆ لایەنی دووەم بردووە. کەچی هێزەکانی بەریتانیاش بە هۆی سیاسەتی فراوانخوازی و مەیدانخوازی بەردەوام و ململانێی نێوان سوپای عوسمانی لەلایەک و پاشماوەکانی لەشکری ڕووسیاوە تا

دەوروبەری (کانوونی یەکەمی ١٩١٨) نەیان توانیووە ئیدارەیەکی مەدەنی سەربەخۆ لە شارێکی وەک خانەقینی ئەوکاتەدا پێکەوە بنێن، سەرەڕای ئەوەش شارەکەش بۆ خۆی بە دەستی کۆمەڵێک کێشەی جۆر بەجۆرەوە تا ئەوکاتە ناڵاندوویەتی. یەکێک لەوانەش کێشەی ئیداری بووە بۆ تەواوی شارو شارۆچکەکانی ناوچەکە، کە دواتر هەمووی لەلایەن کاربەدەستانی بەریتانیاوە ڕێکخراونەتەوەو هەریەکەو حاکمی تایبەت بەخۆیان بۆ دەست نیشانکراوە. هەروەها لێرە بەدواوەو بەتایبەتی لە هەردوو ساڵی (١٩١٨) و(١٩١٩) دا، ئینگلیزەکان بەوردی توانیویانە شاری خانەقین لە ڕووی ئیدارییەوە ڕێکبخەنەوەو هەموو دامو دەزگایەکی پێویستی وەک: دادوەری، لیڤی و پۆلیس، کشتوکاڵ، ئاودێری، داهات، تاپۆ، پەروەردەوخوێندن، شارەوانی، نەخۆشخانەو دەرمانخانە، فرۆکەخانە، پۆستەو تەلەگراف، گومرگ.....تاد تیابکەنەوەو جگەلەوەش توانیویانە لە داهاتی شارو دەوروبەری موچەی هەموو کارمەندو فەرمانبەرەکانی ئەو ئیدارەیە دەستەبەر بکەن، سەرەڕای کردنەوەی دام و دەزگای پێویست لە هەدوو شارۆچەکەی (قزڕەبات) و (مەندەلی) ئەوکاتەدا.

وەک ئەوەی لە سەرەتاکانی داگیرکردن و پێکهێنانەوەی ئیدارەی شارێکی وەک خانەقیندا، ماوەیەک، فەرماندەی سەربازی بەریتانی (مێجەرگۆڵد سمس H. A. Goldsmith) کرایە حاکمی شارو، دواتریش مێجەر سۆن Ely banister soane (١٨٨١ – ١٩٢٣) حاکمیەتی شاری خانەقینی گرتۆتە ئەستۆوە. هاوکات دوای کۆتایی هێنانی ڕاوێژکاری مێجەر نۆئێل (١٨٨٦- ١٩٧٤) لە ماوەی حوکمداریەتی یەکەمی شێخ مەحمووددا، لە کۆتایی کانونی یەکەمی (١٩١٨)دا مێجەر سۆن، جێگای دەگرێتەوەو لەو حوکمداریەتەش بەدواوە لە ڕێکەوتی (١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩)، سۆنیش دوای دوو ڕۆژ گەیشتەوە سلێمانی و بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ بەڕێوەبردن و کاروباری باشووری کوردستانی لە شاری سلێمانیدا لە ئەستۆ گرتووە.

تەنانەت هەرلەو ڕۆژگارو ماوەیەشدا بووە، کە ژیان و بارودۆخی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی وا هەڵدەسووڕێت، کە بنەماڵەیەکی ناسراوی وەک: مەلا محەمەد مەعسومی کوڕی مەلا خدری هەورامی (١٩٠٠ – ١٩٦٤) یش، بۆ ماوەیەک، لە تاو سیاسەتی ڕەشبگیری و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی عوسمانی و بەتایبەتی لەسەرگرتن و ڕاپێچکردنی محەمەد جەمالی برا گەورەیان بۆ بەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ڕیزی سوپای عوسمانیدا، لەگەڵ (ڕەحیمەخانی کچی حاجی فەقێ مەحموود). واتە دایکیان و هەردوو براگەورەکەی محەمەد جەمال و محەمەد جەمیل و خوشکێکی بێوەژنیاندا، بەناوی (حەبیبە) وە، کە دواتر مێرد دەکاتەوە، بە پیاوێک لە شاری خانەقیندا بە ناوی (خەسرەو قەساب) وە. ئەمانیش، کە هاتوونەتە شاری خانەقینی ئەو کاتەی ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی بەریتانییەوە،

بەجۆرێک مەلا محەمەد مەعسومی برابچووکیان، کە لەو دەمانەدا بڕوانامەی قوتابخانەی ناوەندی (دار الخلافه) عوسمانی شاری کەرکووکی ئەبێت و هاوکات کەسێکی شارەزاو زمانزان بووە، بەتایبەتی لە: عەرەبی، تورکی، فارسی و زمانی فەرەنسی دا، بە جۆرێک لە کاتی دووبارە پێکهێنانەوەی شاری خانەقین لە ڕووی بەڕێوەبردنی ئیداریی و لەلایەن ئینگلیزەوە، ئەمیش لەبەر باری خوێندەواریی و شارەزاییەکەی بۆ ماوەیەک، لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانییەوە لە شاری خانەقینی ئەوکاتەدا، دەکرێتە جێگری بەڕێوەبەری شارەوانی شاری خانەقین. بەڵام هەر کە لە ساڵانی دواتردا بارودۆخ دەگۆڕێت و شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی دێت، دووبارە لەسەر ڕاسپاردەی ڕەحیمە خانی دایکیان دەگەڕێنەوە بۆ شاری کۆیە.

بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی کارگێڕی لیوای دیالەو قەزای خانەقینی ساڵی (١٩١٩) دا، لە کۆتاییەکانی ئەم ساڵەدا خانەقین ئیتر وەک بنکە یان بارەگای سەرەکی نامێنێت و لەگەڵ باقووبە دا یەکدەگرن و دەکرێنە یەک ناوچەو ئەم پێکهاتە نوێیە بە ناوچە یان (لیوا) دەناسرێت و بارەگای سەرەکیش لە باقووبە دەبێت و بەم پێیەش سنوورەکانی قەزای خانەقینیش کەمدەکرێتەوە. بەڵام حاکمە سیاسیەکانی (بەریتانی) شاری خانەقین و جێگرەکانیان و تەنانەت بەرپرسی لیڤی، گومرگ، پزیشکی نەشتەرگەری و کاروباری دادوەری هەموو لە فەرمانڕەوایانی ئینگلیز خۆیان دەبن و حاکمە سیاسیەکانی شار لەماوەی فەرمانڕەوایەتیاندا، بەزۆری هەریەک لەم کەسایەتیانەی خوارەوە بووە:

| | | |
|---|---|---|
| ١- مێجەر م. هایلز | حاکمی سیاسی | تشرینی یەکەمی ١٩١٨ — تەمووزی ١٩١٩. |
| ٢- کابتن ف. بانیستەر | لە جێگەی حاکمی سیاسی | مانگی تەمووز — ئابی ١٩١٩. |
| ٣- کابتن ر. لیڤی | لە جێگەی حاکمی سیاسی | ئاب — کانوونی یەکەمی ١٩١٩. |
| ٤- مێجەر م. هایلز | حاکمی سیاسی | کانوونی یەکەمی ١٩١٩. |

هاوکات دادگای شەرع و دادگای سوڵح لە هەرسێ شارو شارۆچکەکانی خانەقین و مەندەلی و قزڕباتدا هەموو لە ڕەگەزی عێراقین و پێدەچێت هەندێکیان کوردبوو بێتن لەوانەدادوەرانی شەرعی وەک: (عەبدوللەتیف ئەفەندی ڕاوی- خانەقین، سەید محەمەد ئەمین- مەندەلی، شێخ مستەفا ئەفەندی — قزڕەبات)، بۆ دادگای سوڵحیش هەریەک لەمانەبوون، کە لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩١٩) ی شاری خانەقینی ئینگلیزەکاندا ناویان هاتووە لەوانە: (فایەق ئەفەندی ئالووسی- خانەقین، سەید محەمەد ئەمین- مەندەلی، حاجی عەبدولقادر- قزڕەبات). بەڵام جێگرانی (حاکمی سیاسی) هەرلەم ماوەیەداو بۆ هەریەک، لە شارو شارۆچکەکانی خانەقین و مەندەلی و قزڕەبات، کە فەرمانڕەوایانی ئینگلیز خۆیان دەست نیشانیان کردوون، هەریەک لەم کەسایەتیانەی خوارەوەبوون:

**یەکەم / بۆ شاری خانەقین:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- کاپتن ر. لیفی | جێگری حاکمی سیاسی | تشرینی دووەمی ١٩١٨ — نیسانی ١٩١٩ |
| ٢- کابتن ف. بانیستەر | جێگری حاکمی سیاسی | نیسان — تەمووزی ١٩١٩ |
| ٣- کابتن ر. لیفی | جێگری حاکمی سیاسی | تەمووز — ئابی ١٩١٩ |
| ٤- کابتن ج. هۆریج | جێگری حاکمی سیاسی | ئەیلول — کانوونی یەکەمی ١٩١٩ |

**دووەم / بۆ شاری مەندەلی:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- کابتن ویلی | جێگری حاکمی سیاسی | کانوونی دووەم — مارتی ١٩١٩ |
| ٢- کابتن پ.ج ر ویگلی | جێگری حاکمی سیاسی | مارت — تشرینی دووەمی ١٩١٩ |
| ٣- کابتن دەبلیو تی. وریگلەی | جێگری حاکمی سیاسی | کانوونی یەکەمی ١٩١٩ |
| ٤- سەید بەهادور عەلی شاه | جێگری حاکمی سیاسی | کانوونی دووەم — کانوونی یەکەمی ١٩١٩ |

**سێیەم / بۆ شاری قزرەبات:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- کابتن ە. ج. م فلاکسمان | جێگری حاکمی سیاسی | کانوونی یەکەمی ١٩١٨-١٩١٩ |
| ٢- میرزا ئەحمەد دارا | جێگری حاکمی سیاسی | نیسان — کانوونی یەکەمی ١٩١٩ |

سەرەڕای دانانی بەرپرسانی لیڤی و گومرگ وپزیشکی و سیاسی و گشتی بۆناوەندی شاری خانەقین. کەچی لەلایکی تریشەوەو هەر لەماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و لە ناوچەی گەرمیان و کەلاری ئەوکاتەشدا، بۆ ماوەی حەوت مانگی تەواو کەسایەتیەکی وەک حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی ئیمام و مودەڕیسی مزگەوتی کەلاری کۆنی ئەوکاتە وەکو خۆی دەنووسێت: لەلایەن لەشکری داگیرکەری ڕووسەوە دەستگیرو دەست بەسەر دەکرێت و ئازارێکی دەروونی زۆری دەدەن، هاوکات کتێبخانە دەوڵەمەندەکەشی، کە ژمارەیەکی زۆر کتێب و دەستنووسی گران بەها و بایەخداری تیادا دەبێت، هەر لە گوندی کەلاری کۆن و گەرمیانی ئەوکاتانەدا، لەلایەن لەشکری داگیرکەری ڕووسەوە وەکو خۆی لەو بارەیەوە و لە میانی دەستنووس و چوار نامەی زۆرگرنگ و بایەخداریدا، کە دواتر بە زمانی فارسی و عەرەبی بۆ هەریەک لە: کەیخەسرەو بەگی کوڕی مەحموود پاشای جاف، مەحموود پاشای جاف (١٨٤٦- ١٩٢١)، ئەرنۆڵد تابۆڵد ویلسۆنی حاکمی بەغدای بەریتانی بەوەکالەت. لەگەڵ عەبدولڕەحمان نەقیبی گەیلانی (١٨٤٥- ١٩٢٧) سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتی لە عێراق (٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠- ٢٣ی ئابی ١٩٢١)دا، نووسیونی و زۆر بەڕوونی و بەوردییەوە باسی لەوە شکردووە، کە چۆن دوای ئازادکردنی لەلایەن هێزەکانی سوپای ڕووسیای داگیرکەرەوە، ژیان و گوزەرانی ئەو ڕۆژگارەی جەنگی یەکەم ناچاری کردووە، کە سەردانی شاری بەغدای ئەوکاتەی کردووە و چۆن چاوی بە حاکمی سیاسی و سەربازی ئەوکاتەی بەریتانیا بەوەکالەت ئاڕنۆڵد

تابۆڵد ویڵسۆن دەکەوێت و هەروەها لە چوارچێوەی گفتوگۆو چاوپێکەوتنێکی دوورو درێژی نێوانیاندا، زۆر بە بێ ئومێدی و بە خەمبارییەکی زۆری بێ وێنەوە، سەربربوردەو باری دەروونی و بارودۆخی بشێوی خۆی و ناوچەکەی خۆی بۆ ئەرنۆڵد ویلسۆنی حاکمی عێراقی بەریتانی گێڕاوەتەوەو تەنانەت لە چوارچێوەی سکاڵانامەیەکی تریشیدا، کە بە زمانی فارسی و هەر بۆ ویلسۆنی حاکمی بەغدای نووسیوە بۆ ئەوەی ئاسانکاری ئەوەی بۆ بکات و ڕێگای بدا، کە وڵاتی عێراق بەجێ بهێڵێت و بچێتە وڵاتی شام و حیجاز. بەڵام ئەرنۆڵد ویلسۆن سەرەتا بڕیاری لەسەر ئەوە داوە، کە بەکرێیەکی مانگانەی (١٠٠) ڕوپێی لە شارۆچکەی قزڕەباتی ئەوکاتە دای مەزراندووە، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی کاتی وانەی تیا بڵێتەوە. وەک ئەوەی لە پوختە و بەشێکی یاداشت و نامە دەستنووسەکانیدا، کە بەناو نیشانێکی فارسی و ناوەرۆکێکی عەرەبی و بە ناونیشانی: (بعبدالرحمن نقيب نوشته شد) بۆ عەبدولڕەحمان نەقیبی گەیلانی سەرۆک وەزیرانی عێراقی نووسیوە: (سلام من الرحمن نحو جنابكم فان سلامی لايليق بباكم اما بعد)، کە بە ڕاشکاوییەوە بۆی دەنووسێت: من كه شكايەت كارێكی هەژاری زانست خوازم، لەوانەم، کە بە کاری زانست و زانیاریی و وانەوتنەوەوە سەرگەرم بووم، هەر لەو ماوەیەشدا، کە لە شوێنێکی نزیکی شاری خانەقیندا خەریکی وانە وتنەوەو تەدریسی خۆم بووم، بەهۆی ئەو بارودۆخە داتەپیوو تێکشکێنراوەی، کە هەڵگیرسان و بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی لەگەڵ خۆیدا هێنای، لەلایەن سوپاو لە شکری داگیرکاری ڕووسی شوومەوە (المنحوس)، دەستگیرکرام و کتێبەکانمیان بەزۆری دڕاند و هەرشتێکیش، کە لەم دونیایەدا هەمبوو هیچیم بەدەستەوە نەما، بۆیە زۆر بەغەمباری و بە ناچارییەوە ڕووم کردە شاری بەغدای پارێزراو (محروس) و چاوم بە حاکمە سیاسیە ئینگلیزیەکەی، کە ویلسۆن بوو کەوت، سەرەتا فەرمانیدا، کە بە مانگانەیەکی (١٠٠) سەد ڕوپیەیی لە شارۆچکەی قزڕەبات دام بمەزرێنێت. وەک ئەوەی لە بەشێکی نامەکەیدا هاتووە: ((بعد برهه الى مباشره المهاجره الى بغداد لازال محروسا فاقدمت ووصلت ودخلت على حاكمه السياسى الانكليزى ويلسن و بعد ماجرى بيننا من المكالمات ارسلنى بانتخابى الى قزلباط وامر باعطاء الشهريه مئه روبيه..)). سەرەڕای وتووێژ و قسەکردن سەبارەت بە کتێبخانەکەی و هەروەها کەس و کارەکەشی بەزۆری جەخت لەسەرئەوەی دەکەنەوە، کە لەو کاتەوەی لە گوندی کەلاری کۆنی ئێستادا بووە: کتێبخانەکەی زەرەر و زیانێکی زۆری بینیبوو، هەر لە سووتاندن و دڕاندن و فڕێ دانە ناو ئاوی حەوزی ئەو مزگەوتەی گوندی کەلارەوە، کە تیایدا وانەی وتۆتەوەو بەرنوێژیی و ئیمامەتی تیا کردووە.

دیارە لە ماوەیەکیشدا جگە لە کەلارو شاری خانەقین و قزڕەبات مەلا محەمەدی جوانڕۆیی دەچێتە گوندی دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگی کوڕی سلێمان بەگی جاف (١٨٧٩- ١٩٥٢)، کە لە ڕۆژگاری خۆیداو لەلایەن میری جافەوە و لەو ناوچەیەدا مزگەت و حوجرەی تایبەتی بۆخوێندن و هەموو پێداویستیەکی تری خوێندنی بۆ دەستەبەر کردووە. بەڵام زۆرێک لەوانە بەهۆی بەرپابوون و هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیەوەو

بەتایبەتی دەستی: (داگیرکاری ڕووس)ەوە وێرانە بوون. هەر بۆیەش کە مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بارودۆخی ئەم ناوچەیەو شوێنەواری ئەم داگیرکاری و وێرانەیە دەبینێت لە دەقی ئەم نامەو یاداشتنامەی خۆیدا بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عێراق دەنووسێت و داوای هاوکاری و دووبارە ئاوەدانکردنەوەو بونیاد نانەوەی ناوچەکە دەکاتەوەو لێرە بە دواوەو دوای کۆتایی هێنانی شەڕو گەڕانەوەی بارودۆخ بۆ باری ئاسایی: ((الی ان عادت الانهار فی مجاریها ووقع القوس فی ید باریها یعنی فوض امورالاجرات الی قح قریش اعنی حضره رئیس الوزاره...)). دەسەڵاتی ئەم وڵاتە کەوتە دەستی ئێوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوەو داواتان لێ دەکەم بۆ خۆم و بۆ هەموو ئەوانەشی، کە وەکو من زەرەر مەند بوون، هاوکاریان بکەن و دەستی یارمەتی و ئاوەدانیان پێ بگەیەنن. تەنانەت لەم بارەیەشەوەو بۆ چەندین نموونەی لەو بابەتە لە زۆربەی یاداشت و نامە نێردراوەکانی دا بۆ بەرپرسانی گەورەی وڵاتی عێراق بە تایبەتی لە سەردەمی پاشایەتیدا پەنا دەباتە بەر ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و ناوەرۆکی فەرموودەی پێغەمبەر (د. خ) وەک ئەوەی دەنووسێت: ((قد قررلی الی واقول مسترحما معاونه امثالی فی هذه الاحوال واجب علی حضره الرئیس المتعال بل علی کل من کان علی بال قال تعالی تعاونوا علی لبر والتقوی...)). هەروەها لە درێژەی نووسراوو یاداشتەکەیدا مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عێراق، باسی لەوەشکردووە، کە ئەو لە سەروبەندی ئێستادا واتە ئەوکاتەی، کە یادداشت و نامەکەی بۆ نووسیوە لە گوندێکی نزیکی شاری خانەقین دا دەنیشێت و ژیان بەسەر دەبات، کە ناوی گوندی (دەکەی حاجی ئیبراهم بەگی جاف) ونزیکەی سێ سەعاتە ڕێ لە شاری خانەقینی ئەوکاتەوە دوور بووە، بەوەی هەر لە کاتی خۆیدا، پاشاو میری گەورەی جاف مەحموود پاشا مزگەوتێکی تۆکمەو حوجرەو هەموو پێداویستیەکی بۆ فەراهەم کردبوو. بەڵام بەهۆی ئەو ڕەوش و بارودۆخە نە خوازراوەو تەواوی ئەو داگیرکاری و لەشکرکێشیەی هێزەکانی ڕووسیای داگیرکەرەوە هەموو وێرانەبوون. وەک ئەوەی زۆر بەوردی و بە شێوازێکی بەلاغی جوان و بەزمانی عەرەبی و بە شێوازێکی زۆر سەرنج ڕاکێش بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کاتی عێراقی عەبدولڕەحمان نەقیب دەنووسێت: ((وان القریه التی سکن فیها الداعی عند الحاج ابراهیم بیگ ابن اخ محمود باشا وهی دکه البعیده من بلده خانقین بثلاث ساعات من مده مدیده بنی فیها الباشا المکور جامعا مصبوطا، وحجره مندمه واسبابا للطاعه مکمله ولکن من وقعه غاره الروس من ارباب العلم والتحیل خراب ومن کثره جهل الساکنین فیها شدیده الاصطراب...)). بەجۆرێک دەقی ئەو نامانەو ئەو نووسراوانەی کە حاجی مەلا محەمەد نووسیونی و هەریەکەو بۆ کەسایەتی لایەنێکی پەیوەندی دار ناردوونی و ئاراستەی کردوون، هەریەکەو لە شوێنی خۆیدا کۆمەڵێک گرێ کوێرەی مێژوویمان بۆ دەکاتەوە.



# وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان..

**ڕەزا شوان**

لەم ساڵانەی دواییدا، مۆدەی هونەری وێنەکێشان لەسەر دەموچاودا (فەیس پنتین) بە تایبەتیش لەسەر دەموچاوی منداڵاندا، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە هەموو جیهاندا تەشنەی کردووە. لە شوێنە گشتییەکان و لە مۆڵەکان و لە ناوەندە بازرگانییەکان و لە باخچە گشتییەکاندا، تەنانەت لە ماگدۆناسەکانیشدا، لە بۆنەکانی جەژنی لەدایکبوونی منداڵان و لە بۆنە کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و وەرزشییەکان و لە ئاهەنگەکانی باخچەکانی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا، یا لە (ڕۆژی جیهانی منداڵان) دا، وێنەکێشان بە بۆیەی ڕەنگاوڕەنگی ئاویی تایبەت، لەسەر ڕومەتەکان و دەموچاوی منداڵاندا بووە بە باو، بە مەبەستی خۆشی و شادی و گەشی و زەردەخەنە خستنە سەر لێوەکانی منداڵان.
منداڵان، کە وێنە لەسەر دەموچاویاندا دەکێشرێت، هەست بە خۆشی و شادییەکی زۆر دەکەن.. وەکو وێنەی: گوڵ، پەپولە، هەنگ، چۆلەکە، هەڵۆ، دەموچاوی پشیلە و شێر و پڵنگ، یا کاراکتەرە ناسراوەکانی فیلمە کارتۆنییەکان، پیتەکان و نووسین،...هتد.
لە ئێستادا مێژوونووسان و زانایانی دەروونناسی، وێنەکێشان لەسەر دەموچاودا، وا لێکدەدەنەوە، کە بۆ سەرنج ڕاکێشان و لاکردنەوە و خۆدەرخستنی کەسایەتییە.

**(فرۆید) پێی وایە:» وێنەکێشان لەسەر دەموچاو یا لەسەر جەستەدا، بۆ هەستکردن و خۆنازینی خودە»**

لە ئەمڕۆدا وێنەکێشان لەسەر دەموچاو، لە نێوان مێردمنداڵان و گەنجاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوبۆتەوە، بە تایبەتیش لە کاتی یارییە وەرزشییەکاندا، لە نێوان بینەران و هەواداران و هاندەران و هیواخوازانی سەرکەوتن و بردنەوەی تیپە وەرزشییەکانی یانە ناسراوەکان یان یارییە نێودەوڵەتییەکانی فوتبۆڵ و یارییەکانی تری، کە بە زۆری وێنەی ئاڵاکانی وڵاتەکانیان، بە بۆیەی ئاویی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر ڕومەتەکانیان دەنەخشێنن، بەم شێوەیە گوزارشت لە هاندان و لە پاڵپشتی تیپەکانی وڵاتەکانیان دەکەن.

بێگومان دایک ناتوانێت لە بەردەم حەز و داواکردن و وڕکگرتن و گریانی منداڵەکەیدا بوەستێتەوە، کە دەبینێت منداڵە هاوتەمەنەکانی، وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر ڕومەت و دەموچاویاندا کێشراون، منداڵەکەی ئەمیش وەکو ئەوان حەزی لێیە کە وێنەیەک لەسەر دەموچاویدا هەبێت. ناچار ئەو دایکە ملکەچی داوا و وڕکی کچەکەی یا کوڕەکەی دەبێت.. لە لای وێنەکێشێکی هونەری دەموچاو نەخشاندن، خواستی جگەرگۆشەکەی دێنێتە دی و دڵی خۆشدەکات.. گەرچی لەوانەیە کە زیانەکانیشی بزانێت کە چین.

لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا، هەندێک لە هونەرمەندانی سەرقاڵبووی ئەم هونەرە، وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان، بۆتە پیشەیان و مایەی پارە دەسکەوتنیان.. (ڕەفۆ)ی هونەرمەندی وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان دەڵێت:» من ماوەی دە ساڵە وێنە لەسەر دەموچاوی منداڵان دەکێشم.. چەندین کلیشەی جیاوازم هەیە، وەکو وێنەی: ئاژەڵان، گوڵ، ئەستێرەکان، کاراکتەرە کارتۆنییەکان، پیتە ئینگلیزییەکان، لەسەر دەموچاوی منداڵان دەکێشم.. لە هەر بۆنەیەکدا نزیکەی (پەنجا وێنەی جیاواز) دەکێشم.. تێکڕا لە هەر (دە خولەک)دا وێنەیەک دەکێشم.. (سی) ڕەنگی بۆیەی ئاوی بەکاردەهێنم.. بێجگە لە وێنەی تر، کە بە پێی بۆنەکان دایان دەهێنم و دەیان کێشم»

دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی هونەری وێنەکێشان لەسەر دەموچاو و (تاتۆ) یاخود هێڵکاری و داکوتینی ڕەنگ لەسەر لەش، بە پێی ئەو بەڵگانەی کە بە لاشەی مرۆڤە مۆمیاکراوەکانەوە دۆزراونەتەوە، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، بۆ چاخی بەردین دەگەڕێتەوە، واتا چەندین هەزار ساڵ بەر لە مێژووی زایینییەوە هەبووە.. مرۆڤی کۆن لەسەر دەموچاو و قۆڵ و مەچەک و جەستەیاندا، وێنەی خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و گوڵ و دڵ و باڵندە و ئاژەڵیان نەخشاندووە.. ئەوان باوەڕیان بەوە هەبوو، کە ئەم وێنانەی سەر لەشیان بەختیان بۆ دێنن و لە ڕووحە پیس و شەڕانییەکان دووریان دەخەنەوە.. هەر بە پێی بەڵگەی مێژوویی، ئەم هونەرە لە نێو سۆمەرییەکان (کە بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر کورد و لە چیاکانی کوردستانەوە شۆڕبوونەوە)، چینییەکان، یابانییەکان، فەرعونییە میسرییەکان، بوونی هەبووە.

هونەری وێنەکێشان لەسەر دەموچاودا، لە شانۆی ئەورووپیشدا، بڵاوبۆوە، بۆ گوزارشتکردن، لە خۆشی و شادی یا لە ناخۆشی یا لە گرژی و مۆنی و تووڕەیی. لەسەر دەموچاوی ئەکتەرەکانیاندا، بە پێی مەبەست، وێنەی ڕەنگاوڕەنگیان دەکێشا.

دواتریش ئەم هونەرە، بوو بە دیاردەیەکی باو لەسەر دەموچاوی (قۆشمەچییەکان)ی نمایشەکانی سێرکەکان.

له چارەگی کۆتایی سەدەی رابردوودا، بەشێک لە هونەرمەندە وێنەکێشەکان، هۆگری وێنەکێشان لەسەر روومەت و دەموچاوی منداڵان بوون، لە میانەی وێنەکێشانی کەسایەتییە کارتۆنیەکان و وێنەی داهێنانی تازەی وەکو: فرۆکە و رۆکێت و ئۆتۆبیل، هەندێ داهێنانی تازەشیان خستە سەر شێوازەکان و بەکارهێنانی رەنگە ئاوییەکان و وێنەکێشانی سەر دەموچاوی منداڵان، تا لە هونەرێکی تازە بچێت.
بێسو دایکان و باوکان لەگەڵ ئەوەدا، کە بە هەموو هۆ و شێوە و شێوازێک خۆشی و شادی بخەنە دڵی منداڵەکانیانەوە.. بەڵام ناشێت ملکەچی زیدەنازیان ببن و هەموو خواست و داواکرییەکیان بۆ بهێنەدی.. پێویستە لە هەر هۆکارێکی زیانبەخش بیان پارێزن، کە زیان بە تەندروستی ئەمڕۆ و داهاتوویان دەگەیەنێت.. لەوانەیە منداڵانی دڵپاک هەست بە زیانبەخشین و کارتێکردنی، گەلێ شتی جوان و بریقەدار لە رواڵەت و زیانبەخش لە ناوەڕۆکدا نەکەن.. دەشێ وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی ناسکیان، جوانی و خۆشییەکی زۆریان پێببەخشێت بەڵام لە هامان کاتیشدا زیانێکی زۆریان پێبگەیەنێت.

لە ساڵی (٢٠٠٩) دا دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی، لە بارەی وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان کە لە زۆربوونێکی فراوان دایە، ئاگادارکردنەوەیەکیان راگەیاند، لە بارەی زیان و کاریگەرییە خراپەکانی ئەو بۆیانە و فرشانەی کە لە وێنەکێشانی سەر دەموچاوی منداڵاندا بەکاردەهێنرێن، چ زیانی دەرەکییان لەسەر پێستی منداڵاندا هەیە کە هێشتا بە تەواوی گەشەیان نەکردووە، وەکو: سووربوونەوە، خوران، بیرۆ (ئەکزیما)، هەستیاری پێست (حەساسییە) سەرئێشە، برین بوون، دومەڵ دەرکردن، کەمبوونەوەی تاوانا زانیارییەکان بە شێوەیەکی کاتی یا هەمیشەیی، لاوازبوونی بەرگری لەش، هەوکردنەوە، ئاوسان، گوڵە نەخۆشی (لەسەر رومەتەکان و دەوروبەری لووتدا سووربوونەوەیەکی زۆر دروست دەبێت)، جەندین نەخۆشی تری پێست، تەنگە نەفەسی (رەبۆ)، کەم خوێنی، کارتێکردن لە کۆئەندامی دەماری.

**بە کورتی دێینە سەر زیانەکانی بۆیەکان و فرشە بەکارهێنراوەکان بۆ وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان.. کە لەم سێ خاڵەدا چڕمان کردوونەتەوە:**

**١ـ زیانەکانی ئەو ماددە کانزاییانەی کە لە پێکهاتەی بۆیەکان دان:**

لە ئەمڕۆدا بۆیەیەکی زۆری ئاوی و بۆیەی ئاسایی دار و دیوار، لەژێر چاودێریدا نین و وەکو پێوست پشکنینیان بۆ ناکرێن، بە شێوەیەکی بازرگانی دروست دەکرێن و مەرجە پێویستییە تەندروستییەکانیان تێدا نین، ئاگاداری و مێژووی بەرهەمهێنان و مێژووی

ئێکسپایەربوونیان لەسەر نییە، پسوولەی (ڤنگر بێت) ی مارکەی جیهانیشیان لەسەر نییە، بە پێی ستاندارد نین، زانیاری چۆن بەکارهێنانیشیان لەگەڵدا نییە.. بۆیە گومان لە ساغی و لە نەبوونی مەرجە تەندروستییەکان لە ئەو بۆیە رەنگاوڕەنگانە دەکرێن.
زۆربەی ئەو بۆیانەی کە بۆ وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان بەکاردەهێنرێن، ناتەندروستین، ماددەی کیمیاوییان تێدایە، توخمی کانزای قورسیان تێدایە، لەوانەش توخمی (قورقوشم)، قورقۆشم لە سروشتدا هەیە، تا ئەمڕۆش پێکهاتەیەکی گرنگە، لە دروستکردنی گەلێ ماددە و پیشەسازیدا، وەکو: بۆیەکان، بەنزین، پێچانی وایەری کارەبا، پاتری، گەلی شتی تریش.
ئەو بڕە قورقۆشمەش کە لەو بۆیانەدا هەن، سی هێندە زیاترە لە رێژەی دیاریکراوی ئاسایی و دڵنیایی.. پشکنینەکان ئەوەیان سەلماند، کە لە هەر کیلۆگرامێکی ئەم بۆیانەی دەموچاوی مندالاندا (٢٦٠٠) ملیگرام قورقۆشم هەیە، کە بە رادەیەکی زۆر رێژەی دڵنیایی بێ زیانی رەتداوە، وەکو زانراوە کە رادەی ئاسایی (٩٠ملیگرم/ گیلۆگرام)ـە.
قورقۆشم ژەهراوییە، لەوانەیە لە میانەی وێنەکێشان لسەر دەمووچاودا، منداڵانان تووشی خوراندن و سووربوونەوە و هەوکردن و نەخۆشییە هەستیارییەکانی پێست ببن، دەشیش قورقۆشمی ناو ئەو بۆیانە، لە رێی خانەکانی پێستەوە بچێتە ژێر پێستەوە، منداڵان تووشی ژەهراوی بوون بە قورقۆشم ببن. قورقۆشم هۆکارێکیشە بۆ کارتێکردن خراپ لەسەر کۆئەندامی دەماری، مێشک، گورچیلە، هۆش، کەم خوێنی، لاوازی بیستن، دواکەوتنی گەشەکردنی منداڵان.
بۆیە پزیشکە پسپۆرەکانی پیست، داوادەکەن کە ئەو بویانەی بۆ وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان بەکاریان دەهێنن، قەدەغەبکرێن و ئەوانەی لە ئێستاشدا لە بازاڕ و فرۆشگاکاندان، دەست بە سەریاندا بگرن و بیانکێشنەوە.
دەسەڵاتدارانی (هونگ کۆنگ) بە ئاگادارییەک، بە فەرمی فرۆشتنی هەموو ئەو بۆیە ئاوییە رەنگاوڕەنگانەیان قەدەغەکردن، کە بۆ وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان بەکاردەهێنرێن، دوای ئەوەی کە ئاشکرابوو، کە برێکی زۆری قورقۆشمیان تێدایە.
ئەگەرچی هەندێ لە وێنەکێشانی ئەم هونەرە، خۆیان بۆیە رەنگاوڕەنگەکانی وێنەکێشانی سەر دەموچاوی منداڵان، لە بەروبوومی رووەکی و رۆنی سوک و بۆیەی خۆراکی دروست دەکەن، بەڵام ئەم رەنگانەش لە ژێر چاودێری و پشکنینی پسپۆراندا نین، هەموو مەرجێکی پێویستی تەندروستی و دڵنیاییان تێدا نییە.. بۆیە نابێت باوەڕ بەم بۆیانەش بکرێن.

وەکو وتمان لە بۆیەی دار و دیوارشدا، رادەیەکی زۆر قورقۆشم هەیە، پێویستە منداڵان لە دار و لە دیواری تازە بۆیەکراو دوور بخرێنەوە، لە وڵاتانی رۆژئاوادا، کە دیوار و چەپەر و شوورە و دەرگای حەوش تازە بۆیە بکەن، لە ئەمسەر و ئەوسەری دیوار یا شوورەکەدا، لەسەر دوو کارتۆن دەنووسن (تازە بۆیە کراوە).. بە زۆری مەبەستیان ئەوەیە کە دەستی پێوەنەدەن، نەباکا ئەو قورقۆشم و ماددە زیانبەخشانەی کە لە پێکهاتەی بۆیەکەدان، زیان بە پێستی ئەو کەسانە بگەیەنێت، کە دەستیان بەر بۆیەکە بکەوێت و بنووسێتە دەستییانەوە..
هەندێ باری تایبەتیش هەیە، کە لە رێی ئەو بۆیانەوە، منداڵ توشی و زیبکە و دومەڵ و دەموچاو سووربوونەوە و خوران دەبێت، لە دۆخێکی وادا، پێویستە ئەو منداڵە ببرێت بۆ لای پزیشک، تا دەرمان و مەرهەم و چارەسەری پێویستی بۆ بنووسێت.

**٢ـ فرشەکان هۆکارێکن بۆ گواستنەوەی نەخۆشییەکان لە نەخۆشەوە بۆ ساغ:**
ئەو فرشانەی کە لە وێنەکێشانی سەر دەموچاوی منداڵاندا بەکاردەهێنرێن، بە زۆری مەرجی تەندروستییان تێدا نییە، هۆکارێکی گرنگن بۆ گواستنەوەی میکرۆبەکان و ڤایرۆسەکان و بیرۆ و تەنگەنەفەسی و لاوازی بەرگری و نەخۆشییەکانی پێست، لە منداڵانی تووشبوو بەم نەخۆشییانە، بۆ منداڵانی تەندروست، بە تایبەتیش لە منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشییە درمییەکان و درێژخایەنەکان.. چونکە زۆریەی وێنەکێشەکان، هەر هەمان فرشە بەکاردەهێنن و نایان گۆڕن، بە باشی و بە جوانیش نایان شۆرن.

**٣ـ پێویستە هەر منداڵێک بۆیە و فرشەی تایبەتی بە خۆی هەبێت:** تا نەخۆشییەکان لە رێی فرشەی بەکارهێنراوەوە لە وێنەکێشان لەسەر دەموچاو لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر نەگوازرێتەوە.. چونکە وێنەکێشەکان چەند جارێک هەمان فرشە بەکاردەهێنن و فرشەکانیان لە هەمان رەنگەکان هەڵدەکێشن و لە هەمان دەفری ئاودا، هەڵدەکێشن کە بۆ پاکردنەوەی فرشەکانیان دایان ناوە.
پزیشکە پسپۆرەکانی نەخۆشییەکانی پێست، چەند مەرجێکیان بۆ هونەری وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان داناون، بۆ ئەوەی کە بۆیەکان و فرشەکان زیان بە منداڵان نەگەیەنن و تووشی نەخۆشییان نەکەن، لەو مەرجانەش:

١- بەکارهێنانی بۆیەی زۆر باش و کوالێتی بەرز، مادده هەستیارییەکانیان و کیمیاوییە زیانبەخشەکانیان تێدا نەبێت.. لە لایەن لەیەنە پسپۆرەکانیشەوە پشکنینی باشیان بۆ کرابن، مێژووی دروستکردن و کۆتایی بەکارهێنانیان بەسەرەوە بێت.
٢- جەختکردن و دڵنیابوون لە پاکی ئەو فرشانەی کە تایبەتن بە هەر منداڵێک.. فرشەی بەکارهێنراوی منداڵێک بۆ منداڵێکی تر بەکارنەهێنن لە وێنەکێشانی سەر دەموچاودا.
پێویستیشە فرشەکان نەرم بن، رەق و درِ نەبن، بۆ ئەوەی ئازاری دەموچاو و رومەتەکانی منداڵان نەدەن.
٣- ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، کە نابێت رەنگە تاریک و تۆخەکان بەکاربهێنرێن، وەکو رەنگی: (رەش و خومی و قاوەیی تۆخ) ئەم رەنگانە تیشکی خۆر هەڵدەمژن.
٤- باشتر وایە دایکان لە دوای دوو کاتژمێر، لە وێنە رەنگاورەنگە کێشراوەکانی سەر دەموچاوی منداڵەکانیان، لایبەرن و بە ئاوی پاک، پاک بیان شۆرن، هیێچ بۆیەیەک بە دەموچاویانەوە نەمێنێت.. نەباکا رەنگەکان شیببنەوە، لە خانەکانی دەموچاویانەوە بچنە ژێر پێستیانەوە و ببنە هۆکاری ژەهراوی بوونی پێست.
لە کۆتاییدا، هیوای خۆشی و شادی و گەشی و زەردەخەنە بۆ منداڵە خۆشەویستەکانمان دەخوازین، رێگرییان لێناکەین، کە وێنە لەسەر دەموچاو و رومەتە ناسک و خڕەکانیان بکێشن، کە دەبینین منداڵێکی کوردمان بە بۆیەی رەنگاورەنگ ئاڵای رەنگین و پیرۆزی کوردستانیان لەسەر رۆمەتەکانی کێشاوە، زۆر دەگەشێینەوە و دڵخۆش دەبین.. بەڵام زۆر پێویستە لە وێنەکێشانی سەر دەموچاو و رومەتەکانی منداڵە جوانکیلەکانمان لە بۆنەکاندا، بە پێی رێنمایی و مەرجە تەندروستییە باشەکان بن.. تا جگەرگۆشەکانم لە تەندروستییەکی باشدابن و بە خۆشی بژین.. چونکە گەلەکەمان چاوی بڕیوەتە منداڵانی نەوەی ئەمڕۆمان.. کە هیوای داهاتووی کوردستانن.. تا بتوانن برین و ناسۆرییەکانی ئەمڕۆمان سارێژ بکەن.. داهاتوویەکی شیاوتر بۆ کورد و کوردستان دابینبکەن.
(*) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە چەند سایتێکی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگرتووە.

**رەزا شوان**

**نەرویج: ٤ی/ ئاپریل/ ٢٠١٨**









# دیدارێك لەبارەی كاروانی مێژووی پەروەردە

# لە کەلار

## لەگەڵ مامۆستا حسێن کەلاری

سازدانی: سەباح عەلی جاف

یەکێک لەو کەسانەی کە بەشێکی بیرەوەریی خوێندن و خوێندەواری دەڤەرەکە و کەلاری لە بیرە، زۆرێک لە کەلارییەکان ئەم کەسایەتییە پەروەردەییەیان لە یادە وەک خوێندکار و پاشتریش وەک مامۆستا وانەی پێ وتونەتەوە (حسێن مەحمود عەلی) کە زۆرتر بە مامۆستا (حسێن کەلاری) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە شارەدێی کەلاری کۆن لە دایک بووە و لەم شارەوە بەرەو خانەقین و پاشتریش بەغداد درێژەی بە کاروانی خوێندن داوە و توانیویەتی لەم ڕێگەیەدا بە پلەی (ماستەر) بگات

مامۆستا حسێن؛ بیرەوەریی کاروانی پەروەردە و خوێندنی کەلاری لایە، بە جۆرێک لە گێڕانەوەکانیدا وێنەی ئەو دەمە دەکێشێت و خوێنەر بە بیستنی بۆ ئەو دەمانە دەگەڕێتەوە. لەگەڵ قوتابییەکانی ئەو دەمەدا دەست بە وانە خوێندن دەکات، وەک خۆی باسی دەکات کۆمەڵگەی ئەو دەمە بە گشتی لە رووی خوێنەوارییەوە بەکز و کۆڵەوار دەبینێت و پێی وایە بە زەحمەت کەسێک هەبووە بتوانێ پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە کەلاری پێش شەستەکانی سەدەی راردوواو

مامۆستا حسێن کەلاری لەو قوتابخانەی کە بۆ یەکەم جار فێری (ئەلف بێ) بووە هەر لەو قوتابخانەیەدا وانەی بە منداڵان داوەتەوە و تەنانەت لە ساڵی (١٩٦٧) دا دەبێتە بەڕێوەبەر لەو قوتابخانەیەدا (کەلاری بنەڕەتی) ی ئێستا بە دەیان کەسی لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا پێگەیاندووە، دوای تەمەنێک خزمەت لەم کاروانەدا، ئێستا خانەنشینە، گلەیی لە دۆخی ئێستای پەروەردە لە کوردستاندا دەکات و بە بێ پلانی و دەست کاریی ترسناکی قۆناغ و پرۆگرام و بایەخ دان بە زۆر زیاتر لە جۆر و دەستکاری بنەماکانی پەروەردە وەسفی دەکات، بەڵام هەوڵی چاکسازیش دراوە، لەم دیمانەیەدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە...

**پ/ گەر باس لە منداڵێتی خۆت لە چوونە قوتابخانە بکەیت، کەی بووە و چۆن ئەو دەمانە دەتانخوێند، لە کوێ درێژەت بە ژیانی خوێندن دا، بیرەوەری ئەو دەمە چیت لە یادە ؟**

**مامۆستا حسێن کەلاری:** من لە ساڵی ١٩٤٧ م لە دێی کەلاری ئەوسا و شارە دێی ئێستا لە خێزانێکی وریا و دەوڵەمەندی ئەو سەردەمە لە دایک بووم. لە ساڵی خوێندنی ١٩٥٢ – ١٩٥٣ واتا لە تەمەنی پێنج ساڵیدا چومە قوتابخانە، قوتابخانەکە بەرامبەری ئەوسای ماڵی مامە (سەمینی شوان) «پێم وابێت ناوی تەواوی (سەمینی ئەحمەد ساڵحە)» و ماڵی (حاجی رەشید ئیبراهیم) بەناوبانگ بە (رەشیدی فاتە) بوو، بیناکە لە قوڕی ماڵەدراو دروست کرابوو، پێک هاتەی بیناکە بریتی بوو لە چوار ژووری خوێندن و پەنجەرە و دەرگای شارستانی ئەو سەردەمەی پێوە بوو، بە گەچ دامەزرابوو، ژوورەکان گەورە نەبوون، سەری بیناکە بە دار چنار گیرابوو پێم وایە بە حەسیر داپۆشرابوو.

لە ساڵی ١٩٥٦ – ١٩٥٧ چوومە پۆلی پێنجەم، پۆلێکی تر لە بنەوە خرایە سەر بیناکە، ئێمە لە ١٩٥٦/١١/١٤ ماڵمان بۆ خانەقین باری کرد، نازانم بیناکە چی بەسەر هات ؟ بەڵام لە ساڵی ١٩٥٨ دا ئەم بینایەی،کە ئێستا (قوتابخانەی کەلاری بنەڕەتی) یە، دیارە بە پێی نەخشەسازی وەزارەت یاخود بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوە دروست کرا، کەزیاتر لە کاتی دامەزراندنی کۆماری عێراق لە (١٩٥٨/٧/١٤) بوو، مامۆستایان و بەڕێوەبەر یەک ژووریان بوو و پێم وانییە یاریدەدەری بووبێت، بەڕێوەبەر لە کاتی مندا ناوی مامۆستا [بەهجەت بەدری، یان (مەلا بادر) حەسەن بەیاتی] بوو، پیاوێکی خەت خۆشی پڕ زانیاری و قاتی (سەراوێن) ی لەبەر دەکرد واتا یەخەی لاشانی چاکەتەکەی درێژ بوو، کوردی و عەرەبی و تورکمانی بە باشی دەزانی.

مامۆستاکان ئەوانەی لە یادم مابن بریتی بوون لە: (محەمەد عەباس ئەلیاس) خەڵکی قەرەتەپە بوو، وتیان سەیدە و کوردی باش نەدەزانی و زۆر دڵسوز بوو، (القراءة العربیە) ی پۆلی یەکەمی پێ دەداین، زمانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە پۆلی یەکەمەوە هەتا پۆلی شەشەم عەرەبی بوو لێکدانەوەیان بە زمانی کوردی بوو، مامۆستاکان کوردیان بە باشی نەدەزانی و باش لێیان نەدەگەیشتین، مامۆستایانی تر: بەڕێزان (خورشید عەزیز عەبدولڕەحمان) ئەم مامۆستایە کورد بوو، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە (کفری) واتا لە شاردا دەژیا بە تورکیش قسەی دەکرد، رووی درژ بوو لەگەڵ قوتابیاندا، بەڵام مامۆستایەکی دڵسۆز و پیاوێکی قورس بوو، (زەینەڵ عابدین عەباس قەنبەر) خەڵکی کفری و تورکمان و روو خۆش بوو، (رفعەت مەدحەت) تەمەنی بوو،لە کفری دادەنیشت و مامۆستایەکی بێ دەنگ و سادە و کەم زانیاری بوو، (حسین عەلی ئەلبەیاتی) پۆشتە و پەرداخ بوو، خۆی بە تورکمان دەزانی و خێزانێکی چەپ بوون و لە کفری دادەنیشتن و بە باشی کوردی دەزانی، دوای ئەوەی مامۆستا (بەهجەت بەدری) لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ

قەرەتەپە گوازرایەوە، ئەو بوو بە بەڕێوەبەر و دوای ئەمیش مامۆستا (خورشید عەزیز) لە ساڵی ١٩٥٨ بوو بە بەڕێوەبەر، دوای ئەو (فایەق عەزیز ئەلوەنداوی) جێگەی گرتەوە و لە مامۆستا (حسێن عەلی) یەوە من لە خانەقین بووم.

کارگوزارێکمان هەبوو، ناوی تەواوی (ئەحمەد عەلی محەمەد) بوو، پیاوێکی دڵسۆز و تووڕە بوو، زۆر خزمەتی قوتابخانەی دەکرد بە تایبەت لە رووی خاوێنییەوە،وەکو دەڵێن دەچووە ماڵان منداڵی لە ژێر سەبەتەدا دەدۆزیەوە و دەیهێنا بۆ قوتابخانە، سۆفی نەقشەبەندی بوو، سەربە خانەقای بیارە.

مامۆستایانی تر ئەوەی لە بیرمە: بەڕێزان (حەمە عەلی حسێن عەباس ئەڵەجە) کەسێکی تورە و جگەرەی زۆری دەکێشا و لە رووی زانیاریەوە ناوەند بوو، لە قوتابی دەدا، (عەباس مەلا ئیبراهیم) لە پۆلی پێنجەمدا ئینگلیزی پێ دەدان لاشەی لاواز بوو و ئاستیم بۆ دەرنەکەوت، (موسا یادگار مختار)شیعە بوو خەڵکی (تازە خورماتوو) نزیک بە شاری کەرکوک بوو، وەکو بیستم لە ١٩٩١ حکومەت (اعدام) ی کرد، دەوری دوو مانگ وانەی بیرکاری پێ دەدایەن و لە ناوپۆلدا دادەنیشت و جگەرەی لەف دەکرد.

قوتابیان ژمارەیان نزیکەی هەشتا (٨٠) قوتابی دەبوو، ژمارەیەکیان بە پێی خاوس دەهاتن بۆ قوتابخانە و جل و بەرگ کەم بوو، چاکەت و کراس بوو، فانیلەی ناوەوە زۆر کەم بوو،خاوێن نەبووین، نەخۆمان نە جلمان، سەرتاشین بە مەقەسی زل دەکرا و شوێنەکەی لە ناو قژماندا دەردەکەوت، ئەسپێ، و رشک بەدی دەکرا، چونکە، نە ئاوی خاوێن و نە تاید بوو، کە دواتر لە ساڵی ١٩٥٨ پەیدا بوو ئەسپێ و رشکی نەهێشت، کەم و بەد خۆراک بووین و نان خواردن بەبێ بەرنامە و کەم بوو، حانوتێکی بچوکمان بوو، سەرساڵ پشکیان لێ دەسەندین (٥٠) پەنجا فلس بۆ هەر سەهمێک، دەتتوانی چەند پشکێک بکڕی و لە کۆتایی ساڵدا پارەکە و قازانجیان دەدایني کە شت بوو.

تۆپی پێ و تۆپی (مێز: tennis) و بالەمان هەبوو، ئامێرە مۆسیقییەکانیش تەپڵ و (ێەنجە) بوون، کە دوو ئامێری وەک یەک بوون و لە مس دروست کرابوون وەکو ساجی بچکۆلە وابوون، بە دەستەوە ئەدران لە یەک و لەگەڵ ئاوازی تەپڵەکە کەلێک ئەدرا دەنگێکی مۆسیقی دەر دەکرد، لە بەهاردا بۆ سەر قەڵای شێروانە بۆ گەشت وسەیران دەچووین، ساڵانە وەزارەتی (معارف) ی عێراقی هەندێک قاتی (بنترون و چاکێت) ی دەنارد لەگەڵ پێڵاوی پێستەدا، زیاتر بە منداڵی هەژار و کەم دەرامەت دەدرا، قەڵەم و دەفتەر وەک یەک دابەش دەکرا بەسەرماندا، ریز بوونی بەیانیان دەکرا و بایەخی پێ دەدرا و هەندێک جووڵەی وەرزشیمان پێ دەکرا، (ئیعان) بە عەرەبی بوو، وەکو: (هەر دوو دەست بەرز کەنەوە و دەستتان بدەن بەیکدا، واتە گەرم کردنەوە)، مامۆستاکان بەین بەین بە پیاسە تا بنگرد دەرۆیشتن بە ناو ئاوایدا دەهاتنەوە جاری

وابوو پێچامە و کراسیان لەبەردا بوو، خەڵکی سەیریان دەکردن چونکە (نوخبە) ی ئەو ڕۆژگارە بوون، پەیوەندییان کەم بوو لەگەڵ خەڵکیدا، بەڵام لەگەڵ بەگزادەکانی جافدا بەهێز بوو، دەچوونەماڵەکانیان و دەعوەتیان دەکردن زیاتر بەڕێز، خوالێخۆشبوو (حەمە سەعید بەگی جاف) چونکە خوێندەوار و خاوەن کتێبخانە بوو، سوودیان لە کتێب و گۆڤارەکانی دەبینی و لەگەڵ خەڵکی خوێندەوار و هۆشیاردا پێوەندییان بوو.

منداڵ لەو سەردەمەدا دەمرد، بەڵام پێشتر زۆر تر ئەمەش بە هۆی ئەوەی دکتۆر و دەرمان نەبوو، لای خۆمان، یەک مەڵبەندی تەندروستی (مستوێف) هەبوو، کە برین پێچێک سەرپەرشتی دەکرد کەسێکی باش بوو، ئاومان جۆگەی سەید خەلیل بوو، کە سەری واڵا بووە ئەمەیش دەبووە هۆی نەخۆشی و کرمی پەروەردە دەکرد، چونکە بە کلۆر خاوێن نەدەکرایەوە تا ساڵی ١٩٥٤ یەکەم بیری (ئیرتیوازی) بە هەوڵی خوالێخۆشبوو داود بەگی جاف، کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقی بوو لێ درا.

ئەوەی شایانی باسە منداڵە بەگزادەکان لە هەموومان پۆشتە و پەرداخ تر و بە رەنگ و بۆ تربوون و هۆکارەکانی پەروەردە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆیان رەخسا بوو، بەگزادەکان حەزیان دەکرد منداڵی جوتیاران بخوێنن و کەم مناڵ قوناغی سەرەتایی دەبڕی، چونکە تاقی کردنەوەی (گشتی) لە کفری ئەنجام دەدرا و منداڵانیش زانیاریان کەم بوو لەبەر هەژاری زۆربەیان لە پۆلی پێنجەم و شەشەم لە لایەن خێزانەکانییانەوە دەردەکران بۆ بەرهەم هێنانی فەلاحەت بە تایبەت (گەنم و جۆ)، بە گشتی ئومێدی تەواو کردنی خوێندن کز و نەخوێندەواری زاڵ بوو، بە هەمان شێوە دامەزراندنیش زۆر کەم بوو و ئاوایی، (گوند) بنەمایەکی زۆر لەرزۆک بوو بۆ خوێندن تەواو کردن بۆ نموونە ساڵێک لە تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا لە پەنجاکانی سەدەی رابوردوو کە لە کفری ئەنجام دەدرا، تەنها بەڕێز شێخ محمد شێخ ئەحمەدی شاکەلی دەرچوو (ناجح) بوو .

**پرسیار // ئایا بەڕێزت پێش ئەوەی بچیتە قوتابخانەی میری (فەرمی)، لە لای مەلا،واتا لە حوجرەدا خوێندوتە، ئەو مەلا و حوجرانە کامانە بوون ؟، کە ئەو کات لە کەلار و دەروبەرمنداڵان لێیان دەخوێند ؟**

**مامۆستا حسێن کەلاری:** نەخێر من لای مەلا نەمخوێندووە، مەلای دوانزە عیلم (خاوەنی ئیجازەی مەلایەتی)، کە لای مەلای گەورە وەری دەگرت، فەقێ « لای ئێمە نازناوەکەی بە پێچەوانەوە هاتووە چونکە فەقێ ((فەقیە)) لە پلە بەرزەکانی خوێندنی ئاینییە، بەڵام لە لای ئێمە بە کۆلکە خوێندەواری ئایینی دەوترێت فەقێ ! چەمکەکە پێچەوانەیە »، دوو پلە بوو (سوختە) واتا سەرەتایی، (موستەعید) واتا ئامادەباش، کە لە دوا قوتاغەکانی خوێندن و جێگری مامۆستا بوو، وانەیشی بە سوختە دەوتەوە و سوختە خزمەتی مامۆستا و موستەعیدی دەکرد.

له کاتی منداڵی مندا، (مامۆستا مەلا مستەفا عەلی) باوکی کاکە محەمەد، کە ئێستا لە ژیاندا ماوە و خوالێخۆش بوو مامۆستا عوسمان، کە باوکی بەڕێزان (چالاک و دڵشاد و فواد) ە‌و، خوالێخۆشبوو کاک حەسەن، مامۆستای مزگەوت (پێش نوێژ و خوتبە خوێن) بوو،وەلای خەڵکییەوە بەڕێز و مبارک بوو، وانەی بە قوتابی و خوێندکاری ئایینی دەوتەوە، واتە (فەقێ) ی بوو، (مامۆستا مەلا مستەفا) ئەو کات (خوالێخۆشبوو داود بەگی جاف) مووچەیەکی ئەوقافی بۆ بڕیبووەوە.

(مامۆستا مەلا محێ دین مەلا سەعیدی زلزڵەیی) بێ وەزیفە بوو، وەکو خەڵکی سلێمانی دە ئاخاوت و لە بن دیوارەکاندا خوتبە و وەعزی بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، بەگزادەکانی جاف و خەڵکی دەست ڕۆیشتوو یارمەتیان دەدا، (حاجی فەقێ رەشید) یش، باوکی حاجی مەلا ئەحمەدی ئێستا خوێندەواری کەم بوو، هاوزاوای مەلا مستەفا بوو،پیاوێکی موسڵمان بوو، وریا بوو، تورکییەکی باشی دەزانی....

ئاگام لە مەلایانی دەوربەر نییە (واتا لە منداڵیمەوە تا بار کردن بۆ خانەقین) هەروەها بە نیسبەت منداڵانەوە نەمدییە لە هاویندا (پشوو) بخوێنن، بەڵام مزگەوتی کەلار فەقێی لێ نەبڕاوە لە ساڵی ١٩٦٧ بە مامۆستایی گەڕامەوە کەلار ئەو کات خوالێخۆشبوو (مەلا محەمەد حاجی فەقێ رەشید) مامۆستای مزگەوتەکە بوو، لە ١٩٦٥ خواڵخۆشبوو (حەمە سەعید بەگی جاف) دایمەزاراند و دوایی چووە ناو شار بووە وتار خوێن و پێش نوێژی مزگەوتی گەورەی شار، کە هاتمە ناو شار ئاگام لە کەلاری کۆن نەما، بەڵام لە ناو شار کۆمەڵێک مزگەوت دروست کرا ناوی هەندێکیان لامە، دەتوانن لە ئەوقاف وەری بگرن.

**پرسیار // کێشە و گرفتەکانی ئەو دەمانەی خوێندن چی بوون ؟ ئایا تا چ سنوورێک خەڵکی منداڵی خۆی لە مەکتەب دەردەهێنا، هۆکارەکانی چی بوون ؟ لە کاتی قوتابی بوونی تۆدا، کچان دەیان خوێند ؟ تێڕوانینی خەڵک لەو رووەوە بۆ خوێندن بە گشتی و رەگەزی مێ بە تایبەت چۆن بووە ؟**

**مامۆستا حسێن کەلاری:** بەلای نزیکەوە وەڵامی ئەم پرسیارەم بە لقەکانییەوە داوەتەوە، واز پێهێنانی مناڵ لە لایەن خێزانییەوە لە قوتابخانە گەر کوڕ بوایە لەبەر هەژاری و کشتیاری (فەلاحەت) وازی پێ دەهێنرا، کچانیش بە بەگزادەکانیشەوە لێیان بوو دەگەیشتنە پۆلی شەشەم و وازیان دەهێنا، چونکە دەبوایە دوای قوناغی سەرەتایی بچنە شار ئەمە هەتا بە بەگزادەکانیش نەدەکرا لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئاینیی.

کچان کە دەگەنە پۆلی شەشەم بە هۆی مانەوەیان لەم قوتاغەدا (باڵغ) دەبن ئەمە کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە، بۆ نموونە لە شەستەکاندا مامۆستایەک بووە لە کەلار کچێکی قوتابی خۆی کە گەیشتووەتە پۆلی شەشەم خواستوویەتی، من ئەو

کات لە خانەقین بووم بیستوومە و نەمبینیوە، خۆتان لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان لە من شارەزاترن، چونکە لەم بوارەدا کارتان کردووە، وەک وتم زۆربەی خەڵک تێڕوانینیان بۆ خوێندن کورت و کز بووە، چونکە نەیاندەتوانی قۆناغەکانی تر لە شار تەواو بکەن بە هۆی دۆخ و بارە دژوارەکان و زیاتر ئابووری و کۆمەڵایەتی تا سنوورێک ئایینی بووە و هاوکات ئومێدی دەمەزراندن کز بوو، خۆتان دەزانن ئێستا خەڵکی بەڕێژەیەکی زۆر سەریان کردوەتە خوێندن لە روانگە مادییەکەیەوە و هیچی تر، واتە دامەزراندن !!.

بەداخەوە ئەمە تێڕوانینی خەڵکی ئێستای سەدەی بیست و یەکەمە بەهەر نرخێک بێت دەیەوێت تەواوی بکات و دابمەزرێت،هەتا خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بە رێژەیەکی زۆر دیارە مەرام چییە تێیاندا؟!، لە وڵاتان یان وڵاتانی جیهانی سێیەم خوێندن بۆ دامەزراندن و ژیانە بە رێژەیەکی زۆر بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان دامەزارندن زۆر و بێ پلانە و خەڵکی لە ئاستی نزمی خوێندندان ئەمەیش پاشا گەردانییە، دەبێت گەل و وڵات باجی بدات، ئێستا قەیرانی دارایی هەیە لە کوردستان، دامەزراندن و فرە مووچەیی، کە بە شێکی بەرچاوی (وهمی) ن یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم قەیرانە کە هەوڵ هەیە بۆ چارەسەرکردن.

**پرسیار // ئەو بابەتانەی،کە ئێوە دەتان خوێند چی بوون و بە چی زمانێک بوو ؟ مامۆستاکانتان کێ بوون و خەڵکی کوێ بوون و چ نەتەوەیەک بوون، کێ زۆر دڵسۆزتان بوو ؟**

**مامۆستا حسێن کەلاری:** پێم وایە وەڵامی زۆربەی ئەم پرسیارەم لە پرسیاری یەکەمدا داوەتەوە، ئەو بابەتانە هەمووی بە زمانی عەرەبی دەخوێنران، کە هەندێکیان ئەمانە بوون: (القراءة العربیە لە پۆلی یەکەم، الحساب والقیاسات لە هەموو پۆلەکان، اللغە الانگلیزیە «،لە پۆلی پێنجەم شەشەم»، التاریخ، الجغرافیە «لە پۆلی پێنجەم و شەشەم»، الریاضە « لە هەموو پۆلەکان، پرۆگرامی نەبوو»، دڵنیام (مفردات) ی بووە، النشید والموسیقی» لە پۆلی پێنجەم و شەشەم « نەدەما، زمانی کوردی وەکو زمانی و پرۆگرامی نەبوو، (الواجبات الاخلاقیە والوطنیە) لە پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەم «،الدین» لە هەموو پۆلەکان دەخوێنرا، لقەکانی زمانی عەرەبی ئاشکرایە، لە هەموو پۆلەکان دەخوێنرا.

لە پۆلی چوارەمدا (قواعد) دەخوێنرا، (العلوم)، وردەکارییەکانی نازانم، لەوانەیە وانەی (المعلومات الحیاتیە) لە پۆلە بەرایەکاندا بووبێت لە بیرم نەماوە، دەبێت وانەی ترم لە یاد نەمابێت نازانم، بەڵکو وانە سەرەکییەکانم خستەڕوو، مەنهەج تەواو دەکرا بەڵام بە کاڵ و کرچی، چونکە بە زمانی عەرەبی بوو، مامۆستاکانیش هەموویان هێزی گەیاندیان نەبوو، زۆربەی قوتابیان وەریان نەدەگرد، بەڵکو هەندێکیان لەبەردەکرد،

ئاستی زانستیی قوتابیان زۆر نزم بوو، لەبەر ئەو هۆکارە جۆربەجۆرانەی کە لە پێشدا باسم کرد، یەکێک لەوانە (رووناکی)، زۆر کز بوو، لە ماڵێک چرایەکی رەشەوە بوو بوو !، بەڵام ماڵە بەگزادەکان رووناکیی (موڵدە) یان بوو، ئەویش بەهێز نەبوو، مامۆستاکان تورکمان و کورد و زۆر کەمتر عەرەب بوون، بە زۆری خەڵکی پارێزگای (لیوای) کەرکوک بوون،لە هەموویاندا دڵسوزی بەدی دەکرا، بەڵام بە رێژەیی .

**پرسیار // تۆ چۆن پلەکانی خوێندت بڕی، قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی و قۆناغەکانی باڵا تر چۆن تەواو دەکران ؟ کێشە و گرفتەکان لەو رووەوە چۆن بوون ؟، بیرەوەرییەکانت لە بیرە لەو رووەوە، تۆ کەی بۆ یەکەم جار بوویتە بەڕێوەبەر ؟**

**مامۆستا حسێن کەلاری:** سێ قوناغی سەرەکی بوو، قۆناغی سەرەتایی (شەش ساڵ)، قۆناغی ناوەندی (سێ ساڵ)، قۆناغی ئامادەیی بە زانستی و وێژەییەوە، جاران (دوو ساڵ)، بوو، دواجار لە هەفتاکاندا بوو بە (سێ ساڵ) و بە تێکەڵ کردنی قوناغی ناوەندی و ئامادەیی دەوترا (دواناوەندی)، هەموو قۆناغەکان بە تاقی کردنەوەی وەزاری (بەکالۆریا) تەواو دەبوو، پرسیارەکان لە وەزارەتی پەروەردەوە دەهات و زۆر بایەخی پێ دەدرا ونمرەکان دەهاتەوە و کەم کەس دەردەچوو، هۆڵ زۆر تۆکمە بوو، وەکو لە پێشدا بۆتم باس کرد،بۆ نموونە ئێمە لە پۆلی شەشەمی سەرەتای لە خانەقین لە ساڵی ١٩٥٨- ١٩٥٩ بەکالۆریمان ئەنجام دا، بەڕێوەبەری هۆڵمان بەڕێوەبەری ئامادەیی بەعقوبە بوو، ناوی (خەلیل النیّار) بوو و یاریدەدەر و مامۆستا چاودێرەکان هەموویان لە دەرەوەی خانەقین بوون، قوناغەکانی (سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی) م هەموو لە خانەقین تەواو کرد، قۆناغی ئامادەیی / زانستی لە ساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤ تەواو کرد و لقی وێژەییش وەکو خوێندکاری دەرەکی لە بەعقوبە لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ تەواو کرد، بۆ من قۆناغەکان جگە لە سەرەتایی سەخت بوون، چونکە تووشی ئازار و مەینەتییەکانی کوردایەتی بووین، ئێمە چوار برا بووین سیانمان پێشمەرگە بوون و باوکم دووجار بە بەندی دوورخرایەوە ... ئیتر ئەمە بەسە بۆ روون کردنەوە.

کاتێ قوناغی ئامادەیی /زانستیم تەواو کرد لە (معهد التدریب الهندسی)، کە سەر بە کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی بەغداد بوو وەرگیرام و لە پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانیش لە بەعقوبە وەرگیرام، پەیمانگەی مامۆستایانم هەڵبژارد، دوو مانگ دوای وەرگرتنم بەڕێوبەرەکە نەتەوەییەکی (قەومییەکی) زۆر شۆڤێنی بوو، ناوی (رچا ئەلفەلوجی) بوو بانگی کردم وتی « نەچیتەوە خانەقین، تۆ راپۆرتت لە ئەمنی خانەقینەوە لەسەر هاتووە،لەژێرچاودێری ئێمە دای «،دۆڵاب ولۆکەر و جانتاکەمی پشکنی تا تەواوم کرد بە هاوینەکەیشییەوە خانەقینم نەبینی ! من ئاوەها قوناغەکانی خوێندنم بڕی، گەر بۆم بڕەخسابا خوا دەیزانی جێگەی من لە کوێ بوو.

له ٢٠/٥/١٩٦٧ بوومه وەکیلی بەڕێوەبەر واتا له هاوینی ١٩٦٧، چونکه ماڵمان له کەلار بوو، بەڕێوەبەرەکه خەڵکی هەورامان بوو به ناوی (م. تاهیر عەبدوڵڵا مستەفا) سەری ساڵ هاتەوه (نقل) بوو بۆ لای خۆیان، دێی (سەرگەت) ی هەورامان، له ٢٣/٩/١٩٦٧ بوومه بەڕێوەبەر تا مانگی دەی (ت ١) ١٩٧٠ له (اداره) نەمام، وەکو مامۆستا وانەم دەوتەوه، بەو شێوەیه مامەوه هەتاوەکو ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ که له کۆلێژی پەروەدەی (ابن رشد) له زانکۆی بەغداد له بەشی زمانی کوردی به کۆششی خۆم وەرگیرام له ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ دەرچووم له ساڵی ٢٠٠٨ قوناغی ماستەرم تەواو کرد، بەڵام ده ساڵی برد، ئەوه له کاتێکی تردا « گەر مام « باسی دەکەم، له ١/٧/٢٠١٣ خانەنشین کرام.

**پرسیار // یەکەم دامەزراندنت وەک مامۆستا،له کوێ بوو ؟ ئەومامۆستایانەی، که لەگەڵت بوون کێ بوون ؟، قوتابییەکان کێ بوون ؟**

**مامۆستا حسێن کەلاری:** له رۆژی دوو شەممه رێکەوتی ٢٠/٢/١٩٦٧ پێش نیوەڕۆ له کەلاری کۆن له قوتابخانەی کەلاری سەرەتایی ئەوسا و بنەڕەتی ئێستا، که بەڕێوبەرەکەی کاک (شێخ محەمەدی شاکەلی)، (وەزیری خانەنشین) بوو، ئەو مامۆستایانەی لەگەڵمدا بوون بۆ یەکەم جار پەیوەندییان کرد بەڕێزان (حەمه سابیر حەمه عەلی: خەڵکی چەمچەماڵ بوو، فەرهاد عەبدولقادر عەلی: خەڵکی ناوشاری کەرکوک بوو، کازم عەبد جاسم: خەڵکی شارەبان) بوو، مامۆستا کۆنەکانی میلاک: بەڕێزان (تاهیر عەبدوڵڵا مستەفا) دوای کاک (شێخ محەمەد شاکەلی) به هاتنی ئێمه بوو بەڕێوەبەر، حەسەن حسێن و عەبدولکەریم مەجید محەمەد (اعاده تعيين)بوو لەسەر سیاسەت فەسڵ کرابوو، هاتەوه، مامۆستایان محەمەد سابیر و فەرهاد به گواستنەوەی ئاڵوگۆڕ سەری ساڵی خوێندنی ١٩٦٧ – ١٩٦٨ نەقڵ بوون، دوانی تر هاتن ناوەکانیان لەبیرم نەماوه، پێم وایه یەکێکیان ناوی (مامۆستا عەدنان) بوو خەڵکی بەعقوبه بوو، هەر ئەو ساڵه بەڕێز مامۆستا (فاتح خورشید) « ئێستا له کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوکه» خەڵکی کەرکوک بوو هات.

له پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم ئەو قوتابییانەی له بیرم ماون، ئێستا زۆرێکیان مامۆستا و کاربەدەستن لەوانه: م. عەبدوڵڵا حەسەن قادر، م. ساڵح ئەحمەد شەریف، کاک ئەحمەد ئەمین فەرەج، زۆر زیرەک بوو، تووشی نەخۆشییەکی کتوپڕ بوو، کۆچی دوای کرد، ئامۆزای مامۆستا برهان محەمەد فەرەج بوو، کاک عەدنان محمد قادر (حەمەی مینا)، حاجی شێرکۆی حاجی محەمەدی رۆستەم، کاک سەعدی شێخ حەمۆمین عبدالله، کاک بەهمەن شێخ ئەنوەر عەبدوڵڵا « برای بەڕێز شێخ عەبدوڵڵای

جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، هەر دووکیان ئامۆزان، م. بورهان محمد فرج، بەڕێز محەمەدی حاجی محەمەد ئەمین کەلاری و بەڕێزحەمیدی برای، خوالێخۆشبوو کاک عەدنانی مامە رەشید جمهوری، م.محەمەدی حاجی مەجید، شێخ ئەمجەدی شێخ حەمە عەلی، شێخ محەمەدی شێخ وەهاب «برای کاک مەحمودی شێخ وەهاب «، م. سالاری حاجی حسێنی حاجی محی دین، م. بارزان حاجی ئەحمەدی حەمە موراد، کاکە محەمەدی حاجی رەحیم ئەحمەد، کاک مەریوانی حەمەی حاجی ئەڵماس، م. حەسەنی حاجی رەشیدی حاجی کەریم، حاجی حەسەنی حاجی وەلی، کاک حەسەنی عەلی بەگی سەلیم بەگی جاف، سۆفی رەشیدی سەید عەلی سەید حەمۆ مین، کاک محەمەدی سەید عەلی سەید رەزای سەیاح، کاک حسێنی عەلی بەگی سەلیم بەگ و کەسانی تر، ئەمانە کەلارین، زۆر داوای لێبوردن لەوانە دەکەم، کە ناوەکانیان نەهاتووە، لەبەر زۆری و لەبەر بیرچوونەوە. غەیری کەلارییەکان... بەڕێزان دکتۆر جەلال سعدالله حسن و مامۆستا احمد باوەڕ و کاک عەلی شەهید محمدی شاسوار بۆ نموونە.

**پرسیار // وەک لە بیرت مابێت، یەکەم ناوەندی لە کەلاردا کەی کرایەوە و چۆن ؟ باس لە بوونی پاشکۆیەک دەکرێت سەرەتا ئەمە چۆن بووە و کێ هەوڵی بۆ کردنەوەی داوە ؟**

**مامۆستا حسێن کەلاری:** یەکەم ناوەندی، کە پاشکۆی سەرەتاییەکە بوو لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٧٠-١٩٧١ کرایەوە و بەڕێوەبەری سەرەتاییەکە (کەمال فارس عەزین)،کە پیاوێکی هەلپەرست بوو، بووە بەڕێوەبەر لە جێگەی من، لە ١٩٧٠/١٢/٣ یەکەم مامۆستای دواناوەندی (مدرس) هات بە ناوی بەڕێز (نەوزاد حەمە ساڵح حاجی قادر) مامۆستای بیرکاری بوو، مامۆستا کاک جەمال حەمەد کۆیی هات پسپۆڕی جوگرافیا بوو لە مانگی یەکەم، یان دووەم، لە ساڵی ١٩٧١ لە بیرم نییە،بەڕێز مامۆستا حەسەن رەسوڵ قادر پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی و بەڕێز مامۆستا نایح محەمەد پسپۆڕی شەریعەتی ئیسلامی بوو، بووە یەکەم بەڕیوەبەری ناوەندی دوای جیابوونەوەی لە (قوتابخانەی کەلاری سەرەتایی) دوای ئەو بەڕێز (مامۆستا ئیسماعیل مەلا سەمەد) پسپۆڕی جوگرافیا لە ساڵی ١٩٧٣ بووە بەرێوەبەر، بەڕێز مامۆستا ئەنوەر حاجی حەسەن حاجی محەمەد شاواز هات زۆربەی وانە زانستییەکانی برد ئیتر پەیتا پەیتا مامۆستا دەهات، لە ساڵی ١٩٧٦ قوتابخانەی کچانی سەرەتایی لە کەلاری کۆن کرایەوە، کە ئێستا ئەو بینایە قوتابخانەی شەهید مەلا ئەحمەدی تێدایە لە جەمەلۆنەکە « یەکەم بەڕێوەبەری، بەڕێز مامۆستا (سەمیعە محەمەد ساڵح محەمەد رەزا دەربەند فەقرەیی) بوو، خەڵکی خانەقین بوو.

**پرسیار // ئەوەی لە یادتاندا مابێت، دەتوانن ناوی قوتابخانە و خوێندنگەکانی سنووری گەرمیان لە شەست و حەفتاکانی سەدەی رابوردوو تۆمار بکەن بە تایبەت قەزای کفری و قەزای کەلار و قەزای خانەقین ؟**

**مامۆستا حسێن کەلاری:** هەتا ساڵی ١٩٦٩ – ١٩٧٠ لە کەلار و باوەنور و سەرقەڵا و سەیدە و شێخ لەنگەر و قەرەبلاغ و بەرلوت و گۆبان قوتابخانە هەبوون، لە گردەگۆزینە نەبوو، لەحەفتاکاندا بە بۆنەی ریکەوتنامەی (١١) ی ئازارەوە، قوتابخانە چووە قوڵایی دێهاتەکان، بۆ ئەمە دەبێت لە فەرمانگەکانی پەروەردە بگەڕێیت یان لە خەڵکی ئاوایی بپرسی بۆ نمونە لە خەڵکی کفری، دوانزە ئیمام و زەرداو، ئێڵان چی، پیرە فەقیرە، هەتا دێتەوە کۆکس و تازە شار و بان سنوق، چونکە زۆربەی ئاواییەکان لە شەستەکاندا قوتابخانەیان هەبووە، ئەوانە هەتا دێی کەلار بووە قەزا سەر بە قەزای کفری بوون.

لە خانەقینیش لە گوندە نزیک و دوورە دەستەکان قوتابخانە هەبووە، مامۆستاکان بە ماتۆڕ بۆ نزیکەکان (دەوروبەر) دەچوون، بە ئۆتۆمبیلیش بۆ ناوەندی ناحییەکان (قۆرەتوو، مەیدان، جەلەولا، سەعدیە، قەرەتەپە...) و دێهاتی سەر بەو ناحیانە دەچوون .

**پرسیار // ئایا بەرزکردنەوەی پلەی ئیداریی دێی کەلار بۆ قەزا کاریگەری لەسەر رەوتی خوێندن و پەروەردە هەبووە ؟ گەر کاریگەری هەبووەچۆن بوو، ئایا ئەو دەمانە چالاکی رێکخراوە حزبیەکان بۆ نموونە وەک یەکێتی قوتابیان لە سنوورەکە هەبووە ؟**

**مامۆستا حسێن کەلاری:** هەر گۆڕانکارییەک لە پلەی کارگێڕی بکرێت گۆڕانکاری لە سەرجەم جمگەکانی ژیاندا دەبێت و فەرمانگەی نوێی جۆراو جۆر دادەمەزرێت، کارەکان فراوانتر دەبن، کەلار لە دێوە یەکسەر دوو پلەی ئیداری بڕی بوو بە قەزا، ئەو کاتەی کە دێ بوو تەنها مەخفەرێکی پۆلیسی تێدا بوو واتا لە بنگرد، کە ناوەندی قەزایە، یەکسەر سنوری دێ فراوان کراو واڵا بوو، خەڵکێکی زۆر روویان کردە شار،بۆ کاسبی و رزگار بوون لە کشتوکاڵی و شوانی و گاوانی و بێ کاری، هەرچەندە ئەم کۆچ کردنە پێچەوانە و نێگەتیڤە لە رووی ئابوورییەوە، چونکە بنکەی بە هێزی ئابووری لادێ بوو، پێداویستییەکانی شاری پڕ دەکردەوە، دانیشتوان زۆر پێویستییان بە خانوو بەرە دەبێ لەگەڵ قوتابخانە و نەخۆشخانەی گشتی و پۆلیسی ناوخۆ و هاتۆچۆ و دادوەری...هتد.

بیناکردنیش پێویستی بە کەرەستەی خانوو کردن،بە کرێکار هەیە، ئەمەیش ئابوری دەجوڵێنێت، بێینە سەر رەوتی خوێندن و پەروەردە، زۆر کاریگەری هەبوو جاران لە دێ تەنها قوتابخانە هەبوو، ناوەندی کرایەوە و بوو بە ئامادەیی ئەکادیمی و پیشەییش کرایەوە، ژمارەی مامۆستا لەگەڵ ژمارەی قوتابییان زیادی کرد و

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە نەوەتەکان (١٩٩٥) دامەزرا و دواتر پلەی ئیداری قەزا بووە سەرپەرشتیاری، کە دەسەڵات و هێز و جیاوک (امتیان)ی پارێزگای هەیە.

کەلار مەڵبەندی سەرپەرشتیاریەتییە، ئاوارەکردنی خەڵکی کوردستان دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و چۆڵ کردنی ناوچە سنورییەکان و پرۆسەکانی ئەنفال و تەخت کردنی دێهاتەکان لە لایەن رژێمی بەعسەوە کاریگەریی زیاد بوونی دانیشتوان، لە ئەنجامدانی سێکوچکەی سیاسەتی نەگریسی بەعس: (تەبعیس، تەهجیر، تەعریب)، هەموو دێهات خرانە ئۆردوگا زۆرەملێ و شارەکان، بەمە ژمارەی قوتابیان زیادی کرد و ناوچەی گەرمیان لە کەلار کۆبووەوە، کە پاشماوەی ئەنفالن، بەمە هەڵاوسانێک لە هەموو جومگەکاندا دروست بوو.

هاووڵاتییان پێشنیازی زانکۆیان کرد، لە ساڵی ٢٠١١ – ٢٠١٢ بە ناوی (زانکۆی گەرمیان) کرایەوە بۆ ئەوەی دەرچووانی گەرمیان بگرێتە خۆی، پەیمانگای تەکنیکی و مەڵبەندی مامۆستیان لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا (تەکنیکی: ١٩٩٣، مامۆستایان: ١٩٩٥) دامەزران بۆ پێگەیاندنی کادری ناوەند لە بواری پەروەردە و هونەریدا، ئەم گۆڕانکارییانە، کە بریتیی بوون لە پەرەسەندن و گەشەکردنی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە سەردەمی حوکمەتی هەرێمی کوردستاندا، رووی دا، بەڵێ چالاکی رێکخراوە حزبییەکان بە تایبەت هەردوو حزبی سەرەکی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە حوکومەتی هەرێمیان پێک هێنا و هەردوو رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان بە تایبەت کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان رۆڵیان هەبووە لەم بوارەدا، بەڵام بە بودجەی حوکمەتی هەرێم، هەروەها رێکخراوی چالاکی مەدەنی داکۆکی لە مافی مەدەنی هاووڵاتیان کردووە، کە بواری پەروەردەیش دەگرێتەوە، هەردوو حزب هەریەکە لە قەڵەمڕە و سنووری ئیداری خۆی سەرپەرشتی دام و دەزگاکانی دەکرد ئەمە لایەنی نەگەتیڤی تێدا بوو، بەوەی بەدەست تێوەردانی حزب لە کاروباری دەوڵەت دادەنرا وەک دەست نیشان کردنی پۆست و دانانی بەرپرسی ودامەزراندن و وەرگرتنی تایبەت لە زانکۆ (بەکالۆریۆسو خوێندنی باڵا)، زۆربەی بە رەزامەندی حزبی دەسەڵاتدار ئەنجام دەدرا، سەد دەرسەد نەبوو...

**پرسیار // بە شێوەیەکی گشتی هەر شتێک، کە گرنگە و دەتەوێت لەسەری بدوێیت بۆ نمونە پەروەردەی سنوورەکە یان هەر بیرەوەریەک و هەرشتێکی تر، سوپاس ؟**

**مامۆستا حسێن کەلاری:** پێم وایە وەڵامی پرسیارەکان سەبارەت بە بواری پەروەردە دراونەتەوە، ئەوەی شایانی باسە لە زۆربەی وڵاتاندا خوێندکار لە سەر ئەرکی خۆی دەخوێنێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان خوێندکار مانگانەی هەیە بە پێی دۆخی نیشتەجێ بوون، کە بەردەوام لە زیاد بووندایە، هەروەها نیشتەجێ کردنی خوێندکاران

لە هەردوو رەگەز لە بەشە ناوخۆییەکاندا بە خزمەتگوزارییەکی باشەوە هەرچەندە مافی خۆیانە، هەروەها یارمەتی دانی خوێندکار بۆ دەرچوون بە کێرف و دارِشتنی یاسای پەرِینەوە و هەڵوەشانەوەی سرِینەوەی ناو (ترقین قید) ... هتد، ئەمانە هۆکار بوون ژمارەیەکی زۆر کەم بمێننەوە و دامەزراندنی دەرچووان بە رێژەیەکی زۆر، کەوا لە وزەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانیشدانییە، بێ پلانی پێوە دیارە، قورساییەکی گەورەیە لەسەر بودجەی هەریم وەکو لە پێشا ئاماژەم پێداوە.

لە راستیدا ئەم دۆخانە زیادەرِەوی تێدا دەکرا و کاری نێگەتیڤی لەسەر ئاستی زانستی و رەوتی خوێندن دەکرد و دەکات، هەروەها پرِ کردنەوەی میلاکی فێرکردن بە کردنەوەی خولی شیاوکردن (تاهیل)، ئامادەکردنی مامۆستای بێ ئاست و حاڵەتەکانی قۆپی کردن لە هۆڵەکانی تاقی کردنەوە گشتییەکان و تێکدانی رەوشی هۆڵەکان بۆ مەرامی تایبەت و بە ئامانجی کەسی، ئەمانە هۆکاری نێگەتیڤ بوون، بووە هۆی ئەوەی عێراق بە هەرێمیشەوە لە ریزی یەکەمی گەندەڵی دابنرێت، بەڵام ئێستا دۆخەکە بەرەو سەقامگیری و ئەو پاشاگەردانییە بەرەو کۆنترۆڵ کردن دەچێت ...







